# تارماییەکانی داعش دوای
# ڕوخانی خەلافەتەکەی

# تـارماییەکـانی داعش دوای روخـانـی خەلافەتـەکەی

## لێکۆلینەوەیەکی سیاسی و سەربـازی شیکاری یە

وریا یونس

٢٠١٩

نوسەر :                    وریا یونس
دیزانینی بەرگ:           فەرید شیوەزوری
تیراژ:                    ١٠٠٠ دانە
نرخ:                     ٣٠٠٠دینار
چاپخانەی :               رۆکسانا - هەولێر

لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان /هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٦٩٠) ساڵی (٢٠١٩)ی پێدراوە

# ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| پێشەکی | ٨ |
| نەوەکانی سەلەفیەتی جیهادی لە قۆناغەجیاوازەکاندا | ٢٠ |
| جەنگاوەرە بیانیەکان | ٢٥ |
| سەرەتای دروست بوونی بزوتنەوەی سەلەفی جیهادی لەعێراق . | ٢٩ |
| دامەزراندنی ئەنجومەنی شورای مجاهدین لە عێراق | ٣٣ |
| دامەزراندنی رێکخراوی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی | ٣٧ |
| سەرهەڵدان ودەرکەوتنی ئەبوبەکر بەغدادی(لەحوجرەیمزگەوتەکانەوە بۆ وەرگرتنی بەیعەت | ٤١ |
| سەرەتای ناکۆکیە ناوخۆییەکان لە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق | ٥٢ |
| سەرەتای داگیرکاریەکانی داعش | ٥٨ |
| پاڵپشتیەکانی داعش لە ژووره تاریکەکاندا | ٦١ |
| پاڵنەرەکان بۆ دروست بوون وبەهێزبوونی داعش لە عێراقدا | ٦٥ |
| پیلانی داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعش. | ٦٨ |
| پیلان و تاکتیکەکانی داعش لە شەرەکاندا | ٧٣ |
| ئازاد کردنەوەی موسڵ | ٧٧ |
| نەهامەتیەکانی شەری موسڵ | ٨٠ |
| وەرگرتنەوەی تەلەعفەر | ٨٧ |
| ئازادکردنەوەی حەویجە | ٩١ |
| داعش لەگێمی کۆتایی دا | ٩٤ |

| | |
|---|---|
| ڕێكەوتنە نهێنیەكان لەگەڵ داعش | ٩٨ |
| ڕاوەو عانەو قایم دوا مەنزڵگەی داعش لە عێراق | ١٠٢ |
| ئەلبوكەماڵ | ١٠٥ |
| دوا ساتەكانی خەلافەت وجولانەوەكانی داعش لەكاتی شكستەكان | ١٠٩ |
| خۆكوژەكانی داعش | ١٢٢ |
| ئەودەق و پەرتوكانەی سەرچاوە بوون بۆ ئایدلۆژیای داعش | ١٢٥ |
| نەخشەو پەلهاوێژی جیهادیەكان لە ئەفریقیا | ١٢٨ |
| ئەفغانستان | ١٤١ |
| داعش هەوڵی داگیركردنی باشوری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەدا | ١٣٣ |
| پەلهاوێژیەكانی داعش بۆ ئاسیای ناوەڕاست | ١٤٦ |
| چارەنوسی ژنە بیانیەكانی ریزی داعش بەچی كەیشت؟ | ١٤٩ |
| بەندكراوە بیانیەكانی داعش | ١٥٧ |
| قۆناغی دوای نەمانی خەلافەت بۆ چەكدارانی داعش | ١٦٨ |
| داعش لە بەرگێكی نوێ دا | ١٧٣ |
| كۆمەڵەی حراس دین | ١٩٠ |

# پێشەكی:

جەنگی جیهانی دووەم سەرەرای كوشتنكاری و كاولكاریەكی بێ وێنەی مێژوویی كەنزیكەی هەشتاو پێنج ملیۆن مرۆڤی كردە قوربانی، لەگەڵ ئەوەش دا بەراوەستاندن و دامركاندنەوەی، جیهانێكی نوێی پڕ لە كێشەو ململانێ دروست كرد. لە دیویێكدا بوو بە رۆژی رزگاری چەند نەتەوە و دروست بوونی چەند وولاتێكی نوێ و بەدەست هێنانی مافی چارەنوسی چەند گەلانێك. لەلایەكی ترەوە داگیركاری وسەپاندنی زوڵم و ستەم و هەڵگیرساندنی چەند جەنگێكی نوێ هێنایە ئاراوە.

هەڵبەتە ئەگەر نەڵێین هەموو ئەوا بەدڵنیایەوە زۆربەی جەنگە خوێناوی و تەنگژە نوێیەكانی دوای جەنگی جیهانی دووەم بەهۆی دروست بوونی ئەوسیستەمە نوێ جیهانیەوە هاتە كایەوە، كەپێی دەووترا ( كەمپی سۆسیالیزم و كەمپی كەپیتاڵیزم) یاخود پەیمانی وارشۆ بەسەركردایەتی یەكێتی سۆڤیەتی جاران و پەیمانی ناتۆ بەسەركردایەتی وولاتە یەكگرتوەكانی ئەمریكا. كەهەردوو لا بۆسەركەوتن و بەرفروانكردنی دەسەلاّت و ئایدۆلۆژیاكانیان یان بۆ كۆنترۆڵكردنی جیهان، سەرزەمینیان دووچاری خوێن و ئاگرو كاولكاری كردەوە.

بلۆكی سەرمایەداری بەناوی بازاری ئازاد و دیموكراتی ومافی مرۆڤەوە دەستیان لە بینە قاقای مافە نەتەوەیی و چینایەتی و رەگەزیەكانی ولاّتان گرتبوو، بەدروست كردنی دەیان دیكتاتۆری خوێنرێژ هەرلە ئەمریكای لاتینەوە هەتا ئەفریقیا و ئاسیای دوور. بلۆكی سۆسیالیزمیش بەپەیامی سۆشیالیستی ویەكسانی مرۆڤ و رزگاری گەلانەوە بەدەسەلاّتی تاكرەوانەی تۆلیتاری كۆمەنیستی یەوە خۆی سەپاندبوو بەسەر نیوەی جیهان، بەدروست كردنی سەدان گروپ و رێكخراوی چەكداری توندرەو كە ساڵانێكی درێژ گۆمی خوێنیان هەڵدەستاند، لەگەڵ

داپڵۆسینی هەموو کۆمەڵگا سۆشیالیستیەکان بە ڕێگە گرتن لە ئازادی ڕادەربڕین و ئازادی تاك.

ئەم دوو کەمپە زلهێزە خوێن ڕێژە کە جیهانیان کۆنترۆڵکردبوو لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیان، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ لاواز کردنی یەکتری هەرچی ڕێگای نامرۆڤانەو بەربەریەتە گرتیانە بەر. کارەسات ئەوەش بوو زۆربەی ململانێکانیان کاریگەری خراپ و زیانی نەبوو بۆ ناوخودی وولاتەکەی خۆیان، بەڵکو هەمیشە لەسەر زەمینی وولاتانی تر ئاگرەکەیان هەڵدەگیرساند و نەتەوەکانی تریان بەگژ یەکدا دەدا، یاخود چەندان جەنگی خوێناوی پڕ کارەساتی ناوخۆیی یان بۆ وولاتان دروست دەکرد، کە زەقترینیان جەنگی خوێناوی دوورگەی کۆریا بوو بەهۆیەوە زیاتر لە ملیۆنێك ودووسەد هەزار کەس بوونە قوربانی، یاخود جەنگی بەناوبانگی پڕقوربانی و کوشتارگەی گەورەی ڤێتنام کە نزیکەی چوار ملیۆن مرۆڤی کردە سوتەمەرۆی جەنگ و لەدوای خۆشی کاولکاریەکی وای بەجێهێشت کەتا ئێستا ئاسەوارەکانی هەرماوە.

لەکۆتاییشدا وەك هیچ نەبووبێ هەردوو دەسەڵاتی مەزن ( سۆڤیەت و ئەمریکا) بەمل شۆڕی دەستیان لەو خاکە سووتاوانە بەردا.

ئەم خوێن ڕشتن و ململانێیەی ئەم دوو بلۆکە هەر بەکۆریا و ڤێتنام تەواو نەبوو، بەلکو ئاگری کێبەرکێ یەکانیان زۆربەی وولاتانی کیشوەری ئەفریقیاشی گرتەوە، هەر لە نێجیریا و سۆماڵ و سودانەوە بگرە تا خوارووی ئەفریقیا وئۆگەندا و لاس ومۆریتانیا و چەندان وولات و شوێنی تر. لەئەمریکای خواروش ( کەهەمیشە وولاتە یەکگرتووەکان ئەو وولاتانەی بە حەوشەکەی خۆی ناوزەند دەکرد) تیایدا چەندان دیکتاتۆری خوێن ڕێژی دروست کرد، هەرلە نیکاراگوا و کوبا و ئەرجەنتین و شیلی یەوە تا بەرازیل و کۆلۆمبیاو وولاتانی کاریبیەوە، کەبە ئەوپەری درندانە، بەئاگرو ئاسن هەزارەها مرۆڤیان لەسەر شەقامەکان و لە ناو زیندانیەکان خەڵتانی

خوێن کرد، که دیارترینیان سەرکردەی دیکتاتۆری شیلی (ئاوگۆستۆ پینۆچی) بوو که لە درندەیی وێنەی کەم بوو.
لەبەرامبەر ئەمانەشدا یەکێتی سۆڤیەت بە شێوەیەکی راستەوخۆ دەستی خستبوە قولایی ئەو وولاتانەوە بە دروست کردنی گروپ و حزبی هەمەجۆر بۆ نانەوەی ئاژاوە ناردنی هەزاران چەك و تەقەمەنی بۆ شۆرشگێرەکان. بەناوی دامەزراندنی وولاتی سۆشیالیستی جەنگێکی خوێناویان خولقاند کە بەهەزاران خەلکی سڤیل و ستەم دیدەی کردە خۆراك.
تەنانەت سەرکەوتنی سۆسیالیزم لەکوبا بە سەرکردایەتی فیدل کاسترۆ تەواو بە پشتگیری و یارمەتی کۆمەنیستەکانی جیهان و یەکێتی سۆڤیەت بەرێوە برا، کە پاشانیش ئەم رژێمە بەناوی دژە کەپیتالیزم و ئیمپریالیزمەوە مرۆڤی لە کوبا کرد بە پەیکەرێکی بێ گیان کەتەنها هەناسە بدات و لە ژیانێکی کولە مەرگی هاوار بۆ مارکسیزم بکات. ئەم پاوانکاری و زۆلم و زۆرداریەی ئەمریکا و سۆڤیەت بەدەر نەبوو لەسنووری جیهانی ئیسلامی و ناوچە عەرەبیەکانەوە. لەزۆربەی ئەو وولاتانە، سۆڤیەت حزبێکی کۆمەنیستی دروست کردبوو بۆ روخاندنی دیکتاتۆرێك کەلە لایەن ئەمریکاوە پالپشتی دەکرا، تەنانەت لەهەندێ وولاتیش دا سۆشیالیستەکان توانیان سەرکەوتن بە دەست بهێنن وەك وولاتانی یەمەن و صومال.
کاتێك کێشەو دوژمنایەتیەکان لە نێوان ئەم دوو زلهێزە زۆر پەرەی سەند خەریك بوو ترسی شەری ئەتۆمی تەواو پەرە بسێنێ، بەتایبەتی هەردووکیان زۆر لەو وولاتانە دەترسان کە هاوسنوریانن و سەربە خۆیان نین، وەك کوبا بۆ ئەمریکا و تورکیا و ئەفغانستان بۆ یەکێتی سۆڤیەت. هەربۆیەش سۆڤیەت لە بەرامبەر تورکیا کە وولاتێك بوو هاوسنوری بوو بەهامان کات سەربە ناتۆ بوو، لە ئۆکتۆبەری سالی ١٩٦٢کەوتە پەیمان بەستنێکی نهێنی و ترسناك لەگەل کوبا پێی دەوترا ( کێشەی ساروخەکانی کوبا ) کە بەهۆیەوە خەریك بوو جەنگی ئەتۆمی

نێوان ئەمریکاو سۆڤیەت دروست بێ، پەیمان نامەکەش بریتی بوو لە گواستنەوەی چەکی ئەتۆمی لە یەکێتی سۆڤیەتەوە بۆ دوورگەی کوبا کە نزیك بوو لە وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

هەڵبەتە ئەم هێنانی چەکی ئەتۆمیە پێشتر لەلایەن ئەمریکاوە هێنرابوو بۆ سەر سنوری وولاتانی سۆڤیەت و سۆشیالیستەکان. کاتێکیش کێشەی کوبا بەرەو چارەسەرێ رۆیشت ئینجا یەکێتی سۆڤیەت لە پێناو پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی خۆی و جیهانی بلۆکی سۆشیالیزم کەوتە هەڵپەکردنێکی نوێی لەو جۆرە. گەورەترین مەترسیش بۆ ئەوان سنورەکانیان بووە هەربۆیەش لە پێناو پاراستنی وولاتەکەی لەساڵی ١٩٧٩ پەلاماری ئەفغانستانی هاوسنوری داو داگیری کرد، کە ئەو وولاتە هەمیشە بە شوێنێکی لاواز لە هەموو روویەکەوە دادەنرا.

ئالێرەوەیە جیهادی ئیسلامی و تیرۆریزمی سەلەفی بەشێوەیەکی بەرچاو و بەربلاو لە دایك دەبێ، کە ئەمەش تەواو مەبەستی سەرەکی ئێمەیە لە نیشاندانی سەرەتایەکی گرنگ بۆ داعش و گروپە جیهادیە ئیسلامیەکانی تر.

بەداگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن سۆڤیەتەوە ئەمریکا و هاوپەیمانانی نەیان توانی راستەوخۆ هیچ کاردانەوەیەکیان هەبێ، بەلام ئەوانیش هەروەك چۆن سۆڤیەت لەوولاتانی تر گروپی بەرهەڵستکاری دروست دەکرد دژی دیکتاتۆرەکان، بەهەمان شێوە ئەمریکاش کەوتە دروست کردن یان یارمەتی دانی دەیان گروپ و رێکخراو و حزبی گورزوەشێن دژی دەسەلاتی کۆمەنیستی ئەفغانی و سوپای سوری یەکێتی سۆڤیەت. بەلام لێرەدا ئەفغانستان نە نیکاراگوا و شیلی بوو نە کۆریاو کەمبۆدیا بوو، بەڵکو ئەفغانستان کۆمەڵگایەکی مووسڵمانی سەرەتایی تایبەتمەندی جودا بوو لەهەموو رووەکانی کۆمەلایەتی و ئاینی و مێژووی و جوگرافی و ئابوریەوە. هەربۆیەش ئەمریکا و هاوپەیمانانیان بە ووردبینیەکی قوڵەوە کەوتنە دروستکردنی بەرەیەکی بەرفراوانی ئیسلامی دژی داگیرکاری سۆڤیەت نەك تەنها

وەك داگیركارێك و دەسەڵاتێكی مەزنی سیاسی، بەڵكو وەك كۆمەنیستێكی بێ باوەر بە خودا و كافرو دژە ئاینیش.
ئەمریكا داگیركاری سۆڤیەتی لە ئەفغانستان بە جۆرێك نیشانی جیهانی ئیسلامی دا كە وولاتێكی موسڵمان لەلایەن وولاتێكی كافری بێ دینەوە داگیركرابێ، ئەمەش سەركەوتنێكی گەورەی بەدەست هێنا. بۆیە موسڵمانان لە تەواوی وولاتانی جیهانەوە هەرلە ئەفریقاوە تا ئاسیای دوور و وولاتانی عەرەبیەوە بگرە تا ئەوروپای رۆژهەلات و قەوقاز، بە كوردوستانیشەوە روویان كردە ئەفغانستان و وەك موجاهیدێكی موسڵمان دژی دەسەلاتی كۆمەنیستی كەوتنە حەنگێكی خوێناوی كە ماوەی دەساڵ خایاند بەكوشتنی ملیۆنەها مرۆڤ و كاولكردنی ناوچەكە. پاشان یەكێتی سۆڤیەت بە زیانێكی زۆرەوە لە ئەفغانستانەوە كشایەوە.
لێرەوە ئێمە دێینە پێكانی مەبەست و ئامانج كەدەمانەوێت لەم پەرتوكە تاوتۆی بكەین، چونكە ئەفغانستان ماڵی گەرمی تیرۆریزم و نەوەی یەكەمی سەلەفی جیهادی ئیسلامی بوو كە پاشان وەك پەتایەك بە وولاتاندا بلاّو بۆوە.
ئەمریكا بۆ شكست پێهێنانی یەكێتی سۆڤیەت لە زوو ترین كات دا (( چونكە سۆڤیەت بەرەنگاری بێ وێنەی هەبوو)) هەموو هەوڵ و رێگایەكی بەكار هێنا. یەكێك لەو رێگایە دروست كردنی چەند گروپی سەلەفی توندرەو بوو كە بتوانن بەناوی قورئان و پاراستنی ئاینی ئیسلامەوە سۆزی تەواوی جیهانی موسڵمانان رابكێشن بەلای خۆیانەوە. بۆ ئەم مەبەستەش ئەمریكا بەشێوەیەكی راستەوخۆ وویستی هەموو موسڵمانێكی گوێرایەڵ لە رێگەی چەند كەناڵێكەوە رابكێشێتە ناو مەیدانی شەرەكانەوە. زۆربەی وولاتانی عەرەبیش ئاسانكاریەكی باشیان كرد بۆ ناردنی جەنگاوەرە جیهادیەكان بەرەو ئەفغانستان.
لەناو ئەم باهۆزی شەرو دروست كردنی گروپ و هاتنی ژمارەیەكی زۆریموجاهیدەكان بۆ ناوچەكە، لەناویاندا سێ سەركردەی بەناوبانگی جیهادی ئیسلامی كە بریتی

بوون له (ئوسامه بن لادن و ئەیمەن زواهیری و عبدلله عەزام) وەك قارەمانی ئەم گەمەیه لەسەر دەستی ئەمریکا و به پاڵپشتی ئەوان دەرکەوتن.

ئەمه دوای بیست ساڵ له داگیرکاریەکانی روسیا له ئەفغانستان، له ساڵی ١٩٩٨ ( زیبیگۆ بریجنیسکی) که پێشتر له سەردەمی کارتەر راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا و ئەندازیاری نەخشه رێگای ئەفغانیەکان بوو له پڕ چەك کردنیان، بۆ رۆژنامەی نوفیل ئەبزرفاتوری فەرەنسی ووتی" ئێمه روسەکانمان هان نەدا بۆ داگیرکردنی ئەفغانستان، بەڵکو زیاتر بایەخمان به ئەگەرەکانی هاتنیان دابوو، بەشێوەیەك که نەخشەیەکی نهێنیمان بۆکێشان تا بکەونه ناو چاڵی ئەفغانیەکان. (١)

کاتێك ئەمریکا خەونەکەی له ئەفغانستان بەدی دێنێت بەکشانەوەی یەکێتی سۆڤیەت له ساڵی ١٩٨٩، ئیتر قۆناغێك و سەرەتایەکی بەهێز له دونیای جیهادی ئیسلامی دێته ئاراوە، بەتایبەتیش دروست کردنی رێکخراوی ئەلقاعیده بەسەرکردایەتی ئوسامه بن لادن کەلەسەرەتادا لەناو باوەشی گەرمی ئەمریکادا گۆشەکراو دوایش وەك بینیمان، ئەم رێکخراوە بوو بەبەلایەکی گەورە بەسەر جیهانەوە بەتایبەتیش بۆ ئەمریکا خودی خۆی له خولقاندنی کارەساتی تیرۆریستی بەناو بانگ ١١سێپتەمبەری نیۆرك و ئەنجامدانی چەندان کردەوەی تری خوێناوی لەسەرانسەری جیهاندا. هەڵبەته بزوتنەوەی توندرەوی تاڵیبانیش له ئەفغانستان وپاکستان هەرله هەمان ئایدیا و رێچکەوە سەرچاوەی گرت که ئەمریکا ساڵانێکی درێژ هەوڵی سەختی دا بۆ دروست کردنیان. پاشان لەوکاتەوە هەموو بزوتنەوە سەلەفی جیهادیه ئیسلامیه تیرۆریستیەکانی تر زادەی ئەو واقعه بوون له ئەفغانستان.

سەرەرای ئەوەی بیری توندرەوی سەلەفی ئیسلامی مێژوویەکی کۆنی هەیه هەرله خەلافەتەوە بگره تا ئەحمەدی کوری حەنبەڵ و شیخ ئیسلام ئیبین تەیمیه و

مەحمەد عبدولوەهاب و سەید قوتب، ئینجا دەیان و سەدان لە دواکەوتەکانیان، بەلاّم بەکردەکی و لەژێر سوپایەکی بەهێزدا نەوەی یەکەمی لە ئەفغانستانەوە دەست پێ دەکات، دوایش بلاّو دەبێتەوە بە ناوچە جیاجیاکاندا تا ڕێکخراوی داعش ئەم بیرو ڕێچکەیە دەگەینێتە لوتکەبۆ ماوەی چەند ساڵێك بە خوێن و زەبرو زەنگێکی بێ وێنە گەورەترین خەلافەت دادەمەزرێنێ.

لەدوای داگیرکردنی عێراق و ئەفغانستان لە ساڵانی ٢٠٠٢ و ٢٠٠٣ لەلایەن ئەمریکاوە ئەم ڕێچکە و ئیسلامیە تیرۆریستیە زۆر زیاتر پەرە دەستێنێ کەلەهەندێ باردا دەستی ئەمریکا خۆشی تێدابوو.

هەموو وانەکانی جیهادیە ئیسلامیەکان (بەتایبەتی لەعێراق و سوریا) کاریگەری دوو مێژوویان لەسەر بوو: یەکێکیان مێژوویەکی کۆنی درێژە لە تەفسیرکردنی زۆر توندی جیاوازی قورئان و سونەت کەئەمە لەبەرەبەیانی لەدایك بوونی ئاینی ئیسلامەوە هەلقولاّوە و بەردەوام کەسانێك دواکەوتەی بوون. ئەوەی تریان مێژوویەکی کورتی هەیە کە لەقولاّیی ئەو ململانێیە شارستانی وئاینی یەی کەلەدوای روخاندنی ئیمپرا تۆری عوسمانیەوە تا دروست بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل و داگیرکاریەکەی سۆڤیەت لە ئەفغانستان و ئینجا ئەمریکا لە عێراق و سۆماڵ و ئەفغانستانەوە سەرچاوەی گرتوە، بەلاّم ئەگەر بیری سەلەفی جیهادی و تەکفیریەکان پێشتر هەر بە لاوازی و تەنها لە رووی ئایدیاوە بوونی خۆیان لە نێو کۆمەڵگاکانی ئیسلامی دا هەبوبێت، ئەوا لە ئەفغانستان بەیارمەتی سەرەکی ئەمریکا بەکردەکی و زەبرەوە هاتنە سەرسەکۆی رووداوەکان.

لە عێراق هەر لەدوای روخاندنی رژێمی سەدام حسین و دەسەلاّت گرتنەدەستی لەلایەن ئەمریکیەکانەوە ( کە ئەوان بە صەلیبیەکان ناو زەندیان دەکرد) دوایش هاتنە سەر حوکمی شیعە بۆیەکەم جار لە عێراق دا، ئیتر بزوتنەوە جیهادیە تەکفیریەکان بەرادەیەکی زۆر بلاّو بونەوە. لەسەرەتادا بەسەرهەڵدانی گروپەکەی

ئەبو مصعب زرقاوی دەستی پێکرد کە بەشێك بوو لە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لە عێراق دا (( کە بەنەوەی دووەمی سەلەفیەتی جیهادی دادەنرێت تا دروست بوونی ڕێکخراوی داعش)).

بەهۆی بۆشایی ئەمنی و لاوازی دەسەلاتی سیاسی حکومەت لە عێراقدا، کەشێکی یەکجار لەبار هاتە کایەوە بۆ دروست بوون یاخود بەرەو پێشچونی ئەم گروپە سونیە تەکفیریانە. بێگومان کێشەی قوڵی خوێناوی مێژوویی نێوان شیعە و سونە کاریگەری بەهێزی هەبووە بۆ خەست بوونەوە و دروست بوونی ئەم گروپانە، لەکاتێکدا بەدرێژایی مێژوو شیعەکان لە هیچ وولاتێکی عەرەبی نەیانتوانی بوو دەسەلات بگرنە دەست، کاتێکیش لە عێراق دێنە سەر حوکم، گروپە سونیە تەکفیریەکان لە هەمان چوارگۆشەی جولەکەکان بگرە خراپتریش سەیریان دەکردن، بەتایبەتیش لە دوای ئەوکاتانەی کە سەدام حسین بە شێوەیەکی گاڵتە جاری و ووتەی دەمارگیری ملی کرا بەپەت و لەسێدارە درا. هەربۆیەش لەساڵانێکی پێش دروست بوونی داعشەوە شەقامی عێراقی و شیعەکان هەمیشە ئامانجی یەکەمی تیرۆر بوون لەلایەن ئەو ڕێکخراوە توندڕەوە سونیانەوە. لەساڵی ٢٠٠٣ بەدواوە لە عێراق ژمارەی ئەو ڕێکخراوە جیهادیانە ڕوو لە زۆر بوون چوون، هەڵبەتە جەنگی جیهانی تیرۆر بەرامبەر بە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە هەبوو، کەپاشان پاشماوەی بەعسیەکان لەگەڵ ئەو جۆرە گروپانە بوون بە ئاگرێکی بەگوڕ بۆ سەر جەستەی دەووڵەتی عێراق.

کەسایەتیەکی شەرمنی وەك ئەبو بەکر بەغدادی لە ناو ئەم بارە ناسەقامگیریەدا پاش ئەوەی لە زیندانی بۆکا لە نزیك بەسرا ئازاد کرا توانی لەسەر شەقامی سونی چەندان کەسایەتی بەهێز لەخۆی کۆبکاتەوە تا سەرئەنجام لە ٢٠١٤/٦/٢٩ لەسەر مینبەری مزگەوتی نور لە موسڵ بەووتارێك هەموو جیهانی سەرسام کرد. ئەو توانی خەونی چەندین سەدەی ڕابوردوو بهێنێتە دی، کە پێشتر هەمیشە لە

فەتواكانی ئیبن تەیمیە و محمد عبدولوەهاب و چەندانی تر رەنگی ئەدایەوە ئەویش دامەزراندنی دەوڵەتێكی خەلافەتی ئیسلامی بوو لەسەر بنچینەی راستەوخۆی قورئان و سونە. ئەم خەلافەتەی ئەبوبەكر بەغدادی وەك هەنگوینێك وابوو بە هەزارە ها كەسانی جیهادنی پێوە نیشتنەوە، بەكەسانی ئاین پەروەرو تاوانباری داواكراو و سیخوری وولاتان و چەندەها جۆر لە مرۆڤی تر كەبەئەوپەری درندەیی ناوچەكەیان كردە دەریای خوێن.
بەهۆی هەڵكەوتەی جوگرافی سیاسی و تێكەلاویيەك لە چەندان نەتەوە و ئاین و مەزهەب، بەهەماهەنگی لەگەڵ باكگراوندێكی رەشی خوێناوی وولاتی عێراق هەمیشە كلپەی ئاگری شەرو كوشتارو ململانێی توند بووە، تەنها بۆ ساتێكیش ئاژاوەی لێ دوور نەكەوتۆتەوە.
بەهەڵوەشاندنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و درووست بوونی هەردوو دەوڵەتی عێراق و سوریا، ئاگرەكان نەك هەر نەكوژانەوە بەڵكو كلپەی بەهێزتری دا، گەرچی هەردوو رژێمی بەعس لەهەردوو وولات دا تارادەیەك بەزەبری كوشتن و داپڵۆسین ئارامیەكی ترسناكیان درووست كردبوو، بەلام ئەوە وەكو گركانێكی قەتیس ماو لە ناوەوە هەر پەنگی دەخواردەوە بۆ رۆژی خۆی.
دروست بوون و بەهێزبوونی رێكخراوی داعش یاخود هەرگروپێكی سەلەفی جیهادی تەكفیری لە عێراق و سوریادا كارێكی ئەوەندە سەخت نەبوو، وەك هەندێ كەس لێی تێگەیشتبوون، چونكە جگە لەو فاكتەرانەی باسمان كرد پەیوەندی كۆمەلایەتی و رەهەندی مرۆڤی ئەو دوو كۆمەڵگایە بەتایبەتیش كۆمەڵگای عێراقی، لەهیچ قۆناغێك لە مێژوودا نەیتوانیوە خۆی لەو تەپوتۆزە خوێناویی مێژوویی یە بتەكێنێت و هەنگاو بۆ سەردەمێكی نوێ بەرێ، هەر لە دەسەلاتەكانی معاوییە و یەزیدی كوڕی لە شام لەگەڵ دەسەلاتەكانی ئیمامی عەلی وكوڕەكانی لەعێراق، ڕق و بیری تۆڵە و دوژمنایەتی سەرتاپای ئەو ناوچانەی داگیر كردبوو. ئەگەر ساتێك لە

ساتەکانی مێژووش هەناسەیەکی ئارام باڵی کشابێ بەسەر ئەو ناوچەیەدا، ئەوا ئەو کاتانە بووە کە شیعەکانی نەك هەر پەراوێزبوون بەڵکو توانای هاوارو دەنگی خۆشیان نەبووە، چونکە هەر کاتێك شیعەکان گەیشتبنە ئاستێکی بچوکی دەسەڵات ئەوا پەلامار و کوشتنی بەکۆمەڵ لە نێوان هەردوولا روویداوە.

بۆیە ئەم دوژمنایەتی یە مەزهەبی یە بەهێزەی نێوانی شیعە و سونە پێم وایە فاکتەرێکی گەورەیە وداینەمۆی دروست بوونی کێشە گەورەکانە لە عێراق دا.

تۆڵەی ئەو هەموو زوڵم و زۆرداریەی دەسەڵاتداری سونەیە لەعێراق بەرامبەر بە شیعەکان کردیان، لەدوای نەمانی سەدام حسین ئاوەژوو بۆوە،. بە هەڵواسینی سەدام حسین، قۆناغێکی زۆر گرنگی مێژوویی و هەلێکی زێڕین رووی لە شیعەکان کرد، کە بێ وێنە بوو لە مێژووی خۆیاندا. سونەکانیش بەپاڵپشتی دەوڵەتانی سعودیە و تورکیا و ئەمەریکا و هەندێ شوێنی تر زۆر بەئاسانی توانیان گورزی بەهێزی جەرگبڕ لە شیعەکان بوەشێنن. تا ئەو رادەیەی بە دروست کردنی ئەلقاعیدە یان داعش ئاگریان لە ناو دڵی شیعەکان بەردا. هەر ئەم رووداوانە بوو لەماوەی پانزە ساڵی دەسەڵاتی شیعەکان لە عێراق دا چەند نەوەیەکی تازە و توندرەوتری سەلەفی جیهادی خولقاند. جگە لەم ململانێ یە مێژوویی یە لەعێراق و هاتنی هەوای گروپی تەکفیریەکان لە ئەفغانستانەوە، دەوڵەتانی زلهێز و ناوچەکەش بە هەموو جۆرێك کەوتنە دروست کردنی فیتنە و دوو بەرەکی گەورە لە پێناو بەرژەوەندی ئابوری خۆیان لەلایەك و قوڵکردنەوەی رِق و تۆڵەی مەزهەبی لە ئیسلام دا، لەلایەکی ترەوە ئەوەندەی تر گڕی ئاگرەکەیان بە تین ترکرد بەتایبەتیش هێلی ئەمریکی – زایۆنی لە جیهاندا. بۆیە تەنها فاکتەرێك هۆکار نیە بۆ رژاندنی ئەو هەموو خوێن و قوربانی یە گەورەیەی لە عێراق و سوریادا روویدا. بەکۆیی رووداوەکانی بەهاری عەرەبیشەوە کە لە مێژوودا کەم وێنەیە. نامۆرالیەتی سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتی بەتایبەتی زلهێزەکانی دونیاش هۆکارێکی زۆر زەقی

بەرچاو بووە لە بەرهەم هێنانی ئەو کارە ساتە گەورەیە. بەتایبەتیش لە سوریادا کە ململانێ یەکان لە پێناو بەرژەوەندی ئابوری و دەسەڵات گەیشتە ڕادەیەکی ترسناك کە خەریك بوو پێکدادان لە نێوان ئەو دوو زلهێزە رووبدات. لەلایەك هێنانی هێزی سەربازی بۆ ناوچەکە لەلایەکی ترەوە ڕەوانەکردنی هەزارەها موسڵمانی موجاهیدی توندرەو لە سەرتاسەری جیهانەوە ، بەتایبەتی لە ئەوروپاوە بەرێگەی تورکیاوە بۆ ناو سەنگەرە خوێناویەکان. هەربۆیە بۆ سوودو قازانجی خۆیان توانیان درێژە بدەن بەدەسەڵاتی داعش و لایەنەکانی تر، هەتا ئاگرەکە بەزوویی نەکوژێتەوە. لە داگیرکردنی موسڵیش دا ئەوان (( چی رۆژئاوا، چی وولاتانی دراوسێی عێراق)) دەستێکی بالآیان هەبوو وەك چۆن لەکاتی لەناو بردنیشیان هەر ئەوان پێشەنگ بوون لە یارمەتیدانی هەموو هێزە بەرهەڵستکارەکان.

لێرەوە دەمانەوێت بڵێین بەلەناو بردنی خەلافەت و دەسەڵاتی داعش لە عێراق و سوریادا، ناوچەکە بەهیچ شێوەیەك ئاشتی وئارامی باڵی بەسەر ناکێشێ. بەڵکو وەك هەمیشە لە مێژوودا وابووە ئاگرێکی تەوژمداری تر خۆی مەلآس داوە، کەلەهەرسات وکاتێکدا بێ زەمینێکی تر بەدار و بەرد و کەسەکانیەوە دەسوتێنێت. چونکە پرسیاری زۆر دەکرێ ئەو هەزارەها چەکدارانەی داعش کە لەسەردەمانێکدا لەشکرێکی زۆر بەهێز و ترسناکی درندە بوون، ئەمرۆ بۆکوێ چوون؟ یاخود بەچی جۆرێك و بەدەستی کێ هەموو ئەو چەکدارانە لە چاو تروکانێکدا دیار نەمان و وەك بەفری بەهار توانەوە.

هەرچەندە تارادەیەك لەم پەرتوکەدا بەزانیاری دروست و بەڵگەی ئاشکرا بلاّو بوونەوەی بەشێك لەو چەکدارانە دەخرێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دەرگای ئەو باسانەش بە کۆمەڵێك شیکار زانستی دەکەینەوە کەلەسەردەمی پۆست- داعش دا چی روودەدات؟! ئایا هەڵوەشاندنەوەی خەلافەت تێك شکاندنی تەواوی

ڕێکخـراوی داعشـە؟ ئایـا شـکاندن و رووخانـدنی داعـش نـەمانی ئـەو هـەزارەها چـەکدارەیە کـە بـڵاو ببوونـەوە؟ یـاخود وونبـوونی ئەبوبـەکر بەغـدادی و ئـەمیرو بەرپرسـەکانی تـر کۆتـایی بـە بـیرو فکـرو ئایـدلۆژیای داعـش دێـنێ؟ یـان بـە سـەرو نووگـوم بـوونی دونیـای داعـش ئـیتر هـەموو بیرێکـی سـەلەفی جیهـادی تـەکفیری تیرۆریسـتی لـەناو دەچـێت و ئەپوکێتـەوە؟، یـاخود ئەمـە تـەنها هـەر قۆناغێکـە و ئەگەر خۆشت نەیبینی نەوەکانی داهاتوو بۆی هەیەئەم جۆرە دڕندەیی و وەحشیەت گەریە جارێکی تر بەناوی ئیسلامەوە ببینن!!؟.

هەڵبەتـە گـەلی کـوردیش لـەناو دڵـی ناوچـە و ڕووداوەکانـدا نێچـیرێکی لەبەرچـاو و سەرەکی ناوەوەی کێشەکانە، هەمیشە خۆی قوربانی گەورەیە و لایـەکی تەماشـاکەر نیـە وەك هەنـدێ کـەس بـۆ دەچـوون. لـە هەرسـاتێکدا ئەگـەر کـورد وریـا و ژیـر و یـەکگرتوو نـەبێ لەسیاسـەت و گوتارەکـانی دا، بـۆی هەیـە دیسـانەوە لەپـەل و پـۆی بخەنەوە وەك چۆن سـەدان سـاڵە بەدەسـتی ئـەم گەلەگورگـە کەڵپـە خوێنـاویی یـەوە دەناڵێنێ.

بەگشتی ڕووداوەکان و تەنگ وچەڵەمەکانی چۆن بـوون وبـەچ شـێوەیەك روویانـدا؟ ئایا لە ئایندەدا کۆی ئەم کێشەو ململانێیە لەچ ئاستێکدا خۆی دەبێنێتەوە؟.

ئەم پەرتوکە( تارمایی یەکانی داعش لە دوای ڕووخاندنی خەلافـەت) لێکۆڵینـەوە و بەدواچوونێکی زانستی سەربازی سـتراتیژیە و بـاس و خواسـتێکی هەسـتیارە لەسـەر ڕێکخراوی داعش و ناوچەکە.

## نەوەکانی سەلەفیەتی جیهادی لە قۆناغە جیاوازەکاندا

ڕێبازی سەلەفیەتی جیهادی لە مێژوودا ڕەگ و ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، کە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی زانای موسڵمانان ئەحمەدی کوری حەنبەل ( ٧٨٠-٨٥٥)، کە یەکەمین جار بانگەوازی بۆ کردوە، دوای ئەویش لە باروودۆخی خراپی داگیرکاریە خوێناویەکانی سوپای مەنگۆل، ئیبن تەیمیە شێخ ئیسلام ( ١٢٦٣ تا ١٣٢٨) بەشێوەیەکی زۆر توندتر پەرەی بەم ڕێبازە داوە.

دوای ئەوانیش هەرکاتێك شەرێکی ترسناك بەرۆکی وولاٌتانی موسڵمانی گرتبێتەوە، باس و خواسی جیهاد کردن هەمیشە هەڵبژاردەی یەکەمی رووبە رووبوونەوەکان بووە، بەلاٌم لە مێژووی نوێ بە تایبەتی لە چارەکی کۆتایی سەدەی بیستەم دا ئەم بابەتە زیاتر گرنگی پێدراو قوتابخانەی بۆ دامەزرێنرا، بەشێوەیەکی کردەکی کەوتە مەیدانی ململانێکانەوە کە تیایدا نەوە بەدوای نەوە فکری جیهادی و شەر لە پێناوی گەرانەوە بۆ سەردەمانی سەرەتای ئیسلام و خەلافەت بەرهەم دەهێنرا.

سەرهەڵدان و دروست بوونی نەوەی یەکەمی سەلەفیەتی جیهادی( جیل الاول) بۆیەکەم جار لە رووبەرووی چەکداری بەهێز دا لە ئەفغانستانەوە بەدیار کەوت، ئەم نەوەیە کە سەرکردە بالاٌکانی ئەلقاعیدە ( ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زواهیری و عبداللە عزام) سەرپەرشتیان دەکرد. ئەوان بە هێزوو بازووی ئەم نەوەیەو یارمەتی وولاٌتان توانیان سوپا بەهێزەکەی روسیا پاشەکشە پێ بکەن، پاشانیش لە دوای یازدەی سێپتەمبەری ساڵی ٢٠٠١ رۆژ لە دوای رۆژ هێزو توانایەکی روحی و دەروونی قوڵی بە خۆیەوە دەبینی.

ئەم نەوەیە کە بە یەکەمین نەوەی سەلەڤی جیهادی چەکداری توندڕەو دادەنرێت لە مێژوودا، سەرەتای دامەزراندنی بیرو تێڕوانینێکی قوڵی سەلەفیانە بوو بۆ دەسپێ

یەکی جیهادیانەی توندرەو کە ئەفغانستان بەیەکەمین لانەی دامەزراندنی ئەم نەوەیە دادەنرێت، کە ئامانجی سەرەکی تاکتیکی و نزیکیان لەم روو بە روو بوونەوەدا لە دیوێکدا رزگار کردنی ئەفغانستان بوو لە دیوێکی تر دا پاراستنی بەرژەوەندیە بالآکانی زلهێزانی جیهان بوو، بەتیژی و دووریان ئەنیستۆتێکی باوەرپێکراوی بەرهەم هێنەری بیری سەلەفیەتی جیهادی بوو، کە توانیان هەزاران کەنج و پیاوی لە موسڵمانێکی ئاسایی کردە مرۆڤێکی توندڕەوی جیهادی ئامادەکراو بۆ ڕوو بەڕوو بوونەوەی لەگەڵ هەموو نا موسڵمانێك.

هەرچەندە نەوەی یەکەمی ئەم ڕێبازە لەسەردەمی (مقدسی وئەبو قتادە وزواهیری و ئەبو نەسیری) کەبەنەوەی ئەفغانستان ناسرابوون بەدیار کەووتن.(٢) بەلآم دوای ئەمانە نەوەی دووەمی سەلەفیەتی جیهادی لەسەر خاکی عێراق و لەسەردەستی ( ئەبو مصعب زرقاوی وئەبو ئەنەس شامی و ئەبو میسرە غریب و یوسف عییری) هاتنە سەر شانۆی جیهاد دژ بە دەسەلآتی شیعە و سوپای ئەمریکا لە عێراق.

نەوەی دووەمی سەلەفیەتی جیهادی لەو کات و ساتە دروست بوو کە هێزەکانی هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی رژابوونە سەرشەقامەکانی بەغدا و دەسەلآتی سەربازی وسیاسیان بەسەر عێراقەوە هەبوو، لەو کاتە دا ئەبو مصعب زەڕقاوی، کەخۆی موجاهیدی نەوەی یەکەمی ئەم ڕێبازە بوو، توانی نەوەیەکی نوێی سەلەفیەتی جیهادی بەرهەم بهێنێت بۆ روو بە روو بونەوەی هەموو هێزە بیانیەکان بەوانەشەوە کە ئەوانەی بە دەسەلآتی ئەم هێزانەش رازی بوون لە عێراق، وەکو کوردو شیعە. ئەم نەوەیە جیاواز لەنەوەی پێش خۆی رەفتار و کردەوەکانی توندڕەوانە تر نیشاندەدا، نەوەی دووەم هیچ بستێك خاکی لەبەر دەستدا نەبوو تا بە ئازادانە تێیدا بجوڵێتەوە، بە پێچەوانەوە هەمیشە لە ژێر چاودێری چڕی ئەمریکیەکان دابوون، ئامانجی سەرەکی ئەم نەوەیە بێ هێزکردنی دەسەلآتی شیعە و ڕووبە ڕووبونەوەی هێزەکانی ئەمریکا و بەریتانیا بوو لە عێراق، زۆربەی

کردەوەکانیان دیاریکراو  بوو ئەویش بە کوشتنی خەڵك و دانانەوەی بۆمبی چێنراو لە شەقامەکان و هەڵکوتانە سەر زیندانەکان و ڕفاندنی خەڵکی شیعە.
نەوەی سێیەم: لە سەردەمی ئەبو بەکر بەغدادیـەوە دەسـتی پـێ کـرد، کـە گـۆڕانێکی بنە ڕەتی لە ڕەگ و ڕیشەی بزوتنەوەی سەلەفی جیهـادی  نیشـانی هـەموو جیهـان دا، بۆیەکەمین جار ڕێکخراوێکی چەکداری جیهادی توانی ببێـت بـە سـوپای دەوڵـەتێکی خەلافەت و بەرەو رووی سوپای هـەموو جیهـان بوەسـتێتەوە و دەوڵـەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنێ،  سەرەرای هەموو ئـەم گۆڕانـە جەوهەریانـەی کـە ئـەبو بـەکر بەغـدادی خولقانـدی لـە ڕێبـاز و ڕێچـکەی سـەلەفیەتی جیهـادی هاوکـاتیش مـۆدێلێکی تـازەی خستـە نـاو ڕیزەکـانی کۆمەڵـەی جیهـادی ئـەویش رۆڵـی ئـافرەت و منـداڵ لـە جیهـاد کـردن شـان بـە شـانی پیـاو لەگـەڵ چـەندین جیـاوازی تـر لەگـەڵ ئەوانـەی پـێش خۆی.بـەلام نـەوەی سـێ یـەمی ئـەم ڕێبـاز و ئایدلۆژیایـەی  داعـش و ئـەبو بـەکر بەغدادی،  بە توندرەو ترین و خوێن ڕێژ ترین نەوەی سەلەفی جیهـادی دادەنـرا، کـە لەپێش خۆی هەرگیز پەیرەوکەرانی ئەم ڕێبازە بـەم شـێوەیە توندرەوانـە جیهادیـان نەکردبوو،  لەگەڵ ئەوەشدا  ئەم نەوەیە شێوازێکی نوێی لـە دروسـت کردنـی دوژمـن خولقاند کە هەم بۆ دژایەتی کردنی دوژمنـەکانی  پلـە یـەکی  کـە بـەکافر ومورتـەد ناوی دەبردن و هەروا بۆ ئەو موسلمانانەش کە شەر لەدژیان راگەیاندبوو وەك شیعە و کورد،  لە هەمان کات هەموو ئەو موسڵمانانەشیان بەدوژمن دادەنـا کـە بەیعـەتیان نەدەدا بە ڕێکخراوەکەیان.
نەوەی چوارەم:  گومان لەوە دانیـە روخانـدن ونـەمانی خەلافـەت کاریگـەری خراپـی لەسەر سەلەفیەتی جیهادی دەبێت و ئەم فکرو ڕێبازە دووچاری شکستی گەورە دێت، هەرهیچ نەبێت بۆ ماوەیـەك نـەوەکانی سـەلەفیەت وەك هـەتیوێك بـێ سەرپەرشـت ودیدگایەکی لێڵ دەمێننەوە،  بەلام ئەمە هەر کاتی دەبێ و لەماوەیەکی تردا نـەوەی چوارەم بـە شـێوازو تێروانینێکـی نـوێ سـەردەردێنێ. نـەوەی چـوارەم  لـە پێکهاتـەی

نەوەکان و هەتیوەکانی کەسانی نزیکی ئەو چەکدارانە کوژران. بەشێکی زۆری ئەو منداڵانە بە شێوەیەکی نیکاحی کاتی لە نێوان چەکدارەکان و ئافرەتە جیهادیەکان یان دیلە ژنەکان پەیدا بوون ئینجا کور بێ یاخود کچ، کاتێك شارەکانی موسڵ و رەقە ئازاد دەکران رۆژنامەکان ئەوەیان بڵاودەکردەوە کە نزیکەی (٣٠،٠٠٠) ئافرەت لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی خەلافەت دووگیانن، (٣) کەواتە ئەم سی هەزار منداڵە ئەگەر تەنانەت نیوەشیان گەورە ببن و ببنە هەڵگری بیروباوەری داعش ، ئەوا زۆر بە ئاسانی دەبنە مەترسی بۆ ئاسایشی هەموو شوێنێك، بەتایبەتیش هەموو ئەو دایکانە وەکو لە راگەیاندنەکاندا دەردەکەوتن لە دوای ئازاد کردنی کۆتا مۆڵگەی داعش لە باغوزی سوریا بەشێوەیەکی یەکجار حەماسی سوێندیان دەخوارد کە منداڵەکانیان لەسەر هەمان رێبازی داعشیانە پەروەردە بکەن و بیان کەن بە سەربازێکی بەباوەری توندرەو بۆ پاراستنی رێبازی سەلەفیەتی جیهادی.

ئەمە جگە لەم هەموو فێرگەو قوتابخانە و سەنتەرو گۆرەپانانەی کە لە موسڵ و شارەکانی تر پێشتر کرابوونەوە بۆ راهێنانی ئەو منداڵە بێ سەرپەرشتانەی کە داعش لە دایك و باوکی فراندبوونی و لەتەمەنی سێساڵی بۆ دوانزە ساڵی مەشقی کوشتن و برینی فێر دەکردن.

نەوەی تازەی سەلەفیەتی جیهادی یاخود بڵێین نەوەی چوارەم جیاوازی زۆرتر دەبێت لە نەوەکانی پێش خۆی، ئەوەی دیت ئەم جارە سەرەرای شارەزایی تەواوی لە جۆرەکانی شەڕ و خۆکوژی و تەقینەوەکان سودی زۆریش لە تەکنەلۆژیا و تۆرەکانی پەیوەندی ئینترنێت دەبینێ و شارەزایی تەواوی دەبێت لە هۆکارەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگای جیهانی. لەهەمان کات سەرکردەوبەرپرسەکانیان دەبنە دارێژەری نەخشەی خەلافەتێکی گەورەتر لەوەی کە دروست ببوو، کە تەواوی وولاتانی رۆژ ئاواو ئاسیا و جیهان بەخۆیانەوە خەریك دەکەن، ئینجا وولاتانی کەنداوی عەرەبیش یەکەمین شوێنی چالاکیەکانیان دەبێ بەتایبەتیش

**قوڵکردنـەوەی کیشـە مەزهەبیـەکان لـە نێـوان شـیعە و سـونە کـە خـۆی هەمیشـە ئامادەگی هەیە.**

## جەنگاوەرە بیانیەکان

بابەتی (( جیهادیە موهاجیرەکان)) یاخود**چەکدارە بیانیـەکان** شـتێکی تـازە و نـوێ نیە لە نێوی ڕووداوەکانی رابووردوی شەڕی بـە نـاو جیهـادکردن، گـەلێك جـار و لـە پێشتریش ئەم جەنگاوەرانە هۆکاری سەرەکی یەکلاکـەرەوەی شـەرەکان بوونـە، بـە قازانجی گروپە جیهادیە بەرهەڵستکارەکان لە وولاتاندا.

ئەوەی لە کاتی سەرهەڵدانی داعش و گروپە جیهادیەکانی تر بینیمان هـەمان ئـەو ڕێچکە کۆنـە بـوو کـە لـە کۆتاییـەکانی سـەدەی رابـووردوو لەلایـەن سـەرکردەی ئەلقاعیـدە ( ئوسـامەبن لادن) بەرهـەم هێنرابـوون لـە زۆرێـك لـەو وولاّتانـەی کـە موسڵمان لێـی دووچاری شـەرکردن ببۆوە، ئیمـرۆش دوای نزیکـەی سـی سـاڵ لـەم دیاریدە جیهادیە، نەوەی نوێی هەمان ئەو ڕێبازە ڕێچکە کۆنەکەی خۆی گرتەوەو سەر لە نوێ لەسەر دەستی سەرکردە جیهادیەکان بانگەوازی جیهـاد کردنـی بـۆ کـرا، لە سوریاو عێراق و هەزاران کەسی تێنووی ئەم ڕێبازە جیهادیە لـە وولاّتـانی جیهـان خۆیان گەیاندە سەر دەریای جەنـگ و تێنوەتیان تێدا شکاند.

سـەرهەڵدانی ئـەم دیاریدەیـە بـۆ جـاری یەکـەم لـە شـەڕی ئەفغانسـتان و یـەکێتی سۆڤیەت بەیەکەمین و بەرچاوترین جەنگی مێژویی دادەنرێت بۆ جیهادیەکان کە زۆرتـرین جـەنگاوەری بیـانی لـە دەوری ئـالأی جیهـادەوە شـەری روسـەکانیان دەکـرد. لەساڵی ١٩٧٩ کاتێك سوپای روسەکان هاتنە ناو خاکی ئەفغانسـتان هەرچـی مینبـەری مزگەوتەکانی پاکستان و بەشێك لـە وولاّتـانی عـەرەبی هـەبوو بانگـەوازی جیهادیـان راگەیاند بۆ هاندانی گەنجان تا بچنە ئەو وولاّتە و جیهاد بکەن دژی روسەکان، هـەر بـە هـەوڵی ئـەو بانگەوازانـە نزیکـەی (٢٠،٠٠٠) جـەنگاوەری جیهـادی لـە زۆربـەی وولاتانی جیهانی روویان کردە ئەفغانستان.

کاتێکیش شەر کۆتایی هات زۆربەی موجاهیدەکان پەرتەوازە بوون یانیش گروپ و کۆمەڵەی جیهادیان لە وولاتەکانیان دامەزراند.
دوای ئەوەش لە ساڵی ١٩٩٢ کاتێك سرپبەکانی بۆسنیا ڕەتیان کردەوە بچنە ژێر ئەو بڕیارەی بۆسنیەکان دابوویان تا لە سرپبیا جیا ببنەوە، شەڕو ناکۆکی کەوتە نێوان موسڵمانە بۆسنیەکان و سربەکان، لە ئاکامدا سربەکان چەندین تاوانی نامرۆڤانەیان دژی موسڵمانەکان ئەنجام دا. بۆیە ئەم ڕووداوانە هەلێکی زێڕین بوو بۆ ئەو موجاهیدانەی بە شوێن گۆڕەپانێك دا دەگەڕان تا هێزوو توانا کانیان لێ تاقی بکەنەوە بە ناوی جیهاد کردن لەپێناو خوداو ئاینی ئیسلام. هەر دوای مانگێك لە ڕووداوەکان ئوسامە بن لادن کەسێکی ناردە ئەوێ بەناوی شێخ ئەبوعبدالعزیز(بارباروس) تا لە ڕێگەی ڕێکخراوێکی مرۆییەوە هاوکاری موسڵمانەکان بکات و ببێتە پردێکی گواستنەوەی جەنگاوەرە موجاهیدەکان بۆ ئەو وولاتە تا شەری سربەکان بکەن، ساڵی ١٩٩٣ لە بیشاوەری پاکستانەوە نزیکەی دوو هەزار کەسی گەیاندە ئەوێ، کە زۆربەیان ئەو جەنگاوەرانە بوون پێشتر شەری رووسەکانیان کردبوو لە ئەفغانستان.
ساڵی ١٩٩٥ کاتێك ڕێکەوتنی ئاشتی مۆرکرا لەم وولاتە بڕیار درا لە ماوەی سی ڕۆژ هەرچی موجاهیدی بیانیە وولاتەکە بەجێ بهێڵێت، ئەم جارەیان موجاهیدە شەرکەرەکان بەرەو قەوقاز ڕۆیشتن.
شەرو ململانێکانی شیشان وێستگەیەکی تری کۆبونەوەی موجاهیدەکان بوو، کە لە نێوان ساڵانی ١٩٩٤ تا ١٩٩٦ سوپای روسیا سنورەکانی ئەم وولاتەی بەزاندبوو، نزیکەی (٧٠٠) جەنگاوەری بیانی ڕوویان لەم وولاتە کرد بۆ شەرکردن دژی سوپای داگیرکەری روسی، دوای ئەوەی موفتی شیشانی ( ئەحمەد قەدیرۆف) بانگەوازی موسڵمانانی جیهانی کرد بۆ جیهاد کردن دژی بە سوپای روسیا.

ئەم جەنگە سەرەتایەکی کاریگەر بوو بۆ موجاهیدە بیانیەکان کە لێرەوە لەشکرێکی جیهادی خاوەن ئەزموونی شەرکەر کە ماوەی نۆ ساڵ لە ژێر کاریگەرترین زەبرو زەنگی وولاتێکی وەك یەکێتی سۆڤیەت بەرگەی گرت، هەر لەم جەنگەدا کەرستەیەکی بەهێز بۆ یەکلایی کردنەوەی سەرجەم کێشەکان لەگەڵ موسڵمانان لە وولاتان هاتە بەرهەم، کە کۆمەڵێك جەنگاوەری بەئەزموون بوون شان بەشانی چەکدارانی ئەلقاعیدەو ئەفغانیەکان شەریان کرد لەگەوڵ بەهێز ترین سوپای جیهانەوە.

جەنگاوەرانی بیانی یان ( المقاتلین الاجانب) بە تێگەیشتنێکی تازە ونوێ دەژمێردێت لە ئەدەبیاتی تیرۆریستانی نێو دەوڵەتی، بەرلەمە وولاتانی رۆژئاوا و ئەمریکا و بەریتانیاش بە چەکدارانەیان دەگوت ( المجاهدین الاسلامیین) بەتایبەتی لەشەری دژ بە سوپای سوڤیەت لە ساڵ ١٩٧٩تا١٩٨٩بەکاریان دەهێنان لە ئەفغانستان.

لە جەنگە حوێناویەکانی داعش لە سوریاو عێراق بەهەزاران جەنگاوەری بیانی بۆ جیهادکردن بوونە سەربازی ئەم رێکخراوە، بەلام یەك شت لە ئەوانەی پێش خۆی جیای دەکردنەوە ئەویش شوناسی هەمەجۆری ئەم جەنگاوەرانە بوو، کە هەر موسڵمان نەبوون لە ریزی موجاهیدەکان بەڵکو خەڵکی وولاتان و نا موسڵمانیش باوەریان بە جیهادی داعش هێنا. دوای روخانی خەلافەتی داعش لە سوریا و عێراق هەزارەها چەکداری بیانی کە لە ریزەکانی داعش دابوون بەشێکیان چارەنوسیان بەرەو رێچکەیەکی تاریکی نادیار بە وولاتانی پڕ لە کێشەو ململانێ رۆیشت، ئەمە ئەو چارەنوسە نادیارەبوو کە هەرلەسەرەتای هاتنیان رووبەرووی ئەو بیانیانە دەبۆوە کە بەمەبەستی جیهاد لە پێناوی خودا دەهاتنە ریزی داعش و بەرەی نوسرە. کاتێکیش کۆتایی بە خەلافەتە وەهمیەکەی داعش ئەوەی دەربازی بوو تەنها چەکدارە ناوەخۆییەکان و عەرەبەکان بوون نەك ئەو بیانیانەك کە

هەزاران کیلۆمەتریان بڕی بوو لە پێناوی دەوڵەتی ئیسلامی، بۆیە زۆربەیان لە چاوەڕوانی مردنێکی بەئازار و چارەنوسێکی پڕ لە مەینەتی نادیار مانەوە.

شارەزایانی بواری سەربازی باسیان لەوە دەکرد کە چەکدارە بیانیەکان ئەو ڕێژە زۆرەیان لە شەڕەکاندا نەکوژرابوون، بۆیە پرسیار لە چارەنوسی ئەوانەی تر دەکرا، ئەم پرسیارە زۆربەی وولاّتانی جیهانی بەخۆیەوە سەرقاڵکرد،کەلەبەر ئەوە نەبوو کە لە خەمی چارەنوسی هاوولاّتیانی خۆیان ئاگاداربن، بەڵکو بەهۆی ئەو مەترسیانەوە بوو لە کاتی گەڕانەوەیان بۆ نێو کۆمەڵگای وولاّتەکانیان.

## سەرەتای دروست بوونی بزووتنەوەی سەلەفی جیهادی لە عێراق

ئەبو مصعب زەرقاوی رۆڵێکی کاریگەری بینی لەگەڵ ئەو جیهادیانەی کە هاورێی بوون لە ئەفغانستان بۆ گواستنەوەی ئەزموونی خۆیان بۆ عێراق کە بریتی بوو لە دروست کردنی نەوەیەکی تازەی جیهادی، کاتێکیش هاتنە عێراق بینیان ئەو نەوەیە خۆی پێگەیشتووە و ئامادەیە و چاوەڕوانی رابەرێکە بۆ فەرمان پێدانی، لەو ساتە وەختەش کۆمەڵگای سونی عەرەب لە عێراق گۆش کرا بوو بە گیانێکی فیداکارانەی رووبە روو بوونەوە و جیهاد دژی هێزە ئەمریکیەکانو تازە بالاترین دەسەلاتی لێ سەندرابۆوە کە دەسەلاتی بەعسی بوو، بۆیە تەنها لە چاوەڕوانی کەسێکدا یان رێکخراوێکدا بوون سەرکردایەتیان بکات.

لە ئەیلولی٢٠٠٣ دوای روخانی رژێمی سەدام لەلایەن ئەمریکاو هاوپەیمانانی،ئینجا لە دوای گەیشتنی زەرقاوی بۆ بەغدا بە هاوکاری و پاڵپشتی چەند کەسایەتیەکی بەعسی یەکەمین کۆمەڵەی جیهادی توندرەوی دامەزراند لە عێراق، بەناوی گروپی( التوحید والجهاد) کە بێجگە لە خۆی شەش کەسی تر بەشدار بوون لە دامەزراندنی کە بریتی بوون لە ( ١- محمەدیوسف فلستین ٢- عبدالناصر جیباب. ٣- عبدالحمید ئەبو عزام فلستینی. ٤- حسن ئەزیرج . ٥-عومەر بازیانی .٦-عبدالله نجم جواری) لەگەڵ نزیکەی حەفتا کەسی تری سەلەفی لەدەووری کۆمەڵەکە کۆبونەوە.(٤)

ئەحمەد فەزیل خلایلە ناسراو بە (ئەبو مصعب زرقاوی) لە دایك بووی ساڵی ١٩٦٦وولاتی ئوردن بوو، بەشداری جەنگی ئەفغانستان دژی یەکێتی سۆڤیەتی جارانی کردبوو، لە سەرەتای ساڵی هەشتاکان گەراوەتەوە ئوردن، لەوێ دەستگیرکراوە و سزای هەتاهەتایەی زیندانی بۆ دەرچووە، دوای پانزە ساڵ زیندانی کردنی بە لێبوردنی گشتی ئازاد کراوە، ساڵی ١٩٩٩ دیسان چۆتەوە ئەفغانستان لەوێ هەردوو

سەرکردەی ئەلقاعیدە بن لادن و زەواهیری بینیوە، سەرەرای ملکەچ بوونی بۆ فەرمانەکانی ئەوان کەچی هەردوو سەرکردەی ئەلقاعیدە بە هۆی هەڵسوکەوتە نابە جێکانی ئەو، بەتایبەتی ئەو تاتۆو نەخشانەی کەلەسەر جەستەی خۆی نەخشاندبووی و رابوردووی سەردەمی خۆی لە شەقامەکانی ئوردن بە سەرخۆشی، وەك پێویست گرنگیان پێ نەداوەو بەکەسێکی سەرەرۆیان داناوە ، لەگەڵ ئەوەش دا کەسێکی سەرنج راکێش و کارا بووە لە بەجێ گەیاندنی ئەرکەکان، بۆیە بەرپرسیاریەتی بنکەی مەشقی (حەرات)ی لە رۆژئاوای ئەفغانستانی پێ دەسپێرن، زەرقاوی لە ئەفغانستان تێکەڵ بە ئەرکی مەشق پێکردن و راهێنانی سەربازی دەبێت، لەپاڵ ئەمەش دا خەریکی خۆ رۆشنبیرکردن بە پەرتوکە جیهادیەکان دەبێت بەتایبەتیش پەرتوکی ( فقه الجهاد) کە پەرتوکێکی جیهادیەو باس لە توندو تیژیەکان و سەربرین و سزا کان دەکاتکە لەلایەن کەسایەتی جیهادی ئەبو عبدالله مهاجری نوسرابوو، هەروا پەرتوکی ( کفاحی) ئەدۆلف هیتلەری ئەڵمانی کاریگەری هەبوو لەسەر کەسایەتی ئەو.(٥)

ساڵی٢٠٠١ دوای هێرشەکەی ئەلقاعیدە بۆ سەر تاوەرەکانی نیۆرك بارودۆخەکە بەگشتی لە ئەفغانستان گۆرا، ئەو شوێنەی بنکەی مەشقی لێبوو خاپور کرا، گۆرەپانەکە بۆ ئەویش تەنگ و بەرتەسك بۆوە، بۆیە ماوەیەك زەرقاوی لە نێو خێڵەکانی ئەفغانستان خۆی حەشاردا، بەلاَم مەترسی ئەگەری دەستگیر کردنی زیاتر بوو، بۆیە بریاری دا بەردەوامی چالاکیە جیهادیەکانی خۆی بۆ وولاَتێکی تر بگوازێتەوە، لەو سەرو بەندەش دا عێراق لە کێشەو ململانێکی هێرشەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی نزیك ببۆوە، بۆیە شوێنێکی گونجاو بوو بۆ کەسانی وەك زەرقاوی ژیانیان لێ بپارێزرێت،

لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٤ زەرقاوی بەیعەت بە ئوسامە بن لادن دەدات ولە ٢٠٠٤/١٠/١ ناوی رێکخراوەکەی لە توحید وجیهاد دەکات بە( قاعدە الجهاد فی بلاد الرافدین)گۆرینی

ناوی ڕێکخراوەکە سودێکی زۆری پێ دەبەخشێ چونکە ئەوکات خەلکی جیهادی خۆشەویستی زۆریان بۆ ئەلقاعیدە هەبوو بەهۆی شەرەکان لە ئەفغانستان دژی ئەمریکا.(٦)

ئینجا ناو گۆرینی توحید وجیهاد بۆ ڕێکخراوی ئەلقاعیدە سیمایەکی سەلەفی جیهادی نێو دەوڵەتی پێ بەخشین، چونکە تا ئەو ساتەش ڕێکخراوی ئەلقاعیدەی ئەفغانستان خۆی بە نوێنەری راستەقینەی هەموو سەلەفی جیهادیەکانی جیهان دەزانی، لەلایەکی تریشەوە زەرقاوی بەم ناوگۆڕینە پاڵپشتیەکی بە هێزی شەرعی و دارایی لەلایەن ئەلقاعیدە و سەلەفیە جیهادیەکانی وولأتان بەدەست هێنا.

هەرچەندە هەڵسوکەوت و رەفتارەکانی زەرقاوی بەدڵی زۆرێك لە سەرکردە جیهادیەکانی نێو ڕێکخراوەکەشی نەبوو، (ئەبو محمد مقەدەسی ) لەنامەیەك دا بۆ زەرقاوی رەخنەی توندی ئاراستە دەکات بەوەی کە ناوبراو کەسێکی سەرە ڕۆیە و کردەوەکانی دژی ڕێبازی سەلەفی جیهادین، بەتایبەتی ئەوکاتانەی کە زەرقاوی لەکردەوەکانی دا شیعەو کریستیانەکانی عێراقی کردبوە ئامانج، بۆیەش ئامۆژگاری دەکات کە گۆرەپانی عێراق جێ بهێڵێت بۆ عێراقیەکان.(٧)

ئەگەر بوونی هێزی ئەمریکی نەبوایە لە عێراق ئەوا زەرقاوی لەساتەوەختی یەکەمی هاتنی بۆ عێراق شکستی دەخوارد لە جێ بەجێ کردنی بەرنامە تایفەگەریەکەی، بەلأم بوونی سوپای ئەمریکا لە عێراق هۆکاری دروست بوونی ژینگەیەکی گونجاو بوو بۆ سەرکەوتنی کارو کردەوەکانی لە عێراقدا.

هەردوو شەرەکانی شاری فەلوجە لە ساڵی ٢٠٠٤ لە نێوان هێزەکانی ئەمریکا وبەریتانیا بەرامبەر بە گروپە جیهادیەکان، زیاتر کەسایەتی زەرقاوی یان بەهێز کرد، لە نێو عێراق و سونەی ئەم وولأتە، کاتێکیش وێنەکانی سوکایەتی سەربازە ئەمریکیەکان بەرامبەر بەندکراوە سونەکان لە زیندانەکانی عێراق بلأوکرایەوە هێندەی تر رەق و کینەی زەرقاوی بە هێز تر بوو بەرامبەر ئەمریکا.

هەرچەندە کەسایەتی و کۆمەڵەو گروپە جیهادیەکانی تری عێراقی دژی دەست تێوەردان و کردەوەکانی زەرقاوی بوون لە عێراق، رێکخراوی (کتائبی شۆرشی بیست) یەکێك بوو لە دوژمنە سەرسەختەکانی رێکخراوەکەی زەرقاوی، هەردوو لا درێغیان لە کوشتن و قەلاچۆکۆدنی یەکتر نەدەکردەوە، لە مزگەوتێکی شاری ئەنبار (رێکخراوی کتائب )حەڤدە سەرکردە و کەسایەتی ئەلقاعیدەی کردە ئامانج و هەموویان کوژران، ئەلقاعیدەی دەستی نەدەپاراست لە کوشتن و تیرۆرکردنی سەرکردەکانی ئەوان، لەوانەش کە بەفەرمانی زەرقاوی تیرۆرکران بریتی بوون لە ( شێخ عومەر سعید حوران و عومەر محمود الفلاحی و ئەبو شهم شبلاوی و چەندانی تر بوون.(٨)

## دامەزراندنی ئەنجومەنی شورای مجاهدین لە عێراق

لە ١/١٥/ ٢٠٠٦ ئەبو میسرە عێراقی کە ووتەبێژی فەرمی ئەلقاعیدەی جیهادی لە بلادی رافدین بوو لە تۆڕی ئەنتەرنێت (پێگەی حەنین )پەیامی یەکگرتنی حەوت گروپی جیهادی لە عێراق راگەیاند ، لەوانیش( سرایا الجهاد وانصار التوحید و التایفە منصور وکتایب الاهوال و سرایا الغربا و رێکخراوی ئەلقاعیدە) هەروا رێکخراوی جیش اهل السنە وجماعە دوای هەفتەیەك لە دامەزراندنی ئەنجومەنەکە هاتنە ریزی ئەوانەوە و هەموویان یەکیان گرت و ئەنجومەنێکیان دامەزراند بەناوی( مجلس شوری المجاهدین).(٩)

یەکگرتنی ئەم گروپ و رێکخراوانە یەکێك بوو لە ئامانجەکانی زەرقاوی بۆ بەرپەرچ دانەوەی دەنگە سونیە نارازیەکان، چونکە کارو کردەوە نابەجێ کانی زەرقاوی هەمیشە ببوە جێگای رەخنەو گلەیی لای موجاهیدە عێراقیەکان، کە کەسێکی بەرەگەز ئوردەنی رۆژانە لەشەقامەکانی بەغدا بە شێوەیەکی هەرەمەکی خەلکی دەکوشت و دەرفاند.لەگەلّ ئەوەشدا بۆ کپ کردنی ئەم دەنگە نارەزایەتیە خودی زەرقاویش پێی باش بوو کەسێکی تر سەرکردایەتی ئەم ئەنجومەنە بکات بۆیە هەموو لایەکیان رێککەوتن لەسەر دانانی کەسێکی عێراقی بەناوی (شێخ عبدالله رەشید بەغدادی)، بەلاّم لەناوەرۆك دا زەرقاوی ژمارەیەکی رێکخراوەکە بوو، هەر ئەویش رۆلّی سەرەکی هەبوو لە ئاراستەکردن وئەنجام دانی کردەوەکان تا دوا ساتی ژیانی بەلاّم شەقامەکانی ئەم وولاّتەی خەلّتانی خوێن کردبوو.(١٠)

دامەزراندنی ئەم ئەنجومەنە و دانانی رابەرێکی بەرەگەز عێراقی چیتر بیانوی بۆ نارەزایەتیەکان نەهێشتەوە کە زەرقاوی کەسێکی خەلّکی عێراق نەبوو، بەلاّم رووە راستەقینەکە پێچەوانەی ئەم بانگەوازە بوو کە زەرقاوی وەك سیناریۆیەك

نیشانی خەڵکی عێراقی دەدا، چونکە جڵەوی دەسەڵاتی ڕێکخراوەکە تا کوژرا لە ژێر ڕکێفی خۆیدا مایەوە.
بۆیە هەر لەو ساتانەدا بە فەرمانی زەرقاوی لەماوەی کەمتر لە ساڵێك چەندین کردەوەی تیرۆریستی لە ناوەراستی شاری بەغداو دەوروبەری ئەنجام دران لەوانەش:
١- لە ٢٠٠٦/٣/٢٢ لە چێشتخانەیەك لە ناوەراستی بەغدا کوژرانی بیست پۆلیسی عێراقی لە نێویاندا سێ یان ئەفسەر بوون.
٢-تیرۆرکردنی شێخ ئوسامە جدعان سەرۆکی خێڵی کەرابلەی سونی، بەتاوانی هەبوونی پەیوەندی لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکی.
٣- لە حوزەیرانی ٢٠٠٦ لە شاروچکەی یوسفیە نزیك بەغدا،دوو سەربازی ئەمریکی رفێنران دوای سێ رۆژ بەکوژراوی بیندرانەوە.
٤- لە ٣ی حوزەیرانی ٢٠٠٦ سێ پیاوی دیبلۆماسی روسیا رفێنران، دوای چەند رۆژێك تەرمەکانیان دۆزرانەوە، ئەمەش دوای ئەوەی حکومەتی روسیا بە پیر داواکەیان نەهان کە تێدا داوایان کردبوو کە روسیا دەست بەجێ لە شیشان هێزەکانی بکشێنێتەوە و بەند کراوە شیشانیەکان ئازاد بکات.
٥- تەقاندنەوەی چەند ئوتێلێکی شاری عەمانی پایتەختی ئوردوون.(١١)
سەرەرای ناکۆکی و نارەزایەتیەکانی ئەلقاعیدە دژی ئەم کردەوانەی گروپەکەی زەرقاوی کەچی رێگای لە بەردەوام بوونی کاری تیرۆرو کوشتنی بەکۆمەڵی ئەوان نەگرت. سەدان کەسی لەشەقامەکانی بەغدا و شارەکانی تر کردە قوربانی، لەوانەش کوشتنی محمەد باقر حکیم و سەربرینی رۆژنامەنوسە ئەمریکیەکە بەناوی( نیکۆلاس بیرگ) و تەقاندنەوەی باڵەخانەی نەتەوەیەکگرتوەکان لە بەغداو کوشتنی بەرێوەبەرەکەی، ئەم رووداوە تیرۆریستیانە لە عێراقدا بوونە هۆکاری بەهێز بوونی رێکخراوەکەی، بەڵام کردەوەکانی زەرقاوی هەرگیز بە دڵی بن لادن و ئەلقاعیدە نەبوون لە ئەفغانستان، چونکە زۆر توندرەوانەو نابەرپرسیارانە

خەڵکی بێ تاوانیان دەکردە قوربانی، بەتایبە تیش تەقاندنەوەی مزگەوتەکانی شیعە و کوشتنی هەرەمەکی خەڵکی بێ دەسەڵات لە ناو مەزهەبی شیعەدا، کەهەمیشە بن لادن خۆی لەم جۆرە رەق وکینەی مەزهەبیانە بەدوور خستبوو کە مەترسیان هەبوو بۆ سەر یەکپارچەیی ئیسلام بەگشتی. لەگەڵ ئەوەشدا دوای کوژرانی زەرقاوی ئەیمەن زواهیری سەرکردەی ئەلقاعیدە لە پەیامێکدا ستایشی رۆڵ وماندوبوونی ئەو دەکات کە وەکو مجاهیدێکی راستەقینە کە توانیبووی بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵسێ.

زەرقاوی بۆ تۆڵە سەندنەوە لە ئەمریکیەکان کە لەو ساتە وەختەدا چەند وێنەیەکی ئابروبەرانەی سەربازەکانی ئەمریکا لە کاتی ئەشکەنجەدانی زیندانیە عێراقیەکان بلاّو کرابۆوە. بریاری دا هێرش بکاتە سەر زیندانی ئەبو غرێب، بۆئەم مەبەستەش بەسەرپەرشتی ئەبو ئەنەس شامی کە سەرکردەیەکی رێکخراوەکە بوو پیلانێکی دارشت، ئەوەبوو لە ئەیلولی ٢٠٠٤ دەست کرا بە ئەنجامدانی هێرشێکی کت وپڕ بۆسەر زیندانی ئەبو غرێب، بەلاّم لە چرکە ساتی سەرەتای هێرشەکەدا ئەبو ئەنەس سەرکردەی هێرشەکە لەلایەن پاسەوانەکانی زیندانەکەوە دەکوژرێ و چالاکیەکەیان بێ ئاکام شکستی دەهێنێ.

رووداوی شکستەکە هەندەی تر زەرقاوی رەق ئەستورکرد، و بریاری دا دووبارە هێرش بکەنەوە بۆ سەر زیندانەکە بەلاّم ئەم جارە بەپلانێکی تۆکمەتر و بە سەرپەرشتی یەکێك لە سەرکردە چالاکەکانی خۆی کە ئەویش ئەبو ئەیوب میسری مهاجیر بوو، لەیەکی کانونی ٢٠٠٥ هێرشی دووەم دەستی پێ کرد بۆ سەر زیندانەکە وەك ئەوەی زەرقاوی نەخشەی بۆ کێشابوو، دوای شەرێکی بەهێز ئەمجارەیان توانیان زیندانەکە داگیر بکەن و بەند کراوەکانیش ئازاد بکەن، ئەم رووداوە سەرکەوتنێکی گەورەبوو بۆ رێکخراوی ئەلقاعیدە لە عێراق هاوکات ناو

وکەسایەتی ئەبو ئەیوب میسریش وەك سەرکردەی هێرشەکە بۆ جاری یەکەم کەوتە بەر باس و خواسی خەلك وناسرا.

ئەم رووداوە سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ تێگەیشتنێکی قولی ئەمریکیەکان کە هەرکردەوەیەکی وەها بێ کاردانەوەی ئەم گروپە تێپەر نابێت، بۆجاری یەکەمیش هێزە ئەمریکیەکان هەستیان بە مەترسی لەسەر گیانی خۆیان کرد لە عێراق. بۆیە هەوالگری ئەمریکا لەو رۆژەوە چاوەکانی خستە سەر هەموو جمو جوڵێکی ئەندامانی ئەم رێکخراوە بۆ دۆزینەوەی زەرقاوی، تا لە رۆژی ٢٠٠٦/٦/٧ شوێنی نیشتەجێ بوونی ئەویان دۆزیەوە لە گوندی (عەرەب شەوکە) کە دەکەوێتە نزیك شارەدێی ( هبهب) لە ناو باغێکی ناوچەکە خۆی تێدا حەشاردابوو، بە فرۆکە هێرشیان کردە سەری و کوشتیان.

زەرقاوی دوای کۆمەڵێك جموجوڵ کەوتە تەڵەی ئەمریکیەکانەوە، لەوکاتەوە ئەوی تێدا کوژرا تا ساڵی ٢٠١٩ کە دەکاتە ١٣ساڵ بەسەر رووداوەکە کەچی هێشتا خەڵکی ناوچەکە و هیچ کەسی تر نەیان وێراوە بچنە شوێنی رووداوەکە، تەنانەت خەڵکی گوندەکە بە ناوچەی تارمایی ناوی شوێنی رووداوەکەیان دەبرد، و کەسیش نەدەوێرا لە ترسی دەزگا ئەمنیەکان بچێتە شوێنی بۆردومانەکە.

## دامەزراندنی ریکخراوی دەوڵەتی ئیسلامیلە عێراق

ئەبومصعب زرقاوی بەر لە کوژرانی خۆی شەش کەسایەتی دیارکردبوو کە دوای ئەو لەنێوان خۆیاندا یەکێکیان هەڵبژێرن وەك ئەمیری رێکخراوەکەیان، دوای کۆبونەوەیان پێنج کەسیان دەنگیان بە ئەبو حەمزەی مهاجیر دا کە ببێتە ئەمیری ئەلقاعیدە لە شوێنی زەرقاوی، ئەبو حەمزە هەمان ئەو ئەبو ئەیوب میسری مهاجیرە بوو کە سەرکردایەتی هێرشەکەی سەر زیندانی ئەبوغرێبی کردبوو بەلاّم لەبەر مەترسی چاودێری کردنی ئەمریکیەکان.ناز ناوەکەی گۆریبوو.(١٢)
هەرچەندە هەڵبژرادنی ئەبو حەمزە وەك ئەمیری رێکخراوەکە نارەزایەتی زۆری ئەندامانی لێکەوتەوە بەتایبەتیش کۆنە بەعسیەکان بە هۆی ئەوەی ئەو کەسێکی عێراقی نەبوو خەڵکی میسر بوو بەلاّم ئەو توانی خۆی بسەپێنێ بەسەر سەرکردە جیهادی و بەعسیەکانی ناو رێکخراوەکە. دوای ماوەیەکی کورت ئەبوحەمزە دەستی کرد بە چالاکیەکانی و لەوانەش نەهێشتنی ناکۆکیەکان لەگەڵ گروپ و رێکخراوە جیهادیەکانی تر و پەیوەندی کردن بە کەسایەتیە سەلەفیە جیهادیەکانی وولاّتانی عەرەبی و بیرۆکەی دروست کردنی دەوڵەتی ئیسلامی بۆ جاری یەکەم لەلایەن ئەوەوە سەری هەڵدا، هەرچەندە سەرەتا بەشێك لە ئەندامانی رێکخراوەکە بە پێویستیان نەزانی لەو کات وساتەدا بیرۆکەی دەوڵەتی ئیسلامی بریاری لەسەر بدرێت بەلاّم ئەو بە هەوڵ و تەقەلاّکانی توانی هەموویان رازی بکات.
لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەندامەکانی رێکخراوەکە رازی بوون بە پرۆژەی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق بەلاّم زۆربەی زۆریان خودی ئەبو حەمزەیان رەتکردەوەکە ببێتە سەرۆکی ئەو دەوڵەتە، بۆیە ئەبو حەمزە بە ناچاری پێشنیاری کرد ئەبو

عومەر بەغدادی بكرێتە سەرۆكی ئەو دەوڵەتە، كەناوبراو ئەوكاتە سەرپەرشتیاری رێكخراوەكە بوو لە شاری دیالە.

سەر ئەنجام رۆژی ١٥/١٠/٢٠٠٦ ئەبو محارب جبوری كە وەك وەزیری راگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی دانرابوو، لە راگەیاندنێك دا بریاری دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی بلاوكردەوە، كە سنوری چوارچێوەی ئەو دەوڵەتە شارەكانی(بغداد وئەنبار ودیالە وكەركوك وتكریت و موسڵ وچەند ناوچەیەكی دەورووبەری شاری بابل واست) ی دەگرتەوە.(١٣)

لەلایەكی ترەوە سەركردەكانی ئەم دەوڵەتە وای بۆ چوو بوون كە دەبێ سەرجەم كۆمەڵەو رێكخراوە جیهادیە بەرهەڵستكارەكان لە عێراق كە دژی ئەمریكا و حكومەتی ناوەندی دەجەنگن بێنە ژێر باڵ و فەرمانەكانی ئەوان و بەیعەتیان پێبدەن، بۆیە ئەم بریارو بۆچوونەی ئەوان قۆناغێكی تری شەرو ناكۆكی خولقاند لە نێوا گروپە جیهادیەكان، بەتایبەتیش گروپەكانی جیش ئیسلامی و جەیش مجاهدین وحماسی عێراقی وكتایبی سەورە عشرین بەئاشكراو بە توندی دژی دەوڵەتەكەی ئەوان وەستانەوە كەئەمەش شەرو كوشتاری لە نێوانیان خولقاند.

بۆكۆتایی هێنان بە ناكۆكیەكانیان رۆژی ٢٦/٧/٢٠٠٩ رێكەوتنێكی ئاشتەوایی لە نێوان كتایبی شۆرشی بیست و وەزیری دەوڵەتی ئیسلامی (محارب جبوری) ئەنجام درا ، تێدا هەردوولا بریاریان دا كۆتایی بەشەر و ناكۆكیەكانیان بهێنن و بەندكراوەكانی یەكتر ئازاد بكرێن، كتایبی شۆرش پابەندی خۆی بە رێكەوتنەكە نیشان دا و دیلەكانی ئەوانی ئازاد كرد، كەچی لەبەرامبەردا دەوڵەتی ئیسلامی بەند كراوەكانی ئەوانی گوللە باران كرد و كوشتنی، ئەمەش دووبارە شەرو ناكۆكی بەخەستی سەری هەڵدایەوە لە نێوانیان. (١٤)

سەرەرای هەبوونی ئەو ناكۆكیانەی نێوان گروپە جیهادیەكان، ئەمریكیەكانیش دەستیان كرد بە چاودێری چرو كاردانەوەی خێرا بۆ رێگری لە جمو جۆڵەكانی ئەم

ڕێکخـراوە، هـەر زوو هێـزی چـەکداری عەشـایری( صـحوە) یـان دروسـت کردبـە فەرماندەیی عبدلستار ریشە لە ناوچە سونە نشینەکان بو لێدانی یان، ، ئـەم هێـزە لەماوەیەکی کورتدا توانیان لە زۆر شوێن گورزی کوشندە لە دەوڵەتی ئیسلامی بدەن، تـاوای لێهات صحوە بـوو بـە سەرسـەخت تـرین دوژمـنی ئـەبو عومـەر بەغـدادی و دەوڵەتی ئیسلامی ئەم ناکۆکیانە وای کرد ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بە پیلانێکی تیرۆریستی لـە رۆژی ٢٠٠٧/٩/١٣ توانیـان فەرمانـدەی گشـتی چـەکدارانی صحوە ئـەبو ریشە بکوژێت.(١٥)

هەر لەو ماوەیەدا کەسێك بـەناوی ( منـاف راوی)کـەوالی شـاری بەغـدای ڕێکخـراوی دەوڵـەتی ئیسـلامی بـوو هـەر خۆشـی سەرپەرشـتی هێنـان و بردنـی نامـە و پۆستەنهێنیەکانی ئـەم ڕێکخـراوەی دەکـرد، کـە لـە ڕێگـەی ماڵەکـەی ئـەبوو بـەکر بەغدادیـەوە نامـەکان رەوانـەی شـوێنی مەبەسـت دەکـران، کـە وەك شـوێنێکی پارێزراو و دوور لە چاودێری دەزگا ئەمنیـەکان ماڵەکـەی ئـەبو بـەکر بەغـدادیان بـۆ ئەم مەبەستە بەکار دەهێنا، هەر لەوێش ئەم نامانە دەگەیشتنە شانە نوستوەکانی دەوڵـەتی ئیسلامی و جار جاریش بـۆ دەرەوەی وولأت بەتایبـەتیش بـۆ ئەفغانسـتان دەنێر دران، ئەو ماڵەی ناوبراو وەك بنکەیەکی پۆست و گەیاندن وابوو بە نهێنی بۆ دەوڵەتی ئیسلامی، هەڵبەتە ئەو کات ئەبوبەکر بەغدادی کەسێکی دیارو ناسـراوی جیهادی نەبوو، بەڵکو زیاتر سەرقاڵی ئاین وخوا پەرستیبوو لە حوجرەی مزگەوت.

لە ئازاری سـاڵی ٢٠١٠ منـاف عبـدالرحیم راوی لـە بازگەیـەکی شـاری بەغـدا کەوتـە بۆسـەیەکی هێـزی ئـەمریکی ودەسـتگیرکرا، راوی لـەدایك بـووی شـاری مۆسـکۆ پایتەختی روسیا بوو لە ساڵی ١٩٧٥ بەڵام دوای هەڵگیرساندنی شەڕی نێوان عێـراق و ئێـران لەسـەر داوای حکومـەت ئـەوانیش بەخێزانـەوە گەرانـەوە بـۆ عێراق،نـاوبراو پەیوەنـدی راسـتەو خـۆی بـە ئـەمیری دەوڵـەت ئـەبو عومـەر بەغـدادی هـەبوو، بەرپرس بوو لـەو نامانـەی کـە دەگەیشـتنە ماڵەکـەی ئـەبو بـەکر بەغـدادی، هـەروا

بەرپرس بوو لەتەقینەوەکانی وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتی دارایی عێراق،دوای گیرانی دانی بە شوێنی نیشتەجێ بوونی هەردوو سەرکردەی دەوڵەتی ئسلامی نا، بۆیە لە رۆژی ٢٠١٠/٤/١٩ لەناوچەی سەرسار دوای شەرێکی بەهێز لە نێوان ئەبوعومەر بەغدادی و هاورێکانی لەگەڵ هێزێکی فرقەی شەشی و لیوای (٥٤) ی سوپای عێراقی بە پاڵپشتی فرۆکەکانی ئەمریکا، چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی بریاریان دابوو خۆیان نەدەن بەدەستەوە بۆیە لەئەنجامدا ئەبو حەمزەی مهاجیر بە پشتێنەیەکی بۆمب رێژکراو خۆی تەقاندەوەو بوە هۆی کوژرانی خۆی و ئەبو عومەر بەغدادی(١٦)

زانیاریەکانی مناف راوی و چاودێری کردنی ماڵەکەی ئەبو بەکر بەغدادی بوون هێزی ئەمریکای گەیاندە سەر شوێنی خۆ حەشاردانی ئەوان، لە ٢٠١٣/٤/١ مناف راوی لەشاری بەغدا لەسێدارە درا.(١٧)

هەوالگری هێزەکانی ئەمریکا کە لە عێراق هەمیشە بە ووردی چاودێری جموجۆڵەکانی ئەبو عومەر بەغدادیان دەکرد، پێش کوشتنی ئەو جموجۆڵەکانی کورت و گۆشەگیرکرابوو بە هۆی ئەم چاودێری چرەی ئەمریکیەکان، هەربۆیەشئەبو عومەر هەموو جۆرە ئامێرێکی مۆبایلی لە ئەندامانی رێکخراوەکەی قەدەغەکردبوو، تەنانەت ئەم رێکخراوە لەو ساتانەدا نەیان توانی هیچ سەربازگەی مەشق و بارەگایەك لە بیابانەکانیش دابمەزرێنن ، بەڵکو لەبری بنکەو بارەگا لە گەرەکەکانی ناو شاری بەغدا چەند خانوێکیان بەنهێنی بە کرێ گرتبوو بۆ کۆبونەوەی ئەندامانیان و بەرێوە چوونی پیلانی تەقینەوەکان.(١٨)

## سەرهەڵدان و دەرکەوتنی ئەبو بەکربەغدادی
## (( لە حوجرەی مزگەوتەکانەوە بۆ وەرگرتنی بەیعەت ))

رۆژنامە نوسێکی ئەڵمانی بەناوی ئیگال ئامیندان لە رۆژنامەی دێر شپیگلی وولاتەکەی بلاّوی کردبۆوە و دەڵێ: دامەزراندنی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق ناگەرێتەوە بۆ فتوا و پاڵنەرە ئاینیەکانی زانا گەورەکانی موسڵمانان، بەڵکو تاکە پاڵنەرو هۆکاری دامەزراندنی ئەم رێکخراوە سەرکردەو ژەنەراڵ و ئەفسەرانی هەوالگری حزبی بەعسی پێشووی عێراق بوون، کە لە بنچینەدا کەسانی بێ باوەر یان علمانی بوون نەك ئیسلامی و جیهادی، چونکە ئەو سەرکردە بەعسیانە درکیان بەوە کردبوو دوای روخانی رژێمی سەدام ئیتر بانگەواز کردن بۆ ئەم حزبە هیچ بایەخێکی بۆ راکێشانی جەماوەر نابێت، بەلاّم کاتێك بزوتنەوەیەکی ئاینی توندرەویان راگەیاند هەزاران موسڵمان لە دەوریان کۆبویەوە کەتا مردن ئامادەی خۆ بەخشین بوون لە پێناو دروشمەکانی ئەم رێکخراوە جیهادیە.(١٩)دوای کوژرانی هەردوو سەرکردەی جیهادی دەوڵەتی ئیسلامی (ئەبو عومەر بەغدادی و ئەبو حەمزەی موهاجیری) زۆربەی سەرکردەکانی ئەم رێکخراوە پەرتەوازە بوون و رایان کرد بۆ دەرەوەی عێراق، بۆیە رێکخروی دەوڵەتی ئیسلامی بەرەو پوکانەوە و هەڵوەشانەوە هەنگاوی نا، هیچ سەرکردەیەکی تری بەرهەڵستکار بوێری ئەوەی نەبوو خۆی بکات بە خاوەنی رێکخراوەکە، تا ئەوکاتەی سەرکردەیەکی ئەم رێکخراوە کە لەسەردەمی رژێمی بەعسی دا پلەو پایەی سەربازی هەبوو بەناوی( سمیر عبد حەمەد دلیمی) ناسراو بە عقید حاجی بەکر، دەستی کرد بە کۆکردنەوەی پاشماوەی رێکخراوەکە و تارادەیەك خاوەنداریەتی گرتە ئەستۆی خۆی، حاجی بەکر لەساڵی شەستەکانی سەدەی رابوردوو لە شاری ئەنبار لەدایك ببوو،

دەرچووی کۆلێژی سەربازی بوو، لە سەردەمی رژێمی بەعسی چەند پۆستێکی سەربازی و هەواڵگری هەبوو، دوای روخانی ئەم رژێمە، ناوبراو لەساڵی ٢٠٠٥ پەیوەندی کردبوو بە سەرکردەی جیهادی ئەبو مصعب زرقاوی، هەر لەو سەردەمەش دا هەوڵی کۆکردنەوەی کۆنە ئەفسەرانی رژێمی بەعسی دەدا بۆ کۆبونەوەیان لەدەوری رێکخراوەکەی زەرقاوی، پێشتر لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ٢٠٠٨ لە لایەن هێزی ئەمریکی دەستگیر کراوە لە زیندانەکانی بوکا و ئەبو غرێب بەندکراوە، حاجی بەکر کەسایەتیەکی بە هێز و کاریگەر بووە لە دانانی پلان وکارکردنی رێکخراوەیی و رۆڵی کاریگەری هەبووە لە پەیوەندی کردنی و رێکخستنی کۆنە ئەفسەرەکانی رژێمی پێشووی بەعس. سەرەرای ئەوەی چەند هەنگاوێکی نا بۆ رێکخستنەوەی رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی کەچی لەگەڵ ئەوەی حاجی بەکر کەسایەتیەکی کاریگەر و بەهێزی بوو بەڵام بەهۆی بیروباوەرە کۆنەکەی و بەعسی بوونی نەدەکرا رابەرایەتیئەم رێکخراوەی پێ بدرێت، هەرخۆشی لەم راستیە گەیشتبوو، چونکە لەم سەردەمەش دا کۆنە بەعسیەکان کەسانی نەخوازراو بوون لە کۆمەڵگای عێراقی دا، هەر خۆشی رەنگە ئەوەندە باوەڕی بە جیهاد و دەوڵەتی ئیسلامی نەبوو بێت چونکە پێشتر لە پارتێکی سوشیالیزمی نەتەوەیی وەك حزبی بەعس کاری کردبوو. ئەم هۆکارانە وای کرد حاجی بەکر بەدوای کەسێك دا بگەرێت بۆ ئەوەی سەرکردایەتی ئەم رێکخراوە بکات کە ئاکارو رەوشتی ئاینی بە هێزی تێدا بێت ولە بەر چاوی خەڵکی دا بە کەسایەتی خواناس ناسرابێت.

حاجی بەکر لەگەڵ دوو سەرکردەی تری رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی کە پێشتر ئەفسەری رژێمی بەعسی بوون بەناوەکانی ئەبو عەلی ئەنباری ومازن نهیری کۆبوونەوە بۆ دۆزینەوەی رابەرێك تا سەرکردایەتی رێکخراوەکەیانی پێ بسپێرن، دوای گفتوگۆ بریاریان دا داوا لە ئەبوبەکر بەغدادی بکەن رابەرایەتی ئەم

ڕێکخراوە وەرگرێت، چونکە ئەو تاکە کەسایەتی موسڵمان و ووتار خوێن وگونجاو بوو کە لە ڕێکخراوەکەوە نزیك بێت و کاری هاوبەشیان لەگەڵ یەکتر کردبێ.

ئەبو بەکر بەغدادی کەناوە ڕاستەقینەکەی ( ئیبراهیم عواد سامرائی بدری) بوو، ساڵی ١٩٧١ لە سامرا لە هۆزی بەدری، لە بنەماڵەیەکی ئاینی لە دایك بووە لە تەمەنی (١٨) ساڵیەوە شاری سامرای جێ هێشتوە و هاتۆتە بەغدا بۆ خوێندنی زانکۆ کە توانی بڕوانامەی بەکالۆریوس و، ماستەر و پاشانیش لە ساڵی ٢٠٠٠ دکتۆرای تەواو کردوە لە بواری زانستی ئیسلام، لەگەڕەکی (تۆبچی) شاری بەغدا بۆماوەی چواردە ساڵ ووتارخوێنی مزگەوتێك بووە.

لەدوای هاتنی هێزی ئەمریکا بۆ عێراق لە ٢٠٠٣ بوو بە ئەندامی ڕێکخراوێکی جیهادی بەناوی (جماعه اهل السنه والجماعه) کە شێخ عبدالله العانی سەرکردەیان بوو.(٢٠)

پاشان بۆ ماوەی ساڵێك لە زیندانی بوکا بەند کرابوو، لەسەردەمی دەوڵەتی ئیسلامی ئەبو عومەریش کاری نهێنی بۆ ڕێکخراوە کە دەکرد، لە مینبەری مزگەوتەکانیش ووتاری توندی هەبوو دژ بە ئەمریکیەکان.

بۆیە هەرسێ کۆنە ئەفسەری سەردەمی بەعس ( عقید حاجی بەکر و مازن نهیری و ئەبو محمەد عدنان) دوای چاوپێکەوتنیان بە ئەبوبەکر بەغدادی داوایان لێ کرد سەرکردایەتی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەم تەنگژەیە دەرباز بکات، سەرەتا ئەو بە داوایەکەیان ڕازی نابێت و خۆی لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتە نا بینێت، بەڵام حاجی بەکر پەیمانی پێدەدات کە ئەمیرایەتی ئەو تەنها بۆ ڕازی کردنی خەڵکە و کارەکانی ڕێکخراو لە ئەستۆی خۆیان دەبێت، بۆیە ئەویش بە داواکەیان ڕازی دەبێت و دەبێتە ئەمیری دەوڵەتی عێراقی ئیسلامی(٢١)

دوای دەست بەکار بوونی ئەم ستافە تازەیە بۆ ڕێکخراوەکە بڕیار دەدەن هەیکەلی کارەکانیان بەم شێوەیە دابڕێژن:

١- ئەبو بەکر بەغدادی کە رابەرو ئەمیری دەوڵەتی ئیسلامیە دەست دەکات بە پەیوەندی و پەیام ناردن بۆ سەرکردەو پیاوانی جیهادی لە وولاتان بۆ پاڵپشتی لەو دەوڵەتە ئیسلامیە.

٢- حاجی بەکر رۆڵی دەبێ لە یاریدەدەری ئەمیر وپەیوەندی کردن بە کۆنە ئەفسەرەکانی رژێمی پێشوو بۆ ناو رێکخراوەکەیان بەتایبەتی ئەوانەی رایان کردبوو بۆ سوریا و ئوردون.

٣- مازن نهیری بەرپرسیاریەتی دامەزراندنی شانەی چەکداری و نهێنی و دامەزراندنی دەزگایەکی هەواڵگری بۆ پاراستنی ئاسایشی سەرکردەکانی رێکخراوەکەی وەرگرت، چونکە بە هۆی ئاشکرابوون و کوژرانی سەرکردەکانی ئەم رێکخراوە لە رابوردوو بیریان لەوە کردەوە بەر لە هەر کارێك دەبێ نهێنی و زانیاریەکانیان پارێز راو بێت ئەوەش لە رێگەی شانەیەکی هەواڵگری بە هێز بەهێزەوە فەراهەم دێت.

٤- ئەبو محەمەد عەدنانی، ناوە راستەقینەکەی ( تەها صبحی فەلاح)بەهۆی ئاشکرابوونیەوە پێشتر رای کردبوو بۆ سوریا بەلاّم لەسەر داوای حاجی بەکر گەرایەوە عێراق و کۆمەڵێك چەکداریشی لەگەڵ خۆی هێنا بوو، ئەو لە رابوردو کەسایەتیەکی بە هێزی رێکخراوی ئەلقاعیدە بوو، چەندین بەرپرسیاریەتی پێ سپێردرا.بەلاّم لە ٢٠١٦/٨/٣٠ کوژرا، ئەویش بەهەمان شێوەی سەرکردەکانی تر لە ٢٠٠٥/٣/٣١ لەلایەن هێزە ئەمریکیەکان خرابووە زیندان و تا ساڵ ٢٠١٠ بەند کراوە(٢٢)

دوای دابەشکردنی کارەکان پەیتا پەیتا خەڵکی جیهادی وکۆنە بەعسیەکان هاتنە ریزی رێکخراوەکە کە زۆربەیان پلەداری سوپای پێشووی عێراق بوون، لەوانەش ئیبراهیم جەنابی پێشتر پلەی عمید بوو، وئەبو موسلیم تورکمانی پلەی عقید، و

فازیل عیساوی ئەفسەر بوو لە سوپای عێراق و وەزیر بوو لە سەردەمی ئەبو عومەر بەغدادی لە دەوڵەتی ئیسلامی، وە عاصی محمود عبید پلەی عقیدی سەربازی هەبوو، نبیل معینی و محمود جەنابی و عبداللە جبوری کۆنە ئەفسەر بوون لە سوپای پێشووی عێراق.



(پەیکەری ڕێکخراوی داعش بەدەستنوسی عقید حاجی بەکر)

دەکرێ ئەو کەسانە بە دارێژەرەوەی هەیکەلی یەکەمی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی دوای کوژرانی ئەبوعومەر بەغدادی بناسرێن، کە بەرپرسیاریەتیان لە دامەزراندنەوەی ڕێکخراوەکە وەرگرت، هەر ئەوانەش دوای شکستەکەیان توانیان تەکانێکی بەهێز و خێرا بە بزوتنەوەی جیهاد خوازانی عێراق بدەن، بۆیە ئەم قۆناغە بە دەستپێکی سەرەتایەکی تازە بۆ ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوەکە دادەنرێت

کە زیاتر لەسەر بنەمای پەیوەندی کەسێتی وکاریزمای حاجی بەکر بە کۆنە بەعسیەکان دەستی پێکرد.
دەست پێکردنی کارەکانی ئەم رێکخراوە پێویستی بە یارمەتی و پاڵپشتی دارایی هەبوو بۆیە حاجی بەکر بڕێکی زۆری پارە هێنا ناو رێکخراوەکە کە پێشتر لەسەردەمی ئەبو عومەر بەغدادی دەستی کەوتبوو، بەلاّم لە داهاتوو پێداویستیەکانیان زیادی کرد بۆیە پەنایان برد بۆ چەند سەرچاوەیەکی تری پەیداکردنی دارایی لەوانەش:
*وەرگرتنی پارە وسەرانە لە کۆمپانیا نەوتیەکانیعێراق و ئەوانەی لەو بوارە کاردەکەن.
*رفاندنی خەڵك و بەرپرسی حکومەت ودەوڵەمەندەکان و ئازاد کردنیان بەپارە.
*وەرگرتنی فدیە لەخەڵکی شیعە کە لە ناوچە سونیەکان نیشتە جێ بوون.(٢٣)
دوای ئەم کارانە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەماوەیەکی کورتدا بوو بەخاوەنی سەرمایەکی زۆر، کە توانی مانگانە بۆ هەر ئەندامێکی ٣٠٠دۆلار وەك موچە خەرج بکات، لەلایەکی ترەوە بەهۆی کشانەوەی هێزە ئەمریکیەکان دەوڵەتی ئیسلامی توانی جموجۆڵەکانی لە بیابانەکانی ئەنبار و دەووروبەری فەلوجە زۆر زیاد بکات و پاڵپشتی پیاوانی ئاینی و موفتیەکانی ئیسلام بەدەست بهێنێ.
لە ناوچەکانی ئەنبار چەند گروپێکی تر بوونیان هەبوو وەك (جەیش سونە وجەیش مجاهدین وشۆرشی بیست) بەلاّم توانیان هەماهەنگیان لەگەڵ دا بکەن کە دوور بن لە پێکدادانی چەکداری ناوەخۆ، پانیش هەندێکیان هاتنە ریزیان و بەیعەتیان بە دەوڵەتی ئیسلامی دا، پاشانیش زۆربەی سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکە بە خۆشی خۆیان بێت یان بە زۆری بەیعەتیان لێ وەرگیرا.
حاجی بەکر لەدەرەوەی عێراقیش پەیوەندی بە چەندین کەسایەتی کرد بۆ پاڵپشتی رێکخراوەکەیان لەوانەش کەسایەتی ناسراوی سعودی بەندەر شعلان و چەندین

کەسی تری وەك شێخ و موفتی جیهادی عەرەبی لەوانەش ناصر عجیل وترکی کوری عەلی بەحرینی و علیوی شمری وغازی شمری محمود مەتەری و حمد فهد و صالح ختیف و تاریق حرب و عزیز عومەر، ئەوانە هەموویان کەسایەتی ناسراوی ئاینی و کۆمەڵایەتی گرنگی عەرەبی بوون، ئەم هەنگاوانەی حاجی بەکر روحیەتێکی بەهێز و خێرای بە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بەخشی کە وای کرد ئەبو بەکر بەغدادی پەشیمان نەبێتەوە لە بریارەگرنگەکەی بە رابەرایەتی کردنی بزوتنەوەی سەلەفیەتی جیهادی لە عێراق. تائەو کاتە ئەبو بەکر بەغدادی هیچ ناوێکی سەرکردە و کەسایەتی کاریگەری نەبوو لە بزوتنەوەی جیهادی دا. بەڵام دوای ئەم رووداوانە ئەمیکیەکان بڕی دەملیۆن دۆلاریان دەبەخشیە ئەوکەسەی شوێنی ئەبوبەکر بەغدادیان نیشان بدات.(٢٤)

لە کۆتاییەکەی دا جموجۆڵە زۆرەکانی حاجی بەکر لە نێوان سوریاو عێراق وای کرد لە ساڵی ٢٠١٤ لە شاروچکەی ئەتارب لە نزیك شاری حەلەب لەشەری نێوان بەرەی نوسرەو دەوڵەتی ئیسلامی بکوژرێت، رووداوی کوژرانی حاجی بەکر گورزێکی کاریگەر بوو بۆ ئەبو بەکر بەغدادی و رێکخراوەکەی.(٢٥) لەسەردەمی ئەبو بەکر بەغدادی هەلێکی زێرین رەخسا بۆ جموجۆڵی ئەم رێکخراوە، کەهەرگیز بەر لە ئەو هەلی وا بۆ سەرکردە جیهادیەکان نەرەخسابوو.

کشانەوەی سوپای ئەمریکا لە عێراق و زۆر بوونی کێشەو ململانێکانی شیعە وسونە و شیعە و کورد و ناوماڵی شیعە لەناوخۆیاندا بارێکی سیاسی خراپی دروست کرد کە بەسەردەمی پڕ نەهامەتی عێراق دادەنرا، بۆیە هەر دوای کشانەوەی ئەمریکیەکان لە کۆتایی ساڵی ٢٠١١ رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی زنجیرەیەك کردەوەی خۆکوژی گەورەی لە شاری بەغدا ئەنجام دا، کە ئەم رێکخراوە ناوی نابوو بە کردەوەی ( شکاندنی دیوارەکان) کە بەرچاوترینیانلە ٢٠١٣/٧/٢١هێرشی کردە سەر زیندانەکانی تاجی و ئەبو غرێب و بەند کراوەکانی ئازاد کرد لە بەغدا.(٢٦)

داعش هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە بە پاڵپشتی کۆمەڵێك کەسانی شارەزاو پسپۆر کە پێشتر خاوەنی ئەزموونێکی ڕێکخراوەیی بوون لە ریزی حزبی بەعس دا ، پەیکەرێکی ڕێکخستنی بە هێزیان بۆ خەلافەتەکەی ڕێکخراوی داعش دامەزراند کە خۆی لە چەند ئەنجومەنێکدەگرتەوە کە هاوشێوەی وەزارەت بوون و زۆر چالاکانە بەرێوە دەبران کە دەتوانین بڵێین کۆی دامەزراندنی پەیکەرەکە بەم شێوەیە بوو:.

١- خەلیفە:. بەر لەهەر شتێك دەبێ ئەوە بزانین سیستەمی بەرێوە بردن لە کۆنەوەوە لەلای ئیسلام لەچوار چێوەی دەسەلاتی ( خەلافەت) بەرێوە چووە. خەلیفەش خاوەنی گەرەترین دەسەلاتی دەوڵەت بووە، کە توانای لێپێچینەوە و دامەزراندنی هەموو جوومگە وبەرپرسیاریەتەکانی دەوڵەتی هەبوو، لەسەر بنچینەی فقهی شەرعی و بەیعەت دان پێی لەلایەن ئەنجومەنی شورا.(٢٧)

٢- ئەنجومەنەکان: ئەمانە لە کۆمەڵێك ئەنجومەنی بەرێوە بردن لە شێوەی وەزارەتی حکومەت، کە تەواوی ئیش و کارەکانی دەوڵەتی خەلافەتیان بەرێوە دەبرد، وەك ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتەکان، دامەزراندنی بەرپرسانی ئەم ئەنجومەنانە تەنها لە دە سەلاتی ئەبوبەکر بەغدادی خۆی بوو.

٣- ئەنجومەنیسەربازی:. گەورەترین و بەدەسەلات ترین ئەنجومەنی دەوڵەتی خەلافەتی داعش بوو، کە ژمارەی ئەندامانی سەرپەشتیاری ئەنجومەنەکە لە نێوان (٩بۆ١٣) کەس بوو، سەرۆکی ئەنجومەنەکە پایەی جێگری کاروباری سەربازی ئەبوبەکر بەغدادی هەبوو، شێوەی دارشتنی یەکە سەربازیەکانیان بە گوێرەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی خۆیان بوو، بەلاّم بەگشتی لە هەرناوچەیەك سێ کەتیبەی سەربازیان دامەزراندبوو، کە هەر کەتیبەیەك نزیکەی (٣٥٠) چەکداری لە خۆگرتبوو، دامەزراوەی ناو ئەنجومەنەکەش بەم شێوەیە بوو:. (هەیئەی ئەرکان و

هێـزه ئامـاده وخێـرا  و هێـزی شـەهیدان و هێـزی پشـتیوانی وهێـزی قـەناس بەدەستەکان وهێزی مین ڕێژی و ئەندازیاری).

٣- ئەنجومەنی ئاسایش:.گرنگترین ئەنجومەنی خەلافەت بـوو، کـە ئەرکـەکانی بـریتی بوون لەکۆمەڵێك کارو کردەوە  بۆپارێزگاری کردن لە دەوڵەتی خەلافەت، کەبەگشتی خۆی دەبینیەوە لە چاودێری کردنـی دۆسـت و دوژمنـەکانیان و کارەکـانی پەیوەسـت بە پاراستنی خەلیفە و چاودێری سنورەکانی دەوڵەتی داعش.(٢٨)

٤- ئەنجومەنی شورا:.  ئەم ئەنجومەنە کارەکانی بریتی بـوون لـە دارشـتنی سیاسـەتی خەلافەت و پلان دانان بۆ  پێشهات و ڕووداوە تازەکان،  ژمـارەی ئەنـدامانی سـەرەکی لە (٩  بۆ ١١) کەس بوون کە خەلیفە هەڵیدەبژاردن لە کەسانی نێو ڕێکخراوەکەی.

٥- ئەنجومـــەنی شـــەرعی و ڕێکخســـتنی کاروبـــاری ئـــاین داری:.  ئـــەم ئەنجومەنـــە لەبنچینـەدا سـەربە ئەنجومـەنی شـورابوو،  بـەلام کارەکـانی جیـاوازبوو، کـە شـەش ئەنـدام بـەڕێوەیان دەبـرد، کارەکـانی زۆر جێگـای بایـەخی خەلیفـەی داعش بـوون، بەهۆی گرنگیەوە، ئەمانە چاودێری هـەموو ئەنجومەنـەکانی تریـان دەکـرد،  هـەروا دامەزراندنی خەلیفەیەکی تازە لە باروودۆخێکی نالەباریش لە ئەسـتۆی ئەوانـدابوو، ئەگەر بێت و خەلیفە دەستگیر بکرێت یاخود بکوژرێـت یـان توانـای نـەمێنێ بەسـەر کارەکانیەوە.(٢٩)

٦- دەســـتەی شـــەرعی:.کارەکانی بـــریتی بـــوون لـــە ڕاگەیاندنـــە ناوەندیـــەکان و بەرزکردنەوەی هەست و سۆزی خەڵك بۆ خەلافەت وسەرپەشـتی بۆنـە گرنگـەکانیان دەکرد.

بێجگــە لــەم ئەنجومــەن و دەســـتانە کۆمــەڵێك  ئــەمیرو بــەرپرس هــەبوون بەرپرسیاریەتی لاوەکی یان پێ سپێردرابوو لە بەڕێوە بردنی دەوڵەتی خەلافەت.

٧- ئەنجومەنی دیوانەکان:. ئەم ئەنجومەنە سەرپەرشتی و چاودێری کۆمەڵێك دیوانی دەکرد لە ناوەوەی خەلافەت کە وەك دامەزراوەی بەرێوە بردن دامەزرابوون، کە بریتی بوون لەمانە:.

أ- دیوانی ( بیت مال) یان دیوانی( زەکات) ئەم دیوانە رۆڵێکی کاریگەرانەی هەبوو لە کۆکردنەوەو زیاد کردنی داهاتەکانی رێکخراوی داعش، کە مەزەندە دەکرێ نزیکەی دوو ملیار دۆلاری کۆکردبێتەوە، لە وەرگرتنی سەروانە و باج لە خەڵکی موسڵمان و نا موسڵمان.

ب- دیوانی (حسبە) بە گەورەترین بە جموجۆڵترین دیوان دەژمێردرێردرا لە دەوڵەتی خەلافەت، کارەکانی بریتی بوون لە چاودێری کردنی خەڵك و جێ بەجێ کردنی بریارەکانی خەلافەت وسزا دانی سەرپێچی کەران، هەروا وەرگرتنی پارەی پێ بژاردراو لە خەڵك، بۆیە لەرووی داراییەوە خاوەنی خەزێنەیەکی گەورەبوو، بەرێژەیەك زۆربەی بەرپرسەکانی ئەم رێکخراوە هەوڵیان دەدا ببنە بەرێوە بەر لەم دیوانە، بەتایبەتی لە سوریا گەندەڵی زۆر روویدا بە دزین و بردنی پارە لە دیوانەکە.(٣٠)

ج- دیوانی زەوی وزار ومولکایەتی:. کارەکانی ئەم دیوانە بریتی بوون لە دەست بەسەراگرتنی مولکی ئەو خەڵکانەی کە لەژێر دەسەلاتی داعش رایان کردبوو یان فرۆشتنی مولکی دەوڵەت بە خەڵك.

خ- دیوانی تەندروستی:. ئەم دیوانە بەرپرسیاریەتی پەیداکردنی داوو دەرمان و چارەسەریە پزیشکیەکانی لە ئەستۆدابو، هەروا دەست بەسەر داگرتنی ئەو دەرمانخانانەی کە خاوەنەکانی خاکی ژێر دەستی خەلافەتیان جێ هێشتبوو.

د- دیوانی پەروەردە:. لەگرنگترین کارەکانی ئەم دیوانە گۆرینی پرۆگرامی خوێندن بوو لە سوریا و عێراق بە پرۆگرامی داعشی.

ر- دیــوانی خزمەتگوزاریــەکان:. هاوشــێوەی شــارەوانیەکان بــوو کــە داعــش هــەڵی وەشاندبوونەوە و ناوی نابوون خزمەتگوزاری، کارمەندەکانی ئەم دیوانە بێ مووچە دەبوایە خزمەت بکەن، لەگەڵ ئـەوەش دا هەنـدێ جار لـە دیـوانی بـەیت ومـال بـرە پارەیەك وەك هاوکاری بۆیان دەهات، ودابەشیان دەکرد.

ز- دیــوانی هــۆزو عەشــیرەتەکان:. کارەکــانی بــریتی بــوون لــە سەرپەرشــتی و بەســەرکردنەوەی هۆزەکــانی ژێــر دەســتی خەلافــەت، و بەیعــەت وەرگــرتنی لــە سەرۆکەکانیان بۆ دەوڵەتی خەلافەت.

س- دیوانی رکاز:. یان (کەرستەی خاو)گرنگترین دیوانی خەلافەت بـوو کـە کارەکـانی بریتی بوون لـە کۆکردنـەوەو سەرپەرشـتی کردنـی بـیرە نەوتیـەکانی ژێـر دەسـەڵاتی خەلافەتەکەیان لە سوریا وعێراق.

ش- دیوانی ئاین ومزگەوت:.ئـەرکی ئـەم دیوانـە چاودێری کردنـی ووتارەکـانی رۆژی هـەینی بـوو لـە مزگەوتـەکان و رێنمـایی دابـەش کـردن بەسـەریاندا بـۆ بانگـەوازی پاڵپشتی لە خەلافەت.

ت- دیـوانی راگەیانـدنی ناوەنـدی جیهـانی:. زۆربـەی ئەنـدام و کارمەنـدەکانی بـریتی بوون لە خەڵکی بیانی بەتایبەتی ئەمریکی و ئەڵمانی و ئەوروپی، ئەمانە کارەکانیان تایبەت بوو بە نانـەوەی تـرس و دڵـەراوکی و تۆقانـدن و وێنـەگرتنی کردەوەکانیـان، پاشانیش نمایش کرنیان بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ترس لە نێو خـەڵکی دا، هـەروا چەندین بڵاو کراوەی ئەلکترۆنیان لە ئەنتەرنێت بەرێوە دەبرد.

و- دیوانی دەستکەوتەکان( الغنائم):. کارەکانی ئەمـە دیوانـە بـریتی بـوون لـە دەست بەسـەرداگرتنی مـاڵ ومـوڵکی ئەوکەسـانەی کـە خـاکی دەوڵـەتی خەلافـەتی جـێ هێشتبوو، و دەیانکرد بـە مـوڵکی خەلافـەت، یـان ئەوانـەی بەیعـەتیان بـە خەلیفـە نەدابوایـە هـەموو سـەروەتەکەیان لەلایـەن ئـەم دیوانـە بـەتاڵان دەبـردرا، هەنـدێ جاریش لە شەرەکاندا دەستکەوتیان دەست دەکەوت .(٣١)

## سەرەتای ناکۆکیە ناوخۆییەکان لە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێراق

دوای ئەوەی لە دیسەمبەری ساڵی ٢٠١١ ئەبوبەکر بەغدادی کۆمەڵێك چەکداری سەر بە رێکخراوەکەی بەسەرکردایەتی محمەد جولانی ناردە سوریا وئینجا ئەم گروپە دەستیان کرد بە تەقینەوە لە پایتەختی ئەو وولاتە و کوشتن وسەربرینی خەلك، بۆئەوەی ئەوان خۆیان لەسەر گۆرەپانی سوریا بسەپێنن و بە خەلك و گروپە چەکدارە جیهادیەکانی تر بلێن ئێمە بوونمان هەیە و بەهێزین.

دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام (داعش) وێنەیەکی زۆر درندەتر لە ئەلقاعیدە، کە خاوەنیدیدگایەکی ئەوپەری توندرەوی لە ناو جیهانی جیهاد دا. ئەم رەوتە وەك رێبازێکی سەلەفی جیهادی لەسەرەتاوە ئەلقاعیدە هێنایە بەرهەم، کە دەرهاویشتەی ئەزموونی شەرەکانی دژ بە داگیرکاریەکانی یەکێتی سۆڤیەتی جاران بوو لە هەشتاکانی سەدەی رابووردوو. بەلأم زۆرێك لە شارەزایان وای بۆ دەچن کە ئەلقاعیدە لە زۆر بارەوە نەرم ونیان تر بوە لە داعش، چونکە ئەوەی لە رابووردوو بینیمان ئەلقاعیدە تەنها شەرو دژایەتی ئەوانەی دەکرد کە موسڵمان نەبوون، پێی دەووتن مورتەد و صەڵیبی و بێ بڕوا، کەچی داعش شەری هەموو ئەوانەی دەکرد کە دژی بوون و کە زۆربەیان موسڵمان بوون.

داعش لەسەرەتای دروست بوونیەوە هەوڵی دا سوود لە رێکخراوە جیهادیەکانی پێش خۆی ببینێ بەتایبەتیش ئەلقاعیدە، بەلأم بەلایەوە گرنگ نەبوو وەك ئەوان بیر بکاتەوە لە کردەوەو هەنگاوکانیان. ئەگەرچی داعش لە بنچینەدا وەك کوڕی راستەقینەی ئەلقاعیدە لەدایك بوو، بەلأم کۆمەڵێك جیاوازی زۆر بەرۆکی هەردوو رێکخراوی گرتەوە، لە زۆر بارەوە بیروباوەریان لێك جیا بوو، لەوانەش بابەتی ئایدلۆژیا و فکری جیهادیەکە نێوانیان و دەسەلأتی بالأی ئەم رەوتە لە جیهاندا.

داعش پێی وابوو دەبێ  موسڵمانی راستەقینە جیهادی بێت و جیهاد کردنیش نابێ بەشێوازی بەزەیی یانە جێ بە جێ بکرێت، ئینجا گرنگ نیە کێ و چەند کەس دەبنە قوربانی یان لەسەر خاکی موسڵمانان بێ یان خاکی بێ باوەڕەکان  هەروەها هەموو ئاینیەکانی تر و کوشتن و برینی هەموو نەیارەکانی خۆیان حەلال کردبووە. کەچی رێکخراوی ئەلقاعیدە  ئەم بۆچون و تێروانینەی ئەوانیان پێ زیادەڕۆیی بوو لە رێبازی سەلەفیەتی جیهادی، بەڵکو پێیان وابوو  سەلەفیەتی  جیهادی کلاسیك باشترین رێبازە  کە دەبێ موسڵمانان پەیرەوی بکەن ئەویش تەنها بەئامانج گرتنی دوژمنەکانی ئاینی ئیسلامە نەك نەیارەکانی رێکخراوەکەیان و خەڵکی سڤیل،  هەروا ئەوان پێیان وابوو بە هەر هۆکارێکی جیاوازی بیرو بۆچون نابێت  کوشتن وبرینی و خوێن حەلال کردنی  موسڵمانان ئەنجام بدرێت.

بەڵام ئەگەر بێینە سەر رووی راستەقینەی  جیاوازیەکان ئەوا بۆمان روون دەبێتەوە کە  ململانێکانی نێوان ئەم سەرکردە جیهادیانە  مێژوویەکی کۆنتر هەبووە،  بۆ نمونە کاتێك  زەرقاوی لە بەغدا ساڵی ٢٠٠٣ لە ژێر ناوی ئەلقاعیدەش کردەوەکانی ئەنجام دەدا و بەیعەت و ملکەچی بۆ بن لادن راگەیاندبوو،کەچی گوێی بە ئامۆژگاریەکانی ئەوان نەدەدا و بریارەکانی ئەوانیشی بە جێ نەدەگەیاند و پێچەوانەی بۆچوونەکانی ئەوان دەجولأیەوە،  بە تایبەتی کاتێك ئەلقاعیدە داوای لە زەرقاوی دەکرد  دەست هەڵگرێ لە کوشتنی شیعەکان،  ئەو هیچ گوێی بە قسەکانی ئەوان نەدا و گەلێك رووداوی تریش وای کرد کە ئەلقاعیدە هەست بە مەترسی بکات لە بوونی ئەوان و پاوان خوازیان لە داهاتوو بە دەسەڵات گرتن بەسەر  رەوتی جیهادی لە وولأتان دا.

داعش و ئەلقاعیدە هەریەکەیان رێبازو ستراتیژیەکی  تایبەت بەخۆیان داتاشیبوو کە لەبنچینەدا دیدگایەکی ململانێی دژ بەیەك بوو.  لە نێوان هەردوو رێکخراو دا جیاوازی گەورە هەبوو،  بەڵام پێشبرکێ و ململانێی نێوانیان  بەردەوام بوو،

جیاوازیەکانی نێوان ئەبوبەکر بەغدادی و ئەیمەن زەواهیری زۆر گەورەتربوون لە ململانێ و جیاوازیەکانی نێوان ئەبو بەکر بەغدادی و مەحەمەد جولانی. هەرسێ سەرکردەی دیاری دونیای جیهاد بەیەك ڕێگا هەنگاویان نەدەنا ، بۆیەش لەمانگی ئابی ساڵی٢٠١٨ لەماوەی یەك هەفتە هەرسێ سەرکردە دوای دابرانێکی زۆر پەیامێك لە ڕاگەیاندنەکانی جیهاندا بەدیار کەوتنەوە.

مەحەمەد جۆلانی سەرکردەی (بەرەی نوسرەی) پێشوو، (بەرەی فتح شام) ئیستا لە ٢٠١٨/٨/٢١ پەیامێکی ڤیدیۆیی بڵاو کردەوە.(٣٢) دوای دوو ڕۆژ لە دەرکەوتنی جۆلانی ئەبو بەکر بەغدادیش لە ٢٠١٨/٨/٢٣ پەیامێکی دەنگی لە شوێنێکی نادیار بڵاوکردەوە، لە پەیامەکەیدا ڕێنمایی و زانیاری دا بە چەکدارەکانی کە لەدوای ئەو شکستە گەورە یەی دووچاری هاتن چی بکەن بۆ بەرز ڕاگرتنی ئاڵای داعش.(٣٣)

ئینجا ئەیمەن زەواهیریش سەرکردەی ئەلقاعیدە لە ٢٠١٨/٨/٢٤ تەنها یەك ڕۆژ دوای پەیامەکەی بەغدادی ئەویش خۆی بۆ نەگیرا و لە پەیامێکی ڤیدیۆیی ڕێنمایی و ئەرکی بە ئەندامانی ڕێکخراوەکەی گەیاند.(٣٤)

بڵاوکردنەوەی ئەم سێ پەیامەی سێ سەرکردەی باڵای بەرەی جیهادی لێك جیاواز، بەبیرو بۆچونی من دوو لایەن لە خۆ دەگرێت، یەکەمیان نامەیەکی ڕوون و ئاشکرابوو بۆ جیهان کە سەرەرای شکستی و پاشەکشێکان و لەدەست دانی خاك بەڵام ئەوان پاشگەز نابنەوە لە دژایەتی کردنی نەیارەکانیان و تا بۆیان بکرێت شەڕی هەموو دوژمنەکانیان دەکەن لە ڕێگەی لایەنگرو چەکدارەکانیان.

لایەنی دووەمی ئەم سێ پەیامە ڕەنگە پەیوەندی بە ململانێ و کێشمەکێشی هەرسێ سەرکردەکەوە هەبێت، کەلە دوای شکستەکان کەوتونەتە بۆسە بۆ ڕاکێشانی چەکدارو لایەنگری یەکتری.

محمد جولانی کە پێشتر سەرکردەیەکی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی بوو، دوای ئەوەی کە ئەبوو بەکر بەغدادی ڕەوانەی سوریای کرد بەهۆی چالاکیە

توندرۆکانیەوە ئەندام و لاینگرێکی زۆری پەیدا کرد، بۆیە پێی وابوو گۆرەپانی خەبات و شەری سوریا و پێکهاتە کۆمەلایەتیەکەشی جیاوازە لە سروشت و بارودۆخی سیاسی عێراق، لەلایەکی ترەوە زۆر بوونی لایەنگرو چەکدارانی لە سوریا هۆکارێکی تر بوون کە خۆی وەك رابەرێکی سەربەخۆ بناسێنێت و رێکخراوێکی سەربەخۆ دابمەزرێنێت، بۆیە لە ٢١ / ١ /٢٠١٢ رێکخراوی بەرەی نوسرەی راگەیاند لە سوریا(٣٥)

جۆلانی بەم هەنگاوە توانی خۆی لە کۆت و زنجیری بەغدادی بپچرێنێ کە لەسەرەتای هاتنی بۆ سوریاوە لە ساڵی ٢٠١١ لە ژێر ناوی ئەوەوە دەجەنگا، بەگوتەی خۆیان هاتنیان بۆ سوریا تەنها لەبەر خەمی خەلك و بەرگری کردن بوو لە داخوازیەکانیان لە دژی رژێمی بەشارئەسەد، کەچی دوای توند کردنی پێگەو شوێنی خۆیان کەوتنە بەر هەرەشەو کوشتن و سەربرینی نەیارەکانیان. ئەم بریارەی جولانی سەرکردەی دەوڵەتی ئیسلامی تۆراند چەند جارێکیش داوای لە جولانی کرد بگەرێتەوە ژێر فەرمانەکانی ئەو، بەلام تازە بابەتەکە گەیشتە قۆناغێکی ترەوە، لەلایەکی ترەوە ئەیمەن زواهیری کە سەرکردەی ئەلقاعیدە بوو هەستی بە سەرە رۆییەکانی ئەبوبەکر بەغدادی کردبوو هەرچەندە بە شێوە فەرمیەکە دەوڵەتی ئیسلامی وەك باڵێکی ئەلقاعیدە کارەکانی ئەنجام دەدا تا ئەو ساتە، بەلام باروو دۆخی نێوانیان وای کرد چیتر ئەبو بەکر بەغدادی ملکەچی بریارو راسپاردەکانی ئەوان نەبێت و لە ٢٠١٤/٢/٣ داعش بە فەرمی پچرانی هەموو پەیوەندی و گوێرایەڵی بە ئەلقاعیدە راگەیاند.کەچی محمەد جولانی هیوایەکی تری بۆ زەواهیر گەراندەوە کە ئەلقاعیدە بەزیندوویی دەمێنێتەوە لە سوریا چونکە بەرەی نوسرە پابەند دەبێ بە بەیعەت دانی بە ئەلقاعیدە، ئەمەش پاڵپشت و هێزێك بوو بۆ جولانی کە کوێ بە هەڵچونەکانی بەغدادی نەدات.

ئەم رووداوە لە زۆرێك لە وولاَتانی عەرەبی و ئیسلامی کێشەو ناکۆکی خستە نێوان لایەنگرانی هەردوولا، بەم هۆیەوە خەڵکەکە دابەش بوون بەسەر دوو بەرە، هەندێکیان لاینگری داعش بوون ئەوەی تریش بەرەی نوسرەیبوو پێ رەوابوو کە نوێنەرایەتی راستەقینەی جیهادی و ئەلقاعیدەی دەکرد لە سوریا.

وەك کاردانەوەیەك ئەبو بەکر بەغدادی لە نیسانی ٢٠١٤ لە تۆمارێکی دەنگی رایگەیاند کە بەرەی نوسرە سەربەئەوانە بۆیە بریاری هەڵوەشانەوەی هەدوو رێکخراوی بەرەی نوسرەو دەولەتی عێراقی ئیسلامی راگەیاند و هەردوو رێکخراوی لە چوارچێوەی رێکخراوێکی نوێ ئاشکراکرد بەناوی دەولەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دا، دوای رۆژێك محمەد جوَلانی رەتی کردەوە کە ئەوان بێنە ژێر باڵی ئەو رێکخراوەو خۆیان هەڵناوەشێننەوە.(٣٦)

ئەم هەڵوێستەی محەمەدجولانی وای کرد ئەبوبەکر بەغدادی بەتەواوی متمانەی بە ئەوەوە نە مێنێ ، ئیتر لەوە بەدواوە ناکۆکی و دووبەرەکی و چەند جارێکیش شەری خوێناوی لە نێوانیان روویدا.

دوای رەت کردنەوەی بریارەکەی ئەبوبەکر بەغدادی بۆ هەڵوەشانەوەی بەرەی نوسرە و دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)، ناکوکی نێوان ئەم دوو سەرکردەیە جیهادیە گەیشتە ترۆپك و رۆژ لە دوای رۆژ کێشەکانیان گەورەتر دەبوو، چەندین روو بە روو بونەوەی چەکداری لە نێوانیان روویدا، و چەکداری یەکتریان کوشت، لە ئەنجامیئەم شەرانە بەرەی نوسرە شاری رەقەی جێهێشت و داعش توانی داگیر بکات، ئەم رووداوانە وایکرد سەدان چەکداری بەرەی نوسرە ریزەکانیان بە جێ بهێڵن و بچنە پاڵ داعش، کە پێیان وابوو ئەوان جیهادی ترن لە بەرەی نوسرە.(٣٧)

بزوتنەوەی ئەحرار شام کە لایەنگری بەرەی نوسرەی دەکرد دژی داعش لە رۆژی ٢٠١٤/١٠/٩ داعش لە رێگەی ئۆتۆمۆبێلی بۆمب رێژکراو هێرشی کردە سەر بارەگای

ئـەم بزوتنەوەیــە لــە شـاری (بــنش – ریـف ئــەدلب) لــە ئــەنجام دا ســەرکردەی دامەزرێنەری ئەم بزوتنەوەیە بەناوی( حسان عبـود) ناسـراو بـە عبداللـە حەمـەوی، لەگەڵ کۆمەڵێك سەرکردەی ئەم بزوتنەوەیە بونە قوربانی و کوژران.(٣٨)

لە دوای کۆمەلێك کیشەو ململانێی نێوان جولانی و بەغدادی کە بەشـی هـەرە زۆری کێشەکانیان ئەو ملکەچ بوونەی جولانی بوو بۆ ئەلقاعیدەو سـەرکردەکانی: کەچـی دوای سێ ساڵ لەم گوێرایەڵیەی بۆ ئەلقاعیدە دواجار لـە ٢٠١٦/٧/٢٨ بـەرەی نوسـرە لە پەیامێکی ڤیدیۆیی دا سەربەخۆیی خـۆی راگـەیان و دوور کەوتـەوە لـەو بـەڵێن و پەیمانەی کە بە ئەلقاعیدەی دابوو (کە تاسەر پابەندی بەیعەت دان دەبێ بۆ ئەوان)، ئینجا ناوی بزوتنەوەکەشیان کرد بە ( جبهه فتح الشام).

ئـەوەی جێگـای سـەر سـورمان بـوو ئەلقاعیـدە و سـەرکردەکەی هـیچ نارەزایـەتی و کاردانەوەیـەکی تونـدیان نیشـان نـەدا دژی جـولانی ، بـە پێچـەوانەوە لەهـەمان رۆژدا ئەیمەن زەواهیری سەرکردەی ئەلقاعیدە لە راگەیەنراوێکدا رووداوەکـەی بـە دڵێکی فراوان وەرگرت و ووتی : کە بەرەی نوسرە بۆی هەیـە لـە پێنـاو یـەکریزی ناو سوریەکان دەست بکێشێتەوە لەم هاوپەیمانیی و بەیعەت دانەی پێشووی. (٣٩)

لە دوا هەناسەکانی رێکخراوی داعش لـە سـوریا دەسـتەی رزگـارکردنی شـام( بـەرەی نوسـرەی پێشـووتر) لـە مـانگی ٢٠١٩/٢ لـە پارێزگـای ئیـدلب بـێ دادگـایی کـردن (١٠) چەکداری ئەم رێکخراوەی گوللە باران کرد وەك وەلاَمێك بۆ ئەو هێرشە خۆکوژیەی چەند رۆژێك پێشتر داعش ئەنجامی دا بـوو لـە چێشـتخانەیەکی شاری ئیـدلب دژی ئەوان.(٤٠)

## سەرەتای داگیرکاریەکانی داعش

رووداوەکانی بەهاری عەرەبی لە سوریا رێکخراوی داعشی بەهێز تر کرد لەوەی کە پێشتر هەبوون لە عێراق، داعش بوو بە خاوەنی سوپایەکی تۆکمەی شەرکەر و کۆمەڵێك سەرکردەی شارەزا و پر ئەزموون، کە لە شەرکانی ناو سوریا هێزوو تواناکانی ئەم رێکخراوە بەتەواوی گەشەی کرد.

کۆمەڵێك چالاکی وکردەوەی جیاجیای لە سوریا ئەنجام دا، ئینجا بەرەو عێراق هەنگاوی نایەوە، هێرشەکانیش بریتی بوون لەمانە:

لە ٢٠١٣/٤/٥ سوپای سوریا شاری رەقەی دابەدەستی بەرەی نوسرە، لە هاوینی هەمان ساڵ داعش توانی لە شەرێکدا ئەم شارە لە بەرەی نوسرە بستێنێ و داگیری بکات.

لە ٢٠١٣/٧/٢٧ سوپای سوریا لە شاری خان عسل لەبەرامبەر داعش تێکشکا و دەیان سەربازی ئەم سوپایە کەوتەدەستی داعش وکوژران. لە ٢٠١٤/٨/٨ لە سوریا داعش فرۆکەخانەی ( تەبقە) یان داگیر کرد، ئەم کردەوەی داعش بەسەرپەرشتی کەتیبەیەکی شیشانی ئەنجام درا، کە تیایدا داعش فرۆکەی چاودێری تێدا بەکارهێنا و زیاتر لە دوو هەزار کەسیان تێدا کوشت و چەکێکی زۆریشیان دەست کەوت.(٤١)

دوای داگیرکردنی شاری موسڵ و چەندین شوێنی تر لەلایەن داعش، رۆژی ٢٠١٤/٦/٢٩ ئەبو بەکر بەغدادی دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی راگەیاند، ئەم بریارە هەمان ئەو پرۆژەیەی کە ئەبوحەمزەی مهاجیر و ئەبو عومەربەغدادی هەیان بووبۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی ئیسلامی، ئەویش درێژە پێدەری ئەوان بوو، بەهێزو توانایەکی زۆرەوە گەیشتە ئامانج، ئەو پرۆژەیەی کە پێشتر ئوسامە بن لادن و ئەیمەن زواهیری هەمیشە خۆیان لێ بە دوور دەگرت، کەچی بەغدادی

ویستی نیشانی ئەلقاعیدە و باڵەکانی بدات کە ئەو توانای بەئامانج گەیاندنی ئەو خەونەی دەبێت کە زۆربەی ئیسلامیە جیهادیەکانی جیهان هەیان بوو.
دوای چوار مانگ لە راگەیاندنی خەلافەتەکە کۆمەڵەی جیهادی لیبیا یەکەمین رێکخراوی جیهادی بوو بە فەرمی بەیعەتی بۆ ئەو دەوڵەتە خەلافەتە راگەیاند، دوای ئەوانیش کۆمەڵەی ئەنصار مقدس لە سینای میسر و ئینجا چەندین رێکخراوی جیهادی لە ئەفریقیا و ئاسیا بەیعەتیان بە ئەبوبەکر بەغدادی دا.لەناوەوەی عێراقیش داعش بەهۆی هێرشەکانی توانی سوپای عێراق پەرتەوازە بکات و تارادەیەك لەشکری عێراق هەلبوەشێنێتەوە، خۆشی بەردەوام بوو لە پێشرەویەکانی، تا ئەو کاتەی گەیشتە سەر کوردستان کە لێرە بەدواوە یاریەکە گۆڕانی بەسەرداد و کورد دەبێتە یاریکەرێکی بەهێزی گۆرەپانەکە، چونکە کاتێك داعش ویستی هێرش بکاتە سەر هەولێر وولاتانی جیهان بەتایبەتیش ئەمریکا بریاری لێدانی داعش و پاڵپشتی کوردی راگەیاند، بۆیە ئەم رێکخراوە کەوتە نێو تەڵەی کورد و چیتر نەیتوانی درێژە بە پێشرەویەکانی بدات.
رۆژی ٢٠١٤/٩/٢٣ یەکەمین هێرشی فرۆکەوانی لەلایەن ئەمریکا وهاوپەیمانانی بۆسەر مۆڵگەکانی داعش دەستی پێکرد. سێ رۆژ دواتر پەرلەمانی بەریتانیا بریاری دا ببێتە ئەندامی ئەو هاوپەیمانیەی کە لە دژی داعش ئەمریکا دروستی کردبوو، ئەم گەلەکۆمەکەی دژی داعش دروست بوو، گورزێکی کوشندەی دا لە هێزو تواناکانی ئەم رێکخراوە .
داعش ویستی ئەمریکا بترسێنێ و وا بکات دەست هەلگرێ لە پاڵپشتی کورد، بۆیە دوای دە رۆژ لە پاڵپشتیەکەی سەرۆکی ئەمریکا ئۆباما، داعش هاوولاتیەکی ئەمریکی بەناوی( جیمس فۆل) سەربڕی بە نمایشێکی (فول ئێك دی) بلاوکردەوە بۆ ترس خستنە دڵی خەلکی ئەمریکا تا حکومەتەکەیان پاشگەز بکەنەوە لەم بریارە. لە٢٠١٥/٢/٣ داعش فرۆکەوانێکی ئوردنی بەناوی ( معاز کساسبە) بە

زیندوویی سوتاند کە ئەمـەش قێـزەوەنترین شـێوازی کوشـتن بـوو، ئـەم کردەوانـەی داعش پەیامی بڵاو کردنەوەی ترس بوو لەناو خەلك دا، بەڵام ئەو وولاتانەی دژی داعش دەجەنگان بە گورترو بەزەبر تر شەری ئەوانیان دەکرد.

رێکخراوی داعش هەر بە شەرو داگیرکاریەکانی لەناو سوریا وعێراق نەوەستا بـەڵکو چەندین کردەوەی تیرۆریستی لە چەندین وولات دا ئەنجام دا. کـە تـا سـاڵی ٢٠١٦ لـە کۆی (٧٠) کردەوەی تیرۆریستی لە بیست وولاتی جیاواز دا کـە تێـدا نزیکـەی (١٢٠٠) کەس بوونە قوربانی.(٤٢)

تاساڵی ٢٠١٧ پێشرەویەکانی داعـش رووبـەرێکی فراوانـی لـە خـاکی سـوریا و عێـراق داگیر کرد کە دەگەیشتە نزیکەی ( ٤٥،٣٧٧ کم چوارگۆشـە) کـە پانتاییەکـەی هێنـدەی هەموو خاکی دەوڵەتی بەریتانیابوو، هـەروەها ژمـارەی دانیشتوانەکەشـی دەگەیشـتە رێژەی هەموو دانیشتوانی وولاتـی سویسـرا، ئەوشـوێنانەی داعـش داگـیری دەکـرد خێرا بەسەر چەند وولایەتێك دا بەم شێوەی خوارەوە دابەشی دەکردن :

١- وولایـەتی موسـڵ ٩٠٪ کـە لـە سـەدا نـۆوەدی رووبـەری خـاکی ئـەم پارێزگایـەی داگیرکرد.

٢- وولایەتی ئەنبار کە لەسەدا ٩٨٪ سنوری پارێزگاکەیان داگیر کرد.

٣- وولایەتی صلاحدین لەسەدا ٨٥٪ رووبەری خاکی لە سنوری پارێزگای صلاحەدین بەدەستەوە بوو.

٤- وولایەتی کەرکوك کە لەسەدا٧٠٪ روی خاکی ئەم پارێزگایەی کەوتە دەست.

٥- وولایەتی دیالە سەدا لە ٥٠٪ روو بەری خاکی ئەم پارێزگایەشی کەوتە دەست.

٦- لە وولاتی سوریاش وولایەتی بەرەکـەی لـە حەسـەکە کەلەسـەدا ٨٠٪ رووبـەری ناوچەکەی لە ژێر دەسەڵات دابوو. هەرواڵە وولایـەتی حەلـەب رێـژەی لەسـەدا ٢٠٪ رووبەری خاکەکەی داگیر کردبوو.(٤٣)

## پاڵپشتیەکانی داعش لە ژوورە تاریکەکاندا

دروست بوونی داعش و داگیر کردنی رووبەرێکی فراوان لە خاکی عێراق و سوریا بەو خێراییە چاوەروان نەکراوە هەمیشە گومانێکی بە هێزی لای بیرمەند و توێژەرانی سیاسی دروستکرد کە لە پشت پەردە تاریکەکانەوە ئەم رێکخراوە درندەیە دروست کەر یاخود هەرهیچ نەبێ پاڵپشتیەکی بەهێزی هەبووە، پاشانیش بەئاشکرا دەرکەوت کەچەند وولاتێك تێوە گلان لە بەهێز کردنی ئەم رێکخراوە، چی لە رووی ئابوری و بازرگانی نەوتەوە لەگەڵی یاخود یارمەتی سەربازی و فرۆشتنی چەك وتەقەمەنی پێی. لەسەرووی هەمووشیانەوە ئەمریکاو توركیا ئینجا وولاتانی کەنداو.

هەڵبەتە گەمەی پاڵپشتی داعش لەسەرەتاوە بەئاسانی دەرنەکەوت هەتا قۆناغی دوای داگیر کردنی موسڵ، ئیتر گومانەکان زۆر بە بەهێزی دەرکەوت، بەتایبەتی لەساتی نزیك بوونەوە لە داگیرکردنی بەغدا و دوایش پەلاماردانی هەرێمی کوردستان. ئینجا لە دوای شکستەکانی ئەم رێکخراوە لە موسڵ و رەقە هەموو ئەو شك وگومانەکانانە بە چەندین بەلگەی سەلمێنراو لە ژوورە تاریکەکان بوون بە راستی، چونکە هەر خۆی ئاشکرابوو کە ئەو هێزو دەسەڵاتە رەهایەی داعش لە ماوەیەکی کورت دا جێگەی گومان بێ و بێ دەستێکی دەرەکی و پاڵپشتی دەزگای هەوالگری بالآکانی وولاتان ئەستەم بێ .

گومانەکان بۆ پاڵپشتی کردنی داعش زۆر بوون و هەمەلایەن بوون چ لەئاستی هەرێمی یاخود ئاستی نێو دەوڵەتی و عەرەبی، کە هەندێك لە شرۆڤەکاری سیاس وای بۆ دەچوون حکومەتی سوریا بەرهەم هێنەری راستەقینەی داعش بوو

بێت،بەئامانجی سەرکووت کردنی هێزەکانی تری بەرهەڵسکاری سەرگۆڕەپانی سوریا. بەتایبەتی لە کاتی کێشەو ناکۆکیەکانی نێوان داعش و بەرەی نوسرەو ئەحرارشام و چەند تەنگژەیەکی تر رژێمی سوریا لە زۆر بارەوە خۆی نزیك دەکردەوە لە داعش و ناراستەوخۆی هاوکاریدەکردن.

هەر وەها کەم نەبوون ئەو لایەن وبیرو بۆچونانەی پێیان وابوو کە دامەزرێنەرو پاڵپشتی داعش تەنها ئەمریکا بوو، هەر لەسەرەتاوە بۆ زیاد کردنی هەژموونی خۆی لە ناوچەکە و بەتایبەتی دژایەتی کردنی ئێران و پان شیعەگەری، لەگەڵ ئەوەدا بۆچوونی تریش هەبوو کە تورکیا و قەتەر سپۆنسەری سەرەکی رێکخراوی داعش بن.

تورکیا هەمیشە لە روپەڕی پێشەوەی لاپەرەکان بووە، کە پاڵپشتی راستەقینەی داعش بووە و پەیوەندی زۆر بەهێز هەبووە لە نێوانیاندا، گەلێك جار بە ئاشکرا و بەبەر چاوی دونیا وە ئەم پەیوەندیانەیان ئەنجام داوە، جگە لەبەڵگەی بەرێکردنی هەزاراها چەکداری بیانی لە خاکی تورکیاوە بۆ سوریاو عێراق، هاوکات بڵاو بونەوەی چەند وێنەیەکی کاروانەکانی هاریکاری و پەرینەوەی چەکداران بۆ ناوچەکانی ژێر دەستی داعش دەرۆیشتن لەکاتی رۆیشتنیان دا. رۆژنامە نوسێکی تورکی بەناوی (عبداللە بوزکورت) کۆمەڵێك زانیاری لە سەنتەری ستۆکهۆڵم بۆ ئازادیەکان دەست کەوتبوو کەتیایدا دەیان تۆماری دەنگی زۆر نهێنی لە نێوان تورکیاو داعش ئەنجام درابوون سەبارەت بە هاریکاری یەکتری، هەموو ئەم پەیوەندیە تەلەفونی یانە چۆنیەتی هاریکاریەکانی تورکیا نیشاندەدات بۆ هاتوو چۆکردن و هاریکاریکردنی چەکدارانی داعش. بەشێك لە زانیاریەکان باس لە رێکەوتنێکی نهێنی دەکەن کە لە نێوان میتی تورکیا و داعش کرابوو.

بەگوێرەی ئەم ڕێکەوتنە چەکدارانی داعش دەتوانن بە درێژایی (٨٢٢)کم سنوری نێوان سوریاو تورکیا چەکدارانی داعش هاتووچۆ بکەن و بپەڕنەوە بۆ ناو خاکی تورکیا بێ هیچ ڕێگریەکی حکومەتی تورکیا.
بەڵگەنامەکان باس لە ناوی کەسێك دەکەن کە لەلایەن داعش کراوە بە بەرپرسی ئەم پەیوەندیە بەناوی ( ئیلهامی بالی) کە نازناوەکەی ئەبو بەکر بووە، ئەم کەسە سەرەرای هێنانی خەڵکی زۆری بیانی لە ڕێگەی تورکیاوە بۆ سوریا هاوکات جموجۆلی بازرگانیشی ئەنجام داوە.
بەڵگەنامەکە ئاماژە بەوە دەدات کە لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنی نێوان ئەبو بەکرو سەرکردەکانی داعش ناوبراو ڕاپۆرتێك پێشکەشی داعش دەکات سەبارەت بە ڕێژەی پەرینەوەی چەکدارانی داعش کە ڕۆژانە ٥٠ بۆ ١٠٠ کەسی بیانی ئاودیوی سوریا دەکات.
هەروا بەڵگە نامە نهێنیەکان باس لە چارەسەرکردنی پزیشکی بۆ بریندارەکانی داعش دەکات لە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی لە ئەنقەرە کە خاوەنەکەی ناوی (سافاس دوغرو) هەموو بەڵگەنامانە و زۆری تریش گەواهی دەرن کە داعش بەکارهێنراوی وولاتان بووە.(٤٤)
پێشبینەکان هەرچی بن دەربارەی ئەم پەیوەندیانە بەلاّم دوور نەبوون لە رووی راستی ڕووداوەکان، چونکە شاردنەوەی نهێنی پەیوەندی و ئاڵ وگۆڕەکانی نێوان داعش و لایەنەکانی دواوەی پەردە نەیان توانی روخساری ڕاستەقینەی ئەم پاڵپشتیانە بشارنەوە. ڕەنگەگرنگ نەبێ کێی داعشی دروست کرد، بەلاّم زۆرگرنگ بووکە کێ بوو بەکاری دەهێنا و لەبەرامبەریشی هاوکاری دەکرد.
لە کۆتایی شکستەکانی داعش لە سوریا و عێراق کەسێك بە ناوی ئەبو مەنصور مغربی کەوتە دەستی هێزەکانی عێراق، ناوبراو بە سەفیری داعش لە تورکیا دەناسرا، ئەو خۆی ساڵی ٢٠١٤ لە مەغریبەوە بە ڕێگای تورکیا گەیشتبوو بە

ڕێکخـراوی داعـش لـه سـوریا، دوای ماوەیـەك دەکرێتـه بەرپرسـی سـنوری نێـوان تورکیاو سوریا بۆ وەرگرتن و هێنانی هەزاران بیانی لەو ڕێگـەوە بـۆ نـاو ڕێکخـراوی داعش .

ئەبو مەنصور له زیندانەکانی عێراق دانی به چەندین کۆبونەوەو پەیوەندی نهێنی و کۆبونـەوەی خـۆی لەگـەڵ مـیتی تورکیـا نـا، وەك نوێنـەری داعـش کـه هەمیشـه قاچێکی له سوریا و ئەوەی تـری لـه تورکیا بـوو بـۆجێ بـه جیٚ کـردن و ئاسانکاری کردنـی ئـەرك و پێداویسـتیەکانی داعـش لـه تورکیـا، لەهـەم کاتیشـدا حکومـەتی تورکیاش ئۆتۆمۆبێل و شوفێری تایبەتی بۆ دابین کردبوو.(٤٥)

سـەبارەت بـه هاریکاریـەکانی ئـەمریکاش بـۆ داعـش گـەلێك بەڵگـه و دیکۆمێنـت لەبەردەسـت بـوون، وەك نیشـتنەوەی فرۆکـەکانی ئـەمریکا لـه ناوچـەکانی داعـش، کەچەندین جار لـه هـۆڵی پەرلـەمانی عێـراق وێنـه وتۆمـاری ڤیـدیۆی راسـتەقینەی فرۆکـه جەنگیـەکانی ئـەمریکا لـه شـوێنی حەوانـەوەی داعـش لەلایـەن نوێنـەرانی شـیعەوە نیشـان دراون.هـەموو ئـەم بۆچـوونانه لـه بـاروو کەشـێکی ئـاڵۆزی تێکەڵاولەسەریەکدا سەری له شرۆڤه کاران شێواند، بـەوەی لـه دیوێکدا داعش لـیٚ دەدرێت و له دیوێکی تر هەرهەمان ووڵات و لایەن هاریکاریان دەکرد.

# پاڵنەرەکان بۆ دروست بوون وبەهێز بوونی داعش لە عێراق

شـێوازی پراکتیـك کردنـی دەسـەڵاتی نـوری مـالیکی سـەرۆك وەزیـران تادەهـات بـارودۆخی عێراقـی خـراپتر دەکـرد و کێشـە ناوخۆییەکانیشـی قـوڵتر دەکردنـەوە، لەلایـەکی تـرەوە کشـانەوەی سـوپای ئـەمریکا لـە شـارە سـونەکان وەك بورکـانێکی چـاوەروان نـەکراو دۆخەکـەی تەقاندنـەوە کـە دەرئەنجامەکـەی روخـانی دەسـەڵاتی ناوەندی بوو لە چەندین شارو وشاروچکەی سونە نشینەکان، بەتایبەتی لـە کـەوتنی شاری فەلوجەوە دەستی پێکرد.

بەهاری عەرەبیش هۆکارێکی تری بەهێزی هەلـە زێرینەکـەی ئـەبو بـەکر بەغـدادی بوو، لەلایەك هەموو رژێمەکانی ناوچەکەی دووچاری لاوازی و دڵـە راوکـێ کـردەوە لەلایەکی ترەوە بو بەهۆی تێکچونی شیرازەی کۆنترۆلی سنورەکان لە نێوان عێراق و سوریادا، بۆیە ئەم رێکخراوە تـوانی لـە هـەردوو سـنور سـود وەربگرێـت ئـاڵو گـۆری هێزەکانی بکات. سەرەرای هەموو ئەو کێشە سیاسیانەی لە عێراق و ناوچـەکە هاتـە کایەوە، عێراق خۆشی سوپایەکی بەهێزی نەبوو تا بەرگری لـە مەترسـیەکانی سـەر وولاّت بکـات و بـەرەنگاری رێکخراوێکـی تونـدرەوی جیهـادی ئیسـلامی وا ببێتـەوە، لەم سەرو بەندەشدا ئەمریکا هەموو هاوکاریە سەربازیەکانی خۆی بۆ عێراق راگرت، لەوانـەش پێـدانی فرۆکـەی شـەرکەری ( ئێـف١٦) و فرۆکـەی وەسـتاوی جـەنگی کـە بریاربوو پێی بدات، بۆیە هێزی ئاسمانی عێراق نەیدەتوانی لـە بیابانـەکانی ئـەنبار کەببوون بە سەربازگەیەکی ئاشکرای ئەم رێکخراوە بۆردومان بکەن.(٤٦)

لەگەڵ ئەمەش دا دروست بوونەوەو مەترسی سەرهەڵدانی گروپێکی وابەهێزی وەك داعش، رەنگە وەك هۆکارێك بگەرێتەوە بۆ ئەو بایەخ دانەی ئەمریکا بە ناسـاندنی سەرکردەکانی، کە هـەر جـارەو نرخێکـی پێوانـەیی بـۆ کوشـتن و دەسـتگیر کردنیـان

دەست نیشان دەکرد.چونکە ئەبوبەکر بەغدادی تا ئەوکاتەی ئەمریکیەکان لەساڵی ٢٠١٣ نرخێکی زۆریان بۆ دەستگیرکردنی دیاری نەکرد، ناوێکی ئەوتۆ نەبوو لە گۆرەپانی بەرهەڵستکاری گروپە تیرۆریستیە ئیسلامیە جیهادیەکان، بەڵام لە دوای ئەو راگەیاندنەی کە بری دە ملیۆن دۆلار بۆ هەرکەسێك کە شوێن و پێگەی ئەو نیشانی ئەمریکا بدات، ئیتر بەغدادی بوو بە شۆرەسواری جیهادی ئیسلامی لە ناوچەکەدا، کە لەدوای ئەیمەن زەواهیری سەرکردەی ئەلقاعیدە بوو بە دووەمین کەسی داواکراو لەلایەن ئەمریکاوە بۆ لەناوبردنی یان دەستگیرکردنی.

هەڵبەتە پێشتر تا ساڵی ٢٠١١ ئەبوبەکر بەغدادی و حەڤدەکەس لە کۆی بیست وپێنج لەسەرکردە دیاەکانی رێکخراوی داعش لە زیندانەکانی ژێر دەستی ئەمریکا بوون لە عێراق.

دوای بەهێز بوونی ئەم رێکخراوە لە سوریا ئینجا بە پاڵپشتی و هاوکاری چەند لایەن و گروپێك رویان کردەوە خاکی عێراق و دەستیان گرت بەسەر چەند شارو شاروچکەیەکی ئەم وولاتە، کە دیاریترینیان گرتنی شاری موسڵ بوولە ٢٠١٤/٦/١٠ کە هۆکارەکەی زیاتر خۆی لە ئاکامی پیلانێکی ناوخۆیی و هەرێمی دادەبینیەوە. داعش بۆ داگیرکردنی ئەم شارە سەرەتا ناکۆکیەکانی ناوەخۆی عێراقی قۆستەوە کە لەئەنجامی دەسەڵاتی تایفی ناو حکومەت هاتبوە ئاراوە کەتیایدا بەم هۆیەوە خەلکی سونە نشین دووچاری هەمە جۆری تەنگژەی برسیەتی و پەراوێز خستن ببوونەوە لە هاوکات ودورخرابونەوە لە جومگەکانی دەسەڵاتی سەرەکی لە عێراق، لەهەمان کاتیش بەناوی تیرۆرەوە رۆژانە دەیان کەسیان لێ دەگیرا و دەکوژرا.

هەموو ئەو پەراوێز خستن ودژایەتی کردنەی سونەکان لەلایەن دەسەڵاتی شیعە وە ببونە دروست بوونی رقێکی گەورەی پەنگ خواردوو دژی دەسەڵاتی ئەو حکومە لە عێراق دا. کەلەئاکامدا وەك بورکانێك تەقیەوە و لە ژێر دەسەڵاتی رێکخراوێکی تیرۆریستی وەك داعش دا توانیان کۆتایی بە دەسەڵاتی شیعە بێنن لە ناوچەکانی

خۆیان. خەلکی ناوچە سونە نشینەکان بۆنەمانی بیری تایفەگەری شیعە پێیان باشتر بوو بچنە باوەشی خوێناوی داعشەوە لەوەی چیتر بچەوسێنەوە بەدەستی ئەم دەسەلاتە تایفیەی کە حکومەتی عێراق پەیرەوی دەکرد.

# پیلانی داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعش

دوای ساڵێك لە گرتنەوەی شاری موسڵ کۆمەڵێك بەڵگەنامەی تایبەت بە داگیرکردنی ئـەم شـارە لەلایـەن داعشـەوە کەوتـە بەردەسـتی دەزگـای هـەواڵگری عێراقـەوە، بەڵگەنامـەکان تایبـەت بـوون بـە سـەرەتای پیلانـی هێرشـی داعشـی بـۆ سـەر شـاری موسڵ کەلەلایەن سەرکردەیەکی داعـش بـەناوی عـەدنان ئیسماعیل نـەجم دلێمـی ناسراو بە (عبدالرحمن ئەلبیلاوی) سەرپەرشتی دەکـرا، کـەناوبراو یـەکێك بـوو لـە سـەرکردە بـەهێزەکانی ئەبوبـەکر بەغـدادی، هەرچـەندە تەمـەنی ئـەو زۆر درێـژ نەبوو لە ریزەکانی داعش و زوو کوژرا، بـەڵام ئـەو تـوانی خزمـەتێکی گـەورە بـەم رێکخراوە جیهادیە توندرەوە بکات. ئـەلبیلاوی سـاڵی ١٩٧٤ لـە شـاری ئـەنبار لـەدایك بووە، لەسەردەمی رژێمی بـەعس ئەفسـەری گـاردی کۆمـاری بـوە، پاشـان لـە سـاڵی ٢٠٠٥ چۆتە پاڵ رێکخراوە جیهادیەکان لە عێراق و تەنانەت مـاوەیکیش بـەهۆی ئـەو جۆرە بیروباوەرانەوەلە ئەبو غرێبی لەبەغـدا زینـدانی کرابـوو، پاشـان لـە زینـدان رای کـردوە، لـەئاکام بـەر لـە دەسـت بەسـەر داگـرتنی موسـڵ لەلایـەن داعشـەوە بـە ماوەیەکی کەم، ئەلبێلاوی لە ٤/حوزەیرانی ٢٠١٤ لە نزیك موسڵ کوژرا.

بەڵگەنامـەکان بـاس لـە چـۆنیەتی داگیرکردنـی ئەوشـارەو ناوچـانە دەکـەن، کـە بەشـێکیان توێـژەری بـواری تـیرۆر هیشـام هـاشمی بـڵاوی کـردەوە. کەتیایـداداعش سـەرەتا چـەند مەفرەزەیـەکی بچـوك بـوون لـە رێگـای تەلەعفـەر و عەیازیـەوە لـە سوریاوە هاتنە ناوەوەی خاکی عێراق بەمەبەستی وەشاندنی گورزی سـەربازیی لـە هێزە عێراقیەکان و ئەنجامدانی چەند نمایشێکی سەربازی لـە شـارەکان. بـەگوێرەی بەڵگەنامەکان داعش مەبەستی بوو دوو نمایشی سەربازی لەیـەك کاتـدا لـە موسـڵ و سـامرا ئـەنجام بـدات، لەسـەرەتا چـەند مەفرەزەیـەکی پێـك هێنـا لـە ناوچـەکانی

حەزەر و سەرسار  بۆ هێرشی کت وپڕی سەر ( بازگەکان)،  لەشاری سامراش توانیان چەندین کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدەن و نمایشیکی سەربازی لە ناوەراستی شارەکە رێکبخەن بەبێ ئەوەی هیچ بەربەستێکی بێتە پێش لەلایەن هێزە نیزامیەکانی عێراقەوە،  بەلاّم حکومەت لە شاری موسڵ کاردانەوەی بەهێزیهەبوو بەرامبەر بە ئەم گروپانەو لەسەرەتادا  توانی سەرکردەی داعش عبدرحمان بیلاوی بکوژێت،  هەربۆیەش لە موسڵ داعش نەیتوانی وەك سامەرا نمایشی سەربازی ئەنجام بدات.

دوای کوژرانی ئەلبیلاوی داعش سەرکردەیەکی تری ناردە ئەو شارە بەناوی  فازل ئەحمەد عبدالله حەیالی ناسراو بە ( ئەبی موسلیم تورکمانی)، ناوبراو لەسەردەمی رژێمی سەدام فەرماندەیەکی سەربازی بوو بە پلەی لیوا، ماوەیەکیش لە دەزگای موخابەرات و پاشانیش لەبەشی پاسەوانی کۆماری  عێراق  خزمەتی کردوبوو.(٤٧)

لە شاری سامرا حکومەتی عێراق لە جیاتی ئەوەی رێ و شوێنی ئەمنی  توندی سەربازی بگرێتە بەر بۆ بەرپەرچ دانەوەی خێرای ئەم کردەوانەی داعش،  کەچی لەراگەیاندنەکانەوە نکوڵی لە بوونی جموجوڵی داعش دەکرد و کەوتە چەواشەکردنی خەلکی ناوچەکە.

ئەم هەوڵانەی حکومەتی عێراق بۆ پەردە پۆشکردنی  سەرهەڵدانی چەکداری داعش لە عێراق  نەیانتوانی خەڵکی پێ چەواشە بکەن،  چونکە داعش هەموو چالاکیەکانی لە ناوچەکە بە ڤیدیۆ تۆماردەکرد و لە میدیاکانی سەربە خۆیان بلاّوی دەکردنەوە.

لە یەکێك لە بەڵگە نامەکانی داعش کەلە دوای شەری موسڵ  دەستی بەسەر داگیرا ئاماژە بەوە کراوە  کە کاتێك داعش شاری موسڵ داگیر دەکات  ژمارەی چەکدارەکانیان  تۆزێك لە ژمارەی ئەو جەنگاوەرانە زیاتر بوو کەبەشدار بوون لە شەری بەناوبانگی مێژوویی (بەدر)، کەتیاییدا ئیسلامەکان  بە (٣١٣) کەس وە

دەجەنگان، بەهەمان شێوە کاتێك داعش موسڵ داگیر دەکات ژمارەی چەکدارانی دەگەیشتە (٣٥٠) کەس. (٤٨)
سەرەتایی دەست پێکی شالاّوی بۆ موسڵ لەبەری راستی شارەکەوە بوو کە هێزە عێراقیەکان توانیان چەند بەرگریەکی سەرەتایی بکەن. ژمارەی سەربازانی سوپا دەیان ئەوەندە زیاتر بوون لە داعش، بەلاّم لەناکاو کامیۆنێکی بۆمب رێژکراوی داعش خۆی دەکات بە ناو ئاپۆرای سوپای عێراقی لە بەردەم هوتێلێکی ناو شاری موسڵ دا کەبەشێك لە فەرماندەی سوپا لە وێ نیشتەجێ بوون. ئەم تەقینەوەیە خۆکوژیە کەلەلایەن ئەبو عومەر جەزراویەوە ئەنجام درا سوپای عێراقی دووچاری پەرتەوازەوو پاشەکشەی کرد بۆ بەری چەپی شارەکە. هەر ئەم کردەوەیە موسڵی کردە پارویێکی ئاسان بۆ رێکخراوی داعش چونکە بە پێی راپۆرتی لێژنەی لێکۆلینەوەی کەوتنی موسڵ هەر هەمان رۆژ فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق کە نوری مالیکی بووبڕیار دەردەکات کە سوپا لەوێش بکشێتەوە و تەواوی موسڵ بۆ داعش چۆڵ بکەن.
لەدوای ئەوەی کاتێك داعش دڵنیا بوو کە خەلکی موسڵ و شوێنەکانی تر دژیان ناوەستنەوە ئیتر بەورەیەکی بەرزەوە توانیان دەیان بەرەی جەنگی سەخت لە عێراق بکەنەوە، کە
رووبەرەکەی بە درێژایی( ١،٠٥٠کم) بوو. سەرکەوتنی داعش لە گرتنی شارێکی گەورەی وەك موسڵ و شوێنەکانی تر وورەی زۆری پێ بەخشی، بۆیە لە پاش ماوەیەکی کورت جەنگی
بەرامبەر بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان راگەیاند.
هێزی پێشمەرگە لەو ساتەوەختە تاکە هێزی بەرگریکاربوو لە هەموو عێراق، چونکە سوپای عێراقی لەتەواوی ئەو شوێنانە شکستی خواردو کشایەوە کە داعش هێرشی بۆ هێنابوو. داعش ویستی بە کردنەوەی ئەم بەرانەی شەڕ دەست بەسەر

زۆرتــرین رووبــەری خاکــدا بگرێــت، کــە بــە هوتــاف و بانگــەوازە تونــدەکانیان دەیانگووت ( باقية و تمدد)، نزیکەی ( ٢٠٠) هەزار کم دوجای لـە رووبـەری خـاکی سوریا و عێراق کەوتە دەست.

هاوکات لەگەڵ سەرهەڵدانە خێراکانی ئەم رێکخراوە لە سوریاو عێراقدا، زۆرێـك لـە ســەرۆك و بەرپرســانی وولاّتــانی عــەرەبی و ئــەوروپاش مەترســیەکانی خۆیــان نەشــاردەوە لــەوەی رێکخــراوی داعــش بگاتــە وولاّتــەکانیان و کــردەوەی تیرۆریســتی ئــەنجام بــدات، بەتایبــەتیش دوای ئــەوەی ئــەم رێکخــراوە نــاوی خــۆی کــرد بــە " دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام دا" و بلاّو کردنــەوەی ئــەو نەخشــەیەی دەوڵــەتی خەلافەتی داعش، کە تێـدا ئـەوان خواسـتەکانی خۆیـان ناشـارنەوە کـە داگیرکردنـی چەندین وولاّتی عەرەبی و ئەفریقی و ئەوروپیە، هەرلە میسرو مغریب وپاشـانیش وولاتــانی بــەڵقان وبولگاریــا ورۆمانیــا ونەمســا، ئینجــا بەتایبــەتیش ئیســپانیا کــە تایبەتمەندیەکی زۆری لای ئیسلام هەبووە کاتێك پێی دەووترا(ئەندەلووس).(٤٩)

ئینجا داعش لە چەند بلاّوکراوەیەکی فەرمی خۆیدا ئاماژەی بەوە دابوو کە تا ساڵی ٢٠٢٠ سنوری نەخشەی دەوڵەتەکـەیان کۆتـایی پێـدێت بـەداگیرکردنی ئـەو وولاّتانـە، لەهەمان کاتداویستی ئەوەیان هـەبوو سنوری خەلافەتەکـەیان بگەرێننـەوە بـۆ ئـەو سنورەی کە دەوڵەتی عوسمانی هەیبوو بەر لە رێکەوتننامەی سایکس بیکۆی نێـوان فەرەنسا و بـەریتانیا، چونکە داعـش پێـی وابـوو ئـەو رێکەوتنـە شومە تـەنها بـۆ خــەونی لــەناوبردنی خەلافــەت و یــەك پارچــەیی خــاکی عــەرەبی موســڵمان دارێژراوە.(٥٠)

رووبەری پارێزگای موسڵ (٣٢،٠٠٠) کیلۆمەتر چوارگۆشەیە، ئەو رووبەرەی کـە لـە ژێـر کۆنـترۆڵی چـەکدارانی داعـش دا بـوو(٣٠،٠٠٠) کیلـۆمتر چوارگۆشـەبوو، ژمـارەی دانیشتوانەکەی دەگەیشتە (٣،٥٠٠،٠٠٠) کەس. هێزی پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی

عێـراق  دوای نـۆ مـانگ شـەڕو کوشـتار  توانیـان شـارەکە بـە خـاپوری کـۆنترۆڵ بکەنەوە(٥١)

بەر لەم شەرانە هێزی پێشمەرگە لە مخمور و گوێر نزیك  شاری هـەولێر  دوای سـێ ڕۆژ لە سەرکەوتنە گەورەکانی داعش لە ناوچەکان، توانیـان لـە هێرشـی پێچـەوانەدا ئەفسـانەی شـەرانگێزی داعـش تێـك بشـکێنن هـەردوو شاروچـکەکە ئـازاد بکەنـەوە، ئینجا شەڕی  بەناو بانگی کۆبانێ لە کوردستانی سوریا روویدا،  کەتیایدا داعش سـێ بەشی شارەکەی داگیر کردبوو  تەنها بەشێکی بچوکی بەدەسـتی  شـەڕوانان مابۆیـەوە و خـەریك بـوو تـەواوی شـارەکە داگـیر بکـات، بـەلاٌم هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان سەرەرای  شەرەکانی لە باشوری کوردستان  بە رەزامەندی ئەمریکا تـوانی سـنورەکان ببڕێت و بەرەو کۆبانێ  لە رۆژ ئاوای کوردستان بچێت.  ئەم چوونەی  پێشمەرگە بۆ پاڵپشتی و بـەرگریکردن لـەم  شـارە  هـەنگاوێکی مێـژوویی گـرنگ بـوو،   ئـەوە بـوو کەبەگەیشتنیان  بالانسی شەرەکە تەواو گۆڕا  و لەماوەیەکی کورتدا توانیـان تـەواوی شارەکە ئازاد بکەنەوە کە پێشتر داعش لەسەدا حەفتاو پێنجی  داگیرکردبوو(٥٢)

# پیلان و تاکتیەکانی داعش لە شەڕەکاندا

داعش لەسەرەتای دروست بوونیەوە ستراتیژیەتی شەرکردنی بریتی بوو لە هێرش بردنی کت وپڕی گەلە گورگی، هەر لە سوریاوە تا هاتنی بۆ ناو خاکی عێراق تەنها بەهێرشە خێراو بە تەوژم توانیبووی رووبەرێکی زۆری خاك داگیر بکات، بەلاّم بە بەرەنگاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەم ستراتیژیەتە داگیرکاریەی بوو بە خەون.

لە دوای ساڵی ٢٠١٥ داعش گۆڕانی لە تاکتیکی هێرش و شەرەکانی کرد و کەوتە باری بەرگریکردن لەو شوێنانەی کە داگیری کردبوون، لەماوەی مانگی ئەیلولی ٢٠١٤ بۆ کانوونی دووەمی٢٠١٥ فرۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانی دژ بەداعش ٢٦٠٠ بارەگاو مۆڵگەی چەکداری داعشیان بۆردوومان کرد. ئەم بۆدومانانەی فرۆکەکانی هاوپەیمانی نێو دەوڵەتی دژ بەداعش گەورەترین زەبری کوشندە بوون بۆ پێگەو جموجۆڵەکانی.(٥٣)

لەهەموو ئەم جەنگانەدا داعش کە لەدژی کورد و عێراق ئەنجامی دا پەیرەوی چەند جۆرە تاکتیکی شەڕکردنی دەکرد کە دەکرێ بیکەینە شەش جۆرو شێوازەوە:

**یەکەم:**شەڕی کلاسیکی: زۆربەی سوپا شەرکەرەکان لە کاتی جەنگەکاندا سودیان لەم جۆرە شێوازەی شەر بی نیووە کە شەڕی هێرش بردن و بەرگری کردنە ، ئەم شێوازە شەرکردنەی داعش کە لەلایەن ئەو کۆنە ئەفسەرانەوە پەیرەو دەکران کە پێشتر لە سوپای بەعسی عێراق دابوون وەك ئەزموونێکی شەرکردن فێری ببوون.

**دووەم:**شێوازی شەڕی پارتیزانی: ئەم شێوازە کاریگەری زۆری هەیە، داعش لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا کۆتایی خەلافەتەکەی پەیرەوی دەکرد بۆ لێدان و

هێرش کردنە سەر دام ودەزگاکانی دەوڵەت دوای هەر چالاکیەك خۆیان وون دەکەن لەبەر چاوی دوژمنەکانیان.

**سێیەم:** شێوازی دانانەوەی بۆمب و مین ڕێژکردنی ڕێگاکان ، لەماوەی سێ ساڵ دەسەلاتی خەلافەتی داعش ئەم جۆرە شەرە کوشندەترین چەکی ئەم ڕێکخراوە بوو کە بەشارەزاییەکی تەکنیکی زۆرەوە دژ بە نەیارەکانی بەکاری دەهێنا، تا رادەیەکی زۆریش تەنگیان بە دووژمنەکانیان هەڵچنی بوو.

**چوارەم:** کردەوە خۆکوژیەکان داعش سوودی زۆری لەو گروپ و کۆمەڵە جیهادیانە وەرگرتبوو کە خۆکوژیان بۆدەناردن ئەوانیش لەکردەوە سەربازیەکان دژ بە هێزە نەیارەکانیان وەك کەرستەیەکی یەکجار کوشندە دەیان کردنە قوربانی و دەیانتەقاندنەوە (کردەوەی خۆکوژی).

**پێنجەم:** بەکار هێنانی تونێل ( نفق) داعش لە هەموو بەرەکانی شەڕدا تونێلی قوڵ و درێژی هەڵدەکەند لەبەر مەترسی بۆردومانەکان وهێرشەکان، ئەم شێوازە پێشتر حزب للەی لوبنانی ساڵی ٢٠٠٦ لە دژی ئیسرائیل بەکاری دەهێنا.

**شەشەم** : شێواز شەری دەروونی کە جۆرێکە لە کوشندەترین چەکی شەڕکردن، بۆ ترساندن و بە دڵە راوکێی کردنی بەرامبەرەکەی، داعش لە ئەنجامی بلاَو کردنەوەی گرتە ڤیدیۆکانییەوە توانی سەرکەوتنی گەورە بەدەست بێنێ لە شەرەکان دا و گەلێك شوێن داگیر بکات بێ ئەوەی خوێنی بۆ برێژێت.

شێوازێکی تر کە تەمەن کورتی دەسەلاتی ئەم ڕێکخراوە نەیگەیاند بە ئامانج ئەویش دروست کردنی چەکی قەدەغەکراوی بایلۆجی و کیمیاوی بوو، دوای شکستەکانی داعش لە رەقەو موسڵ یەکێك لەو گروپە بەرهەڵستکارانەی سوریا توانیبوی دەست بگرن بەسەر ئامێرێکی کۆمپیوتەری چەکدارێکی داعش، کە کۆمەڵێك بەڵگەنامەی گرنگی بەرنامەو کارو چالاکیەکانی ئەو ڕێکخراوەی تێدا پارێزراو بوو، خاوەنی کۆمپیوتەرەکە داعشێکی بەرەگەز تونسی بوو بە ناوی

محمەد، کە شارەزا بوو لە بوارەکانی کیمیاو فیزیا، بەشێك لە بەڵگەنامەکان بە هۆی کۆدە ئالۆزەکانەوە نەتوانرا بکرێتەوە، جگە لەو بەڵگەنامە و سرودە جیهادیانەی کە لەناو کۆمپیوتەرەکە دابوو، بەڵگەنامەیەکی گرنگی تریشی تێدابوو بە ١٩لاپەرە لەسەر چۆنیەتی بەکار هێنانی چەکی بایلۆژی و شێوازی دروست کردنی ئەم چەکە، و چۆنیەتی بڵاو کردنەوەی نەخۆشی تاعون لە جیهاندا.بەڵگەنامەکانی ئەم چەکدارە تونسیەی داعش ئەوەی دەسەڵماند کە داعش لە هەوڵی ئەوەدابوە کە ئەم جۆرە چەکانە دابهێنێت.(٥٤)

هەرچەندە لە ماوەی شەرەکانیدا داعش چەندین جار چەکی کیمیاوی بەکار هێنا لە دژی پێشمەرگە بەتایبەتی لە مخمور و گوێر، بەڵام بە شێوازی سادەو سەرەتایی و بێ بەرنامەیی بوو.

ئەم شێوازانە بنەمایەکی سەرەکی بوون بۆ مانەوەو درێژە پێدان بە شەرەکان لەلایەن رێکخراوی داعشەوە دژ بە نەیارەکانی، لەمەش زیاتر ئەم رێکخراوە بۆ سەرکەوتنی زیاتر بەسەر دوژمنەکانی هەمیشە گۆرانی تازەو کاری سەرسورهێنەری دەخستە نێو پیلانەکانی، زۆر بەی جاریش پشتی دەبەست بەم سێ تەوەرە گرنگ و بەهێزە بۆ بەدەست هێنانی سەرکەوتن ئەویش ئەمانە بوون:.

یەکەم: ستراتیژیەتی گەلەگورگی کە بریتی بوو لەوەی هەر ئەندامێك لە دەستەیەك، خۆی سەرباز و کارەکتەری بەرپرسە لە کارو چالاکیەکان، کە دەبێ ئەو ئەندامە لە کاتی رووداوەکان بەرپرسیاریەتی تەواوی هەبێت و خۆی نەدزێتەوە لە شکست و قوربانی دان و گیانی خۆ فیداکارانەی هەبێت.

دووەم: ئەو ستراتیژیەتە بوو کە داعش هەمیشە دەوروبەری خۆی بەهێز دەکرد، بەتایبەتیش چوار دەووری پایتەختی خەلافەتەکەی و پارێزگاریکرن لێی.

سێیەم: ستراتیژیەتی داگیرکاری زیاتر، کە داعش هەمیشە هەوڵی دەدا شارەکان داگیربکات لە سوریا و عێراق، تا دەسەڵاتی فراوانتر بکات.(٥٥)

بۆ جێ بە جێ کردنی ئەم تەوەرانەش داعشهەوڵی دا  کەرستەی  بەهێز و کەسانی شارەزا و گوێرایەڵ بخاتە نێو ڕێکخراوەکەی و شانەی نهێنی و هەوڵگری تۆکمە  بۆ چاودێری دۆست و دوژمنەکانی بخاتە گەڕ. هەر ئەوەش بوو  پەیکەری ڕێکخستنێکی نهێنی و شاراوەی لە نێو  ڕێکخراوەکەی دامەزراندبوو کە لەهەموو تاکتیك و کردەوەکانی پشتی پێ دەبەست، چ لە ژێر دەسەلاتی خۆی بێ یانیش لە دەرەوە. ئەم ڕێکخستنە نهێنیە بریتی بوو لە شانەی نهێنی کە خۆی لە سێ جۆری دەبینیەوە، زۆربەی جار راستەوخۆ دیوانی خەلافەت چاودێری کارو چالاکیەکانی دەکرد.

شانەی (ئەی) کە بریتی بوو لە شانەیەکی مەشق پێکراو و راهێنراو بۆ ئەنجام دانی چالاکیە گرنگەکان،  کە خاوەنی ئەزموون و شارەزایی شەر و گۆشکراو بە پرۆگرامی  جیهادیەوە بوون، ئەندامانی ئەم شانەیە قەدەغەبوو ئامێرەکانی پەیوەندی وەك مۆبایل و ئینتەرنێت بە کاربهێنن.

شانەی ( بی) ئەگەرچی هێشتا لە باری مەشق و راهێنان بوون و بەهیچ شێوەیەك بۆیان نەبوو ئامێری پەیوەندی کردنیان هەبێ،  و نەدەبوایە تێکەلاوی خەڵکی ئاسایی ببنەوە،  لە رووی فکریەوە گۆش دەکران بە ئەو پەرتوکانەی کە داعش کردبوونی بە مەنهەجی فکری ڕێکخراوەکەی.

شانەی (سی) ئەندامانی ئەم شانەیە مەشق وراهێنانیان نەبینیبوو،  لە نێو خەڵك دا ژیانێکی ئاسایی و سروشتیان هەبوو بە گوێرەی ڕێنمایی ڕێکخراوی داعش،  هیچ ڕێگریەك نەبوو بۆ بەکار هێنانی مۆبایل و ئامێرەکانی پەیوەندی کردن،  ئەرکیان چاودێری و سیخوری کردن بوو بەسەر خەڵکەوە ، ئەندامانی ئەم شانەیە یەکتریان نەدەناسی  بۆیە هەر یەکێك لەمانە راستەو خۆ پەیوەندی هەبوو بە بەرپرسی یەکەمی شانەکە،  کارو کردەوەکانیان زۆر نهێنی و شاراوە بوو.(٥٦)

## ئازاد كردنەوەی موسڵ

ئۆپەراسیۆنی ئازادكردنەوەی شاری موسڵ لە ٢٠١٦/١٠/١٧ لە لایەن سەرۆكی هێزە چەكدارەكانی عێراقی حیدر عبادی راگەینرا. ئەمە لەكاتێك دابوو كە تەواوی ناوچەكانی دەووروبەری موسڵ وەك ( باشیك و حمدانیە و فازلیە و غازر و شنگال وسحێلا ومخمور وگوێر )وگەلێك شوێنی تر لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە، ئازاد كرابۆوە، لەپاش ئەوە ئینجا هێزە عێراقیەكان دەستیان بە پێشرەوی كرد بۆ سەر شاری موسڵ، سوپای عێراقی (١٠٧) رۆژی خایاند تا توانی كۆنترۆڵی بەشی رۆژهەڵاتی شارەكە بكەن و لە بەرواری ٢٠١٧/١/٢٤ سەرەرای بەرگریەكی بەهێزی داعش كۆتایی بە قۆناغی یەكەمی شەرەكە هات.(٥٧)هێزە عێراقیەكان بەپاڵپشتی فرۆكە جەنگیەكانی ئەمریكا و فەرەنسا و هاوپەیمانان و كۆمەڵێك شارەزایانی سەربازی نێو دەوڵەتی وهێزەكانی حەشدی شەعبی و سوپای پاسدارانی ئێرانیش بەشدار بوون لە ئازاد كردنی بەری رۆژ هەڵاتی شارەكە لە ژێر دەستی داعش.

دوای كۆتایی هاتنی قۆناغی یەكەم بۆماوەی پانزە رۆژ هێزە عێراقیەكان خەریكی خۆ رێكخستنەوە بوون، ئینجا لە ٢٠١٧/٢/٩ قۆناغی دووەمی دەست پێكردنەوەی ئۆپەراسیۆنی ئازادی شارەكە بەناوی( هاتین ئەی موسڵ) راگەینرا.

رووباری دیجلە كە بەناوەراستی شاری موسڵ دا تێدەپەرێ و بەشی رۆژهەڵات و رۆژئاوای كردوە بە دوو پارچەوە، تاكە پەیوەندی گەیشتن لە نێوان هەردوو بەرەی شاردا پێنج پرد بوو كە داعش لە كاتی شەرو هێرشەكاندا هەمووی تەقاندەوە، ئەمەش ئاستەنگی زۆری بۆ پێشرەویەكانی هێزی عێراقی دروست كردبوو، ئینجا سەختی و دژواری شەری ئەم جارە لە چركەساتی سەرەتای شەرەكانەوە بە سیمای جەنراڵەكانی سوپای عێراقیەوە دیار بوو. پلانی سەرەتایان ئەوە بوو سوپا لە

باکوری شارەوە  هێرش بکات و پۆلیسی فیدرالیش لە باشورەوە هەروەها حەشدی شەعبی لە رۆژئاوای موسڵەوە پێشرەوی بکەن،  بەلاّم بەرگریە  چڕو  بەهێزەکانی چەکدارانی داعش رێگایان لە پێشرەویەکانی هەمووان گرت.

داعش لە شەری بەرەی رۆژئاوادا شێوازو جۆری شەرکردنی بەتەواوی لەگەڵ شەڕەکانی پێشووتری گۆری،  کە هێزە  عێراقیەکان بیریان لێ نەکردبۆوە،  شێوازی ئەم جارەی شەڕ کردنی داعش  بریتی بوو لە کردەوەی  پەنا بردن بۆ خۆکوژی و بۆمبڕێژکردنی رێرەوو شەقامەکان و شەری کۆلاّنان و قەناس بەدەستەکانی کردبوە هێزی پالّپشت کە بەهۆیەوە گورزی جەرگ بڕی دەوەشاند،  ئەم گورزانە  تەواوی هێزە عێراقیەکانی پەرێشان کردبوو،  کە زۆر جار یەکە  سەربازیەکانی سوپا بۆماوەیەکی درێژ گەمارۆ دەدا و  دوایی لەناویاندەبردن.

ئەم  جۆرە تاکتیك و شەرکردنەی چەکدارانی داعش بۆ دوو شت دەگەرایەوە یەکێکیان ئەوەبوو  تابتوانن زۆرترین سەرباز لە هێزە عێراقیەکان بکوژن و لەناویان بەرن،  دووەمیشان چەکدارانی داعش جگە لە شەرکردن هیچ دەرچەیەکی رزگاربوونیان لەشارەکە بۆ نەمابۆوە،  چونکە  هەرلە سەرەتاوە هێزە عێراقیەکان پلانی گەمارۆدانی داعشیان لەناو شاری موسڵ دارشتبوو،  بەجۆرێك هەموو رێرەوە کانی دەرەوەی شاریان کۆنترۆڵ کردبوو تا لەوێوە چەکدارانی داعش نەتوانن دەرباز ببن،  ئەم گەمارۆدانە  وای لێکردن بەناچاری بەرگریەکی سەخت بکەن  و تەنها بجەنگێن  تا بتوانن دەروازەیەك بدۆزنەوە بۆ رزگار بوونیان.  ئەم جەنگە سەختەی ئەوبەرەی موسڵ نۆمانگی خایاند تا توانیان لەبەرواری  ٢٠١٧/٧/١٠  شارەکە بەتەواوی ئازاد بکەنەوەو داعش دەرپەرێنن،  هەڵبەتە بە وێران بوونی سەدا شەست وپێنجی شارەکە و کوژرانی  هەزاران کەس لە خەڵکی شارەکە لەم نێوەندەدا.رۆژنامەی  تایمزی بەریتانی لە ٢٠١٧/١٢/٢١ بلاّویکردۆتەوە کەلەشەری ئازاد کردنەوەی شاری موسڵ  یانزە هەزار هاوولاّتی سڤیل کوژراون.(٥٨)

بەلاّم حکومەتی عێراق لە راگەیەنراوەکانی خۆی دا تەنها ئامـاژە بـە کـوژرانی ١٢٦٠ هاولاّتی دەکات. هەر لەکاتی هاتنی داعش بۆ موسڵ تا کاتی بەرێوەچونی پرۆسـەی سەربازی ئازاد کردنـەوەی لەلایـەن سـوپای عێراقـەوە نزیکـەی (٥٠٠٠) پێـنج هـەزار هاوولاّتی ئەم شارە بێ سەرو شوێن کرابـوون، بەشـێکیان چـەکدارانی داعـش بـزری کردون و کوشتونی، بەشێکی تریان لە کاتی هاتنی هێزە عێراقیەکان بۆ شارەکە بێ سـەر و شـوێن بـوون و چارە نوسـیان بـە نادیـاری مابۆوە،کـە تیایـدا هێـزە شـیعەکان بەهۆکاری سەرەکی ئەم مەینەتیە تاوانبار دەکران، بەلاّم حکومەتی عێراقیش بـێ ئاگایی خۆی لەم بارەیەوە نیشان داوە.(٥٩)ئەمە جگە لە تـالاّن کردنـی مـاڵی خـەڵك و بردنی سامانی گشتی و دزینی شتەپەهاگرانەکانی ئەو شارە لەلایەن داعشەوە.

دوای دەستگیر کردنی وەزیری نەوتی داعش ( ئوسامە عوید صالحی) لە ئازاری ساڵی ٢٠١٩ لـە بـاغۆزی سـوریا لەلایـەن هێزەکـانی سـوریای دیمـوکرات، نـاوبراو ئـەوەی ئاشکراکرد کاتێك ئەوان شاری موسڵیان جێ هێشت لـە سـاڵی ٢٠١٧ هەرچی سامان و پارە هەبوو لەگەڵ خۆیان بردویانە بۆ سوریا، کە بری دەیـان تـۆن زێـڕو پـارەو کـەل وپەلی گرانبەهاو ئاسەواری تێدابووە.

## نەهامەتیەکانی شەری موسڵ

فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکانی نەینەوا (لیوا نجم جبوری )لە دوای ئازاد کردنەوەی ئەم شارە لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاندبوو " لەسنوری پارێزگای نەینەوا زیاتر لە چوار هەزارکەس بە تۆمەتی تیرۆرەوە دەستگیرکراون، و چاوەروانی بریاری دادگان."( ٦٠)

ئەمە جگە لە ئاوارەبوونی سەدان هەزار هاولاتی شارەکە، و بێسەروشوێن بوونی سەدانی تر کە بەشێکی زۆریان لەژێر خانوو باڵەخانەکان بەهۆی بۆردومانەکان لاشەیان بە بۆگەنی ماوەتەوە. زیان و تیچووی شەرەکە تادەهات بەرز دەبۆوە هەزاران سەرباز گوژران و سەدان تۆپی دوور هاوێژ و هەمەر و هامڤی تەقێنرانەوە، کە حکومەتی عێراق نەیویست ژمارە زۆرەکانی تێچووی ئەم شەرە رابگە.

تەنها زیان و تێچووەکانی ئەمریکا لە شەری ئازاد کردنەوەی موسڵ بەم شێوەیەبوو کە نوێنەری سەرۆکی ئەم وولاتە بریت مەکگۆرگ رایگەیاند بوو کە ئەمریکا بری دوو ملیارو دووسەد ملیۆن دۆلاری خەرج کردوە لە شەرەکەدا.(٦١)زیان و تێچووی شەڕی بەری لای چەپی موسڵ زۆر زیاتر بوون لە شەڕی بەری راستی شارەکە. لەبەری چەپی شارەکەلەسەدا تەنها ٣٥٪ بە هۆی شەڕو بۆمبارانەوە وێران کراوە، بەڵام لەبەری راستی شارەکە لەسەد ٦٥ ٪ خانوو باڵەخانەکان خاپورکراوە(٦٢)

شەرو بەرگری چەکدارانی داعش لەم شارەدا بەیەکێك لە سەخترین و ئاڵۆزترین شەرەکانی نێو کۆلانان لە دادەنرێت لە مێژوودا، کە لەداهاتوو دا دەبێتە وانەیەکی زانستی سەختی سەربازی بۆ ئەکادیمیە جەنگیەکانی جیهان.

لە کۆتایی دا چەکدارانی داعش بەتەواوی لە شارەکە بەرگرییان نەماو تێکشکان، کۆتایی بەو خەلافەتە وەهمیەهات کە داعش بۆخۆی بونیادی نابوو، بەشێك لە

چەکدارەکان بەهۆی بۆردومانە سەختەکانەوە، هەندێکیش لەشەرەکان و کردەوە خۆکوژیەکان کوژران و بریندار بوون، بەلاٌم بەر لە ئۆپەراسیۆنەکەی هێزە عێراقیەکان ئەم شارە پایتەختی خەلافەتی داعش بوو، هەرچی فەرماندە پلەیەکەکانی ئەم خەلافەتە هەبوو لەم شارە بوون، کە چی لە شەو رۆژێك دا چارەنوسیان نادیار مایەوە، ئەم رێژە زۆرەی چەکدارانی داعش بەکوژرانی چەند سەدان کەسێك لێیان، مانای ئەوە نیە داعش لەم شارەدا کۆتایی هاتووە، بەلاٌم ئایا ئەو هەموو جەنگاوەرە بۆ کویٚ رۆیشتن و لە چرکەساتەکانی کۆتایی شەرەکەدا ئەوان چۆن دیار نەمان، ئەمە چیرۆکێکی گوماناویمان دەخاتە هزرو بیرەوە، رەنگە یاریەکی سیاسیشی لە پشتەوە بێت.



موسڵ بیٚ سەرو شوێن بوونی خەلکی شارەکە

لەموسڵ هێزە عێراقیەکان لەدوای دووساڵ وچوارمانگ و حەوت رۆژ لە ژێردەسەلاٌتی چەکدارانی داعش دوای کوشتارو کاولکاریەکی زۆر توانیان ئەفسانەی خەلافەتەکەی داعش تێك بشکێنن ، لەلایەکی ترەوە توانا سەربازیەکانی سوپای عێراق سەرەرای تێوە ئالاٌنی بەکۆمەلٌێك شەرو ئۆپەراسیونی سەربازی فراوان و بەدەست هێنانی ئەزمونێکی زۆر، بەلاٌم هێشتا لەرووی رێزبەندی جیهانیەوە بە

لاوازترین سوپای جیهانی هەژمار دەکرا.  کە بەگوێرەی پێگەی ئەلکترۆنی ( گلوبال فیری پاوەر)  کەسالآنە هەڵسەنگاندن بۆ سوپای  وولآتان دەکات،  بۆساڵی ٢٠١٧ سوپای عێراقی لە ریزبەندی ٥٩ یەمین سوپای جیهانی دانا کە بە خراپترین و بێ هێز ترین  سوپا دەژمێردرا لە جیهان(٦٣)ئەم  ریزبەندیەی سوپای عێراقی لە کاتێکدابوو کە سەرکەوتنی زۆر گەورەی   بەدەست هێنا بوو لە شەرەکانی کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچە جیاجیا کانی ژێر دەسەلآتی داعش.


دولة العراق الإسلامية
لا إله إلا الله
الدولة الإسلامية في العراق
المكتب الأمني

بسم الله الرحمن الرحيم

الى كافة مجاهدي دولة العراق الاسلامية

بعد ان استطاع الجيش الصفوي وملشياته في الحصول على جرف الصخر وما تعرض له مجاهدي الدولة من خسائر لا ننكر انها كبيرة وحفاظا على ارواح مجاهدينا واستكمالاً لخطط الدولة الستراتيجيه فأننا نعلمكم بان الجيش الصفوي قد امتلك من العده والعدد الشيء الكثير يساعده في ذلك حلف الكفار والشياطين وعليه فان خليفة المسلمين ابو بكر البغدادي قد امر بما يلي

١- تنقل جميع مراكز العمليات الجهادية الى ولاية نينوى.

٢- دفن شهدائنا او حرقهم او رميهم في الانهر لعدم اعطاء الجيش الصفوي فرصة للتعرف على جثثهم.

٣- الاكثار من زرع العبوات في كل مكان مهما كانت مقدسة والانسحاب.

٤- نقل الاموال المتحققة من الجباية والتمويل الى ولاية نينوى.

٥- اتخاذ المدنين كدروع بشرية وقتل من يعارض مهما كان وصفه وسنه.

٦- الاستعداد للمفاجآت التي قد يفاجئنا بها الجيش الصفوي وملشياته.

٧- التعامل مع مرتزقة البيشمركه كعدو ويجب قتله.

٨- اعدام من يفكر بالاستسلام للقوات الصفوية او ملشياته.

٩- احراق كافة المعدات والآليات والاعتده عند الانسحاب.

١٠- عدم الوثوق بالعناصر الجديدة المنتمية للدولة لأنها عيون الحكومة الصفوية داخل دولتنا

٢ محرم ١٤٣٦هـ

**( نوسراوێکی فەرمانی خەلیفەی داعش**
**بۆ شێوەی بەرگری و شەری کوتایی )**

عێراق لە سایەی حەشدی شەعبی وکۆمەڵێك هێزی چەکداری تری وەك  دژە تیرۆر و پۆلیسی فیدرالی وسوات....توانیویەتی خاوەنی هێزێکی چەکداری گەورە بێت

وچەندین ئۆپەراسیۆنی گەورەش ئەنجام بدات  سەرەرای هەبوونی چەندین گروپ وتاقمی میلیشیا و  بالّی جیاوازی مەزهەبی .
دوای ئەم سەرکەوتنانەی هێزەکانی عێراقی، ئیتر داعش خاوەنی ئەم خاکانە نەمایەوە و لەهەر شوێنێك  کە داعشی لێبوو بێت   هێزە عێراقیەکان بە پالّپشتی هێزی هاوپەیمانی لەوێ بوون.رووداوەکان لە سوریاش  رەنگ دانەوەی خێرای هەبوو،   کۆبانێ  دوای چوار مانگ شەری بەردەوام  هێزە کوردیەکان بە هاوکاری هێزی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان رێگەیان نەدا داعش تەواوی شارەکە داگیر بکات  سەرەرای خاپور بوونی تەواوی ئەو شارە بەلاّم  کورد شەری بەرگری بە هێزی کرد و داعش لە  ٤/١٣ /٢٠١٥ تێکشکێنرا. داعش کەبەلایەوە  گرتنی تەواوی کۆبانێی زۆر گرنگ بوو،  بۆیە هەرچی چەکی قورس و جبەخانەو ئەمیری گەورەی رێکخراوەکەی بوو  هێنابووی بۆ ئەم شەرە،  بەلاّم لەگەلّ شکستەکانی نەیتوانی هیچیان دەرباز بکات و بە سەرشۆری  گەرایەوە،  ئەمدۆراندنەی داعش بوو بە وانەیەکی  زۆر گرنگ،  بۆیە دوای ئەم شەرِە  لەهەر شوێنێك بیزانیایە شکست دێنێ ئەوا هەولّی دەدا بە پیلان و رێکەوتنێك پاشەکشە بکات.
کۆمەلێك شارو ناوچەو شوێنی گرنگ هەبوون لە سوریا کە ناوەندی شەری سەربازی لەنێوان داعش و گروپ و لایەنە جیاوازەکان بوون،  کە بۆماوەیەکی درێژ لە ژێر زەبری ئاگردا دەیان نالاّند،  ئەو شوێنانەش بریتی بوون لە:"
شاری تەدمر کە بە پالّپشتی فرۆکەکانی روسیا  وسوپای سوری توانرا  لە ئازاری ٢٠١٦ ئازادی بکەنەوە،  هەرچەندە  ئەو شارە  دێرینە مێژووییە  دووبارە کەوتەوە دەستی داعش. (٦٤)
شاری منبج  شوێنێکی جیوگرافی گرنگی هەبوو بۆ داعش کەلەسالّی  ٢٠١٤ داگیر کردبوو،  ئەم شارە  دەکەوێتە سەر هێلّی سەرەکی نێوان شاری رەقە و سنوری

توركيا، له مانگی ئابی ٢٠١٦ هێزەکانی یەپەگە و سوریای دیموکرات بە هاوکاری ئەمریکا توانیان ئازادی بکەنەوە.(٦٥)

جرابلس شاروچکەیەکی ترە کە دەکەوێتە سەر سنوری تورکیاو ڕۆژهەلاتی کۆبانێ و باکوری منبج، هێزەکانی تورکیا لەگەڵ چەند گروپێکی سەر بە بەخۆیان لە ٢٤ ئابی ٢٠١٦ لە ئۆپەراسیۆنێك بەناوی ( درع الفرات) توانیان کۆنترۆڵی بکەنەوە .(٦٦)

دابق هەر بەهەمان شێوە چەند گروپێکی چەکداری سەر بە تورکیا لە ١٦ ئۆکتۆبەری ٢٠١٦ توانیان ئەم شارە کۆنترۆڵ بکە نەوە کە بۆ چەکدارانی داعش شوێنێکی گرنگ بوو چونکە دەکەوتە سەر سنوری تورکیا. هەر لە لایەن گروپی سەربە تورکیاوە شاروچکەی ئەلباب کۆنترۆلکرا کەدواین شوێنی ژێر دەسەلاتی داعش بوو لە پارێزگای حەلەب(٦٧)

دوا ئەمانەش شەری گەورەی ئازاد کردنەوەی شاری رەقە دێت کە هێزەکانی سوریای دیموکرات و یەپەگە بە هاوکاری وپاڵپشتی ئەمریکا لە ٢٠١٧/٣/١٠ لەگەڵ شاری تەبقە ئازادیان کردەوە.

ئەم شکستانەی داعش هەر لەم دوو وولاتە نەوەستایەوە بەڵکو پروشکی woورە روخاوی ئەم رێکخراوە وولاتی لیبیاشی گرتەوە، شاری سێرت کە شوێنی لەدایك بوونی سەرۆکی پێشووی ئەو وولاتە معمر قەزافی بوو، گەورەترین شاری ژێر دەستی داعش بوو، کە لە مانگی ٢٠١٥/٦ وەداعش کۆنترۆڵی کردبوو، حکومەتی وفاقی نیشتیمانی لیبی لە ٢٠١٦/١٢/١٧ توانی مژدەی سەرکەوتنی تێدا رابگەینێت و شکست بە دەسەلاتی داعش بێنێ. لەدوای ئەویش لە ٢٠١٦/٧/٧ تەواوی شاری بنغازی ئازاد کردەوە کە دووەمین گەورە شاری لیبیا یە.(٦٨)

## وەرگرتنەوەی تەلەعفەر

دوای ئـازاد کردنـەوەی شـاری موسـڵ هێـزە عێراقیـەکان بەوورەیـەکی بـەرزەوە لـە بـەرواری٢٠١٧/٨/٢٠ بەفەرمانـدەیی فـەریق روکـن (عبدولئـەمیر رەشـید یارالڵـە) ئۆپەراسیۆنی ئازاد کردنەوەی شاروچکەی تەلەعفەری راگەیاند، ئەم شاروچکەیە لە سەرەتای هاتنی چەکدارانی داعش لە ٢٠١٤/١٠/١٥ وە کەوتبوە ژێر کۆنترۆڵی ئەوانەوە، هێـزە عێراقیـەکان بـریتی بـوون لەپۆلیسـی فیـدراڵ وسـوپا ودژە تـیرۆر وحەشـدی شەعبی بە پاڵپشتی وشارەزایانی هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژی داعش.(٦٩)

لەسەرەتای ئۆپەراسیۆنەکەی شاری موسڵ هێزەکانی حەشدی شەعبی بەمەبەستی گـرتنی رێـرەوی هـاتوو چۆی داعـش نزیـك کەوتبونـەوە لـەم شاروچـکەیە، ئینجا هێزی پێشمەرگەش بـەهۆی ئـازاد کردنـەوەی شـنگال و دەوروبـەری ئـەوانیش نزیـك ببونەوە لە تەلەعفەر، ئـەم شاروچـکەیە هـەر لەسـەرەتای هـاتنی داعش بـۆ عێـراق ببوو بە شوێنی چالاکیە شاراوە و گرنکەکانی ئەوان، چونکە تەلەعفـەر ناوچـەیەکی نزیـك بـوو لـە سـنوری سـوریا ودوور بوولـە رووبـە روو بونـەوەی سـەربازی ئـەوان لەگەڵ سەرجەم هێزە دژەکانی خۆیان، بۆیە بە ناوچـەیەکی ئـارام و گـرنگ بـۆ ئـەوان دادەنـرا، بەتایبـەتی دوای لـە دەسـت دانـی موسـڵ توانیـان لـەم شاروچـکەیە خۆیان کۆبکەنـەوە. بۆیـە پێشـبینی روو بـەروو بونەوەیـەکی سـەختر لـە تەلەعفـەر دەکرا لە شەرەکانی ناو موسڵ.

شاروچکەی تەلەعفەر دەکەوێتـە رۆژ ئـاوای عێـراق، لـە رووی کارگێریـەوە سـەر بـە شــاری موســڵە، ژمــارەی دانیشــتوانەکەی بــە گــوێرەی ســەرژمێری ســاڵی ٢٠١٤ (٢٠٥،٠٠٠)کـەس بـوە، زۆربــەی دانیشــتوانەکەی تورکمــانی بەمەزهــەب شــیعەن،

هەڵکەوتەی جوگرافی شاروچکەکە کە تەنها ٦٠کم دووره لە سنوری سوریا، لە توركياشەوە ٣٨ميل و لە موسڵیش ٧٠كم دووره.(٧٠)

لەناوەراستی شاری تەلەعفەر قەڵایەکی بەرز هەیە کە لەسەردەمی کۆنەوە دروستکراوە بۆ جەنگ و بەرگری کردن، لەسەردەمی عوسمانیەکان ئەم شارۆچکەیە بە شێك بوه لە وولایەتی موسڵ، مێژووی ئەم شاروچکەیە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی چاخی بەردینی بەر لە مێژوو (٦٠٠٠) ساڵ پێش لە زاین. تەلەعفەر وشنگال لەم سەردەمانەدا سەربە دەوڵەتی میتانی بوون، لەسەردەمی ئاشوریەکانیش ئەم شاروچکەیە گەشەیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینیوە بەتایبەتی دروست کردنی ئەم قەڵایە، لە دوای روخانی دەسەڵاتی نەینەوا ئەم ناوچەیە بەشێك بوو لە جەنگی گەورە ئیمپراتۆرەکان.

بەر لەهاتنی ئیسلام بەشێك لە هۆزە عەرەبەکان لە بیابانی عەرەبی کۆچیان کرد بۆ عێراق وشام کە هەندێکیان هاتنە جزیرە و موسڵ وتەلەعفەر و شنگال، لە سالی ١٨ کۆچی لەسەردەمی خەلیفەی دووەمی موسڵمانان عمری کوری خەتاب بە فەرماندەیی ( عیازی کوری غنم ) ئیسلام هاتۆتە ئەم ناوچەیە و داگیری کردوە. لەدوای سەرهەڵدانی کێشە و ململانێیەکانی نێو ماڵی موسڵمانان ئەم شاروچکەیە بۆ یەکەمین جار بوو بە بەشێك لە گۆرەپانی کیشەدارەکان کە بەشێك لە خەواریجەکان هاتنە ئەوێ، لەوێوە لەگەڵ ئەمەویەکان رووبەرووی یەکتر دەبوونەوە. (٧١)

ئەم شارە لە مێژوودا گرنگیەی زۆری هەبووە بۆ دەسەڵات داران و ئیمپراتۆریەتەکانی ناوچەکە، هەرلە سەردەمی سەلجوقیەکان لە ساڵی ١٠٥٥ زاینی، سەردەمی مەنگۆلەکان لە ١٢٥٨زاینی. هەروەها لە ساڵی ١٥٠٨ ئەم شاروچکەیە بوو بە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی سەفەوی، تا ساڵی ١٥٣٤ ئینجا کەوتە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیەکان(٧٢)

ساڵی ١٩١٧ ئینگلیزەکان داگیریان کرد، دوایش بوو بە بەشێك لە دەوڵەتی عێراقی نوێ، تا لە ٢٠١٤/٦/١٥ کەوتە ژێر دەستی ڕێکخراوی داعش.

دوای دەست پێکردنی هێرشی هێزە عێراقیەکان بۆ سەر ئەم شاروچکەیە لە ٢٠١٧/٨/٢٧ بە ماوەی کەمتر لە هەفتەیەك تەواوی تەلەعفەریان کۆنترۆڵکردەوە بە قەلا بەرزەکەی ناو شاریش کە لە مێژوودا هەمیشە وەك سمبولێکی بەرگری و دوژمن شکێن ماوەتەوە، کەچی بێ ئەوەی شەری تێدا بکرێت و لە چاوتروکانێکدا کرنۆشی بۆ هێزە پەلاماردەرەکان برد. ئەو ناوچانەی کە پێویست بوو عێراق کۆنترۆڵی بکاتەوە دەگەیشتە ٦٠کم قولایی و بەپانتایی ٤٠کم بەلام خێرایی سەرکەوتنەکانی هێزە عێراقیەکان وای کرد زیاتر پێشرەوی بکرێت و لە ماوەیەکی کورت دا شاروچکەی حیازیە ومحلبیە و ٤٧ گوندی تر ئازاد بکرێن.(٧٣)

هەرچەندە ئەو ئۆپەراسیۆنەی هێزە عێراقیەکان چەند لایەنێکی تەم ومژاوی لە خۆگرتبوو، لەلایەکی ترەوە خێرایی و دەست و برد و کۆنترۆڵکردنی شوێنەکان لە رابوردوو بۆ هێزە عێراقیەکان دەگمەن و سەخت بوو کەچی بەپێچەوانەشەوە چەکدارانی داعش هیچ کاتێك لە تەواوی ئەم ماوەیەی لە شەر دابوون وا بەبێ شەر شوێنەکانیان نەداوە بەدەست.

نوری مالیکی دوای راگەیەنراوی ئازاد کردنەوەی ناوچەکە لەلایەن حکومەتی عێراقی، رایگەیاند : " کۆنترۆڵکردنەوەی تەلەعفەر بەرێکەوتن لەگەڵ چەکدارانی داعش بووە.(٧٤)ئەم راگەیاندنەی سەرۆکی لیستی دەولەتی یاسا لەلایەك گومانی خستە نێو خەلکی عێراق و لەلایەکی تریش حکومەتی سەرقاڵ کرد بە وەلام دانەوەی زۆرێك لە پرسیاری میدیاکاران و سیاسیەکان،. (عمید یحی رسول) ووتە بێژی سەربازی سوپای عێراقی، هەموو ئەو بیرو بۆچونانەی رەت کردەوە کە گوایە رێکەوتن کرابێت لەگەل داعش بۆ چۆڵکردنی ناوچەکە بەبێ شەر، ودەڵێت: " لەم

شەڕەدا زیاتر لە ١٠٢ چەکداری داعش مان کوشتوە و ٧٥ جار بە فڕۆکە بۆردومانی ناوچەکە کردوە و هەروەها ٥٠ کرداری خۆکوژی بەکار هێنراوە لەشەڕەکەدا.(٧٥)

## ئازاد کردنەوەی حەویجە

دوای کەمتر لە مانگێك لەسەرکەوتنەکەی شەری ئازادکردنەوەی تەلەعفەر لە ٢٠١٧/٩/٢١ ئۆپەراسیۆنی ئازاد کردنەوەی شاروچکەی حەویجە راگەیاندرا.
لە سەرەتای دەست پێکردنی ئەم پلانە حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراق فەریق روکن عبدالوەهاب ساعدی کردە فەرماندەی ئۆپەراسیۆنەکە. ساعدی کەسایەتیەکی سەربازی بەهێزی هەبوو، لە بنچینەدا عەرەبێکی بە مەزهەب شیعە و خەلکی شاری عمارە خوارووی عێراق بوو، بەلاّم دانیشتووی ناوچەی سەدری سەر بە شاری بەغدا بوو، لە شەرەکانی کۆنترۆلکردنەوەی تکریت و بێجی و ئەنبار وفەلوجە وموسڵ وتەلەعفەر ئەو رۆڵێکی بالاّی بینی بوو، هەروا بە کەسێکی گوێرایەڵی حەیدەرعەبادی ناسرابوو، هەندێ جاریش بە (رێویەکەی عەبادی)ناوزەند دەکرا.
رووبەری کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەی حەویجە بە ٤٠١٨ کم چوارگۆشە مەزندەکرابوو، هێزە عێراقیەکان ٥٥،٠٠٠ چەکداریان بۆ ئامادە کردبوو کە پێك هاتبوون لە پۆلیسی فیدرالی ودوو فرقەی دژەتیرۆر وسوپا وچەند یەکەیەکی تانك و تۆپی دوور هاوێژ، دەبابەی جۆری ئەبرامز و تی٥٥وتی٧٢ لەگەل سێ بەتالیۆنی پۆلیسی حەویجە کە ماوەیەك بوو لە لایەن شارەزاکانی سەربازی ئیتاڵی مەشقیان پێ دەکرا لە شاری بەغدا، وە بە شێکی زۆر لە هێزەکانی حەشدی شەعبی و حەشدی عەشایری کەلە ناوچەکانی عەلاس وعجێل و حەمرین بەشداری شەرەکانیان کردبوو.(٧٦)
لەناوەراستی مانگی ئاپی ٢٠١٧ یەکەیەکی تۆپ هاوێژی ئەمریکی و فەرەنسی بۆ پاڵپشتی هێزە عێراقیەکان لە ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی حەویجە لە گوندی (پونگینەی )دەشتی قەراج جێگیر کران، پونگینە ئەو گوندەیە کە دەکەوێتە

ناوەراستی ئەو رێگایەی کەلە سەرگەرانەوە بەرەو قەراج دەچێت و شوێنێکی گرنگ و ستراتیژی هەیە بۆ بالاْ دەستی بەسەر ناوچەکەدا.(٧٧)

لەئاسمانیشەوە فرۆکە جەنگیەکانی هاوپەیمانان پالپشتی هێزە شەرکەرەکانی سەر زەمین بوون، هێزی فرۆکەوانی عێراقیش دەیان هێلی کۆپتەری شەرکەری لە فرۆکە خانەی (گەیارە ) ئامادە کردبوو. لیوای ٩١ سوپای عێراقی کە لەرابووردووە هەمووی کورد بوون، هەرلە دەستپێکی ئۆپەراسیۆنەکە وە ئامادە کرا بوون.

بەرەبەیانی رۆژی ٢٠١٧/٩/٢١ قۆناغی یەکەمی ئۆپەراسیۆنەکە لە گوندەکانی( هیچەل و سەدیرە ) و نزماییەکانی ناحیەی زابەوە دەستی پێکرد .(٧٨)

ئەم گوندانە دەکەونە روو بە رووی قەراج و دەشتە پان وبەرینەکەی، کە لەسەرەتای مانگی تموزی ٢٠١٤ کەوتنە ژێر دەستی چەکدارانی داعش، بەر لە ئەنجامدانی ئۆپەراسیۆنی هێزە عێراقیەکان لەم ناوچەیە، داعش بەردەوام چالاکی لە دژی پێشمەرگە ئەنجام ئەدا، بەتایبەتی لە بەرزاییەکانی غەرە و رێگای سەرەکی (سەرگەران - باقرت ). لە شەوی ٢٠١٧/٩/١٧ چوار رۆژ بەر لە ئۆپەراسیۆنەکە ، چوار چەکداری داعش دزەیان کردە نێو سەربازگەیەکی ئەمریکی لە گوندی پونگینەوخۆیان تەقاندەوە، بەلاْم زیانی گیانی بۆ ئەمریکیەکان نەبوو.(٧٩)

سەرو بەندی خۆئامادەکردن و لەشکر کێشی حکومەتی عێراقی بۆ ناوچەکە هاوکات بوو لەگەل نزیك بوونەوەی ئەنجام دانی ریفراندۆم لە کوردستان، بۆیە حکومەتی عێراقیش دەیویست لەم رۆژەدا تەواو نزیك ببێتەوە لە ناوچە کێشە لەسەرەکان بەتایبەتیش کەرکوك، ئینجا هێشتنەوەی حەویجە بۆ کاتی ئەنجام دانی ریفراندۆمی کوردستان خۆی پەیامێك بوو لەبەغداوە بۆ هەولێر، کە دەبوایە کورد لێکدانەوەی زیاتری بۆ کردبایە. چونکە دواخستنی ئۆپەراسیۆنی ئازاد کردنەوەی شاروچکەی حەویجە پیلانێکی ئاشکرای حکومەتی عێراق بوو دژ بە کورد. ئەو هەموو هێزەی بەغدا رەوانەی ناوچەکە بە بیانووی گرتنەوەی حەویجە، لەراستی

دا خۆ ئامادەکردن بوو بۆ هێرشی سەر کوردستان وکۆنترۆل کردنی بیرە نەوتەکانی ژێر  دەستی حکومەتی هەرێم.
لەلایەکی تریش هێرش و شەرەکانی هێزە عێراقیەکان لە دەشتی قەراجەوە بەرەو زێی بچوك وحەویجە بەساتەوختێکی زۆر خێرا تێدەپەری بێ بەرگری چەکدارانی داعش هێزەکان پێشرەویان دەکرد .
حەویجە بەناوچەیەکی پڕ کشتوکاڵی زۆر گرنگ وبەناوبانگ دادەنرێت لە عێراقدا، کە بە دووری ٥٢کم دەکەوێتە رۆژئاوای شاری کەرکوك، ، پێك هاتەی ئەم ناوچەیە لە پێنج هۆزی عەرەبی سونە پێك دێت کە ئەوانیش  ( عوبید وجبور و دلێم و شەمەر وحدیدی)،  ئەوە جگە لە چەند ماڵێکی کورد،  کە بەگوێرەی گێرانەوەکان لەسەردەمانی پێش هاتنی رژێمی بەعسی بەتایبەتی لە سیەکانی سەدەی رابوردوو ئەم شاروچکەیە  تەنها سێ چوار ماڵی عەرەبی لێ بوو،  ئەوەی تر هەموو  کورد بووە،  بەلاَم بەهۆی سیاسەتی بەعەرەب کردنی بەردەوامی حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان  رێژەی کورد پێچەوانە بۆتەوە.  ژمارەی دانیشتوانی ناوەندی شارەکە دەگاتە( ٢٩١) هەزار کەس. حەویجە لەسەردەمی رژێمی بەعسی دا بەیەکێك لە سەرسەخترین پالپشتی ئەو رژێمە دادەنرا. (٨٠)
هەر بۆیە لە دوای نەمان و روخانی رژێمی بەعس ئەم ناوچەیە  بوو بەیەکێك لە گەرمترین شوێنی پڕ لە کێشەو مەڵبەندی گروپە بەرهەڵستکارەکان،  لە دژی حکومەتی بەغدا.  لەسەردەمی هاتنی داعش بۆ ئەم ناوچەیە  ئەم شاروچکەیە بوو بە پەناگەیەکی ئارام و گرنگ بۆیان، چونکە داعش بەدڵنیاییەوە دەیزانی خەلکەکەی دژی حکومەتی شیعەی عێراقن،  بۆیە زۆربەی ئەمیرو بالأدەستەکان و چەکدارە بیانیەکانی  داعش لەم شاروچکەیە نیشتە جێ دەبوون،    ئینجا لە دوای گرتنەوەی تکریت و  دەوروبەری کرکوك چەکدارەکانی داعش کە خەلکی ئەم شوێنانە بوون  لە حەویجە نیشتە جێکرابوون،  بەلاَم ئەم تێکەڵ و پێکەڵیەی

چەكدارانی داعش لەم شاروچكەیە گەلێك جار شەرو ئاژاوەی گەورەی ناوخۆی لێدەكەوتەوە، لە نێوان خەلكی شاروچكەكەو بیانیەكان، لەماوەی ئەم سێ ساڵەی مانەوەی داعش لەم شاروچكەیە تەواو فەرمان و دەسەلاٚتی شمشێر حوكمی دەكرد. لەدیوێكی تر سەپاندنی حوكمی داعش بەدلی هەموو خەلكی ناوچەكە نەبوو، بەلاٚم لە لایەكی تریشەوە بەهەمان شێوە دوژمنی حكومەتی شیعەی عێراق بوون، لەم نێوەندەدا بەشێك لە خەلكی حەویجە بێ ویستی خۆیان لە ژێر حوكمی تاریكی چەكدارانی داعش ژیانیان دەبردە سەر، بەلاٚم لە ئاكام دا زۆری خەلكەكە لەبەردەم ستەمی ئەوان خۆی پێ رانەگیرا و پەنای بۆ راكردن و جێ هێشتنی سەروماڵیان و لەشەو دا بەكۆمەل خێزانەكان رایان دەكرد و رێگای مردن وژیان هەلبژێرن تا بگەنە سەنگەرەكانی پێشمەرگە. ئەو هاولاٚتیانە هەندێك جار دوای چەند كاتژمێرێك بە پێ رۆیشتن دەكەوتنە بۆسەی چەكدارانی داعش و هەموویان گوللە باران دەكران جاریش هەبوو لە ووشكایی رێگاكە بەبێ ئاوی دەمانەوو چەندین نمونەی كارەساتی لەم شێوەیە بینرا.

بەر لە ئازاد كردنەوەیئەم شاروچكەیە حەویجە هیچ هاوولاٚتیەكی تیانەمابوو جگە لە چەكداری داعش نەبێت، هەمووی رایكردبوو بەرەو كوردستان و لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە دەپارێزران، لەهەمان كات دا هەر ئەو خەلكەش بوون لە ناوەراستی شاروچكەی حەویجە پێشمەرگە دیلەكانیان بەرد باران دەكرد.

بەر لە هێرشی هێزە عێراقیەكان كولۆنێل (راین دیلۆن )پێشبینی ژمارەی چەكدارەكانی داعشی بە ٢٥٠٠ كەس لە حەویجە دانابوو.(٨١)

لەگەل دەست پێكردنی هێرش بۆ سەر ناوەندی شارۆچكەكە هیچ روو بە روو بونەوەی بەرچاو ئەنجام نەدرا و كەسیش لە چەكدارەكان نەكوژران و نەگیران لە كاتێك دا دەبوایە شەرێكی زۆر گەرم و سەخت رویدابایە، دوای ئەم رووداوە لە

١٠/٥/ ٢٠١٧ حەیدەرعەبادی مژدەی ئـازاد کردنـەوەی تـەواوی شاروچـکەی حەویجـەی ڕاگەیاند، لەوکاتەش دا ناوبراو بە سەردانێك لە پاریس بوو.
ئەم هێـرش و شـەرانەی لـە حەویجـەو دەوروبـەری ڕویانـدا زیـاتر لـە سـیناریۆیەکی سیاسـی دەچـوو وەك ئـەوەی ڕوو بـە ڕووبونەوەیـەکی سـەربازی بـێ، چـونکە ئـەو هێزوو توانایەی کە داعـش هـەیبوو ئـەوە نـەبوو کەلەچـەند کاتـژمێرێك بـێ شـەر شوێنیکی وا گرنگ بدات بەدەستەوە، بۆیە جێگای سەر سورمان بوو، بۆچی داعـش شەری بەرگری نەکرد؟ لەکاتێکدا شەرکردنیان کارێکی ئەستەم نەبوو.
بەتایبەتی چەکدارانی داعش بەوە ناسرابوون لە ماوەی ئـەم سـێ ساڵەی شـەرەکان هیچ بستێکی خاکی ژێر دەسەڵاتی خۆیان وا بە ئاسـانی نـەدەدا بەدەسـتەوە ئەگـەر شەری زۆر گەورەیان تێدا ئەنجام نەدابوایە.
سایتی دیبکای ئیسـرائیلی ئامـاژەی بـە ڕێکـەوتنێکی نهێنی نێـوان حکومـەتی عێـراق وداعـش کـرد کـە لـە شــەری حەویجـە کـراوە بـۆ کۆنترۆلکردنـەوەی شاروچـکەکە ودەوروپشتی بەبێ شەڕ. هەروا لە ڕاپۆرتەکەی ئەم ڕۆژنامەیەدا ئاماژە درابوو بەوەی کە هێزە عێراقیەکان هیچ هێرشێکیان نەکردۆتـە سـەر مۆڵگـەکانی داعـش، بـەڵکو ئەوەی هەبوو ڕێکەوتنێکی ژێر بە ژێری نێوان حکومەتی عێراقی و سـەرۆك هـۆزی ناوچـەکەو فەرمانـدەکانی چـەکدارانی داعـش بـوو. لەبەرامبـەری شـەر نـەکردن دا مەرجی داعش ئەوەبوو ڕێرەوێکی ئارم بۆ دەرباز بوونی چەکدارەکان وخێزانەکانیان بکرێتەوە تا بتوانن بێ زیانی گیانی لە شاروچکەکەبکشێنەوە.(٨٢)
تـەواوی سـەرکەوتنی ئۆپەراسـیۆنەکە بـە شـێوەیەك بـوو، داعـش خاکەکـەی دا بەدەسـتەوە بـە مـەرجی پاراسـتنی گیانیـان و ڕێ نـەگرتن لێیـان لـە کـاتی دەربـاز بوونیـان. بـەڵام سـوپای عێراقـی لەسـەر زاری (عمیـد یحی ڕەسـول )ڕەتـی کـردەوە ڕێکەوتنیان کردبێ لەگەڵ چەکدارەکانی داعش، ئـەو ووتـی دوای شـەرێکی سـەخت توانیمان سەدان چەکداری داعش بکوژین و سەرکەوتن بەسەریان تۆماربکەین.(٨

## داعش لە گێمی کۆتایی دا

لەگەڵ کۆتایی هاتنی دەسەلاتی داعش لە موسڵ و سەرکەوتنی گەورەی هێزە عێراقیەکان، هەرواش چاوەروان دەکرا داعش شوێنە گرنگەکانی تریش لەدەست بدات و دووچاری شکستی گەورە تر ببێتەوە. بەرلە ئازاد کردنەوەی موسڵیش هێزە عێراقیەکان و هێزی پێشمەرگە لە چەندین شارو شاروچکە شکستیان بە داعش هێنابوو، بەلام بەلەدەست دانی موسڵ رێکخراوی داعش گەورەترین گورزی بەرکەوت کە کاریگەری کردە سەر تەواوی خاکی ژێر دەسەلاتەکەی . هەرچەندە شارو شوێنی تر بەرلە ئازادکردنەوەی موسڵ لەژێر دەسەلاتی داگیرکاری داعش دەرهێنرابوون، بەلام کاریگەری ئەم شکستانە ئەوەندە بەسیمای ئەم رێکخراوەوە دیار نەکەوتبوو.

شاری تکریت یەکەمین شار بوو کە هێزە عێراقیەکان لە بەرواری ٣١/ ٢٠١٥/٣ بە هاوکاری ئێران و ئەمریکا توانیان لە چنگی داعش رزگاری بکەن، کە لەمانگی ٢٠١٤/٦ کەوتبوە دەستی داعش، ئەم شارە تەنها ١٦٠ کم دوورە لە بەغدای پایتەختی عێراق. (٨٤)

بۆ کورد داگیرکردنی شەنگال زامێکی قوڵ بوو ، کە هەمیشە لەهەوڵی ئازاد کردنەوەی دابوو، چونکە لەم شارەدا داعش سەرەرای داگیرکردنی زیاتر لە شەش هەزار کەسیشی ئەنفال کرد و بێ سەرو شوێن کران کە ئافرەتەکانیش یان کردە کەنیزە و بەسەر چەکدارەکانی خۆیاندا دابەشی کردن، بۆیە گرتنەوەی شنگال بۆ کورد زۆر گرنگ بوو، چەکدارانی داعش بە هاوکاری عەرەبی ناوچەکە لە ٢٠١٤/٨/٣ گەورەترین کردەوەی جینۆساید و ئەنفالیان تێدا ئەنجام دا، لە رۆژی ٢٠١٥/١٠/١٣

هێزەکانی پێشمەرگە بە هاوکاری فرۆکەکانی  هاوپەیمانی نێودەوڵەتی دژ بەداعش توانیان لە ئۆپەراسیۆنێکی سەرکەوتوودا شارەکە ئازاد بکەنەوە.

شاری رومادیش یەکێك بوو لەو شارانەی کە سونە نشین بوون،  بۆیە هەمیشە ئاسان بووە  بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی حکومەتی بەغدای شیعی، ئەم شارە تەنها ١٠٠کم لە بەغدای پایتەخت دوورە،  داعش لە مانگی ٢٠١٥/٣ دەستی بەسەر داگرتبوو، هێزە عێراقیەکانیش توانیان لە ٢٠١٦/٢/٩ ئازادی بکەنەوە.(٨٥)




( باغۆز دوا  مۆڵگەی داعش لە سوریا )

فەلوجە  نزیکترین شوێنی  پایتەختی عێراق بوو  کەتەنها (٥٠کم) لە ناوەندی بەغدا دووربوو،  داعش لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤یەکەمین شوێن بوو لە عێراق دەستی بەسەر داگرت،  بەڵام لە ٢٠١٦/٦/٢٦ دوای یەك مانگ شەر و هێرش کردن،  هێزە عێراقیەکان بە هاوکاری ئێران توانیان ئازادی بکەنەوە.(٨٦)

شاروچکەی گەیارەش کە ٦٠ کم لە خوارووی شاری موسڵە،  چەکدارانی داعش لە مانگی ٢٠١٤/٦ داەستیان بەسەر داگرتبوو،  ئەم شاروچکەیە فرۆکە خانە و چەندین

کارگە و شوێنی پیشەسازی گەورەی تێدابوو لەگەڵ کۆمەڵێك بیرە نەوت. لە ٩ /٢٠١٦/٧/ هێزە عێراقیەکان بە هاوکاری ناراستەوخۆی ئێران و هاوپەیمانی دژی داعش توانیان کۆنترۆڵی بکەنەوە.(٨٧)

شاروچکەی شەرگات بەهۆی پێگە جوگرافیەکەیەوە رۆڵێکی کاریگەری بینی لە ئازاد کردنەوەی موسڵ چونکە دەکەوێتە سەر رێگای سەرەکی بەغداد - موسڵ، ئەم شاروچکەیە لە مانگی ٢٠١٤/٦ لەلایەن چەکدارانی داعش داگیریان کرابوو، بەڵام رۆژی ٢٢/ ٢٠١٦/١١ هێزە عێراقیەکان توانیان ئازادی بکەنەوە، ئەم شوێنە دوا مەزلگای ژێر دەستی داعش بوو لە پارێزگای تکریت.(٨٨)لەدوای ئەم شکستانە لە ناوچە جیا جیاکانی عێراق داعش لە سوریاش دووچاری هەلوەرین و تێکشانی گەورە بۆ وە، لە چەندین ناوچەی سوریا هێزەکانی هەسەدە و یەپەگە توانیان پاشەکشە بە چەکدارانی داعش بکەن.

دواجار کۆتا مۆلگەی ئەم رێکخراوە لە باغوزی پارێزگای دێرەزووری سوری بوو کە گومان دەکرا ئەبو بەکر بەغدادی خۆشی لەوێ مابێتەوە، لە کۆتایی مانگی فێبریوەری ٢٠١٩ ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی ئەم ناوچەیە بە سەرکردایەتی ئەمریکا و هێزەکانی هەسەدە، دەستی پێکرد بەڵام لەسەرەتای هێرشەکەدا خۆبەدەستەوەدانی چەکدارانی داعش بەروونی دیارکەوت، بۆیە ئۆپەراسیۆنەکە ماوەیەك وەستێنرا بۆئەوەی زیاتر چەکدارەکان خۆیان رادەست بکەن و شوێنەکە جێ بهێڵن، ئەوە بوو بە هەزاران چەکدارو خێزانەکانیان خۆیان رادەستی هێزەکان کرد.

پاشان بەشێکی زۆر لەو چەکدارانە رادەستی حکومەتی عێراق کران کە ژمارەیان نزیکەی (٥٠٠) کەس دەبوو، کەلە نێوانیان چەکداری ئێرانی و چینیش هەبوون.(٨٩) چونکە لەلایەك باغوز دوا مەنزلگەی چەکدارانی داعش بوو، لەلایەکی تریشەوە ئەم شوێنە بۆماوەیەك دواسەنگەری بەرگری و خۆحەشاردانی ئەبوبەکر بەغدادی

بووه، بۆیه مەزندە دەکرا هەرچی هێزوو توانای چەکداری و داهاتی ئـەم ڕێکخـراوه لەم شوێنە کۆی کرابێتەوە، کەچی لەکاتی هێرشەکانی هەسـەدەو یەپەگـە بۆسـەریان ئەوان تەنها خەریکی خانوو سـوتاندن و دەربـازکردنی خێـزان و منداڵـەکانیان بـوون نەك قایم کردنی سەنگەرەکانیان و بەرگری بەهێز.

## ڕێکەوتنە نهێنیەکان لەگەڵ داعش دا

سروشتی پلان و تاکتیکی شەرو قوربانیەکانی ئۆپەراسیۆنی موسڵ، گۆرانێکی گەورەی خستە نێو شێوازی پلانی شەرەکانی ناوچەکانی تر لەلایەن هێزە عێراقیەکان لە روو بەرووبونەوەیان لەگەڵ چەکدارانی داعش، ئەوان لەشەرەکانی موسل تێگەیشتن کە پلانی داهاتوویان دەبێ بە جۆرێکی وا دابرێژرێت کە قوربانیەکانیان کەمتر بێت، ئەوەش بەگەمارو نەدانی دوژمن لەهەموو لایەکەوە، بەتایبەتی دوژمنێکی وا کە کەسانی خاوەن بیروباوەری توندرەوی سەلەفی جیهادی بن، چونکە خۆبەدەستەوەدانی ئەم کەسانە کارێکی وا ئاسان نەبوو، بۆیە گەمارۆدانی لە هەرچوار لا تەنها یەك هەڵبژاردە دەهێڵیتەوە ئەویش شەرکردن تا مردن. بینیمان کاتێك هەرچی هێزی عێراقی بوو لە شەری موسڵ بۆ ماوەی نۆ مانگ دووچاری سەخترین شەر بوونە وە لەگەڵ چەکدارانی داعش، بێ گومان هۆکارەکەش گەمارۆ دانیان بوو.

ئەم بارودۆخەی کە بەسەر هێزە عێراقیەکان هات وانەیەکی کوشندەبوو کە تا مێژوو ماوە لەبیریان ناچێتەوە بۆیە دوای تەواو بوونی شەری موسڵ و دەست پێکردنی ئۆپەراسیۆنی داهاتووی هێزە چەکدارەکان لە دژی داعش، ئیتر پلان و تاکتیکی شەرەکان بە شێوازێکی تر گۆران، بەتێکەڵ کردنی سیاسەتی سازش کردن لە پێناوی قوربانی کەمتر، سەرەتای ئەم پلانە تازەیەش لە شەرەکانی ئازاد کردنەوەی تەلەعفەر تاقی کرایەوە، ئەم جۆرە تاکتیکەی شەر ئەوەبوو کە لەسەرەتاوە لەگەڵ کەسایەتی و هۆزەکانی ناوچەکەو فەرماندەی چەکدارەکانی داعش بکەویتە گفتوگۆ و رازیکردنیان بەوەی ناوچەکە بەبێ شەر بەدەستەوە بدەن لە بەرامبەردا رێرەوێکی ئارامیان بۆ بکرێتەوە تا لەوێوە خۆیان و

خێزانەکانیان دەرباز ببن. هەرچەندە ئەم جۆرە سەرکەوتنە زۆر درێژە ناکێشێت چونکە تۆ ڕێگات بە دوژمن داوە لە شوێنێکی تر خۆی ڕێکبخاتەوە نەك نەیهێڵیت و لە ناوی بەری، بۆیە ئەم جۆرە تاکتیکە کاریگەری لە ناوچەیەك دەبێت بۆ ماوەیەکی کاتی، سەرەرای دەسکەوتی گەورە لە سەرکەوتنەکان کە بەبێ خوێن رشتن بەدەست هاتوو. بەم شێوەیە هێزە عێراقیەکان بە شێوەیەکی رانەگەیانراو توانیان زۆر بەی شوێنەکانی ژێردەسەلاتی داعش بگرنەوە.

ئەم جۆرە تاکتیکەی شەر لە سوریاش کەوتە بواری جێ بەجێ کردن، کاتێ بەئاشکرا حزب وللەی لوبنانی وحکومەتی سوریا لە گەڵ دوژمنە سەرسەختەکەیان(داعش) لە ٢٠١٧/٨/٣٠ کەوتنە گفتوگۆ و ڕێکەوتن، چونکە پاش ئەوەی لە دوای یەك هەفتە شەرکردنیان نەیان توانی چەکدارانی داعش تێکبشکێنن دوایی ناچار بوون لە ڕێگەی گفتوگۆ و ڕێکەوتن، بەوەی کەحزب اللەو حکومەتی سوریا هەڵسن بە گواستنەوەی چەکدارانی داعش لە سنوری سوریاو لوبنانەوە بەرەو دێرە زوور، دەبوایە ئەو چەکدارانە بە پاس بگوازرێنەوە بۆ دێرەزوور، بەلاّم رژێمی سوریا ڕێگاکەی گۆری بەرەو ئەلبوکەمالی نزیك سنوری عێراق.

ئەم ڕێکەوتنە بەیەکەمین ڕێکەوتنی ئاشکرا لە نێوان داعش و نەیارەکانی دادەنرێت کە لە ماوەی سێساڵی شەری رابوردوو کرابێتئەم هەواڵە هەموو جیهانی سەرقاڵکرد.(٩٠) بەلاّم سوریا زۆر بێ باکانە بەردەوام بوو لە گواستنەوەی چەکدارەکان . حکومەتی عێراق نارەزایەتی خۆی دەربری چونکە رێرەوی پاسەکان بەرەو سنوری وولاّتەکەی بەرێوە بوون، پاسەکان بە ئاشکراو لە رۆژی روناك دا لە رێگادابوون، ئەمریکا و روسیاش بە ووتەی خۆیان بەچڕی چاودێریان دەکەن بەلاّم لەبەر ئەوەی لە ناو پاسەکاندا ژن ومنداڵ هەبوو نەیانتوانی بە فرۆکە بۆردومانیان بکەن، حسن نسرالله ئەمینداری گشتی حزب اللەی لوبنانی ژمارەی

تەواو و شێوازی ڕێکەوتنەکەی بەئاشکرا لە راگەینراوەکان باس کرد، ئەو ووتی ژمارەی ئەو کەسانەی لە ( جرووود و قەلەمووون) بوون. ٦٧٠کەس بوو ، ٣٣١ خێزان بوون، ٣٠٨ چەکداری داعش و٢٦ بریندار بوون.(٩١)

کاروانی پاسی چەکدارەکان بەرێگاوە هەوڵیان دەدا هەرچی زووە بگەنە *شوێنی مەبەست، بەڵام بەهۆی چاودێری فرۆکەکانی هاوپەیمانان تا دەهات سەختر دەبوو.*

بریێت مەکگۆرگ نێردەی سەرۆکی ئەمریکا لە شەری دژ بە داعش لە ٢٠١٧/٩/٧ لە تویتەری خۆی رایگەیاند کە پاسەکان لە بیابان گیریان خواردوە و دڵنیایی دا کە نەگەیشتونەتە سنوری عێراق و ناشگەن.

بەڵام ووتە بێژی حەشدی شەعبی هەر ئەو رۆژە رایگەیاند کە نزیکەی (٧٠٠) چەکدار کە لە نێو پاسەکان بوون گەیشتنە شاری ئەلبوکەمال لە سنوری عێراق.(٩٢)

ئەم بابەتە تا دەهات گەرمتر دەبوو لە میدیاکانی جیهانی و ناوەخۆیی، هەموو لایەك بەگەرمی سەرقاڵی هەواڵی ئەم پاسانە بوون، لەلایەکی ترەوە حکومەتی عێراق زۆر شڵە ژا بوو، چونکە دەیزانی هێنانی ئەم چەکدارانە لە داهاتوێکی نزیکدا بەرۆکی عێراق دەگرێتەوە.

رۆژی ٢٠١٧/٩/٦ ووتە بێژی پنتاگۆن رایگەیاند: کەلە ئیستا دا کاروانی پاسەکان بونەتە دوو بەش بەشێکیان بەرەو بیابان و شاروچکەی ئەلبوکەمال دەروات ئەوەی تریش بەرەو شاری تەدمور.(٩٣)

لە کۆتاییەکەی بەشێك لە چەکدارەکان گەیشتنە سنوری عێراق لە دەورو بەری شاروچکەی ئەلبوکەمال دابەزین، فرۆکە چاودێرەکانی ئەمریکا و عێراقیش بۆردومانیان نەکردن و بەڵکو بە درێژایی رێگاکە لەگەڵیان هاورێ بوون، محمد کربولی ئەندامی لێژنەی ئاسایش وبەرگری لە پەرلەمانی عێراقدا رایگەیاند:ئەو چەکدارانەی کە لە سنوری لوبنانەوە بە پاسەکان گواسترانەوە لە ئێستادا گەیشتنە

ناوچـەی راوەی پارێزگـای ئـەنبار، هـەروا دەڵێـت: ئـەو چـەکدارانە لـە ناوچـەی ئەلبوکـەمالی سـنوری سـوریاوە رویانکردۆتـە ناوچەی(سـەکرەی) باشـوری خۆرئـاوای قەزای حەدیسە.(٩٤)

پێشتریش حیدەر عەبادی دژی ئەم رێکەوتنەی سوریا ولوبنان لەگەل داعش داوای لێکۆڵینەوەی کردبوو. بـەڵام ئـەم رووداوەش بـە رێگەیـەکی تـەموو مژاویـدا دەربـاز بوو، کەسیش خۆی لێنـەکرد بـە خـاوەنی، کـە رەنگـە خـودی ئێـران و عێـراقیش بەشیان لە رێکەوتنەکە هەبوو بێت.

لە شەری ئازادکردنەوەی شاری رەقەش بەهەمان شێوە رێکـەوتن هـەبوو، تورکیـاش هەلێکی دەست کەوت تا هێزەکانی سوریای دیموکرات و یەپەگە پێ تاوانبار بکات بە رێکەوتن لەگەل داعش، ووتە بێـژی حکومـەتی تورکیـا بـەکر بـۆزداغ رایگەیانـد: " هێزەکانی سوریای دیموکرات (هەسەدە) بەسەر پەرشـتی وچاودێری ئـەمریکا لەگـەڵ داعش رێکەوتوون تا بەبێ شەر و بەسەلامەتی رەقە بە جێ بهێڵن.(٩٥)

لێرەوە تورکیا تۆمـەتبارکردنی نـەیارەکانی خـۆی بـە هـەل دەزانـی ولـە زۆرێـك لـە راگەیانـدنەکانی باسی لە پاشەکشەی چەکدارانی داعش دەکـرد بـە شـێوەی رێکـەوتن بەتایبەتی لەگەڵ هێزە کوردیەکانی سوریا وهەماهەنگی ئەمریکا، ئەم دەنگ و باسـە وای کرد نێردەی تایبەتی سوریاش لە نەتەوە یەکگرتوەکان بڵێت ئەمریکا رێگـای بـە داعش داوە لە رەقەو دێرەزور دەرباز ببن.

## راوەو قایم دوا مەنزڵگەی داعش لە عێراق

ئەم دوو شاروچکەیە دەکەونە نزیك سوریا و هاو سنورن لەگەڵ شاروچکەی ئەلبوکەمالی سوری، رۆژی ٢٠١٧/١٠/٢٦ حکومەتی عێراق ئۆپەراسیۆنی کۆنترۆڵکردنەوەی راوە و قایمی راگەیاند. قایم ئەو شاروچکەیەی بە پایتەختە نهێنیەکەی داعش دەناسرا.

فەریق روکن عبدول ئەمیر رشید یاراللە کە فەرماندەی گشتی ئۆپەراسیۆنەکە بوو، دەڵێ : "ئۆپەراسیۆنەکە هەموو ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە لە ژێر دەستی داعش ماوون وەك راوە وقایم وکەرابیلە وعوبید و کارگەی فۆسفات و کارگەی چیمنتۆ و بەشێکی زۆر لە گوندەکانی سەر سنوری سوریا.(٩٦)

ئەم ناوچەیە نزیکەی ٣٢٠کم لەو پەری رۆژئاوای شاری ئەنبارە و ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاترە لە(٥٠،٠٠٠)کەس دەبێ، شارۆچکەی راوە سروشتێکی جوانی هەیە بە هۆی تێپەر بوونی روباری فورات بە تەنیشتیەوە و کە لایەکی دە کەوێتە تەنیشت بەرزاییەك کە زۆر لە خانوەکانی شاروچکەکە دەکەوتنە پاڵی.

رۆژی ٢٠١٧/١١/١ فرۆکەکانی عێراق بلاوکراوەیان بەئاسمانی ئەم ناوچەیە هەڵدایە خوارەوە، کە داوایان لە دانیشتوان دەکرد ئەگەر چەك بە رووی هێزە عێراقیەکان هەڵنەگرن و بگەرێنە مالەکانیان و ئالای سپی لە سەر خانوەکانیان هەڵبکەن هەموویان پارێزراو دەبن.(٩٧)

شاروچکەی (عانە)ش کە لە چوارچێوەی هەمان ئۆپەراسیۆنی هێزە عێراقیەکان بوو بۆ کۆنترۆڵکردنی، یەکێك بوو لە شاروچکە هەرە کۆن دێرینەکانی ناوچەکە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ سەردەمانی دەوڵەتی ئاشوری کە نزیکەی ٤٢ سەدەیە ژیانی تێدا بەردەوامە ولە ئێستادا ژمارەی دانیشتوانی دەگەیشتە ٢٩،٨٣٠کەس.(٩٨)

ئەم ئۆپەراسیۆنەی هێزە عێراقیەکان زۆر درێژەی نەکێشا تا هەموو ناوچەکە کەوتنەوە دەستی حکومەتی عێراقی، لە رۆژی ٢٠١٧/١١/٣ سەرۆکی حکومەتی عێراقی حەیدەر عەبادی ئازادکردنەوەی تەواوی ناوچەکانی قایم و راوە وعانەی راگەیاند، کە بەدوا ناوچەی ژێر دەسەڵاتی داعش ناسرابوو. حکومەتی ئێرانیش موژدەی سەرکەوتنی بەسەر چەکدارانی داعش لە عێراق راگەیان، ئینجا حکومەتی تورکیاش پیرۆزبایی کۆتایی هاتنی داعشی لە عێراق کرد، سەرۆکی روسیاش لە ٢٠١٧/١١/٢١ لەکاتی کۆبونەوەی لەگەڵ بەشار ئەسەد ووتی داعش کۆتایی هات دەبێ پرسە سیاسیەکان چارەسەر بکرێن.(٩٩)

بێ گومان گرتنەوەی ئەم ناوچەیە کە دەکەوێتە سەر سنوری سوریا کاریگەریەکی خێراو راستەو خۆی هەبوو لە سەر شاروچکەی ئەلبوکەمال، لە رابوردوش هەمیشە ناسەقامگیری عێراق و ناوچەکە بەند بووە بە سەقامگیری ئەم سنورە بۆیە لەماوەیەکی کورتدا دەرکەوتەکانی ئەم ئۆپەراسیۆنەی عێراقی رەنگدانەوەی لەسەر دیوی سنوری ئەلبو کەمالیش هەبوو.

دوای ئازاد کردنی قایم هێزە ئەمریکیەکانیش سەربازگەیان لەو شوێنانە دامەزراند کە خەڵکی سونە لێ نیشتە جێبوون، لەهەمان کاتدا هێزەکانی حەشدی شەعبی و سوپای عێراقیش بنکەو بارەگایان لێ دانا، بەڵام ئەوەی دەبینرا تا دوای ساڵێکیش لە ئازادکردنەوەی ناوچەکە سەرەرای ئارامی و نەمانی داعش کەچی بەهۆی ململانێی نێوان هێزەکانی ئەمریکا و گروپە شیعەکانەوە دڵەراوکێ باڵی بەسەر خەڵکی ناوچەکە داکێشابوو، هەرچەندە هەردوو هێزەکە ( ئەمریکا و حەشدی شەعبی) ئامانجێکی رونیان هەبوو ئەویش شەرکردن بوو لە دژی داعش و پارێزگاری لە سنورەکە، بەڵام لە دیوێکی تریش دا هەردوو هێز ئامانجی تایبەتیان هەبوو، ئەمریکیەکان دەیانویست ئەو رێگایە ووشکانیە ببڕن کە ئێران ویستی

هـەبوو پێـی بگاتـە سـوریا و لـەوێوە بـۆ سـەر دەریـا، لـەکاتێك دا گروپـە شـیعەکان هەوڵیان دەدا بەربەستەکان بشکێنن و بەهەر نرخێك بێت رێگاکە ئارام بێ.

حکومەتی عێراق دوای ئـازاد کردنـی ئـەم شاروچـکەیە هـەموو گروپـەکانی حەشـدی شـەعبی پاشەکشـە پێکـردن لـە ناوچـەکە جگـە لـە لیـوای (تفـوف) نـەبێ کـە فەرماندەکـەی قاسـم موسـلیح بـوو، ئـەم لیوایـە گروپێکـی شـیعەیە پێشـتر سـەر بـە مەرجەعی بالا عەلی سیستانی بوو، پاشان بە چەند هۆکارێك دوورخرایەوە، بـەلام بە پالپشتی چەند گروپێکی حەشدی شەعبی و پشتیوانی ئێران بوون بە گروپێکـی سەربەخۆ لە ریزەکانی حەشدی شـەعبی، کە ئامانجیـان پاراسـتنی سنورەکەبوو بـۆ رێ خۆشـکرنی هـاتوو چـۆی ئێرانیـەکان بـۆ سـوریا و هەلگرتنـەوەی ئـەو بۆمبـە چێنراوانەی کـە داعـش دابنابوونـەوە، لەهـەمان کـات راوەدونـانی شـانە نوسـتوەکانی داعش لە شاروچکەکە.

هێزەکانی ئەمریکا کە هیچ هەمانگیەکیان لەگەڵ ئەم لیوایـە نـەدەکرد، بـەلام کـاری باشیان بۆ سوپا و خەڵکی ناوچەکە دەکـرد، بـەلام هەماهـەنگی و کـاری هاوبـەش لـە نێوان سوپای عێراق و هێزی ئەمریکی لە ئاستێکی باش هەبوو.(١٠٠)

## ئەلبوکەمال

دەوڵەتی عێراق سنورێکی هاوبەشی درێژی لەگەڵ سوریا هەیە کە دەگاتە ( ٦٠٥کم) ئەلبوکەمالیش شاروچکەیەکی سوریە نزیك لە سنوری عێراق بەدووری ٨کم، ئەم شاروچکەیە سەربە پارێزگای دێرەزوری رۆژهەلاتی سوریایە، روباری فوراتیش کەلە تورکیاوە دێت و ئەم شاروچکەیە دەبرێت ، ناوی شاروچکەکە دەگەرێتەوە بۆ ناوی هۆزێکی عەرەب نشینی ناوچەکە کە ناوی (ئەبو کەمال) بووە.

لەسالی ١٨٦٤ ئەم شاروچکەیە لەلایەن سوڵتانەکانی عوسمانی دامەزراوە، لە دوای ئەوانیش ئینگلیزەکان هاتوونەتە ئەوێ دوای ئەوانیش فەرەنسیەکان لە ساڵی ١٩٢١ تا ١٩٤٥ داگیریان کردوە، ساڵی ٢٠١٤ رێژەی دانیشتوانەکەی دەگەیشتە ٥٠،٠٠٠کەس، لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق لە ٢٠٠٣ گروپە بەرهەڵستکارەکانی سونە پەنایان بۆ ئەم شاروچکەیەدەبرد، بۆیەش ئەمریکیەکان بەو هۆیەوە چەند جارێك بۆردومانیان کردوە.(١٠١)

ئەم شاروچکەیە وەك تەواوی خەلکی سوریا لە ساڵی ٢٠١١ بەشدار بوون لە شۆرش وراپەرینەکانی بەهاری عەرەبی، دوای ساڵی ٢٠١٢ ئاگری شەر گەیشتە ناوچەکەیان. لە ٢٠١٤/٧/٣ تەواوی ناوچەکە کەوتە دەستی داعش.(١٠٢)

ئەلبوکەمال دوایین شاروچکە بوو لە ژێر دەستی داعش مابۆوە، لە پرۆسەیەکی هەماهەنگی عێراق و ئێران وسوریا ئازاد کرایەوە، بەتایبەتی قاسم سلیمانی فەرماندەی فەیلەقی قودسی سوپای پاسدارانی ئێرانی رۆڵێکی بەرچاوی بینی لە کۆنترۆڵکردنەوەی، چونکە لەو کات وساتەدا ئێران لە هەمووان زیاتر پێویستی بەو سنورە هەبوو، بۆتەواو کردنی نەخشەی رێرەوێکی ئازاد تالە وێوە هاوکاری

وپاڵپشتیەکانی بگەینێتە ناو سوریا ولوبنان و دەستی بگات بە وولاَتانی تری ناوچەکە.

ڕۆژنامەی تایمزی بەریتانی ڕایگەیاند کە: **ئێران لەسەر پاشماوە وێرانەکانی داعش نەخشەی کەوانە ((هیلالی شیعی)) دادەمەزرێنی**.لەدوای ئازاد کردنەوەی ئەم سنورە لە لایەن سوریاو عێراق، ئێران کەوتە جێ بەجێکردن و دارشتنی پلان وبەرنامەی تایبەتی خۆی، بەتایبەتیش گرنگیەکی زۆری لە ڕۆڵی سەربازی بینی لە شاروچکەی ئەلبوکەمال.

ئێران لەم شەرەدا دڵی بەوە خۆش بوو کە توانی شکست بە سێگۆشەی ئیسرائیل وعەرەب وڕۆژئاواییەکان بهێنێت لەگەل کۆنترۆڵکردنی ئەلبوکەمال، چونکە بە بۆچونی خۆی تارانی گەیاندە سەر دەریای ناوەراست زۆر پێشتر لە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی. (١٠٣)

ئاشکرایە ئێرانیەکان بۆ جێ بەجێ کردنی ئەجندای تایبەتی خۆیان لەسەرەتاوە ڕۆڵێکی کاریگەریان بینی لە پاك کردنەوەی ئەو ڕێرەوەی کە دەیگەیاندنە سەر دەریا لە هەردوو دیوی سوریاو عێراق بەلاَم ئەمریکیەکان نەیان توانی پێش لەم جوڵە بەهێزەی ئەوان بگرن، لە کۆتاییەکەش دا بینیمان چۆن ئێران نیمچە سەرکەوتنێکیبەدەست هێنا.

قاسم سلیمانی خودی خۆی لەکاتی ئازاد کردنەوەی شاروچکەی ئەلبوکەمال ئامادە بوو، نوسینگەی ژووری ئۆپەراسیۆنەکانی سوریا نامەیەکی ئەم فەرمانده ئێرانیەی بلاَو کردەوە کە بەدەست وخەتی خۆی لە ماڵێکی ئەم شاروچکەیە بۆ خاوەنی ماڵەکەی بەجێ هێشتبوو لە نامەکەدا کە بەزمانی عەرەبی نوسیبووی:" (داوای لێبوردن دەکەم بەبێ مۆڵەت ناچار بووم لەماڵەکەت بمێنمەوە) ئەو فەرماندەیە ئامادەیی خۆشی بۆ خاوەن ماڵەکە دەربری بوو بۆ قەرەبۆکردنەوەی هەموو

زەرەرو زیانـــەکان کـــە پێـــی گەیشـــتووە، ژمـــارە و ئەدرێســـی خۆشـــی لـــە نامەکـــەدا نوسیبوو.(١٠٤)

شەری ئەلبوکەمال بۆ ئێرانیەکان جێگای بایەخ بوو بەهەمان کات ئەمریکیـەکانیش زۆر بە گرنگیەوە دەیانروانیە شەرەکەو هەوڵی زۆریشیان دەدا رێگری لـە بەرنامـەو پلانەکانی ئێران بکەن لەم شەرەدا بەڵام بێ سودبوو چونکە ئێرانیەکان هەماهـەنگی بەهێزترو جوڵەی خێراتریان هەبوو لەناوچەکەدا.

لـە گرتنـەوەی شاروچکەی ئەلبوکـەمال هەماهەنگیـەکی بـە هێـز هـەبوو لـە نێـوان عێراق و سوریا و ئێران بەجۆرێك ئەو هێزەی لە قایم شەری کرد هەمان ئـەو هێـزە بـوو بەشـداری لـە شـەرەکانی ئـەودیوی سـنوریش کـرد، رۆژی٢٠١٧/١١/٣ هێـزە عێراقیەکان شاروچکەی قایمیان کۆنترۆڵکردەوە، فەرماندەی فرقەی حەوتی سوپای عێراق بۆ کەناڵیی ( العربی الجدید) رایگەیانـد: "هێزەکانمـان هـەموو شـوێنەکانیان پاك کردەوە کە داعش داگیری کردبوون، ئەو هێزانەش بریتی بـوون لـە فرقـەی٧و فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنی بیابان و دەزگای دژە تیرۆر وحەشدی شەعبی(١٠٥)

لەم شەرانەدا هێزەکانی سوپای عێراقـی رۆڵـی بەرچاویان هـەبوو، بـەڵام حەشـدی شەعبی خاوەنی بریاری کۆتایی بوو لە جوڵەو تاکتیکەکانی سەربازیدا.

دوای کۆنترۆڵکردنـەوەی ئـەم ناوچـانە وەزارەتـی بـەرگری روسـیا لـە ٢٠١٧/١١/١٤ لـە راگەیەنراوێکدا ووتی: " رۆژی ٢٠١٧/١١/٩ ئەوان بە چری لە رێگەی فرۆکەکانیانـەوە چاودێری ئەو کاروانە ئۆتۆمبێلانەیان دەکرد کە پڕ بـوون لـە چـەکداری داعـش ولـە ئەلبوکەمالەوە دەکشانەوە بەرەو دەروازەی (وادی سەیحە ) بۆ سنوری عێراق، ئینجا فرۆکەکانی روسیا ویستویانە بۆردومانیان بکـەن بـەڵام ئـەمریکیـەکان رێگـەیان پـێ نەداون بـەیبانووی ئـەوەی ئـەم چـەکدارانە دەیانـەوێت خۆیـان رادەسـت بکەنـەوە و دەبنە دیلی جەنگ بۆیە نابێت لە ناو ببرێن.(١٠٦)

هەرچەندە سەرچاوەیەك لە هەسەدە بەرۆژنامەی الشرق الاوست ی راگەیاند: چۆڵكردنی ئەلبوكەمال بەشێك بوو لەو رێكەوتنە نهێنیەی رژێمی ئەسەد و چەكدارانی داعش. هەر بە گوێرەی ئەم رێكەوتنە ناوچەكانی (قەلەمون و دێرەزوور و مەیادین) یشی چۆڵكرد.(١٠٧)

لەلایەكی ترەوە هەر رۆژێك دوای لەدەست دانی ئەلبوكەمال سەرەرای بوونی هێزێكی زۆری سوپای سوری و حزب اللەی لوبنانی و حەشدی شەعبی چەكدارانی داعش هێرشێكیان كردەوە سەر ئەم شاروچكەیە و چەندین گەرەكیان كۆنترۆل كردەوە.(١٠٨)

دوای جێهێشتنی ئەم ناوچانە لەلایەن داعشەوە، زۆربەی شتە بەنرخ و گرنگەكانی ناوچەكە یان بردو و تالاَن یان كرد یان دەیانسوتاند و دەیان شێواندن، بەتایبەتی مۆزەخانەو كتێبخانە گشتیەكان ئامانجی سەرەكی ئەم سیاسەتەی داعش بوو، هەروا ئەو كەل و پەلانەشیان كە نەیان توانی بیبەن لەگەڵ خۆیان لە خانوەكاندا بۆمب رێژیان دەكرد، لە شاروچكەی راوە سەدان خانویان بۆمب رێژكردبوو.

## دوا ساتەکانی خەلافەت و
## جولأنەوەکانی داعش لە کاتی شکستەکان

داعش بەو هێز و توانا رادەبەدەرەی کە پێی هاتە سەر شانۆکە، ناشارەزا نەبوو لە بەرێوە بردن و رێکخستن و دامەزراندنی دەوڵەت، لە نێوان ساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧ خاکێکی زۆر کەوتە ژێر کۆنترۆڵیەوە، وە نزیکەی ١٢ملیۆن هاولأتی لە ژێر دەسەلأتی دا ژیانیان دەگوزەراند.

هاوکات نزیکەی ١٠٠میل لە کەنارەکانی لیبیا کەوتە ژێر دەستی، لە عێراق وسوریا و نێجیریا و فلیبین و ١٣ وولأتی تر چەندان ناوچەی کەوتە ژێر دەست، لە دوای گرتنەوەی موسڵ نیشانەکانی رۆژی کۆتایی خەلافەتەکەی داعش بەرە بەرە دەبریسکایەوە، دوای موسڵ لە رەقە و دێرەزوور و رۆژهەلأتی ئەنبار داعش پێی نایە قۆناغی شکستی یەك لە دوای یەکەکانیەوە ، ماوەی (١٠٥٩ ) رۆژ شەرکردن لە ئەیلولی (٢٠١٤ تاکو ٢٧/ ١٢/ ٢٠١٧) شەری بەردەوامی ئەو لەگەڵ هێزی چەندین دەوڵەت بەرەو کۆتایی چوو، لەم ماوەیەدا فرۆکەی هاوپەیمانەکان (٢٣،٠٠٠) جار بۆردومانی مۆڵگەو شوێنەکانی داعشیان کرد لە سوریا و لە عێراق، کە بڕی تێچونی یەك رۆژی بۆردەمانی فرۆکەکان ( ١٢،٠٦) ملیۆن دۆلاربوو. (١٠٩)

فرۆکەکانی هاوپەیمانان هەر لەسەرەتای ئۆپەراسیۆنەکانەوە کاریگەری زۆریان هەبوو لەسەر شکستەکانی داعش، رۆژی ٢٠١٦/٣/٢٣ ووتە بێژی رێکخراوی داعش ئەبو محمد عەدنانی لە میدیاکانی سەربە خۆیان ووتی( ئایا ئەمریکیەکان پێ یان وابوو کەبەلەدەست دانی شارێك یان چەند شوێنێك داعش نامێنێ و شکست دەخوات؟ ئایا ئەگەر موسڵ و رەقەش بگرنەوە ئێمە لەناودەچین.(١١٠)

قسەکانی ئەم سەرکردەیە ئاماژەدان بوو بەوەی ئەوان لەوکاتەدا لەبارێکی خراپی بەرگریکری دان و دەیانویست تەنها شەری بەرگری کردن لە ناسنامەی ڕێکخراوەکەیان بکەن. لە خۆبایی بوونی ئەبوبەکر بەغدادی وای کرد داعش لەدەسەلاتی دەوڵەتی بەرفراوانی خەلافەتەوە بیبات بەرەو خۆحەشاردانی لە دۆڵو دەشت و چیاکان و گەرانەوەیان بۆ خاڵی دەستپێکردنی کاری نهێنی و پارتیزانی. دوای هەڵوەشانەوەی جەستەی بەهێزی سەربازی و لەدەست دانی حەوت وولایەت لە عێراق و شەش وولایەت لە سوریا داعش بوو بە ڕێکخراوێکی بێ خاك و بێ دەسەلات وەك ئەوەی پێش ساڵی ٢٠١٤ تیایدابوو.

پێشتر پێشبینی کرا دەسەلاتی داعش زۆر ناکێشێت، ئەمریکەکان لەسەرەتای هاتنی داعش بۆ عێراق چەند جارێك دوو پاتیان کردەوە کە چەکدارانی ئەم ڕێکخراوە سێ ساڵ درێژە بە دەسەلاتەکانیان دەدەن لە عێراق وسوریا، بەدڵنیایەوە هەر وابوو سێ ساڵ توانیان پارێزگاری لە خەلافەتەکەیان بکەن. ئەوان بۆ پارێزگاری لە بوونی خۆیان و ناسنامەی خەلافەتەکەیان لەدوای شکستە گەورەکانی لە سوریاو عێراق دا پەیرەوی ڕێبازی ئەلقاعیدەیان کرد، بەوەی ئەلقاعیدە لە هەژدە ساڵی ڕابووردوو لە هەر شوێنێك شکستێکی خواردبایە شوێنێکی تازەی لە وولاتێکی تر هەڵدەبژارد، لە ئەفغانستان کاتێك دووچاری شکستی گەورە بۆوە، کەچی لە دەیان شوێنی تر خۆی گرتەوە و بەردەوام بوو لە پاراستنی ناسنامەی خۆی. بۆ نمونە لە ساڵی ٢٠٠٣ دوای ئەفغانستان یەکەمین دروست بوونەوەی ئەلقاعیدە لە سعودیە بوو، ئینجا لە ٢٠٠٤ لقی کردەوە لە عێراق، لە جزائیر لە ٢٠٠٦، لە یەمەن لە ٢٠٠٧، لە سۆماڵ ٢٠١٠، پاشتر لە سوریا لە ٢٠١٢.

داعشیش دوای ئەو پاشەکشێی و شکستانەی کە دووچاری بوو لە عێراق و سوریا کەچی هێشتا پێی وابوو هەزاران چەکداری لەم دوو وولاتە ماون. بۆیە پێ دەچوو داعش بە هەمان شێوەی ئەلقاعیدە درێژە بە مانەوەو فراوان بوونی

ڕێکخستنەکانی خۆی بدات، یانیش دەبێ وەك ئەوەی لە عێراق و جزائیر وسۆماڵ یەك بگرێت و نزیك بکەونەوە لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە توندڕەوانەی کە پێشترلەم وولاٚتانە هەبوون و چالاك بوون.

لەلایەکی ترەوە بەسەرکەوتنی هێزە عێراقیەکان لە شەری موسڵ چەکدارانی داعش دووچاری لێك ترازان و تێك چوونی شیرازەی ڕێکخراوەکەیان بونەوە. ئەم گۆرانکاریە لە بالانسی هێز وایکرد کۆچی چەکدارەکانی داعش پێچەوانەی سێ ساڵی پێشووتر ببێتەوە، لەسەرەتای داگیرکاریەکانی ئەم ڕێکخراوە بە لێشاو خەڵك لە وولاٚتانی جیهان روویان لە ناوچەکانی ژێر دەسەلاٚتی داعش دەکرد بۆ جیهادکردن و ژیانێکی جیاوازتر لەوەی هەبوو، کەچی دوای مانگی ٢٠١٧/٧ کرداری کۆچی هەزاران کەسی جیهادی بۆ ریزی داعش ئاوەژۆ بۆوە.

بەگوێرەی راپۆتێکی نەتەوەیەکگرتوەکان لە ٢٠١٨/٨/٢٣ ڕایدەگەینێ: ئەوانەی لە وولاٚتانەوە هاتبوونە ریزی داعش لە دوای شکستەکانی ئەم ڕێکخراوە بە لێشاو رادەکەن بۆ ئەو وولاٚتانەی کە هێشتا هیوایان پێ هەیە گونجاو بێت بۆ جیهاد ، لەوانەش لیبیا کە نزیکەی چوار هەزار کەسی داعش لە دوای روخانی خەلافەتەوە گەیشتنەتە ئەوێ، هەروا ٤٥٠٠ کەسی تری داعش گەیشتونەتە ئەفغانستان.(١١١)

چارەنوسی خەلیفەکەیان کە یەکەمین جارو دواجار هەر لە ٢٠١٤/٧/٤ لە مزگەوتی ( نوری) لە موسڵ دەرکەوت و خەلافەتەکەی راگەیاند، کەتێدا بەسەرو جامانەیەکی رەش و ریشنەوە لەسەر سەکۆی مینبەری مزگەوتەکە ووتارێکی خوێندەوە و تێدا خۆی وەك خەلیفەی موسڵمانان بە خەڵکەکە ناساند، ئینجا لە وتارەکەیدا بەم شێوەیە بۆ ئامادەبوان دووا:"**( من بووم بە پێشەوای ئێوە، بەلاٚم من خۆم لەکەستان بە باشتر نازانم، ئەگەر لەسەر رێگای راست بووم پشتگیریم بکەن، ئەگەر لەسەر رێگای خراپ بووم راستم بکەنەوە و بمخەنەوە سەر رێگای راست، وەگوێ رایەڵیم بکەن و لەبەر ئێوە خواپەرستی ناکەم)**(١١٢)

ئەمە ئەو ووتانەی خەلیفەی داعش بوو کە بۆیەکەمین جار خۆی وەك خەلیفەی موسڵمانان ناساندبە خەڵك دا، کە تێدا لاسایی خەلیفەی موسڵمانان ئەبوبەکر سدیقی کردەوە کاتێك بوو بە یەکەمین خەلیفەی ئیسلام و ووتارێکی لەساڵی (١١)هجری بەم شێوەیەی بڵاوکردەوە لە بەردەم موسڵمانان.(١١٣)

لەم دەرکەوتنە و خۆناساندنەی تا پێنج ساڵ دواتر دەرنەکەوتەوە لە سەر شاشەکانی میدیای جیهانی، کە هەردوو جار دەرکەوتنی لە دوو بارووددۆخی زۆر لێك جیا، جاری یەکەم لە کاتی سەرکەوتنەکانی و راگەیاندنی خەلافەتە نامۆکەی بوو بە جیهان، جاری دووەمی دوای نزیکەی پێنج ساڵ کوشتن وداگیرکاری و ماڵوێرانی لە ٢٠١٩/٤/٢٨لەتەنگترین بارودۆخی خۆی و رێکخراوەکەی کەوتەوە سەر شاشەکانی راگەیاندنی جیهانی ، کە تێدا هەرەشەی لە وولاتان دەکرد بەوەی راستە خەلافەت پاشەکشەی کردوە بەڵام داعش ماوەو جیهاد دەبێ بەردەوام بێت.(١١٤) چەند جارێکش لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەدا پەیامی دەنگی تۆمارکراوی بڵاو کرایەوە، هەواڵی کوژرانی راگەینرا. لەماوەی ساڵانی دەسەڵاتی خەلافەتی داعش لە موسڵ ژمارەیەك بەرپرس و شارەزا و پیاوانی دەزگای هەواڵگری بیانی بۆ دۆزینەوەی شوێنی ئەبو بەکر بەغدادی سەردانی عێراقیان کردوە، بەڵام بەهۆی پاراستنی نهێنی و ووریایی جموجۆڵەکانییان رێگایان بە دەزگا سیخوریەکان نەدا شوێنیان بدۆزنەوە.

رۆژی ٢٠١٨/٨/٢٣ دامەزراوەی راگەیاندنی (الفرقان) کە باڵێکی راگەیاندنی رێکخراوی داعشە، تۆمارێکی دەنگی ئەبوبەکر بەغدادی بڵاوکردەوە، کە بۆماوەی ٥٤ خولەك قسەدەکات، تێدا باس لە باری گشتی ناوچەکە و سیاسەتی ئەمریکا و روسیا دەکات، هەروا باس لە تورکیا دەکات کە قەشە ئەمریکیەکەی دەستگیر کردوە، ئەم تۆمارە دەنگیەی بەغدادی ئەوەی دەسەڵماند کە تۆمارەکە کۆن نەبوو.(١١٥)

رۆژنامـەی گاردیـانی بـەریتانی بـڵاوی کـردەوە کـە لـە ٢٠١٦/١١/٣ لـەماوەی ٤٥چـرکە خەریك بوو شوێنی بەغدادی بکەوێتە دەستی تۆڕی هەواڵگری ئەمریکا، بەهۆی ئەو پەیوەندیە تەلەفۆنیەی کە خودی بەغدادی کردبووی لەگەڵ چەکدارەکانی، بـەڵام هـەرزوو پاسـەوانەکانی هەسـتیان بـە مەترسـی ئاشـکرابوونی شـوێنەکەیان کردبـوو، بۆیـە هـەر زوو پەیوەندیەکـە دەپچـڕێنن و خۆیـان وون دەکـەن بـۆ شـوێنێکی تـری نادیار. هیشام هاشمی شارەزای عێراقـی وتوێـژەری مێـژووی گروپـە تونـدرەوەکان رایگەیانــدبوو: ئەبوبــەکر بەغــدادی تاکــە کەســە لــەنێوان ئــەو (٤٣) ســەرکردە سەرەکیانەی داعش، کەتا ئەوساتە لە ژیان مابێت.(١١٦)

وون بـوونی بەغـدادی کـە گرێـدراوی چارەنوسـی رێکخراوەکـەیان بـوو، نـەبوو بـە رێگر لەبەردەم چەکدارانی ئەم رێکخراوە لە بەردەوام بوون لە چالاکیە کانی خۆیـان و جمو جوڵی رێکخراوەکەیان.

هەنــدێ سەرچـاوەی هــەواڵگری وای بــۆ دەچــوون ئــەبوبکر بەغــدادی ناوچــەکەی جێهێشتووە و بەرەو کیشوەری ئەفریقیا رایکردوە، کەپێ دەچوو لە سنوری نێـوان وولاتـانی چـاد و نـیجیر خـۆی حەشـاردابێ، هـەروەها لـەمانگی ٢٠١٨/١ بـەرێوە بـەری گشـتی هـەواڵگری و دژە تـیرۆری وەزارەتـی نـاوخۆی عێـراق رایگەیانـد کـە بەڵگـەیان لەبەر دەستایە کە ئەبوبەکر بەغدادی بارودۆخی تەندروسـتی ودەروونـی خراپـە و لەناوچەی جزیرەی سوریا سەردانی نەخۆشخانەیەکی داعشی کردوە. ئەم زانیاریانە شتێکی تازە و دروست نەبوون، لەماوەیەی کۆتاییەکانی خەلافەتی داعش لە عێراق و سوریا چەندین جار زانیاری لەم جۆرە بڵاو کرایـەوە کەچـی بـە بڵاوکردنـەوەی زانیاریەکی تازەتر ئەوەی پێشووتر لە بیر دەکـرا. لـەمانگی ئـاداری ٢٠١٨ فەرمانـدەی فیرقەی تایبەتی هێزەکانی ئەمریکی کە بارەگاکەی لە ( عین ئەسـەد) لـە خۆرئـاوای شاری ئەنبار رایگەیاندبوو کە: هێزەکانیان هەوڵنادەن ئەبو بکـر بەغـدادی دەسـتگیر بکەن، پێشتریش رۆژنامەی (یەنی شەفەق)ی سەربە ئەکپارتی دەسەڵاتداری تورکیـا،

له ١٧ی كانونی یەكەمی ٢٠١٧ بڵاوی كردبۆوە كە ئەبو بەكر بەغدادی لە بنكەیەكی سەربازی ئەمریكیە لەشاری حەسەكە. (١١٧)

رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی بڵاویكردەوە كە لە١٠/١/٢٠١٩ گروپێكی نێو رێكخراوی داعش بە فەرماندەیی ئەبو موعاز جزائیری دوای هەڵگەرانەوەی لە داعش ویستویەتی ئەبو بەكر بەغدادی بكوژێت لە شاروچكەی ( باغوز) نزیك پارێزگای دێرە زوور، دوای شەرێكی سەخت بەغدای رزگاری بووە و رایكردوە.(١١٨)

هەموو ئەو هەواڵ و زانیاریانە نەیان توانی بوو سەرەداوێك لە رێچكە تاریك و باریكەكانی رێگای تێپەربوونی ئەبو بەكر بەغدادی بدۆزنەوە كە بەغدادی پێی دا تێپەریبوو، كاتێكیش ئەبوبەكر بەغدادی لە ٢٢/٤/٢٠١٩لەدوا قۆناغی نیشتەجێ بوونی لە باغۆزی سوریا جێ دێڵێت بەرەو شوێنێكی نادیار بڕێكی زۆر لەو پارەو پولەی لەلای بوو دابەشی سەر چەكدارەكانی دەكات و تەنها خۆی و سێ لە پاسەوانەكانی خۆیان وون دەكەن بەرەو شوێنێكی نادیار، پاسەوانەكانیشی بریتی بوون لە (جمعە برا گەورەی خۆی و عبدالتیف جبوری شوفێری تایبەتی خۆی و سعودكوردی پۆستەچی خۆی). (١١٩)

دوای رۆیشتنی ئەوانیش چەكدارانی داعش چوار خانوو لە باغوز دەسوتێنن كە بەغدادی لێی نیشتە جێببوو.

لە فێبریوەری ٢٠١٨ حكومەتی عێراقی بۆ جاری یەكەم لیستێكی ٦٠ كەسی داواكراوی بڵاو كردەوە، كە سەرجەمیان عێراقی بوون جگە لەیەك كەسیان نەبێت بەرەچەلەك لوبنانی بوو، ئەوان لەلایەن دەزگای ئاسایشی عێراقیەوە داواكراو بوون بە تاوانی تیرۆر، لەم لیستەدا ناوی ٢٨ ئەندامی رێكخراوی داعش و ٢٠سەركردەی حزبی بەعسی پێشوو و ١٢ بەرپرسی ئەلقاعیدەی تێدا بوو.(١٢٠)بەڵام ناوی ئەبو بەكربەغدادی تێدا نەبوو، دوای سێ رۆژ لە دەرچوونی ئەم لیستە ٦٠كەسیە لیستێكی تر بڵاوكرایەوە كە تێدا ئەبوبكر بەغدای لەسەروی لیستەكە بوو،

کەژمارەیان حەوت کەس بوو، جگە لە بەغدادی ناوی موسەنا حارس ئەلزاریشی تێدابوو، ئەوەی جێگای سەرنج بوو ناوەکانی لیستی دووەم زۆر مەترسیدار تر بوون لە ناوەکانی لیستی یەکەم، بگرە داواکراوی نێو دەوڵەتیش بوون، کەچی لەسەرەتاوە ئەم ناوانە لە لیستەکە دا نەبوون. ئەمریکاش بری (٢٥) ملیۆن دۆلاری تەرخان کرد بۆ هەرکەسێك شوێنی بەغدادی ئاشکرا بکات.



**( لیستی ناوی داواکراوان لە عێراقدا )**

هەر دوای شکستەکانی داعش لە عێراق جۆرێك لە لێك نزیك بوونەوەی داعش و ئەلقاعیدە و بەعس تێبینی کرا، داعش ویستی لە رێگای نزیك بوونەوەی لە ئەلقاعیدە و حزبی بەعس گێمی دووەمی یاریەکە دەست پێ بکاتەوە.
بەلأم ئەمە لەسەرەتاوە بێ ئاکام بوو، بەهۆی جیاوازیە فکری و جەوهەریەکانی نێوانیان ، هەروا ئەوان تەواو لە مەبەست و ئامانجی داعش تێگەیشتبوون کە بۆ مەرامەکانی خۆی بەکاریان بهێنێ، هەر ئەم هەنگاوەی داعش زوو لەلایەن دەزگاکانی هەولگری عێراقی و ئێرانی بە ووردی چاودێری جموجۆڵیان کرا بوو و هۆشداریان بە حکومەتی عێراقی دابوو لە ئەگەری ئەم هاوپەیمانیەتەی نێوان ئەم

سێ گروپە.   لەمانگی نیسانی ٢٠١٧ ئەیاد عـەلاوی جێگـری سـەرۆك كۆمـاری عێـراق ئاشكرای كرد كە ووتوویژ و نامە گۆرینەوە هەیـە لـە نێـوان داعـش و ئەلقاعیـدە بـۆ مەبەستی یەكگرتن یان هاوپەیمانیەتی. (١٢١)

بـەگوێرەی راپـۆرتێكی نەتەوەیـەكگرتوەكانیش قسـە وبـاس هـەبوو بـۆ یـەكگرتنی هـەردوو رێكخـراوی ئەلقاعیـدە و داعـش، راپۆرتەكـە ئـەم یەكگرتنـەی بـە لـەدایك بوونی ( شەیتانێكی تیرۆریستی ) ناساند كە پێی وابوو  روودەدات.

رۆژی ٢٠١٧/١٠/١ هەوالگری سوپای عێراقی راپۆرتێكی شیكاری سەربازی بلاْوكـردەوە لەسەر سەركەوتنی هێزە عێراقیەكان لە ماوەی رابوردوو بەسەر چەكدارانی داعـش لـە زۆربـەی ناوچـە جیاجیاكـانی عێـراق لـە راپۆرتەكـەدا دەڵێـت:  روبـەری داگیركاریەكانی ژێر دەسـەلاْتی داعـش روو لەكـەم بوونـەوە دەچێت و تادێت داعـش خاكی ژێر دەسەلاْتی لە دەست نامێنێ و لە ئیستادا داعش تـەنها دوولەسـەدا خـاكی عێراق لەدەست ماوەتەوە. (١٢٢)

كەچی گەشبینیەكانی حكومەتی عێراقی بەوەی داعش لە كردەوە تیرۆریستیەكانی وەستابێت زۆری نەخایاند، چونكە رۆژەكانی كۆتایی ساڵی ٢٠١٧ و تا ناوەراستی ساڵی پاشـتریش داعـش عێراقـی كـردە گۆرەبـانێكی خوێنـاوی و بەدرنـدەتر لـە جـاران خەڵكی خەڵتانی خوێن كرد.

سـاڵی ٢٠١٨ رێكخـراوی داعـش (١٢٧١) كـردەوەی هەمـەجۆری تیرۆریسـتی لـە عێـراق ئـەنجام دا لـە شـێوەی خۆكـوژی و تەقاندنـەوەو رەفانـدن وكوشـتن، كـە بـەگوێرەی لێكۆڵینـەوەكان بـێ لەهـەرمانگێكی ئـەم سـاڵەدا داعـش (٩١) كـردەوەی تیرۆریسـتی ئـەنجام داوە، بەبـەراورد لەگـەڵ سـاڵی ٢٠١٧ داعـش لـە مانگێـك دا (٦٠) كـردەوەی تیرۆریستی ئەنجام دابوو. (١٢٣)

كردەوە تیرۆریستیەكان زۆربەی كات لە عێراق و سوریا ئەنجام دراوە بەشێكی كـەمی نـەبێت لـە وولاْتـانی وەك لیبیـا و یەمـەن ونێجیریـاو میسـر، گروپـە تیرۆریسـتیە

جیهادیەکان شێوەی ئەنجامدانی کردەوەکانیان گۆریبوو، دوای ساڵی ۲۰۰۳ زۆربەی کردەوە خۆکوژیەکانیان لە نێو خەلکی سڤیل ئەنجام دراوە بێ گوێ دان بە کوژرانی خەلك، کەچی لەسەردەمی داعش ئەم هاوکێشەیە گۆراوە داعش کردەوە خۆکوژیەکانی تەنها لەدژی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە چەکدارەکانی عێراقی و سوری و نەیارەکانی بەکاردەهێنا، ئەوە مانای وایە داعش راستەوخۆ کەوتبووە جەنگێکی راستەقینە لەگەڵ سەرجەم هێزە فەرمیەکان لەم وولاٌتانەدا.

هاوپەیمانێتی دژی داعش لە مانگی ئابی ۲۰۱٤ بەسەرۆکایەتی ئەمریکا و ئەندامێتی شەست وولاٌت پێکهێنرا، ئەم هاوپەیمانێتیە لە عێراق و سوریا رۆڵی کاریگەریان بینیوە لە تێکشکاندنی داعش، بەتایبەتی هاوکاری زۆری هێزی پێشمەرگە و هێزەکانی کوردی سوریایان دەکرد لە شەرەکاندا.

لەمانگی ۲۰۱۷/۱۰ روخانی قەلاٌی سەختی چەکدارانی داعش لە سوریاو عێراق، کۆمەڵێك بەلگەنامەی گرنگ و مەترسیدارکەوتە بەردەستی لایەنەکان بەتایبەتیش لە شاری رەققەی سوریا.

ژەنراڵ جیمس گارید فەرماندەی هێزە هاوپەیمانەکانی جموجۆڵی تایبەت لە عێراق وسوریا، رۆژی ۲۰۱۸/۱/۱۳بە رۆژنامەی ( یو، ئێس، تودەی) ئەمریکی راگەیاند: کە بەلگە نامەکانی چەکدارانی داعش زانیاری زۆر وورد و مەترسیداریان تێدایە، لە بارەی چۆنیەتی دامەزراندنی رێکخراوەکە وجموجۆڵیان پەیوەندی پێوە کردن و پاڵپشتی و سەرچاوە داراییەکانیان،

هەروەها ووتی: بەلگە نامەکان کۆمەڵێك فەرمان و رێنمایی سەربازی گرنگی رێکخراوەکەی تێدایە. هەر لەم بەلگەنامانە هاتوە کە داعش مانگانە (٥٠) ملیۆن دۆلاری لە فرۆشتنی نەوت دەست کەوتووە، وە (٥٠٠) ملیۆن دۆلاری لە بردنی بانکەکانی سوریاو عێراق کەوتۆتە بەردەست. (١٢٤)

لەگەڵ ئەوەی سەرۆك وەزیرانی عێراقی حەیدەر عەبادی  لە رۆژی ٢٠١٧/١٢/٩ لە راگەیەنراوێکدا سەرکەوتنی کۆتایی داعشی لە عێراق دا راگەیاند وجگە لە پێشمەرگە ستایشی هەموو هێزە عێراقیەکانی کرد بۆ ئەم سەرکەوتنە، لەووتەکانی دا رایگەیاند کە( خەونی ئازاد کردنەوەی خاکی عێراق بوو بەراستی).

هەرچەندە خودی حەیدەر عەبادی باش ئاگاداربوو  کە هێشتا بەشێکی زۆر گرنگی خاکی وولاتەکەی لە ژێر دەستی داعش دابوو، بەلام بۆچەواشەکردنی بیروڕای گشتی وبەلادابردنی جیهان و بۆ خۆ نمایشکردن وەك پاڵەوانی سەرکەوتنی  مەزن کۆتایی جەنگی راگەیاند.

شاراوە نەبوو ئەگەر بڵێین  تێکشکاندن و سەرکەوتن بە سەر داعش  پەیوەندی بە هێزوو توانای عێراق و حەیدەر عەبادی  وەنەبوو، بەڵکو ئەوە  ئەو هێز و توانایەی نزیکەی  شەست و سێ وولاتی جیهانی بوو کە لە چوار چێوەی  هاوپەیمانیەتی نێودەوڵەتی دژ بە داعش،  شکستی بەم خەلافەتە هێنا،   چونکە ئەوەی بینیمان لەسەرەتای هاتنی داعش بۆ عێراق  ساڵی ٢٠١٤  هەمان ئەو سوپایەی  عێراقی بوو بەماوەی چەند رۆژێك لەبەرامبەر چەکدارانی داعش لێك هەڵوەشایەوە و هیچ ناوێك بە ناوی لشکرو سوپای دەوڵەت  لە عێراق نەمایەوە.

بەلام   بەخشینی پاڵەوانیەتی تێکشکێنی   داعش و خەلافەتەکەی لە عێراق، وادەردەکەوت کە بابەتێکی سیاسی و دیماگۆگیانەی  ئەو هێزە نێودەوڵەتیە بێت کە هەر خۆشیان باوەریان پێی نەبوو،  بۆ ئەوەی وەك سەرکردەی  رزگار کەری عێراق و شارە سونیەکان لە چنگی چەکدارانی داعش نیشان بدەن.

راستە چەکدارانی داعش شوێن و خاکی زۆریان لەدەست دا لە عێراق و سوریا، بەلام هەموو ئاماژەکان وای  بۆ دەچوون کە داعش کۆتایی نایێ و هەر دەمێنێ رەنگە شێوازی شەرەکان وجموجۆڵیانلە تاکتیکدا گۆرانی بەسەر دابێت، بەلام مانای ئەوە نایەت کۆتایی بە جموجۆڵە چەکداریەکانی ئەم رێکخراوە بێت، چونکە هەر لەدوای

شەڕەکانی حەویجە و ڕاوەو عانە و ئەلبوکەمال چەندین گروپی چەکداری لە ناوچەکانی خورماتوو وکەلار وخانەقین دوبس ڕووبەڕێکی فراوانیان بەدەستەوە گرت و دەستیان کردەوە بە چالاکیەکانیان.

هەڵبەتە ئەمریکا کۆتایی شەری داعشی لە عێراق ڕەت کردەوە، کەحەیدەر عەبادی ڕایگەیاندبوو. فلیکس گیندی فەرماندەیەکی سەربازی هێزی ئەمریکا لە شەری دژ بەداعش ڕایگەیاند کە ئەم شەرە کۆتایی نەهاتووە و عێراق هێشتا ماویەتی بجەنگێ بۆ کۆتایی هێنان بەداعش بەڵکو بونیان لە چەند ناوچەیەکی بچوکیش بێت دەتوانن ببنە هۆکاری مەترسی بۆ سەر ئاسایشی عێراق. (١٢٥)

هەر لەو ساتەی حەیدەرعەبادی پەیامی سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر ڕێکخراوی داعش ڕاگەیاند، کۆمەڵێك کردەوەی تیرۆریستی شارو ناوچە جیاجیاکانی عێراقی هەژاند لەوانەش:.

سەرلە بەیانی ڕۆژی ٢٠١٧/٩/٢٧ لە سێ لاوە چەکدارانی داعش هێرشیان کردەوە سەر هێزە عێراقیەکان لە ناوچە جیاجیاکانی شاری ئەنبار و توانیان چەند گەرەکێك کۆنترۆڵ بکەن، بەلاَم دوای شەرێکی سەخت سوپا توانی تێکیان بشکێنێ.(١٢٦)

لەناوەراستی مانگی ٢٠١٧/١٢ شانە نوستوەکانی داعش لە حەویجە ودەورووبەری کەوتنەوە جموجوڵی چەکداری و شەوانە گورزیان لە هێزە عێراقیەکان و حەشدی شەعبی دەوەشاند، لەم ماوەیەدا داعش خەریکی خۆرێکخستنەوە بوو لە ناوچەکەو بەردەوام خەریکی بۆمب ڕێژکردنی ڕێگای کاروانە سەربازیەکان بوو.

داعش سەرەرای دژایەتی کردنی هەموو جمگەکانی دەسەلاَت لە عێراق بەلاَم هەمیشە حشدی شەعبی بە دوژمنی پلەیەکی خۆی دەزانی، ئەم ڕێکخراوە ڕۆژی ٢٠١٩/٦/٢٢ بەیاننامەکیان دەرکرد، تێدا بە ڕوون و ئاشکرا دژایەتی گروپەکانی حەشدی شەعبیان ڕاگەیاندبوو، لە ڕاگەیندراوەکەی داعش هاتبووە "(**لەم دواییانە**

**حەشدی شەعبی هەڵساوون بە چەندین هێرش و پەلامار و تەقینەوە لە قەزای خانەقین، کە ئێمە بەرپرسیاریەتی ئەو هێرشانە ناگرینە ئەستۆ و ئەنجامان نەداوە).** دوای نەمانی دەسەلاتی ئەم رێکخراوە رۆژ لە دوای رۆژ کردەوە تیرۆریسستیەکان بەردەوامی هەبوو، کە رەنگە بەشێکیان لە ژێر ناوی ئەمانەوە خەلکی تر ئەنجامی دابێ بۆ کێشە نانەوە و دروست کردنی ململانێ تایفیەکان.



ولايـة العراق /ديالى

قاطع أبن كثمان/خانقين

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ وقع الحق وبطل ما كانوا يعملون فغلبوا هنالك وانقلبوا صاغرين ﴾

اما بعد يا أخواننا المجاهدين الصامدين في ولايتنا الصامده ديالى /قاطع أبن كثمان الاعجمي /خانقين فان النصر قريب عليكم يا أهل الحق

والذي جرا في خانقين ليس من أعمالنا بل نحن نعمل جاهدين في سبيل الله أن نحرر مناطقنا المغتصبة من قبل الصفويين الفرس المجوسيين

أمثال الحشد المنجسة وأيرانيين الانجاس والمرتدين الذين [illegible] أخواتنا في المناطق السنية وحتى الكردية ونبشر الصابرين ان نصرالله قريب يا أخوتنا وأخواتنا المسلمين أن العمل الجبان الذي عملو في أحد شوارع مدينتنا ليس عملنا أن نضحي به أخوتنا في خانقين المحتله ودمائهم دمائنا أن جاهدنا سوف نجاهد ضد الأجهزة الامنيه هو هدفنا حتى النصر وليس أوناس العزل المدنيين وأن العمل الجبان الذي قامة بة الحشد الشعبي المنجس في خانقين والذي استشهد فيه أحد أخوه المجاهد (غسان الملقب بة أبو المجازف ) تقبله الله عزه وجل كان محتجزاً عند لواء ٢٤ الحشد الشعبي وأعتقلو في تاريخ ٢٠١٦/٢/١٣ في أطراف قرى سنسل في شهربان وتم نقله الى سجن في بغداد من قبل جهاز مكافحة الارهاب ومن ثم تم أسترجاعة من قبل لواء ١١٠حشد الشعبي يوم ٢٠١٩/٥/٤ من بغداد بحجة التحقيق وتم تسليمة الى فوج خانقين لواء ١١٠ حشد الشعبي وتم تفخيخة ولكن بدون أسلاك تفجير حتى لا يفجر نفسة داخل مقر فوج خانقين خوفا منة وقبل نزولة من مركبة تم أعطائة رمانتان كي يفجرة نفسة وذلك بانتظار أحد المنجسين من الحشد الشعبي عنده أحد مقاهي حتى يقتلة ويقولون قد قتلنا أنتحاري قبل تفجير نفسةوذلك قام بتفخيخ من قبل فوج خانقين ومن قبل شخصين هم النجس (سالار أنصيف و أبو أيلاف الزركوشي ) وتم أيصالة الى منطقة أمام عباس وذلك أحضرنا أنفسنا والمجاهدين كي نباغتهم ونسترجع الشهيد والمجاهد (ابو المجازف ) لم نستطيع ونحنو مجاهدو الدولة الاسلامية لا صله بنا بة هذا عمل الجبان ونعاهد أخواننا في خانقين أن كل ما قلنا هو حقيقة ونحن نعلم كيف يستفزونكم ويريدون أحتلال مناطقكم وبيوتكم وأخوتنا وأخواتنا مثل ما فعلو في مناطق أخرى ونبشركم أن مجاهدين الدولة باقية حتى أخر أنفاسنا في دفاع عن مدينتنا المجاهدة الصبوره وأن ثار المجاهد ( ابو المجازف ) سوف يكون بداية النصر ان شاء الله عن قريب ..

وحسابنا معكم يا ( فوج خانقين لواء١١٠ + مقرات حزبيه / الايرانية + أي شخص داخل الحشد الشعبي ومن لديهم صله فيهم )

( الكوائم ترغب الدماء وتعشق المنجسين والمرتدين )

ولاية ديالى

قاطع ابن كثمان الاعجمي /خانقين

٢٠١٩/٦/٢٢

( راگەینراوی داعش لە وولایەتی دیالە و خانەقین )

لەبارەی ئازاد کردنەوەی موسڵ و کۆتایی هێنانی داعش لە عێراق، ووتار بێژی مزگەوتی تاران ئەحمەد خاتەمی رۆژی ٢٠١٨/١/٥ دەڵێت داعش دروست کراوی

ئەمریکابوو، ویستیان ١٠ بۆ ٢٠ ساڵ بیهێڵنەوە لە عێراق، بەڵام ئێران بەهەشت مانگ لە موسڵ لەناوی برد.(١٢٧)

گۆڤاری (فۆرێن پۆلیس)ی ئەمریکی بەڵگەنامەیەکی نەتەوەیەکگرتوەکانی بڵاو کردۆتەوە کە بۆ هاوپەیمانی دژ بەداعش لە عێراق ناردراوە، تێدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە داعش لە عێراق کۆتایی نەهاتووە، و ئەگەری گەرانەوە و دووبارە دەرکەوتنەوەی زۆر نزیکە ودۆخەکە زۆرمەترسیدارە.

هەرلەم راپۆرتەی گۆڤارەکە هاتبوو کە پێنج ناوچەی رزگارکراوی دەستی داعش، پێویستیان بەوە هەیە سەقامگیری ئەمنیان بۆ بگەرێتەوە، ئەم ناوچانەش پێشتر لە ژێر کۆنترۆلی چەکدارانی داعش دابوون و پاشان ئازاد کرانەوە، بەڵام تائێستا شانە نوستوەکانی داعش جموجۆڵی تیرۆریستیان تێدا بەردەوامە، ئەوانیش ناوچەکانی حەویجە وتەلەعفەر وقائیم خورماتوو وشەرگات و دەووروبەری موسڵە.ئەوەی راستی بێت تەنها ئەم پێنج ناوچەیە نیە کە مەترسی گەرانەوەی داعشی لەسەربێ، بەڵکو پارێزگایەکی وەکو دیالە بەتەواوی ببوە مۆڵگەی داعش.

تۆماس فێڵ گوتەبێژی هاوپەیمانێتیەکە رایگەیاند، لەمانگی ئەیلولی ساڵی٢٠١٤ دا تاکو کانونی یەکەمی ٢٠١٧ هاوپەیمانان ( ١٤هەزارو سەدو چوار) بۆردومانیان لە دژی داعش لە عێراق ئەنجام داوە، هەروەها رایگەیاند کە ئەم ژمارەیە بۆردومانانە فرۆکەی جەنگی و فرۆکەی بێ فرۆکەوانی و تۆپە دوورهاوێژەکان و هێلی کۆپتەری جەنگی دەگرێتەوە.(١٢٨

## خۆکوژەکانی داعش

لـه سـاڵی ٢٠١٤ ڕێکخـراوی داعـش لیسـتێکی تۆمـاری بـەناوی( بیانـات مجاهـد) ئامـادەکردبوو، بـۆ ئـەو کەسـانەی ئـارەزووی خـۆ کوژیـان هـەبوو لـە ڕیـزی ڕێکخراوەکەیان، ئـەو لیسـتە دەسـتی پـێ دەکـرد بـەناوی سـێیانی و زانیـاری خێزانـی وئاسـتی خوێنـدەواری و شـوێن و بـەرواری خۆکوشـتنەکە لەگـەڵ تێبـینی، لەهـەر لاپەرەیەکی لیستەدا کـەجێگای ٢٣ ناوهـەبوو، ئـەم لیسـتە کـە لـە ١٢١ کەسـی خۆکـوژ پێکهاتبوو وەك دۆکۆمێنت بەناوی (( الشهداء) لەلایەن ڕێکخراوی داعش ئەرشـیف کرابوو، دوای شکستەکانی ئـەم ڕێکخـراوە لـە موسـڵ ورەقـە ئـەم دیکۆمێنتـە کەوتـە بەردەستی هێزەکانی ناوچەکە.( ١٢٩)

خۆکوژەکان کە ناویان لەم لیستەدا تۆمارکرابوو پێکهاتبوون لە هاووڵاتیـانی نزیکـەی بیسـتووڵات، لەوانـەش سـعودیەکان بەپلـەی یەکـەم دەهـاتن لـە لیسـتەکەدا، دوای ئەوانیش تونسیەکان بوون، ئینجا مغربی، دوای ئەوانیش میسری، ولیبی وسـوری کـە بـە پلـەی پێنجـەم بـوون، پاشـان هـاووڵاتی ئیسـپانی و لبنـانی وکـویتی و تـورکی و شوێنەکانی تر بوون.

ئەوەی جێگای سەر سورمان بوو لە لیستەکەدا ڕێژەی کـەمی عێراقیـەکان بـوو بـۆ خۆکوژی، لـە کاتێـك دا عێـراق و سـوریا چـەقی بـەهێزی و خەلافـەتی ڕێکخراوەکـە بـوون، کـەمی ڕێـژەی خۆکوژەکـانی عێـراق و سـوریا، گـەواهی ئـەوەن کـە هیشـتا خەلکی ئەم دوو وولاتـە بـە شـێوەیەکی فیداکارانـە نەچونەتە قـولایی ئـەو بـاهۆزە خوێناویە بەناو ئاینیەوە، بەڵکو ئاین پەرستیان بە شـێوەیەکی تـر وەرگرتـوە، وەك ئــەوەی لــە لای هاووڵاتیــانی ســعودی و میســری دەبینرێــت. ئینجــا خــودی خۆکوژەکانیش جیاوازیان هەیە لـە وولاتێـك بـۆ وولاتێکـی تـر، بـۆ نمونـە خـەڵکی

فەڵەستینی بەرێژەیەکی کەم ئامادە خۆکوژی بوون لەم جەنگە، لەبەرامبەردا ئەوان ئامادەبوون لە نێوجولەکەکان خۆیان بکەنە قوربانی و ببنەخۆکوژ. (١٣٠)

خۆکوژەکان پێویست بوو ئیرادەو خۆراگریەکی هاوبەشیان هەبێت، تا بتوانن بەردەوامی بە کارە خۆکوژیەکانیان بدەن، بەپێی زانیاری دیکۆمێنتەکان دەبوایە خۆکوژەکان لێك چونێك لەکەسایەتیان هەبوایە لەوانەش تەمەن و ئاستی خوێندەواری و باری خێزانی و ئاستی تێگەیشتن.

لەم لیستە ١٢١ کەسیەدا دەرکەوتبوو کە لەسەدا ٦٩ کەسیان ژیانی خێزانیان پێك نەهێناوە، تەمەنی زۆبەشیان لە خوار سی ساڵیە وە بوو، وەلە سەدا ٧٤ یان بروانامەی ئامادەیی یان زانکۆیان هەبووە، هەبوونی بروانامە بۆ کەسە خۆکوژەکان شتێکی چاوەروان کراوە چونکە پێشتریش کەسانی خاوەن بروانامە ئامادەیی خۆکوژیان تێدا هەبووە، لە ١١سێپتیمبری ٢٠٠١ کاتێك کردەوە خۆکوژیە گەورەکە ئەمریکا روویدا، هەموو خۆکوژەکان خاوەنی بروانامەی باڵا بوون تەنها یەك لەوان نەبێت کە خەڵکی سعودیا بوو بە ناوی ( عبد الزیز عومری).(١٣١)

رێکخراوی داعش بۆ بەکار هێنانی ئەم خەڵکانە گەلێك جۆری پروپاگەندەی بەکاردەهێنا تا پەشیمان نە بنەوە لە ئەنجام دانی کردەوە خۆکوژیەکان، چونکە هەندێ جار بەهۆی تێگەیشتنیان لە شێوازی خۆ کوژیەکە کەلە بەرامبەر کێ ئەنجامی دەدەن بیرو باوەریان دەگۆرا و نەیان دەویست لەم شوێنانە کردەوەکە ئەنجام بدەن یان بەهەر هۆکارێکی تر پەشیمان بونایەوە، ئەوا داعش بەتوندترین شێواز لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکردن یانی دەیکوشتن یانیش دەیگواستنەوە بۆ ئەو شوێنانەی کە شەرو چالاکی سەختی تێدا ئەنجام دەدرا.

بۆیە ئاسان نەبوو خۆکوژێك پەشیمان ببێتەوە لە ئەنجام دانی کارەکەی، یان هەندێ جار ئەوانەی داعش خۆی داوای کردەوەی خۆکوژی لێدەکردن، بەتایبەتی لە کۆتایی شەرەکانی ساڵی ٢٠١٧ ئەم داوایە زۆرتر لە چەکدارەکانیان دەکرا، هەڵبەتە

ڕەت کردنەوەشی  مەحاڵ بوو لەلایەن چەکدارەکانەوە، بەوپێیەی ئەو بەیعەتی بە خەلیفە دابوو  سەری لە پێناو خەلافەت  ببەخشێ،  بۆیە کەس زاتی ئەوەی نەبوو بڵێ نابم  بە خۆکوژ.

بەپێی زانیاریەکانی ناوەندی نێو دەوڵەتی نەهێشتنی تیرۆر کە بارەگاکەی لە هۆڵەندایە ، لە ماوەی یەك ساڵدا  لە( ٢٠١٥/١٢/١ تاکو ١نوڤمبەری ٢٠١٦ )داعش (١٠٩٥) کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام داوە، کە لەسەدا٨٦٪ لەم کردەوانە لە خاکی سوریا و عێراق بووە، لەسەدا١٤٪ لە وولاتانی تر ئەنجام دراون.

خۆکوژە  بیانیەکان کە ژمارەیان دەگەیشتە ١٨٦ خۆکوژ،  کەبەسەر  ٣١ وولاتی جیهانیەوە دابەش دەبوون،  بەڵام خۆکوژە عەرەبەکان زیاتر لە نیوەی کردەوەکانیان ئەنجام داوە،  دوای ئەوانیش  خۆکوژی تاجیکستانی  بوون کە لەو ژمارەی سەرەوە دا ٢٧٪لە خۆکوژەکانیان  پێك هێنابوو،  پاشان بە ڕێزبەندی پلەی سێیەم سعودی و مغریبیەکان  لەسەدا  ١٧٪،  ئینجا تونسیەکان ١٤٪ ،  دوای ئەوانیش  روسیا خاوەنی پلەی پێنجەم بوو  ١٣٪ ،   میسریەکان ١١٪ خۆکوژ،  دوای ئەوانیش فەلەستین بوو ٩٪ .  لەکۆی ئەم ١٠ خاڵەی ڕیزبەندیە  عەرەبەکان شەشەم پلەیان پلەیان لە خۆکوژی داگیر کردبوو.(١٣٢)

# ئەو دەق و پەرتوكانەی سەرچاوە بوون بۆ ئایدلۆژیای سیاسی داعش

ڕێكخراوی داعش هەرلە سەرەتاوە بۆ بەهێز كردنی ئایدلۆژیا و بیروباوەڕی پشتی بەستبوو بە چەند پەرتوكێكی جیهادی سەلەفی ئیسلامیەوە، هەرلەسەر ئەو دەقانە هەوڵی دا ئەندام و لایەنگیرانی گۆشە بكات، بۆ ئەم مەبەستەش چەندین ناوەند و فێرگەی ڕاهێنان و گۆشكردنی دامەزراند و كۆمەڵێك پەرتوكی جیهادكردن و خوێن ڕشتنی كردە سەرچاوەی بناغەی دروست بوونی كۆمەڵگەیەكی جیهادی تەكفیری كە ئەوانیش بریتی بوون لەم دەق و پەرتوكانەی كە یان خەڵكی جیهادی نوسیبوویان یانیش لە زەمەن وكاتێكی جیاواز نوسرابوون:

١- پەرتوكی( ملة ابراهیم) یەكێكە لە مەترسیدار ترین دەقی نوسراوی جیهادی كە لەلایەن ئەبو محمەد مقدسی نوسراوە، تێدا بە ڕوونی وبەئاشكرا تەكفیر كردن ڕووبە ڕووی بچوكترین هەڵەو لادان دەكاتەوە كە بەشێوەیەكی زۆر توندڕەوانە داڕێژراوە تەواو ڕێچكەیەكی داعشیانە لە خۆ دەگرێت.

٢- پەرتوكە بەناوبانگەكەی سید قوتب كەسایەتی ناوداری ئیخوانەكان (في الظلال)، كە ئەویش بنەمایەكی زۆر بەهێز بوو بۆ دامەزراندنی ئیسلامی سیاسی توندڕەو تەنانەت زۆر جار كەسە ناودارەكانی داعش ئاماژەیان بەناوەڕۆكەكەی كردوە و بانگەوازی پەیڕەو كردنیان كردوە.

٣- پەرتوكی ( فصول في الامة والبيعة)ي ( ابو منذر الشنقيطي) كەچەندین جار لە ئەدەبیاتی داعش ڕەنگی داوەتەوە. هەڵبەتە شنقیتی نوسەری ئەم سەردەمە كە هەرچەندە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە داعش وە نەبوو، بەڵام بەئاشكرا پاڵپشتی خەلافەتەكەی كردو لە نوسینێكدا پشتگیری تەواوی خۆی بۆ داعش دەبری.

٤- پەرتوکی (مسائل من فقة الجهاد) کە نوسەرەکەی ئەبو عبدالله مهاجیری میسری بوو، خۆی کەسێکی توندرەوی جیهادی بوو، پێشتر لەگەڵ بن لادن و زەرقاوی دا کاری جیهادی کردەو و پاشان لە ساڵی ٢٠١٦ لە سوریا کوژرا. ئەم پەرتوکە مهاجیری تەواو بەرجەستەیە لە کوشتن و تەفکیر و لەناو بردن، کە دەیخوێنیتەوە هەست دەکەی دێڕەکانی بە خوێن نوسراوە. زۆر بەی جیهادیەکانی جیهان ئەم پەرتوکە بە ( فقه الدماء) ناو دەبەن، کەقەبارەکەی لە ٦٠٠ لاپەرەیە، داعش وەك سەرچاوەیەکی زۆر گرنگ پەیرەوی دەکرد بەتایبەتی لە جێ بە جێکردنی هەمەجۆری شێوازی کوشتن لەناوبردنی مرۆڤ ، وەکو سەر برین ، سوتاندن و شێوازی جۆراو جۆری خنکاندن و ئەشکەنجەدان و لەت وپەت کردنی جەستەی مرۆڤ. لە بەرواری ٢٠١٨/٣/١٢ بۆ جاری یەکەم رۆژنامەی گاردیان بڵاوی کردەوە کەرێکخراوی داعش پەرتوکی "الفقە الدماء" وەك سەرچاوەو پاڵپشتیەکی بەهێز بەکار هێناوە بۆ کارو کردەوەکانی. (١٣٣)

٥- پەرتوکی (دعوة المقاومة الاسلامیة) لە نوسینی ئەبو مصعب سوری، کە تیایدا هاندانی موسڵمانان دەدات بۆ جیهاد دژ بە دەسەڵات دارانی عەرەب و هەڵسانی جەماوەری بۆ روخاندنی حوکومەتە عیلمانیەکان. ئەم پەرتوکە لە ناو بارەگاکانی داعش بەردەوام بوونی هەبووە و بەکار هێنراوە.

٦- پەرتوکێکی تری بەناوبانگی ناو ریزەکانی داعش و گروپە جیهادیەکانی تر بەناوی ( معالم الطائیفة المنصورة في بلاد الرافدین) کە نوسەرەکەی دیسانەوە ئەبو عبداللەی مهاجیری میسریە، تیایدا خوێنی هەموو شیعە و علمانی و لیبراڵ و نەتەوە خوازو دیموکرات خوازو نیشتیمان پەروەرەکان حەلال دەکات.

٧- پەرتووکی بەناوبانگ (العمدة في اعداد العدة والجامع في طلب العلم الشریف) (لەنوسینی ئیمام ئەبرەز منزری) ئەم پەرتوکە لە سەردەمی جیهادی ئەفغانی دژی سۆڤیەت لە سالآنی کۆتایی حەفتاکان لای هۆزە موجاهیدە ئەفغانەکان زۆر باو بوو.

لەهەمان كات بە یەكێك لە كتێبە بەناوبانگەكانی جیهادی ئیسلامی دادەنرێت كە وەرگێردراوەتە سەر چەندین زمانی جیهانی، تەنانەت كاتی خۆی رێكخراوی ئەلقاعیدە ئەم پەرتووكەی وەك دەستوری بزوتنەوەكەیان وەسف دەكرد.

٨- پەرتوكی ( أهل التوقف بین الشك والیقین) لەنوسینی شێخ كەریم حلمی هاشم، داعش زۆر سودی لەم پەرتوكە وەردەگرت، چونكە زۆر باسی تەكفیر و یاسا سەلەفیەكان دەكات لەبەرامبەر بریاردان لەسەر هەموو دەسەلأتێكی ئیسلامی سەلەفی جیهادی و حورف و شێوازی ژیانی كۆمەلأیەتی و سیاسی. (١٣٤)

# نەخشەو پەلهاوێژی رێکخراوە جیهادیەکان لە ئەفریقیا

جەنگی تیرۆر...جەنگێك نیە لە نێوان دوو وولاّتی دراوسێ لەسەر دوورگەیەکی بچوك، یان بستێك خاك لە نێوانیان.... بەڵکو ئەمە جەنگێکی راستەقینەی درێژە پێدراوی بەردەوامە لە نێوان بیروبۆچونە قوڵەکان کە نەوە دوای نەوە درێژەی کێشاوە و بەردەوامی دەبێت، گرنگ نیە کەی و لەسەر کام خاك و وولاّت روودەدات، ئەمە ئەو راستییەیە کە زۆربەی گروپە سەلەفیە جیهادیەکان بە رێکخراوی داعشەوە خەونیان پێوە بینیوە.

داعش لەدوای شکستەکانی لە عێراق و سوریا، هەوڵی دا چەندین پێگەو شوێنی خۆگرتنەوەی بۆ ئەندام و چەکدارانی بدۆزێتەوە لە زۆرێك لەو وولاّتانەی بنچینەو رێچکەی سەلەفیەتی جیهادی تێدا باو بوو، تاکو درێژە بە شەرو ململانێکانی بدات لە داهاتوو، لەوانەش بە هەماهەنگی لەگەڵ رێکخراوی بۆکۆحرام سەربازگەی مەشق و خۆرێکخستنەوەیان لە باشوری ئەفریقیا دامەزراند، هەرچەندە بوونی ئەم جۆرە رێکخراوە جیهادیانە بە تایبەتی داعش لەسەرخاکی ئەفریقیا شتێکی تازە نەبووە، چونکە پێشتریش ئەم وولاّتە شوێن وپەناگەی گروپ و رێکخراوە تیرۆریستە و جیهادیەکان بووە.

ساڵی نەوەدەکانی سەدەی رابوردوو بزوتنەوەی حەماس و ئەلقاعیدە و گروپە پاکستانیەکان ئەفریقایان کردبوو بە مەڵبەندی مەشقی سەربازی خۆیان، لەوێوە ئامادە دەکران بۆ چالاکیەکانیان لە وولاّتانی تر.

حکومەتەکانی ئەم وولاّتانە بێ ئاگا نەبوون لە جموجۆڵەکانی ئەم رێکخراوانە، بەلاّم بێ دەنگ بوون وهیچ کاردانەوەیەکی نەبوو لە دژیان. ساڵ ٢٠٠٤ کەناڵی سی بی ئیس نیوز رایگەیاند کە بە کوێرەی راپۆرتێکی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا

باشوری ئەفریقیا بۆتە شوێنی حەوانەوەی گروپە تیرۆریستیەکانی وولأتان، بەشێوەیەك ببوە بنکەی پشتەوە (قاعدە خلفی) بۆ ڕێکخراوی ئەلقاعیدە.(١٣٥)

بەلأم زیاد بوونی مەترسیەکان لەم کیشوەرە بەتایبەتی لە کەنارە ئاویەکانی ئەفریقیا وولأتانی ناوچەکەی بە ئاگا هێنایەوە، بۆیە هەرپێنج وولاتانی وەك مۆریتانیا ومالی وتشاد و نیجیریا بورکینا فاسو، ڕێکەوتنێکی سەربازیان ئەنجام دا بۆ پێشگرتن لە مەترسیەکانی گروپە جیهادیەکان بەتایبەتیش ئەلقاعیدە وداعش.

ئەم پێنج وولأتە بە هاوکاری وهەماهەنگی ئەمریکا کەوتنە جولە بۆ وەستاندنی چالاکیەکانی گروپە جیهادیەکان، بەلأم ئەوەی چاوەروان دەکرا هەروابوو، ئەویش هیچ لەم وولأتانە نەیان توانی پیشکەوتنی گروپەکان بوەستێنن، چونکە ئەم گروپانە سالأنێك بوو کاریان لەسەر بیر و هۆشی خەلکی ناوچەکە کردبووە بۆیە بە هۆی پالپشتی خەلکەکە کاری ئۆپەراسیۆنە سەربازیەکان سەرکەوتنی وای بەخۆیەوە نەدی.

ئەم دوو ڕێکخراوە جیهادیە ( ئەلقاعید و داعش) سەرەرای ئەوەی ببوونە کێشە بۆ ناوچەکە بەلأم نێوان خۆشیان هەمیشە کێشەو ململانێ زۆرهەبووە، کێشەکان بەزۆری بریتی بوون لە زیاد بوونی دەسەلأت و هەژموونی رکابەری نێوانیان، گەورەترین ناکۆکیە سەرەکیەکان ئەو کاتانە بوو کە بەرپرسێك یان گەورەکەسایەتیەکی ناوچەکە بەهەرهۆیەك بوو بێ، بەیعەتی لەیەکێکیان دەکێشاندەوە و دەیدا بەئەوی تر.

(مختار بلمختار) پێشتر بەیعەتی بە بەغدادی دابوو، لەسالی ٢٠١٥ بەیعەتەکەی پێچەوانە کردەوە و بە ئەیمەن زەواهیری دا، ئەم ڕووداوە زۆر کێشەو ناخۆشی گەورەی لە نێوان ئەم دوو لایەنە دا دروست کرد، دوای ئەویش ئەبو وەلید صحراوی بەیعەتی لە زەواهیری سەندەوە و دای بە بەغدادی.(١٣٦)

ڕێکخراوی داعش تەنانەت لە پێش شکستەکانی لە موسڵ و ڕەقەش هەمیشە هەوڵی داوە چەند ووڵات و جێگەو شوێنێکی نوێ بۆخۆی بدۆزێتەوە بۆ حەشاردان یاخود جموجۆڵ و بەردەوامی لە مانەوەیان، چونکە ئەوان دەیانزانی عێراق و سوریا ماڵی ئارامی کۆتاییان نابێ و ڕۆژێك هەردێ و دەریان دەپەرێنن لە ناوچەکە، بۆ ئەم مەبەستەش ووڵاتانی ئەفریقیا چ بەهۆی بۆشایی ئەمنی و لاوازی یاسا و حکومەتەکانیان، یان چ بەهۆی باری سستی ئابوری و توند وەرگرتنی ئیسلام گەرای یان بەرامبەر بە کریستانیەکان باشترین جێگەی نوێ بوو بۆیان، هەربۆیە لە دوای ڕوخاندنی خەلافەت ئەم شوێنانە بوونە ئامانجی ڕێکخراوی داعش لە خەبات کردنیان:

١- نێیجیریا : کۆمەڵەی **بۆکۆ حرام** ئەهلی سونە بۆ دەعوا و جیهاد لە پێناوی ولایەتێکی ئیسلامی لە ڕۆژئاوای ئەفریقیا، کەلەسەر بنچینەی وەهابیزم وسەلەفیزم بە ڕێگای ئەوپەری توندو تیژی لە ووڵاتی نێجیریا و چاد وباکوری کامیرۆن چالاکی دەکات، ساڵی ٢٠٠٢ لەلایەن محمد یوسف دامەزراوە، ئەم کۆمەڵەیە یەکێك بوو لەوانەی زۆرترین سوودمەند بوونە لە یارمەتی و هاوکاریەکانی کە بن لادن و ئەلقاعیدە دەیبەخشیە گروپە سەلەفیە جیهادیەکانی ئەفریقیا، کەچی ساڵی ٢٠١٤ بەیعەتی بە ئەبوبەکر بەغدادی خەلیفەی داعش داو ناوی کۆمەڵەکەی گۆڕی بۆ (ولایەتی ڕۆژئاوای ئەفریقیا)، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٥ بە بریاری ئەبو بکر بەغدادی کوری محمد یوسف بەناوی ئەبو سەیاف دەبێتە سێیەم ئەمیری ئەم کۆمەڵەیە، لە دوای داعش بۆکۆحرام بە کوشندەترین ڕێکخراوی تیرۆریستی لە جیهان دادەنرێت، ژمارەی چەکدارانی ئەم کۆمەڵەیە دەگاتە پانزە هەزار.

ساڵی ٢٠١٤ ڕێژەی ئافرەتان لە بزوتنەوەی بۆکۆ حرام زۆر بەرز بۆوە، کە زۆربەیان بۆ کاری خۆکوژی ئامادە دەکران ، ڕێژەی خۆکوژی ئافرەتان لەوێ دەگەیشتە ٥٦٪

کە بەرزترین ڕێژەی خۆکوژی بوو لە نێو سەرتاسەری ڕێکخراوانی جیهادی لە جیهاندا.(١٣٧)

ئەوان لە مێژووی خۆیاندا لەگەڵێك کاری توندو تیژی تێوەگلاون، بەتایبەتی ڕفاندنی قوتابیە کچە کریستیانەکان لە قوتابخانەیەکی ویلایەتی تشیبوك. لەساڵی ٢٠١١ تا ساڵ ٢٠١٧ شەپۆڵێکی بەرزی توندڕەوی تیرۆریستی زۆر بەهێز ئەفریقیای گرتەوە کە نزیکەی (٥٠٠) کردەوەی جۆراو جۆری تیرۆریستی لێدا ئەنجام درا، لە ساڵی ٢٠١٥ توانیان چەند کەرستەیەکی تەقینەوە بخەنە ناو فرۆکەیەکی ڕوسی کەلە شەرم شیخ بەرەو سان پترۆزبێرگ دەفری، بەشێکی زۆری کردەوە توندو تیژیەکان (بۆکۆحرام) ئەنجامی دەدا.(١٣٨)



٢- **لیبیا** : ئەبو سەقەر کە چەکدارێکی ڕێکخراوی داعش بوو لە سەردەمی خەلافەتەکەی ئەبوبکر بەغدادی بە تۆڕی سکای نیوزی ڕاگەیاند: کە لە دوای ڕوخانی خەلافەت ڕێکخراوی داعش هەموو ئاراستی چون و هیواکانی بە وڵاتی لیبیا بوو، چونکە ئەو وڵاتە لەلایەك دەبوو بە پردی پەرینەوەی چەکدارەکان

بەرەو ئەوروپا، لەلایەکی تریش بەهۆی  زۆری لایەنگران و شانەی ڕێکخراوەکە لەم وولاّتە دەبێتە  شوێنێکی گونجاو بۆ پشوودان و دووبارە خۆ ڕێکخستنەوەیان.(١٣٩)

یەکەمین دەرکەوتنی داعش لەم وولاّتە دەگەڕێتەوە بۆ ٢٠١٤/١٠/٣ لە ڕێگەی بلاّو بونەوەی پارچە ڤیدۆیەك لە شاری درنە کە کۆمەڵێك چەکدار بە ناوی ( مجلس شوری شباب الاسلام ) تێدا بەیعەت بە خەلیفەی داعش دەدەن. دوای ئەمانەش بەغدادی ڕەزامەندی نیشان دا کە لیبیا بەشێك بێت لە دەوڵەتی خەلافەتەکەی و بە سەر سێ وولایەت دا دابەشی کردن، کەبریتی بوون لە  (برقە و تەرابلس و فزان) . ناوچە بیابانەکانی ئەم وولاّتە بەتایبەتیش ناوچەکانی (کفرە و سبها و عات ) لە پڕ کێشە ترین ئەو ناوچانەن کە خێڵەکان  دەسەلاّتی چەکداریان هەیە بەسەریدا و مەترسیدارترین ناوچەن بۆ حکومەت و دام و دەزگا نێو دەوڵەتیەکان،  کە هەمیشە کۆمەڵێك چەکداری  ڕێگر و  چەتە دەسەلاّتیان بەسەر ئەو ناوچانە هەبووە،  بۆیە بە مەترسیدارترین ناوچە بیابانەکانی لیبیا دەژمێردرێن،  جگە لەو خێڵانە چەند بزوتنەوەو ڕێکخراوێکی چەکداری جیهادی تر بوونیان هەبوو،  لەوانەش  ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و کۆمەڵەی ( الموقعون بالدم) و کۆمەڵەی (مجاهدی لیبیا) کە بەیعەتیان بە ڕێکخراوی داعش دابوو.(١٤٠)

وەك پێدەچوو سەرەتای  سەرهەڵدان و بناغەی دروست بوونی ڕێکخراوی داعش لە لیبیا لەسەر دەستی کەسێك بوو بە ناوی ( حسن صالح عرج ) کە ئەو پێشتر ماوەی حەوت ساڵ لە زیندانەکانی ئەو  وولاّتە  بە تاوانی تیرۆر و توندو تیژی گیرابوو، بەلاّم ساڵی ٢٠١٢ پاش ئازاد کردنی توانی ڕێکخراوێك بە ناوی  ( توحید و جیهاد) دابمەزرێنێ،  هەڵگرتنی ئەم ناوە  بۆ ڕێکخراوەکە  دەگەڕایەوە بۆ هەمان ئەو ناوەی کەکاتی خۆی  ئەبو مصعب زرقاوی  لە عێراق دامەزراندبوو،  کە بەبناغەی سەرهەڵدان و دامەزراندنی ڕێکخراوی  (دەوڵەتی ئیسلامی داعش) دادەنرێت،

ساڵی ٢٠١٥ کاتێك ئە بوبەکر بەغدادی چەند سەرکردەیەکی وەکو( وسام زوبیدی و ئەبو معاز تکریتی ) رەوانەی لیبیا دەکات، حسن صالح بەو پەڕی گەرمیەوە پێشوازیان لێدەکات، لەهەمان کات حۆشی دەچێتە ناو رێکخراوی داعش بەیەکەوە چەلاکیەکانیان فراوانتر دەکەن. هەر لە هەمان ساڵ ئەم رێکخراوە لە لیبیا ٢١ هاوولاتی قبتی میسری لەکەنار دەریا سەر دەبڕێ، لەوکاتەوە داعش بە گورو تینێکی بەهێزەوە کەوتە چالاکیەکانی لەم وولاتە.




(کۆچی پێچەوانەی داعش بۆ وولاتان)

ئەوەی تێبینی دەکرا لە نێو رێکخراوی داعش لە لیبیا ئەوە بوو زۆربەی ئەمیر و والی یەکانیان خەلکی عێراق بوون، بەلام لەساڵی ٢٠١٥ بۆ ٢٠١٦ زۆربەی ئەو سەرکردانە بە هێرشی فرۆکەکانی ئەمریکی کوژران، دوای ئەمانەش سەرەتای کاری رێکخراوەیی گروپی داعش لە لیبیا بە دامەزراندنی سێ شانە لە شاری میسراتە دەستی پێکرد کە کەسێکی لیبی بەناوی ( مالك حازمی) سەرپەرشتی دەکردو لە شاری تەرابلسیش ئەبو عامری جزراوی ئەمیریان بوو، پاشان داعش چەند دیوان و بنکەیەکی میوانداری لە شارەکان دامەزران، لەوانەش بنکەی میوانداری (بنی

وليد) كە موبارەك ئیبراهیم حازمی سەرپەرشتی دەکرد، ئینجا بنکەی میوانداری صبراتە دامەزراند، ئەویش عبدالله دباشی و سفیان سعیدی سەرپەرشتیان دەکرد. دوای ئەمانەش چەند دیوانێکی بۆ بەرێوە بردنی ئیش و کارەکان دامەزران کە لە شێوەی بەرێوبەرایەتی دەوڵەت داری بوون لەوانەش دیوانی (بیت المال) ودیوانی( هجرە وحدود) و ( داد و زوڵم لێکراوان) و دیوانی (حسبە وسەربازی وزەوی و زار) و دیوانی( خزمەتگوزاری)و دیوانی ( راگەیاندن)، هەر یەك لەم دیوانانە چەند یەکەیەکی چەکداری بۆ دەست نیشان کرابوو تا پارێزگاری لێبکات لە ژێر ناوی کەجیا جیای وەك (کەتیبەی عمرو بن العاص وکتیبەی أبو المغیرە)دامەزراندبوو. (١٤١)

لە نێوان سالأنی ٢٠١٥ بۆ ٢٠١٦ لیبیالەباکوری ئەفریقیا بوو بە قەلأیەکی بە هێز بۆ داعش ، ساڵی ٢٠١٥ شاری سرت یان داگیر کرد کە تەنها ٤٥٠ کم لە تەرابلسی پایتەختی لیبیا وە دوورە، لە مانگی دووی هەمان ساڵ شاری نوفیلە یان داگیر کرد، ئینجا شاری بنغازیان گرت کە بە دووەم گەورەترین شاری ئەم وولأتە دادەنرێت، بەلأم ئەوە بوو لە ٢٠١٨/٦/٧ دوای سێ ساڵ لە داگیرکردنی لەلایەن چەکدارانی داعش و هەندێ گروپی تری جیهادی سوپای نیشتیمانی لیبی تەواوی شاری بنغازی گرتەوە. لیبیا دوای عێراق وسوریا بە گرنگترین شوێنی خەلافەتەکەی داعش دادەنرا، ژمارەی چەکدارانی ئەم رێکخراوە لە لیبیا دەگەیشتە ٦٥٠٠ کەس.(١٤٢)

بەگوێرەی دامەزراوەکانی ئەم رێکخراوە ئەبو بەکر بەغدادی بەناردنی کەسانی باوەر پێکراوی خۆی بۆ لیبیا لەهەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی وەك سێبەری خەلافەتەکەی خۆی دابوو لەم وولأتە، بۆیە بە هەمان شێوەی خەلافەتەکەی لە عێراق لەوێشی هەندێ دام ودەزگاو سیستەمی بەرێوە بردنی دامەزراندبوو.

بارودۆخی لیبیا لەگەڵ موسڵ و رەقە ئەوەندە جیاوازیان نەبوو بۆ شکست خواردنی داعش و روخانی کۆشکی خەلافەتەکەیان، هەروەك چۆن لە موسڵ ورەقە دوای

شەرێکی خوێناوی داعش کۆتـایی بەدەسـەڵاتی هـات، ئـاواش لـە وولاّتـی لیبیـا هێـزە نیشـتیمانیەکان سـەرەرای کێشـەو ململانێکانیـان توانیـان کۆتـایی بـە دەسـەڵاتی چەکداری داعش بێنن.

٣- یەمەن: ئەلقاعیدە یەکەمین و مەترسیدار ترین رێکخراوی توندرەوی ئیسلامی بـوو کـە هەمیشـە بنکەیـەکی زۆر بـە هێـزی هـەبوو لـە وولاّتـی یەمـەن، کـە رەنگـە لەخودی سەرکردایەتیەکەیان لە ئەفغانستان بەهێزتربووبێ، چونکە زۆربەی ئـەو سەرکردانەی کەلە سـەردەمی شـەری سۆڤیەت لـە ئەفغانسـتان بـوون و جیهادیـان لـە دژی سـەربازە روسـەکان دەکـرد خـەڵکی یەمـەن بـوون، دوای تـەواو بـوونی جـەنگ هەموویان گەرانەوە بـۆ وولاّتەکـەی خۆیـان. بۆیـە کـاتێکیش ئەلقاعیـدە لقێکـی لـە یەمەن دامەزراند بوو بەهێزترین لقیان لـە تـەواوی جیهـان. ئـەبو عـەلی حارسـی یەکـەمین سـەرکردەی ئـەم رێکخـراوە بـوو کـە لقـێ قاعیـدەی ناسـاند لـە یەمـەن، هەربۆیەش بە پیلانی ئەو بوولە ساڵی ٢٠٠٠ هێرشی موشەکی کرایـە سـەر کەشـتیە سەربازیەکەی ئەمریکی بەناوی ( یو، ئێس،ئێس) لە کەنار دەریای عەدەن. لە ساڵی ٢٠٠٢ ئـەمریکا بـە فرۆکـەی بـێ فرۆکـەوان بارەگـای ئـەم رێکخـراوەی لـە یەمـەن بۆردومان کرد و تێدا سەرکردەی داواکراوی ئەلقاعیدە ئەبوعەلی حارسی کوژرا.(١٤٣)

بـەهۆی بـەهێزی و پێگـەی فراوانـی ئـەم رێکخـراوە لـە یەمـەن ، ئوسـامە بـن لادنـی سـەرکردەی بـاڵای ئەلقاعیـدە بـەنیاز بـوو بارەگـای سـەرەکی خـۆی بگوازێتـەوە بـۆ یەمەن، بەڵام رووداوەکەی ١١یسێپتێمبەری ٢٠٠١ لە نیۆرك وای کرد بن لادن زیـاتر پێویستی بە خۆ حەشاردان بێت لە ئەشکەوتەکانی تۆرابۆرای ئەفغانسـتان نـەك لـە وولاّتـی یەمـەن. ئوسـامە بـن لادن دەیویسـت لـە وولاّتـانی عـەرەبی زیـاتر نزیـك بکەوێتەوە بەتایبەتیش لە سوریا و عێراق هەندێ جاریش بانگـەوازی رزگـارکردنی قودسی دەکرد، راگەیاندنی ئەو کاتەی ئەلقاعیدە هەمیشە دەیووت" لێرەوە دەسـت

پیَ دەکەین لە قودس دەگەین بەیەك" بەلاَم نەیتوانی ئەو ئامانجە بپێکیَ و تەمەنی لە ئەفغانستان و پاکستان کۆتا پیَ هێنا.(١٤٤)

یەمەنیەکان فکرو ئینتیمای ئاینیان زۆر بەهێز ترە لە خەلکی هەر وولاَتێکی تری ئیسلامی و عەرەبی لەجیهان، چونکە ئەوان بێبەش بوون لە بچوکترین زانست و تەکنەلۆجیای سەردەم کە بەهۆی دواکەوتەیی و دژایەتیان بۆ زانستی نویَ و ئەو بیرو بۆچونە کۆن و دواکەوتنەی کە هەیان بوو، بۆیە ئەم وولاَتە بە باشترین شوێنی حەوانەوە بۆ جیهادیەکان دا دەنرا. لە رووداوی تەقاندنەوەی هەردوو باڵەخانەکەی نیۆرك، ئەنجومەنی ئاسایش بریاری تاوانبارکردنی ١٢٦٧ کەسی دا بە یارمەتی دانی گروپی جیهادی و توندرەوی، لە نێو ئەم ژمارەیەدا ٢٥٦ کەسیان یەمەنی بوون.(١٤٥)

دوای سەرهەڵدانی بەهاری عەرەبی و بالاَدەست بوونی حوسیەکان و داگیرکردنی سەنعای پایتەختی یەمەن، رێکخراوی ئەلقاعیدە بەهێزتر بوو لەم وولاَتە. زۆر جار مەترسی راستەو خۆیان بۆ سەر کەشتیە سەربازیەکانی ئەمریکا هەبووە لەدەریای عەرەبی، کە ئامانجی سەرەکی ئەم رێکخراوە بالاَ دەستی بوو لە کۆنترۆڵ کردنی دەریاکە لە یەمەن.

٤- **میسر**: ئەو گۆرەپانەی کە بە یەکەمین لانەی سەلەفی جیهادی لەناسرابوە، کە دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی دامەزرێنەری ئەم رێبازە (سید قوتب)، دوای ئەویش دروست بوونی چەند کۆمەڵەیەکی تری توندرەو لەم وولاَتە. لە نیمچە دوورگەی سینا لە وولاَتی میسر بەشێکی زۆر لە کۆمەڵە ئیسلامیەکان بەیعەتیان دا بە داعش، لە نێوانیشیان کۆمەڵەی ( ئەنسار بیت مقدس) کە ساڵی ٢٠١١ دامەزراوەو لە ساڵی

٢٠١٤ بەیعـەتیان داوە بـە داعـش  پاشـان نـاوی نیمچـە دورگـەی سـینایان گـۆری بـۆ (ولایەتی سینا) نزیکەی هەزار چەکداریان هەبوو.
لە ساڵی ١٩٧٩ وە گروپی سەلەفیە جیهادیەکان  لە بیابانی سینا لە میسر کـە سـنوری ئیسرائیلە سەریان هەڵداوە.  یەکێك لە هۆکارە سـەرەکیەکانی بـەهێز بـوونی گروپـە جیهادیەکان لەو ناوچەیە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتنی میسر- ئیسرائیل لـە سـاڵی ١٩٧٩، چونکە بە گوێرەی بەندێك لەم ڕێکەوتنە دەبوایـە میسـر  هێـزە سـەربازیەکانی لـەم سـنورە کـەم بکاتـەوە کەئەمـەش بـوە هۆکـاری پەیـدابوونی بۆشـایی ئـەمنی لـە ناوچەکەدا،   چونکە  چیتر حکومەتی میسری نەیدەتوانی ڕۆڵێکی بـاڵای هـەبێت لـە بەرقەرارکردنی ئەمن و ئاسایشی ناوچەکە،  سروشتی ناوچەی سینا کـە بیابـان بـوو کاریگـەری هـەبوو لەسـەر  بـڵاو بونـەوەی هـەژاری و کـەم دەرامـەتی لـەم ناوچـەیە، لەگەڵیشـیدا بیروبـاوەری تونـد ڕەوی زیـاتر پـەرەی سـەند لـەکاتی چـالاکیە چەکداریەکانی ئەم گروپانە لە سینا حکومەتی میسر بەشێوەیەکی تونـد لـە ڕێگـەی فرۆکە جەنگیەکانیەوە بەرپەرچی ئەوانی دەدایەوە.(١٤٦)
لە دوای کۆتایی هـاتنی خەلافـەتی داعـش لـە سـوریا و عێـراق  هەنـدێ لایـەن پێیـان وابوو  سینا  ناوچەیەکی مەترسیدار دەبێ بۆ توندرەوەکان،  کەهەمیشە بە ناوچـەی دوور لە دەسەڵات حکومەت ناویان بـردوە.   لـەم ناوچـەیە دا بێجگـە لـە داعـش سـێ گروپی توندرەوی جیهادی تـر باڵادەست بوون، کە زۆر درندانە چالاکی تیرۆریسـتیان ئەنجام ئەدا ئەوانیش(  کۆمەڵەی مرابتین و جند ئیسلام و  ئەنسار ئیسلام)  بـوون، سەرەرای ڕێگریەکانی حکومـەتی میسـری بـەلاّم گروپـەکان بـەردەوام لـە زیـاد بـوون دابوون.  ئەیمەن زواهیری سەرۆکی ڕێکخراوی ئەلقاعدە لە مانگی فێبرایەری ٢٠١٨ لـە ڕاگەیـەنراوێکی کـە ئاراسـتەی  تونـدرەوەکانی میسـری کردبـوو ووتـی:  بەهـەموو ڕێگایـەك جیهـاد بکـەن دژی حکومـەتی میسـر،  بەچـەك و تەقینـەوە و هێرشـی پەلاماردان و خۆپێشاندان و بەیاننامە،  شەر بکەن بۆ روخاندنی رژێمی میسری.

بەلاَم راپۆرتێکی وەزاەتی بەرگری ئەمریکی لە کۆتایی ساڵ٢٠١٨ بڵاوی کردەوە کە لاینگرانی داعش لە سینا بەرەو لاوازی و کزبونەوە دەچێت بە هۆی ئەو هێرشانەی هێزەکانی حکومەتی میسر بۆ سەریان لە نیمچە دوورگەی سینا. (١٤٧)

هۆکاری دروست بوونی کۆنترین بیرە باوەری جیهادی لە میسر رەنگە بگەرێتەوە بۆ چەندین خاڵی بنچینەیی کە تەووژمێکی بیری سەلەفی و جیهادی توندرەو بێتە کایەوە لەوانەش:.

یەکەم: هەبوونی ئاینی تر لەم وولاَتە( ململانێی ئاینی زۆر) وەك قپتی یەکان کە چەندین جار کراونەتە ئامانجی توندرەوە جیهادیەکان .

دووەم: شوێنی حەوانەوەو مەشق و راهێنان بۆ چەکدارە جیهادیەکان لەبار بوە بە هۆی هەبوونی بیابانەکانی سینا، کە بە شێوەیەکی ئازادانە جموجۆڵیان تێدا ئەنجام داوە.

سێی یەم: هەر لەم بیابانەدا مامەڵەی چەك و گواستنەوەی چەك بۆ وولاَتانی دەروبەر ئەنجام دەدرێت.

چوارەم: گرنگی جوگرافیای سیاسی ناوچەکە بەهۆی هەبوونی کەنارەکانی دەریای سور و دەریای ناوەراست و نزیك بوون لە سنوری ئیسرائیل.

پێنجەم: هەبوونی ئەو یارمەتی و پاڵپشتیە لوجستیکەی کە لەرێگای لیبیا و سودانەوە بە ئاسانی بەم گروپە جیهادیانە دەگەیشت بۆ بیابانی سینا.

شەشەم: جوگرافیای ناوچەکە بریتیە لە چەندین لاوە بۆ کاری قاچاغ چیەتی، لەرۆژهەلاَت و رۆژئاواو سەروو خوارووی ناوچەکە، رێگاکانی جموجۆڵی ئەم گروپانە کراوەبووە.

حەوتەم: سەرەرای هەموو ئەمانە گروپە جیهادیەکان بەئارەزووی خۆیان توانای وەستاندن و رێگریان لە هاتنی گەشتیارانی کەرتی گەشت و گوزار هەبووە بەهۆی رفاندن و تەقینەوەکان.

٥- **سۆماڵ**، بزوتنەوەی ئەلشباب خۆی بە نوێنەری راستەقینەی خەڵکی موسڵمانی ئەم وولاتە دەزانی، لەساڵی ٢٠٠٦لە صۆمال دامەزراوە، لە ٢٠١٤/٩/١ وەزارەتی بەرگری ئەمریکا رایگەیاند کە سەرکردەی ئەلشباب لە ڕێگەی بۆردومانی فرۆکەکانمانەوە کوژراوە، سەرەرای هەبوونی لاینگرانی ڕێکخراوی داعش لەم وولاتە لە ساڵی ٢٠١٥ لە ناوچەکانی وولایەتی ( بونتلاند) بەڵام دوای کوژرانی سەرکردەی شەباب ( ئەحمەد عبدی غودانی) هەلێکی زێرین بۆ ڕێکخراوی داعش رەخسا کە سود لە درزەکانی نێو سەرکردایەتی ئەم بزوتنەوەیە وەربگرێت و بوونی خۆی لەم وولاتە وەك ڕێکخراوێکی سەلەفی جیهادی ئاشکرا بکات و بسەپێنێ، چونکە رووداوی کوژرانی غودانی تاکە رۆشنایی بوو بۆ داعش کە لەوێوە بگاتە نێو ڕێکخستنەکانی ئەلشیاب و دەستی بگات بە ئەو سەرکردە نارازیانەی نێو بزوتنەوەی شەباب و ریزەکانی خۆی پێ بە هێز بکات(١٤٨.)

ساڵێك تینەپەری بەسەر کوشتنی سەرکردەی بزوتنەوەی شەباب تا کەسێك بەناوی عبدالقادر موئمن خۆی وەك سەرکردەی باڵی ڕێکخراوی داعش لە صۆماڵ ناساند، کە خۆی و چەند سەرکردەیەکی جیابۆوەی بزوتنەوەی شەباب ئەم باڵەی داعشیان دامەزراند و بەیعەتیان بۆ ئەبو بەکر بەغدادی راگەیاندبوو، ئەم رووداوانە ناکۆکی و کێشەکانی نێوان سەرکردەکانی هەردوولای قوڵ کردو رۆژ دوای رۆژ تەنگژەکان گەورەتر دەبوون و تاوای لێهات بزوتنەوەی شەباب چەندین ئەندامی داعشی کوشت.

دوای ئەم رووداوانە داعش لە رۆژنامەکەی خۆی لە صۆماڵ بەناوی ( النبا) بە توندی سەرکردایەتی بزوتنەوەی شەبابی ئاگادار کردەوە کە چیتر دەستەوەستان ناوەستن بەرامبەر بە دەست درێژیەکانی ئەوان و لەماوەیەکی کورت وەڵامی توندیان دەبێ بۆ ئەوان، لەناوەراستی ساڵی ٢٠١٨ ڕێکخراوی داعش دەستی کرد بە

کردەوەکانی دژ بە بزوتنـەوەی شـەباب و لـە هێرشـێکی دا لـە شاری قنـدلا چـوارده چەکداری ئەم بزوتنەوەی کوشت.(١٤٩)

لـەو سـاتەوە بزوتنـەوەی شـەباب بەفـەرمی دژایـەتی خـۆی بـۆ رێکخـراوی داعـش راگەیان. ئەوەندەی پێ نەچوو سەرکردەیەکی رێکخراوی داعشبەناوی (یحی حاجی فیلی) لە قاوەخانەیەك لەلایەن چەکدارانی بزوتنەوەی شەباب کوژرا، دوای ئـەویش دوو سـەرکردەی تـر بـە ناوەکـانی ( ئـەبو یـونس مسـری و مهـد معلـم) لەلایـەن بزوتنەوەی شەباب کوژران. (١٥٠)

ئەم رووداوە ناکوکی و ململانێکانی زۆر زیاد کرد و هەردوولا لە هـەوڵی سڕینەوەی یەکتر بوون.

بەڵام رێکخراوی داعش نەیتوانی رێژەی ئەندام و چەکدارانی خۆی لەم وولاتە زیـاد بکات بـە هـۆی زۆری لاینگرانـی بزوتنـەوەی شـەباب، کـە ژمارەیـان لـە چـەند سـەد کەسـێك تـێ نەدەپـەری و هــەر بــەرەو کزبونــەوەش دەچــوو، ئەمــەش بــەهۆی بزوتنەوەی ئەلشەباب خۆی بە باڵی رێکخراوی ئەلقاعیدە دەزانێ لەم وولاتـە، بۆیـە داعش شانسی زیادبوونی لاوازە لەم وولاتە.

## ئەفغانستان

ڕێکخراوی داعش لە ساڵی ٢٠١٥ بەدواوە هەڵمەتەکانی فراوانکرد و وولایەتێکی بە ناوی (ولایەتی خوراسان ) لە ئەفغانستان دامەزراند، تەنانەت بۆ بەهێز کردنی پێگەو شوێنی خۆی لەم وولاتە چەندین جار ڕووبەڕووی بزوتنەوەی تالیبان و ئەلقاعیدە بۆتەوە. لەو کات و ساتەی جەستەی داعش خوێنی لێ دەچۆڕا لە سوریاو عێراق بە هۆی شکستەکان و لەدەست دانی سەرکردەکانی، هەردوو گۆڤارەکەیان جگە لە باسکردنی سەرکەوتنەکانیان لە وولایەتی خوراسان هیچی تریان پێ نە بوو، خوراسان ئەو ناوەی کە لە لایەن مجاهیدەکان بە ئەفغانستان و بەشێك لە ئێران و پاکستان دەووترێت. ئەفغانستان کە ساڵانێك بو ببوە شوێنی حەوانەوەی هەزاران جیهادی و توندڕەوی ئیسلامی، بۆیەش ئەم ڕێکخراوە ٢٥ وولایەتی وەك شانەی ڕێکخستنی لە ئەفغانستان دامەزراند. لە مانگی نۆڤمبەری ٢٠١٧ بەگوێرەی ڕاگەیاندنی (فاسیلی یینزیا) نێردەی روسیا لە نەتەوەیەکگرتوەکان" داعش لە ئەفغانستان (١٠،٠٠٠) هەزار چەکداری هەیە. هەروەها بەگوێرەی ڕاپۆرتە هەواڵگریەکان نزیکەی (٢٠،٠٠٠) چەکدار و لاینگری ئۆزبەکیەکانی بزوتنەوەی تالیبان دوای مردنی مەلا عومەر سەرۆکی ئەم ڕێکخراوە بەیعەتیان دا بە ئەبو بەکر بەغدادی .(١٥١)

ڕۆژی ٢٠١٨/٤/٥ سەرکردەی ڕێکخراوی داعش لە ئەفغانستان (حکمت الله) کەبەرەگەز خەڵکی ئۆزبەگستان بوو کەوتە بەر هێرشێکی فرۆکەکانی ئەمریکا وکوژرا، پێشتر ناوبراو یەکێك بوو لە چالاکترین سەرکرەی ریزەکانی بزوتنەوەی تالیبان، پاشان چوە ریزەکانی داعش و ئینجا بوو بە بەرپرسی یەکەمی ڕێکخراوی داعش لە ئەفغانستان، ئەو کەسایەتیەکی چالاك و بەهێزی هەبوو لە بلاو بوونەوەی بیری

جیهادی و راکێشانی خەڵك بۆ نێو ڕێکخراوی داعش، هەر دوای کوژرانی ئەو ڕێکخراوی داعش کەسێکی تری بەناوی( مولوی حبیب الرحمن) دانا کە ئەویش بەرەگەز ئوزبەگی بوو.(١٥٢)

هەروا لە پاکستانیش کۆمەڵەی ( جند الله) کەساڵی ١٩٩٦ دامەزرابوو، لە ساڵی ٢٠١٤بەیعەتی بە داعش دا، ئەم کۆمەڵەیە کارو چالاکی و توندو تیژی بەرامبەر بە شیعە مەزهەبەکانی وولاتەکەیان ئەنجام دەدا.

لە کۆتایی مانگی نیسانی٢٠١٩ گروپێك لە وولاتی سریلانکا ژمارەیەك ئوتێل و کلێسایان تەقاندەوە، کە بوە هۆی کوژرانی زیاتر لە ٢٩٠ هاوولاتی، کە پاشتر ڕێکخراوی داعش بەر پرسیاریەتی خۆی لەم کردەوەیە راگەیاند، کە لەلایەن حەوت خۆکوژی ئامادەکراوی خۆیان کردەوەکەیان ئەنجام دابوو.

## داعش هەوڵی داگیرکردنی باشوری رۆژهەلاتی ئاسیای دەدا

لـەژێر دروشمـی (( ارض اللـة الواسـعة)) داعـش لەهـەوڵی ئـەوەدابوو ژینگەیـەکی سەلەفی جیهادی دروست بکات لـە نێو بزوتنـەوە ئیسلامیەکانی وولاٌتـانی باشوری رۆژهەلاٌتی ئاسیا، هەڵبەتە ئەم ژینگەیـە لـە بنچینەدا لـە ئارادابوو، بـەلاٌم داعـش ویسـتی ئـەوەی هـەبوو بۆخـۆی بقۆزێتـەوە و لـە ژێـر کاریگـەری و فەلسـەفەی (داعیشیزم) رێبکەن، نەك بە شێوە کلاسیکیەکەی خۆیان.

هۆکـاری سـەرهەڵدان و زۆر بـوونی ئـەم بزووتنـەوە جیهـادی و ئیسـلامیانە لـەم وولاٌتانە، بەپلەی یەکەم دەگەرایەوە بۆ زۆری رێـژەی دانیشـتوانەکانیان لـە زۆربـەی وولاٌتـانی رۆژ هـەلاٌتی ئاسـیا. کـە وایکردبـوو دام ودەزگاکـانی دەوڵـەت نـەتوانن کـۆنترۆڵی بـاری ئاسایشـیخەلك و چاودێری کردنـی تونـدرەوەکان بکـەن، کەرەنگـە بەشێوەیەك لە شێوەکان دەوڵەت هەر خۆشی بـەر پرسـیار بـوو بێـت لـەم بارودۆخـە خراپـەدا، هۆکارەسـەرەکیەکەش بـارودۆخی بـژێوی خەلکەکـە بـوو، کـە هـەر ئـەم بارودۆخە بوو بە هۆکارێکی سەرەکی بۆ تێکدان وشێواندنی ئاسایشی وولاٌت لەلایەن خەڵکی برسی و کەم دەرامەت، ئەمـەش دەوڵـەت لێـی بەرپرسـیارە. بـەلاٌم ئامـانجی داعش بۆ گەیشتن و تێکەڵاو بوونیان ، لەسەرووی ئامـانج و هۆکارەکانی ئەوانەوەیە، داعش وویسـتی ئـەو ژینگـە نالـەبارەی ئـەوان بقۆزێتـەوە بـۆ مەرامـە سیاسـیەکانی خۆی، بۆیە تا رادەیەکی زۆریش سەرکەوتوو بـوو، کـە تـوانی بەهـەزاران لـە خـەڵکی موسڵمانی ئەم وولاٌتانە بهێنێتە سەر گۆرەپانی ململانێکـان و بیکـات بـە جیهادیـەکی توندرەوی بێ بەزەیی.

**١-فليپين:**

★-کۆمەڵەی ئەبو سەیاف گەورەترین گروپی چەکداری جیهادیە کە ساڵی ١٩٩١ دامەزراوە، ساڵی ٢٠١٤ بەیعەتی بە ڕێکخراوی داعش داوە. دوای ئەویش کومەڵەی ماوتی و ئەنسار خلیفە دێت، کە ساڵی ٢٠١٧ دەستیان گرت بەسەر شاری ماراوی لە فلیبین و وەك وولایەتێکی داعش ناساندیان، دوای پێنج مانگ لەشەر و کوشتار ئینجا حکومەتی ئەم وولاتە کۆنترۆڵی کردەوە ، کە تێدا زیاتر لە ٥٠٠ هاوولاتی و چەکدار کوژران.(١٥٣)

★-بزوتنەوەی سەربەخۆیی ئیسلامی، ناسراو بە (بنج سامار) ساڵی ٢٠٠٨ دامەزراوە لە فلیپین، ساڵی ٢٠١٤ بەیعەتی بە ڕێکخراوی داعش داوە و خۆی وەك باڵێکی داعش ناساندوە، ساڵی ٢٠١٥ ژمارەی چەکدارانی دەگەیشتە ٥٠٠ چەکدار.(١٥٤)

★-ئەنسار خلافە: ساڵی ٢٠١٤ بە پاڵپشتی ڕێکخراوی داعش دامەزراوە ، ژمارەیان دەگەیشتە (٥٠) کەس.

★- بەرەی ڕزگاری مۆرۆی ئیسلامی: لە ژێر کاریگەری بیرو باوەری داعش لەساڵی ٢٠١٣ دامەزراوە، کەهەمیشە جموجوڵی زۆر توندرەویان لە شاری (مراوی) لە باکوری جزیرەی میندانا‌و هەبوو، لە مانگی ٢٠١٧/٥ ئالای داعشیان لەسەر چەند باڵە خانەیەکی شارەکە بەرز کردەوە، بەلام ژمارەیان لە ١٠٠ چەکدار تێ نەدەپەڕی. هاوکات نزیکەی ٦٠ گروپی توندرەو لە فلیبین و ئیندونیسیا بەیعەتیان بە داعش دابوو. فلیبین بە گەورەترین وولات دادەنرێت لەناوچەکەدا لەرێژەی قوربانی دان لەرووبەرووبونەوەیان لە شەری داعش دا.(١٥٥)

**٢- ئەندۆنیسیا:** گەورەترین وولاتی ناوچەکەیە لە رووی رووبەرو ژمارەی دانیشتوانەوە بەدەستی ئیسلامیە توندرەوەکانەوە دەناڵێنێ کەلەسەردەمانێکی زۆر پێش ئەلقاعیدە گروپ و بزوتنەوەی جیهادیەکان لەم وولاتە هەبوون و چالاکی هەمەجۆریان ئەنجام داوە. لەم سەردەمەشدا یەکەم وولات بوە لە ناوچەکە کە دانی

به بوونی ڕێکخراوی داعش ناوه له وولاّتەکەی و تەنانەت له ساڵ ٢٠١٧ بەپی زمانحاڵی حکومەتەکەی داعش له وولاّتەکەیان چالاکه و چەندین شانەی نوستووی هەبووه له شارەکاندا. جگه له ڕێکخراوی داعش چەندین کۆمەڵ و گروپی سەلەفی جیهادی توندڕەو هەیه لەم وولاّته که ئەوانیش لەساڵانی دەرکەوتنی داعشەوه بەیعەتیان داوه به ئەبوبەکر بەغدادی لەوانەش: ( أنصار دوله الخلافه) و(**کتیبة نوسانتارا**) که بەشدار بوو له شەرەکانی سوریا له پاڵ داعش و ( جماعه انصار التوحید) و ( حرکه مجاهیدی تیمور) و ( حرکه مجاهیدی شرف اندونیسیا).
ڕێکخراوی داعش لەم وولاّته بەتەواوی پەل وپۆی هاویشتبوو و توانای چالاکی گەورەی هەبوو بەتایبەتی له پایتەختەکەی و هەرێمی جاوای ڕۆژئاوایووڵات.(١٥٦)

٣- **مالیزیا:**. لەناوەراستی ساڵی ٢٠١٦ محمەد رفیع الدین سەرکردەی کۆمەڵەی مجاهدی مالیزیا بەیعەتی دا به خەلیفەی داعش ئەبوبەکر بەغدادی، له مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا له پایتەختی مالیزیا ( کوالالامبور) هێرشێکی چەکداری له ژێر ناوی ڕێکخراوی داعش کرده سەر یانەیەکی شەوانه، که زیاتر له هەشت کەس بریندار بوون، که ئەمه به یەکەمین چالاکی داعش دەژمێردرێت لەم وولاّته. هەروەها لەساڵانی ٢٠١٤ بۆ ٢٠١٧ چەندان هاوولاّتی مالیزی ڕوویان کرده سوریا و عێراق و بوونه جەنگاوەری ڕێکخراوی داعش.

## پەلهاوێژیەکانی داعش بۆ ئاسیای ناوەراست

ڕێکخراوی داعش زۆر بە قوڵی کاری لەسەر موسڵمانانی وولاَتانیئاسیا ناوەراستی و روسیا و ناوچەکانی تری دەکرد کە هاوسنوور بوون لەگەڵ دەوڵەتی روسیا . لەوولاَتی ئۆزبەگستان ئیسلامیە توندرەوەکان هەمیشە پێگەو شوێنی پارێزراویان هەبوو بۆ کاری تیرۆریستیانە لە نێویشیاندا (بزوتنەوەی ئۆزبەکستانی ئیسلامی)، کەلە ساڵی ١٩٩٨ وەدامەزراوە بەهۆی کاریگەری رێکخراوی داعش لەسەریان لە ٢٣/٧/ ٢٠١٥ بەیعەتیان بە ئەبوبەکر بەغدادی دا، کە رۆستەم ئاسیلدارۆف سەرکردەیان بوو لە قەوقاز هەرچەندە لەگەڵ ئەم بەیعەت پێدانە بەشێك لە ئەندامانیان نارازیبوون، بۆیە ریزەکانیان بەجێهێشت. ئەم بزوتنەوەیە لە چەندین ناوچەی گرنگی ئۆزبەکستان و تاجکستان ودۆڵی( فرغانە) کە دەکەوێتە سنوری قیرستان بونیان هەیە، لە دوای بەیعەت دانیان بە داعش لەبەر چەند هۆکارێك کارو چالاکیەکانیان بردە باکوری ئەفغانستان ورۆژئاوای چین و رۆژهەلاَتی پاکستان.



رۆستەم ئاسیلداروف کە خۆی بە لقێکی داعش ناساندبوو لە وولاّتانی ئەرمینیا و ناوچەکانی ئەقازیا و قەرەبەباغ وقەوقاز.لە ٣،دیسەمبەری ٢٠١٦ روسیا فەرمانی کوشتی ئەوی راگەیان لەلایەن هێزەکانیەوە.(١٥٧)بزوتنەوەی ئۆزبەکستانی ئیسلامی بەوە ناسرا بوو کە گەنج و لاوانی لە ناوچەکە رێك دەخست و رەوانەی ریزەکانی داعشی دەکرد بۆ سوریاو عێراق. لەهەمان کاتیش لەناوچەکانی روسیا رێکخراوی داعش ولایەتی قەوقازی دامەزراند تالەوێوە یارمەتی و خەلّکیان بۆ بنێرنە بەرەکانی جەنگ لە سوریاو عێراق بۆ بە چەکدار کردنیان لە ریزەکانی داعش.

لەگەڵ ئەوەی لێکۆلەرەوەکان نەیانتوانیوە رێژەی ئەندامە تیرۆریستەکانی کە خەڵکی ناوچەکانی ئاسیای ناوەراستن ئاشکرا بکەن، بەلاّم سەرۆکی روسیا فلادیمێر پۆتین لە ٢٠١٧/١٢/٢٠ راگەیاند کە (ژمارەی ئەندامانی گروپە تیرۆریستیەکانی ناوچەکانی ئاسیای ناوەراست دەگاتە پێنج بۆ حەوت هەزار کەس، بەهۆی ئەم توند رەوانەوە کۆمارەکانی سەر بە یەکێتی سۆڤیەتی جاران لە مەترسیەکی راستە قینەدان ).

وولاّتی تاجگستان لە پێشەوەی وولاّتانی تری ناوچەکەبوو کە دەستی بە هەڵمەتی توندکردنی رێو شوێنە ئەمنیەکان کرد بۆ پێش گرتن لە جموجۆڵە تیرۆریستیەکان. لە ٢٠١٨/١/٢٨ دادگای تاجگستان بریاری زیندانی بەسەر کۆمەڵێك ئەندامانی توندرەوی جیهادی دەرکرد.

لە وولاّتی ئۆزبەکستان دەزگاکانی ئاسایش کەوتنە راوەدونانی ئەندامانی رێکخراوی داعش و چەندین کەسیان لێ دەستگیرکردن، بەتایبەتیش دوای ئەو کردەوە تیرۆریستیانەی کەلە تورکیا و ئەمریکا رویاندا، لەمانگی ٢٠١٧/١١ کەسیکی ئۆزبەکستانی بەناوی سەیف اللە سایبوف لە شاری مانهاتنی سەربە وولایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کردەوویەکی تیرۆریستی ئەنجام دا. هەروەها لە مانگی

٢٠١٧/١ كەسێك بەناوی عبدالقادر مشاریبوف كە خەڵكی ئۆزبەكستانی بوو هێرشی كردە سەر یانەیەكی شەوانە لەشاری ئەستنبولی سەربە توركیا.

لە وولاّتی قیرزستان هێزە ئەمنیەكان دەستیان كرد بە چاودێری ئەو هاوولاّتیانەی كە ببونە چەكداری داعش لە سوریاو عێراق و ئەندامانی ئیسلامیە تیرۆریستیەكانی تر.

هەروەها وولاّتی ئازەر بایجانیش لە ٢٠١٨/١/٣٠ رایگەیاند كە نزیكەی (٣٠٠ ) هاوولاّتی وولاّتەكەیان لە سوریاو عێراق لە ریزی داعش كوژراون، وە ٩٢ كەسیش گەراونەتەوە وولاّت و لە ژێر لێكۆلینەوەی چرِدان. داعش لە پاڵ هەموو ئەم كارو چالاكی و جەنگە یەك لە دوای یەكەكانی دا هەمیشە هەوڵی فراوانخوازی و دامەزراندنی پێگەی تازە تری دەدا لە وولاّتان.(١٥٨)

## چارەنوسی ژنە بیانیەکانی ریزی داعش بەچی گەیشت؟

یەکێك لە گرنگترین ئەو پرسیارانەی کە تایبەت بوو بە هاتنی جیهادیە بیانیەکان بۆ سوریاو عێراق ئەوە بوو کەئایا سەرچاوەی دەروازەکانیان بۆ ناو داعش لە کوێ وە رێچکەی گرتبوو؟ هەروا ئامارو رۆڵی ئەم بیانیانە چی بوو لە نێو ئەم رێکخراوەدا؟ بەتایبەتیش ئافرەتە بیانیەکان کە بە شێوازێکی ئاسان لە خشتە دەبران و پلان و بەرنامەی داهاتوویان لە نێو رێکخراوەکە بۆ دادەرێژرا، تا دواجارلە کەسێکی سادەو ئاسایی کۆمەڵگاوە دەکران بە کەسێکی توندرەوی ئامادەکراوی جیهادی. داعش پێی وابوو لەرێگای بەکارهێنانی ئەم ئافرەتانە بۆ راکێشانی سەرنجی خەڵك بە تایبەتی گەنجان بەلای رێکخراوەکەیان کارێکی یەکجار پێویستە، بۆیە گرنگی زۆری بە هاتنە ریزی ئافرەتانی بیانی دەدا.

پاشانیش ئەم کچانە زۆر بە ئاسانی لە چەکدارەکانیان مارە دەکران.

ئەو چەکدارە بیانیانە توانیان جۆرێك لە گۆرانی تاکتیکی لە ستراتیژیەتی داعش دروست بکەن بەهۆی لێهاتوویی و شارەزاییان لە تەکنیکی سەردەم، چونکە هاتنی ئەو هەموو رەگەزە جیاوازە لە وولاتانی جیهان بە دڵنیاییەوە کاریگەریەکی راستەوخۆی دەبێت لەسەر بیرو تێگەیشتنە دواکەوتوەکانی کارەکتەرە سەرەکیەکانی نێو ئەم رێکخراوە، هەرئەم کاریگەریانەش وای کرد جوڵەیەکی خێراو بەهێز سەرهەڵبدات لە ریزەکانی ئەم رێکخراوە و تەنانەت کاریگەریان لە دەرەوەی رێکخراوەکەش هەبوو لەسەر بیانیەکان لە وولاتان.

لە مانگی ٢٠١٤/٢ کاتێك داعش تازە دامەزرابوو لە سوریا کەتیبەیەکی ژنانی دامەزراند بە ناوی کەتیبەی( خنساء ) لەشاری رەقە، کەتایبەت بوو بەو ژنە بیانیانەی کە دەهاتنە ریزەکانیان، ئەم کەتیبەیە بەماوەیەکی کورت گەشەی کرد

و رووی لــه زیــاد بــوون کــرد، لــەناو کەتیبەکــەدا دوو گــروپ دروســت کرابــوون بــەناوەکانی( گروپــی دایکــی رەیحــان و گروپــی دایکــی عمــارە) ئــەرك و چــالاکی ئەندامانی سەرپەشتیاری کەتیبەکە بریتی بوو لە راکێشانی ئافرەتان لـە وولاّتـان بـە رێگەی ئینتەرنێت و ئینجا رێکخستن و هێنانیان بۆ ریزەکانیانەوە. لـەمانگی ٢٠١٥/١ ئەو کەتیبەیە یەکەمین بەیاننامەی بلاّو کردەوە بـەناوی(ژنانی دەوڵـەتی ئیسلامی) تیایدا باسی لە رۆڵ و ئەرکی ئافرەتی دەکرد لە ریـزی رێکخـراوی داعـش و هـەروەها لە گەڵ باسکردن لەتەمـەنی گونجاو و شـەرعی کچان بـۆ شـوکردن لـە تەمـەنی نـۆ ساڵی دا.

ئەنــدامانی ئــەم کەتیبەیــە کۆمــەڵێك ئــافرەتی بــەتوانا و کاریگــەری تێــدا هــەبوو، لەوانەش ( ندا قحتان) کە بە (خوشکە جلیبیب) ناسراوبوو، کەسایەتیەکی بەهێز و زۆریــش بــاوەر پێکــراوی ئەبوبــەکر بەغــدادی بــوو. پاشــان دوای فــراوان بــوونی کەتیبەکـەیان لەسـەر بریـاری خەلیفـە ئـەم ئافرەتـە لقێکی کەتیبەکـەی لەشـاری حەسـەکە دامەزرانـد، کـەرۆڵێکی کاریگـەری هـەبوو لـە راکێشـانی کچـانی بیـانی لـە وولاّتان لە رێگـەی ئینتەرنێتـەوە. یـەکێکی تـر لـەو ئافرەتانـەی کـە رۆڵـی بەرچاوی بینی لە پێشکەوتنی رێکخراوەکە ناسراوبوو بە ( دایکـی سـلیمان) بەرەگـەز عێراقـی بوو سەرپەرشتی تەواوی ((حسبەی نسا)) دەکرد لە پارێزگای دیرەزورلە سوریا. (١٥٩) لە شاری موسڵیش ئافرەتێکی تری زۆر بە توانا هەبوو لە بەرێوە بردنـی کاروبـاری رێکخراوەیی داعش بەناوی ( دایکی وەلید) کـە بەرەگـەز ئوزبـەگی بـوو، نوسـینگەی هەبوو لە نەخۆشخانەی ئیبن سینا ی شاری موسڵ.

هەرچەنـدە لەساڵی ٢٠١٥ داعش بەفەرمی رایگەیاند کە ئافرەتانیش دەتوانن مەشـقی سەربازی وەربگرن و لە گەڵ پیاوەکانیان لە کاتی پێویست دا بجـەنگن، بـەلاّم سـاڵی ٢٠١٦ داعش پاشگەز بۆوە لەو بریارەی پێشوو تری کە ئافرەتان بەشداری لە شەرەکان بکـەن، تــەنها کاتێــك نــەبێ کــە شــەربگاتە نێــو ماڵەکــەی لەوکاتــەدا بــەرەنگاری و

شەرکردن دەبێتە ئەرکێکی پێویست.  ساڵی ٢٠١٧ کاتێك پاڵەپەستۆی هێزەکانی پێشمەرگە و هێزە عێراقیەکانی کەوتە سەر سەنگەرەکانیان، داعش ئەوکات بەناچاری داوای لە بەشدار بوونی ئافرەتان دەکرد بۆ بەرگری و شەرکردن، بۆیە لە شەری ناو موسڵ ١٣ئافرەت کردەوەی خۆکوژیان ئەنجام دا.
لە ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ دوای ئازاد کردنی موسڵ و سەرەتای ئۆپەراسیۆنی رەقە داعش رایگەیاند که بەشداری ئافرەتان لەشەرەکاندا ئەرکێکی ئیسلامی زۆر گرنگە، بۆیە بۆجاری یەکەم بوو داعش کەوتە پروپاگەندە کردن بۆ رۆڵی ئافرەت لە ریزەکانی و تەنانەت چەند وێنەیەکی چەکدارانی ئافرەتانیشی بلاّوکردەوە.



( ئافرەتە تونسیەکانی داعش )

رێکخراوی داعش نزیکەی ١٠٪ ئافرەت بوون، کە زۆربەیان سەربە وولاّتانی ئەوروپی و ناوچەیی بوون،  بە گوێرەی راپۆرتێکی پەیمانگای( کانو) پاشایەتی ئیسپانی" لە کۆتایی ٢٠١٦ بۆ سەرەتای سالێ ٢٠١٧ویستی بوون بە داعش لە لایەن کچان وژنانی وولاّتانی ئەوروپیەوە زۆر پەرەی سەند، هەرلەو ماوەیەدا ٥٠٠

ئافرەتی ئەوروپی چوونە ریزەکانی داعش لە سوریا و عێراق. جگە لەمانە زیاتر لە ١٠٠٠ ئافرەت لە لیبیا لە ریزی چەکدارانی داعش دابوون، کە ٣٠٠ کەسیان تونسی بوون ئەوەی تریشیان سەربە وولاتانی ئەوروپی و عەرەبی بوون.(١٦٠)

ساڵی ٢٠١٧ هێزە عێراقیەکان مەترسیدارترین ئافرەتی ریزەکانی داعشیان دەستگیر کرد بەناوی (واجیدە جاسم)، ناوبراو لەدایك بووی ساڵی ١٩٨٨ لە شارەدێی (شورەی )سەربە پارێزگای موسڵ بوو، کە بە گوێرەی دان پێدانانی خۆی ئەو زانیاریانەی کە لەسەری هەبوون ئەو بە کەسێکی زۆر مەترسیدار دائەنرا لە ریزەکانی داعش، واجیدە پەیوەندی راستەوخۆی هەبوو لەگەڵ زۆرێك لە ئەمیرو والی موسڵ و دەوروبەری. داعش زۆر گوێ رایەڵی زانیاریەکانی ئەویان دەکرد، ئەویش هەمیشە خەریکی کۆکردنەوەی زانیار بوو لەسەر ناحەزانی خەلافەت، لەناوچەکانی دەووروبەری شەرگات چەندین هاوولاتی بەهۆی زانیاری ئەوەوە دەستگیر کران و کوژران. دەزگاکانی ئاسایشی عێراقی ئەم ئافرەتەیان وەك بانکی زانیاری سەیر دەکرد کە سودێکی زۆری هەبوو بۆراوەدوونانی پاشماوەکانی داعش لەدوای کۆنترۆڵکردنەوەی شاری موسڵ.(١٦١)

جگە لە مانەش چەندین ئافرەتی خاوەن بروانامەو ناسراو لە ریزەکانی داعش بوون، لەوانەش دکتۆرە ( ئیمان البغا) کچی ووتابێژی ناسراوی سوریا شیخ(مستەفا البغاء) کە لەساڵی ٢٠١٤ وە لە ریزەکانی داعش خزمەتی دەکرد.(١٦٢)لە ئەوروپیەکانیش کۆمەڵێك کچ وئافرەتی بەتوانایان تێدابووەکو گۆرانی بێژی ناسراوی راپی بەریتانی ( سالی جونز) کە چەندین نازناوی پێ بەخشرابوو لەوانەش( دایکی حسین و بێوەژنە سپیەکە و خانمی تیرۆر) بەلام ئەم ئافرەتە لە ساڵی ٢٠١٧ لە بۆرومانەکان کوژرا.(١٦٣)

هـەروەها ( ئیمیلـی کـونیج)یش ئـافرەتێکی چـالاك و بـەتوانای فەڕەنسـی بـوو لـە ریزەکانی داعش.  ئەوانەی کە لە کەتیبەی خنساء دەمانەوە دەبوایە  چەند ڕاهێنـان و وانەیـەکیان بخوێندایـە وەکـو ( وانـەی ئـاینی و مەشـقی سـەربازی وجەسـتەیی)، مانگانە برێك پارە بۆ کاروباری خۆیان پێدەدرا.

دوای تـەواو بـوونی مەشـقەکان ئـەم ئافرەتانـە چـەند ئـەرکیان پـێ دەدرا لـە بـازار و نەخۆشـخانەکان و کاروبـاری بەڕێوەبەرایەتیـەکان،  هـەروەها کـارکردن بـۆ هێنـانی ئافرەتانی تازە  بـۆ نێـو ریزەکانیـان،   ئـەم ڕێژەیـەی ئافرەتـان  هـەر رووی لـە زیـاد بوون دابوو تا شکستی گەورەکەی داعش.  لـە کـاتی شـەڕەکانی موسڵ و هێرشـەکانی هێزە عێراقیەکان بۆ سەر ئەم شارە چەندین خۆکوژی ئافرەت خۆیان بە  هێزەکـانی عێراقی تەقاندەوە.(١٦٤)

هاوکـات داعـش گرنگـی زۆریشـی بـە پـەروەردەکردنی منـداڵان دەدا لەسـەر ڕێبـازی جیهادی.  لەسـوریا ٢٤ قوتابخانـەی مەشـق و ڕاهێنـانی بـۆ پـەروەردەکردنی منـداڵان دامەزراندبوو،  لە عێـراقیش ٨هەشـت قوتابخانـەی هـەبوو بـۆ هـەمان مەبەسـت، کـە قوتابیـەکانی لـە نێـوان تەمـەنی (٥ تـا ١٠) ساڵی بوون.


دیوان الحسبة
ولایة الرقة
مرکز/المدینة
الدولة الإسلامية

کەناڵی سکای نیوزی بەریتانی لە ڕاپۆرتێکی شـرۆڤەکاری بـۆ پاشەکشـەی چـەکدارانی داعش لە موسڵ و ڕەققە  بەم شێوەیە باس لـە ڕەوشـەکە دەکـات و دەڵـێ: **چـەکدارانی داعش  لەو ڕێگەیەوە ڕۆیشتنەوە کـە لێـی هاتبوونە ژوورەوە.**(١٦٥)

مەبەستی کەناڵە بەریتانیەکە   روون و ئاشکرا بوو کە چۆن چل هەزار هاووڵاتی بیانی لە ڕێگەی تورکیاوە گەیشتنە مەملەکەتی داعش لە سوریا و عێراق ، لەدوای شکستە گەورەکەی ئەم خەلافەتە، هەرلەو ڕێگایەشەوە گەرانەوە وولاتەکانی خۆیان.  هەر ئەم کەناڵە دەڵێ: ئەمریکیەکان بانگهێشتەی ئەوە دەکەن کە زۆربەی ئەو چەکدارە بیانیانیەیان لە گۆڕەپانەکانی شەردا کوشتووە، بەلام ئەوەی گوێبیست دەبووین پێچەوانەی ئەو بۆچوونە بوو، چونکە قاچاغچیەکانی تورکیا باشتر ئاگاداری رەوشی گەرانەوەی ئەو چەکدارە بیانیانەبوون، هەر خۆیان بە برێك پارە بەرێیان کردنەوە بۆ وولاتەکانیان. (١٦٦)

.هیچ کەسێك  وولامی ئەو پرسیارەی لا نیە ئەو هەموو چەکدارە بیانیانە بۆ کوێ رۆیشتوون، لەکاتێك دا تا ناوەراستی ساڵی ٢٠١٨ تەنها (٧٣٦٦) کەس گەرابوونەوە وولاتەکانیان، ئەمەش تەنها رێژەی لەسەدا ١٧،٧٪ کۆی بیانیە چەکدارەکان پێك دێنێ. (١٦٧)

بەرێوە بەری ناوەندی نێودەولەتی بۆ لێکۆڵینەوە ستراتیژیەکان لە ئاسایش و سەربازی (بدرە قعلول)   کە بارەگاکەی لە وولاتی تونسە لە راپۆرتێك دا رایگەیاند: ئیخوان موسلمین لە تونس  رۆڵێکی سەرەکی و کاریگەریان بینیوە لە گواستنەوەی جیهادیەکان لە وولاتانی جیهان بۆ سوریاو عێراق، هەرلەو راپۆرتەدا پەرلەمانی تونس تاوانبار دەکرێ لە پەردە پۆش کردنی زانیاریەکان لەسەر چۆنیەتی هاوکاری و گواستنەوەی خەلکی وولاتان لەلایەن ئیخوانەکانەوە بە رێگای لیبیا و  تورکیا بۆ ریزەکانی داعش لە سوریاو عێراق، بەلام پەرلەمان هیچ رێگری  و لێپێچینەوەی نەکرد ، کەئەوەش لەبەر خاتری تورکیا بوو.(١٦٨)

ساڵی ٢٠١٧  بەر لە شکستە گەورەکانی رێکخراوی داعش لە کردەوەیەکی نهێنی دا (٤٠٠) چەکداری بیانی لە ریزەکانی خۆیدا بوون، مەشق و راهێنانی جۆراو جۆری تێکدەرانەو  خۆکوژی  پێکردن و ئینجا رەوانەی وولاتانی ئەورووپای کردنەوە، تا

وەك بۆمبێكی ئامادەكراو لەهەر كات وساتێك دا بیانەوێت ئاسایشی ئەم وولاَتانە بخەنە ژێر مەترسی و دەست بكون بە تەقینەوە، بەمەش ئەوروپا دووچاری مەرگەساتێكی راستەقینە دەكاتەوە. (١٦٩)یەكێك لەو رەگەزانەی كە داعش گرنگی پێدەدان هاولاتیانی فەرەنسی و ئینگلیزی بوون لە ریزەكانی خۆی، لەدیوێكدا هەردوو زمان لەسەرانسەری جیهان رۆڵ وكاریگەریەكی نێو دەوڵەتی هەیە لەئاخاوتن، دیوەكەی تریش كاریگەری ئەو وولاَتانە بوو لە بۆردومانەكان بۆ سەر رێكخراوەكەیان .

بەلاَم داعش ئەم گرنگیی دانەی بۆ ئەوە بوو كە لەرێگەی چەكدارەكانیەوە بتوانێ لەو وولاَتانە گورزی تیرۆریستی و شانەی نوستوو دابمەزرێنێ، و مەترسی بۆسەر حكومەتەكانیان دروست بكات، وەك ئەو زنجیرە كردەوە تیرۆریستیانەی كە ماوەیەك بوو چەند وولاَتێكی ئەوروپی شلەژاندبوو، تۆماس هاڵدنگانگ سەرۆكی دەستەی گشتی پاراستنی دەستوری ئەڵمانیا لە ئازاری ساڵی ٢٠١٩ بە رۆژنامەی ( دۆیتشە فیلد)ی ئەڵمانی راگەیاند كە مەترسی كردەوە تیرۆریستیەكان لە ئەڵمانیاو ئەوروپا پێشبینی ناكرێت، بەڵكو لەهەركات وساتێكدا رووداوی تیرۆریستی چاوەروانكراوە، چونكە بە ووتەكانی ئەو بێت گەرانەوەی سەدان هاوولاَتی بۆ وولاَتەكانیان لە ئەوروپا كە لە ریزی داعش دابوون گەورە ترین مەترسین بۆ سەر ئاسایشی وولاَتان، هەروا ووتی: ساڵی ٢٠١٨ هەوالگری ناوخۆی ئەڵمانیا زیاتر لە ٣٠٠ هاوولاَتی موسڵمانی توندرەوی لە وولاَتەكەی خستۆتە ژێر چاوەدێری و لێپرسینەوە كە بەم رێژەیەش ژمارەی توندرەوەكان لە ئەڵمانیا كە مەترسی هەرەشەیان لێ دەكرێت گەیشتۆتە (٢٢٤٠)كەس، بەردەوامیش ئەو رێژەیە لە هەڵكشان دایە.(١٧٠)

فەرەنسا رایگەیاند لەساڵی ٢٠١٣ تاكۆتایی شەرەكانی داعش ١٧٠٠ هاوولاَتی وولاَتەكەی لە ریزەكانی داعش بوون نزیكەی ٣٠٠كەسیان ئافرەت بوون، لەوانەش ٤٠٠ بۆ ٤٥٠ كەسیان لە شەرەكانی سوریا وعێراقدا كوژران، هەروەها نزیكەی ٢٥٠ كەسیان

گەراونەتـەوە فەرەنسا، ، كەواتـە چارەنوسـی نزیكـەی هـەزار كەسـیان نادیـاربووە.لـە ٢٠١٧/١٢/٨ وەزیـری نـاوخۆی فەرەنسا جـان ئیـف لودریـان راگەیانـد كـە هێشـتا ٥٠٠ هـاوولاتی وولاتەكـەی لـە سـوریاو عێـراق مـاون كـە دەیانـەوێت بگەرێنـەوە بـۆ فەرەنسا.(١٧١)

چەند سەرچاوەیەكیش لە ئەفغانستان بە پێگەی فرانس پرێس یان راگەیاندبووكە زۆرچـەكدارە جیهادیـەكان لـە سـوریاوە هاتوونەتـە وولایـەتی (جـوزان) لـە بـاكوری ئەفغانستان كە بە زمانی فەرەنسی قسەیان دەكرد.(١٧٢)

بەگوێرەی راپۆرتی ناوەندی نێودەوڵەتی بۆ لێكۆڵینەوەی رادیكالیەت لە كەسـەر بـە كۆلیژی توێژینەوەكانی جەنگە لە لەندن لە بەرواری٢٣ /٢٠١٨/٧ راگەیاندبوو كە ژمـارەی ئـەو چـەكدارە بیانیانـەی هاتبونـە ریـزی داعـش و گروپـە جیهادیـەكان دەگەیشتە( ٤١،٤٩٠) كەس لە سوریا وعێـراق كـە سـەربە ٨٠ وولاتـی جیهـانی دابـەش ببوون، لە وانەش (٤٧٦١) ئافرەت كەلەسەدا ١٣٪ و (٤٦٤٠) منداڵ كە لەسەدا ١٢٪ كـۆی گشتی ئەو چەكدارانەی پێك دەهێنا. (١٧٣) دوای شكستەكانیان لە سـوریا بەشـێك لـەو سەركردەو ئەمیرانەی داعش كە رەگەزنامەی وولاتانی ئەوروپاشیان نەبوو ، بەلاَم بۆ پاراستنی خۆیان روویان كردە وولاَتانی رۆژئاوا.

دەزگـای ( مرصـد سـوری بـۆ مـافی مـرۆڤ) راگەیانـد كـە زۆرێـك لـە بـەرپرس و سـەركردەكانی داعـش بـە پێـدانی بـڕی ٢٥ هـەزار دۆلار لـە پارێزگـای حمـص و دیـرەزوور گەیشـتونەتە نـاو خـاكی توركیـا، هـەر ئـەم سەرچـاوەیە دووپـاتی لـەوە كردەوە كە سەركردەكانی داعش ئـەو بـرە پارەیـان بـە چـەكدارانی هێزەكـانی (درع الفـرات) داوە كـە لەلایـەن حكومـەتی توركیـاوە پاڵپشـتی دەكـرێن، ئـەوانیش هـەر بەهـەمان ئۆتۆمبێلـە سـەربازیەكانی كـە لـە لایـەن توركیـاوە بەدەسـتیان گەیشـتوە سەركردەكانی داعشیان پێ دەربازی سنور كردوە بێ ئەوەی هـیچ مەترسـیەك بێتـە بەردەمیان. (١٧٤)

# بەندکراوە بیانیەکانی داعش

زۆربەی ئەو چەکدارە بیانیانەی لە ریزی داعش دابوون دوای گەرانەوەیان بۆ وولاتەکانیان، یاخود دەستگیر کردنیان دانیان بەوە دەنا کە ئەوان لەلای رێکخراوی داعش زۆر گرنگیان پێدەدرا و رێزیان لێ دەگیرا، و تەنانەت بەدەگمەن لە شەڕەکان و رووبە رووبونەوەی چەکداری بەکار دەهێنران، بەلاّم ئەوەی جێگای سەرنج و دوو دڵی ئەوان بوو هەرگیز پۆستی بالاّ بە ئەوان نەدەدرا، لە ماوەی چوار ساڵ و نیوی شەرەکاندا لە سوریا و عێراق لە ریزی داعش، تەنانەت هیچ بیانیەك پلەی ئەندامی ئەنجومەنی شوراشی لە ریزی ئەم رێکخراوە وەرنەگرت.

ئەم تێڕوانینەی سەرکردەکانی داعش بۆ بیانیەکان هەمیشە جێگەی نیگەرانی ئەوان بووە، سەرەڕای رۆڵی کارامەیان لە دەزگاکانی خوارەوە بەتایبەتی راگەیاندن و سەرپەرشتی کردنی بەندکراوەکان و هەندێ کاری تر،(١٧٥)لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی چەکدارەکانی بیانی لە ریزی داعش بەردەوام لە زیادبوون دابوو تا ئەوکاتەی بە تەواوی داعش شکستی خوارد و سنوری هاتوچۆکردنیان لێ قەدەغەکرا.

دوای شکستەکانیشیان لە موسڵ ورەقە ژمارەی ئەو چەکدارە داعشانەی کە هاووڵاتی فەرەنسی بوون لە زیندانەکانی عێراق و سوریا دەگەیشتە ٤٢ کەس کە لە نێوانیاندا ٢٠ منداڵ هەبوو. (١٧٦)حکومەتی فەرەنسا داوای لە عێراق کرد کە مامەڵەی خراپیان لەگەڵ نەکرێت و سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرنەکرێت، چونکە دوای دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لەو خێزان و مندالانەی چەکدارانی داعش کە رەگەزنامەی جیاوازی وولاتانی جیهانیان هەبوو، دادگای عێراقی بێ هیچ چاوپۆشیەك فەرمانی لە سێدارە دانی بۆ دەردەکردن. سەرەرای مشتومڕێکی زۆر لە فەرەنسا دەربارەی بڕیارەکانی دادگای عێراق بۆ لەسێدارەدانی هاووڵاتیانی

بەرەگەز فەرەنسی بەلاّم دادگای عێراقی هیچ بایەخێکی بە نارەزاییەکان نەدا بۆیە تا بەرواری ٢٠١٩/٥/٢٩ ژمارەی ئەو فەرەنسیانەی کە دادگای عێراقی بریاری لەسێدارەدانی بۆ دەرکردبوون گەیشتە حەوت کەس.

هەر ئەو دادگایە پێشتریش لە رۆژی ٢٠١٨/١/٢٢ دادگاکانی عێراق بریاری لە سێدارەدانی ٢٢ چەکداری بەرەگەز ئەڵمانیان دەرکردبوو.(١٧٧)

بۆیە لەدوای بریارە توندەکانی دادگای عێراق، رۆژی ٢٠١٨/١/٢٨ وەزیری دادی فەرەنسی رایگەیاند ئەگەر سزای لەسێدارەدان بەسەر چەکدارە دەست گیراوە فەرەنسیەکان لە سوریاو عێراق جێ بە جێ بکرێت ئەوا پاریس بەهێزی سەربازیەوە دەست وەردەداتە هەردوو وولاّت.(١٧٨)

لەگەڵ کۆنترۆڵکردنەوەی شاری موسڵ سێ ئافرەتی فەرەنسی کەوتنە دەستی هێزە سەربازیەکانی عێراق و رەوانەی بەغدا کران، ئەوان لە ساڵی ٢٠١٥ هاتبونە ریزی داعش لە عێراق، یەکێك لە ئافرەتەکان تەمەنی ٢٨ساڵ بوو منداڵێکی لەگەڵ دابوو مێردەکەی لەکاتی رووبە رووبونەوەکان لە گەڵ سوپای عێراقی کوژرابوو، ئەوەی تریان ناوی (میلینا )بوو تەمەنی ٢٧ ساڵان بوو، سێیە میشیان لە کە منداڵێکی مەلۆتکەی پێ بوو. ئەوان هەرسێکیان لە زیندانی بەغدا چاوەروان بریاری دادگای عێراقیان دەکرد کە چاوەروانی دەکرا سزاکەیان قورس بێت. وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسی دوای لێکۆڵینەوە لەمانە رایگەیاند کە نازانین بەچ تاوانێك ئەوانە دادگایی دەکرێن لە کاتێك لەکاتێکدا بەڵگەی تاوانکردنی وایان لەسەر نەبوو.(١٧٩)

لەکۆتایی شەرەکانی موسڵ وتەلەعفەر هێزە عێراقیەکان سەدان خێزان ومنداڵی چەکدارانی داعشیان دەستگیر کرد، تەنها لەیەك کاروانـدا زیاتر لە ١٢٠٠ کەسیان بە پاس رەوانەی زیندانەکانی ناوەندی بەغدا کرد، لەوانە ٥٠٩ کەسیان ئافرەتی بیانی بوون لەگەڵ ٨١٣ منداڵ کە بەسەر ١٣ وولاّتی جیهانی دابەش دەبوون، لە نێوان ئافرەتەکاندا نزیکەی ٣٠٠ کەسیان خەڵکی تورکیا بوون.(١٨٠)

ئەڵمانیا کە ژمارەیـەکی  زۆر لـە هاووڵاتیـانی لـە ریزەکانی داعـش دابـوو  لـە سـوریا وعێراق دا، دوای ئەوەی بەشێکیان گەرانەوە  وولات  نزیکەی ١٤٥ کەسیشیان کوژران.
لـە دوای گرتنــەوەی موسـڵ عێــراق لیسـتێکی  نــاوی ئــەو هاووڵاتیانــەی کــە لــە زیندانەکانی دان بوون  دا بـە کونسلخانەی ئـەڵمانی  کـە زۆربـەیان ئـافرەت ومنـداڵ بوون،  لەوانەش ناوی ئەو دوو ئافرەتەی تیا بـوو کـە لـە موسـڵ گیـران بـەناوەکانی ( لیند دبلیو) و ( لیندت فینزل).
لیندا  دبلیو رۆژی ٢٠١٨/٢/١٨  لەلایـەن دادگـای بەغـداوە سـزای شـەش سـاڵ زینـدانی بەسەردا سەپێندرا،   بەلاَم ئەو  پەشیمانی  خۆی رایگەیان و داوایکرد بیگەرێننـەوە ناو خێزانەکەی لە ئەڵمانیا.



( لەمیای ئەڵمانی لەکاتی دەستگیرکردنی )

لەلایەکی ترەوە دادگـای عێراقـی لـە بەغـدا لـە رۆژی ٢٠١٨/١/١٧ بـۆ جـاری یەکـەم لـە مێژوودا بریاری لە سێدارەدانی بۆ ئافرەتێکی ئـەڵمانی دەرکـرد بـە نـاوی (لـە میـا ). ناوبراو هەڵگیری  رەگەزنامـەی ئـەڵمانی بـوو،  بـەلاَم بـە رەچـەڵەك  خـەڵکی وولاتـی

مەغریب بوو، لەشاری مانهایمی ئەڵمانیا دەژیا، ئەو لەساڵی ٢٠١٤ لەگەڵ هەردوو کچە هەرزەکارەکەی ئەڵمانیایان جێ هێشتوە و بەرەو تورکیا کەوتنە رێ لەوێشەوە بۆ سوریا و عێراق.(١٨١)

هەرچەندە حکومەتی ئەڵمانیا هەوڵی دا هاووڵاتیە زیندانیەکانی خۆی لە عێراق و سوریا بگەرێنێتەوە بۆ وولاتەکەی، بەلام ئەمە کارێکی ئاسان نەبوو، چونکە حکومەتی عێراق پێداگیری توندی لەسەر سزادانی چەکدارانی داعش دەکرد لە هەموو رەگەز و نەتەوەکاندا.

رۆژنامەی شبیگلی ئەڵمانی لە ٢٠١٨/١/٢٥ رایگەیاند کە کونسولی ئەڵمانی لە بەغدا بە حکومەتی عێراقی راگەیاندوە کە وولاتەکەی بەهەموو شێوەیەك بریاری لە سێدارەدان بۆ هاووڵاتیانی رەت دەکاتەوە. هەر لەم رۆژنامەیە ئاماژە بەوە کرابوو کە لەمیا پێشتر لەلایەن پۆلیسی نهێنی ئەڵمانی چاودێری کراوە بەتایبەتی لە دوای سالی ٢٠١٠ کە لەرێگەی (ئینترنێتەوە ) گەنجانی هانداوە بۆ کاری جیهادی، هەر بەم شێوەیەش زیاتر لە دە کەسی رەوانەی سوریاو ئەفغانستان کردبوو بۆ ریزەکانی ئەلقاعدە و داعش. (١٨٢)

لە هاوینی ساڵی ٢٠١٧ دەزگای لێکۆڵینەوەی پۆلیسی ئەڵمانی نوێنەریك رەوانەی عێراق دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لەم دۆسیەیە، لەوێدا لەمیا بە لێکۆڵەرەوە ئەڵمانەکان ووت فەرهەنگ و کەلتوری کۆمەڵگای ئەڵمانی وای لە من کرد چیتر ویستی ژیانم نەبێت لەو وولاتە، چونکە بە بیرو باوەری خۆی ئەو کەسێکی موسڵمان و بالآ پۆش بووە، ئەوەش نەگونجاو بۆ ئەو لەوێ، پاشان وەك خۆی ووتبوی پیاوێك لە رێگەی تۆری فەیس بوکەوە ، باسی ژیانی ئازادی ژێردەسەلاتی داعشی بۆ کردوە و ئەویش بریاری داوە خۆی و دوو کچەکەی برۆن بۆ ژێر دەسەلاتی خەلافەتەکەی داعش.(١٨٣)

(لەمیا ) لەو کاتەوەی ئەڵمانیای جێهێشت نزیکەی دەساڵ دەبوو لە مێردە ئەڵمانیەکەی جیا ببۆوە، لەگەڵ دووکچەکەی بەرەو تورکیا رۆیشتبوون لەوێش

چوبوون بۆ سوریا پاشان  له شاری موسل له عێراق،  یەکێك لە کچەکانی بە ناوی نادیە تەمەنی ١٧ ساڵ بوو   هەر زوو دەبێتە خێزانی کورێکی تونسی کە ئەویش سەربازی خەلافەتە بوو، کچەکەی تریشی کە ئیفلیج بوو  نەیدەتوانی  بڕوات و قسە بکات،  پاشان لەکاتی  بۆمبارانی فرۆکە لە موسڵ کوژرا. (١٨٤)

لەدوای کۆنترۆڵکردنەوەی شاری موسڵ لەمیا دەکەوێتە دەستی هێزەکانی عێراقی و ڕەوانەی زیندانی بەغدا دەکرێت،  ڕۆژی ٢٠١٨/١/١٧ دادگای بەغدا بڕیاری لەسێدارەدان بۆ دەردەکات.

ئەو دادوەرەی کە بڕیارەکەی دەرکرد بە  تەلەفزیۆنی ( ڤی دی ئار) و(ئێن دی ئار) و ڕۆژنامەی(دۆیتشە تسایتونگ)ی ئەڵمانی ڕاگەیاند:  لەمیا لە کاتی دادگاییەکەدا هیچ پەشیمانیەکی دەرنەخست،  بۆیە بیروباوەری داعش بوونی پێ ڕەوابوو، ئینجا دادوەرەکە دەڵێ: لەمیا دانی بەهەموو  بەتاوانەکانی نا  بەوەشەوە کەجیهادی نیکاحی کردوە لە گەڵ چەکدارەکانی داعش،  بۆیە سزای لە سێدارەدانی بۆ دەرچوو. بە گوێرەی قسەکانی دادوەرەکە لەمیا لەکاتی خوێندنەوەی بڕیاری لە سێدارەدانیشی بەخۆشحاڵیوە وەرگرتووە،  وەکو ئەوەی بلیتی سەفەری بەهەشتی بۆ دەرچووبێت. (١٨٥)

پێشتریش لە مانگی ١١ساڵی٢٠١٧ دادگای عێراقی بڕیاری لە سێدارەدانی  بۆ کەسێکی ڕوسی دەرکرد.  هەروەها لەمانگی ١٢ساڵی ٢٠١٧ کەسێکی سویدی بەرەگەز عێراقی لەگەڵ ٣٧ کەسی تر بەتاوانی تیرۆر لە سێدارە دران. (١٨٦)

لە نێو هاوارو و گریانی بێوەژنان و منداڵەکانی چەکدارانی داعش لە هۆڵەکانی چاوەڕوانی بڕیاری دادگا،  دادوەرەکان بە بێ بەزەیی  سزایی سەختیان بەسەریاندا سەپاند،  ڕۆژی ٢٠١٨/٢/١٨ دادگای ناوەندی تاوان لەبەغدا دووبڕیاری سزای  بەسەر ژنە داعشەکان  جێ بەجێ کرد،  کە بریتی بوون : یەکەم بڕیاریلە سێدارەدان بۆ ئافرەتێکی تورك،  دووەمیش  سزای هەتا هەتایە بۆ دە ئافرەتی تر کە تورك و

ئازەری بوون. ئەوان هەموویان پەشیمانی بە روخساریانەوە دیار بوو، کاتێك دادوەر لێی دەپرسین بۆچی بوون بە داعش، وەڵامی هەموویان ئەوە بوو کە ناچار کراون وهەڵ خەڵە تێنراون، بەڵام باڵا پۆشی و رەش پۆشیەکانیان هیچ نیشانەیەکی پەشیمانی پێوە دیار نەبوو.

هەر لەهەمان رۆژەدا ئافرەتێکی فەرەنسی بەناوی ( میلینا) تەمەنی ٢٧ساڵ بە حەوت مانگ سزا درا، ئەم ئافرەتە خاوەنی چوار منداڵ بوو، مێردە فەرەنسیەکەشی کە ناوی ماکسیمیلیان بوو، لە موسڵ لەریزی چەکدارانی داعش کوژرابوو، دوای دەرچوونی بریاری دادگا ئازاد کرا چونکە ماوەکەی کە حەوت مانگە بوو تەواو کردبوو.

لەدوای کۆتایی هێنان بە خەلافەتی داعش لە عێراق ( ٥٠٩) ئافرەتی بیانی و (٨١٣)منداڵ لە زیندانەکانی عێراق دابوون، لەوانە (٣٠٠) ئافرەتیان تورك بوون.(١٨٧)

دادوەر (عبدالستار بیرقدار) ووتەبێژی فەرمی بەناوی ئەنجومەنی دادوەری باڵای عێراقی لەمانگی ئەپریلی ٢٠١٨ بە سایتی بەغدادی راگەیاند: لەوەتەی شاری موسڵ ئازاد کراوە تا ئیستا (٨١٥) کەیسی تاوانبارانی داعش لە دادگا یەکلاکراوەتەوە، لەوانەش ٢١٢ کەس سزای لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە و ١٥٠ تاوانباری تریش بە سزای هەتا هەتای حوکم دراون، هەروەها ٣٤١ تاوانباریش سزای چەندساڵێکیان بۆ براوەتەوە، و ١١٢ کەسیش ئازاد کراوە.(١٨٨)

رۆژی ٢٠١٨/٦/٢٩ نوسینگەی سەرۆك وەزیرانی عێراقی لە راگەیەنراوێك دا جێ بەجێکردنی سزای لەسێدارەی بەسەر ١٢بەندکراوی داعش راگەیاند، بەگوێرەی میدیاکانی عێراقی جێ بەجێ کردنی ئەم سزایە دوای ئەوە هات کە چەکدارانی حەشدی شەعبی لە پارێزگای زیقار خۆپێشاندانی نارەزاییان ئەنجام دابوو دژی جێ بە جێ نەکردنی سزای لە سێدارەدان بەسەر دیلەکانی داعش، ئەمەش دوای ئەوە هات کە چەکدارانی داعش هەفتەیەك پێشتر هەشت چەکداری حەشدی شەعبیان

لەسەر رێگای کەرکوك بەغداد گوللەباران کردبوو.
لەکۆتایی ساڵی ٢٠١٨ ووتەبێژی ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە عێراق لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: ژمارەی چەکدارە تیرۆریستە بیانیەکان کەلەریزی داعش بوون و دەست گیرکراون لە ساڵی ٢٠١٨ سزایان بەسەردا سەپێنرا گەیشتە (٦١٦) کەس لە هەردوو رەگەزی نێر ومێ، هەروا (٩٩) کەسی تری بیانیش لەژێر لیکۆلینەوەدان. لە نێویاندا (٧٣) کەسیان ئافرەتن و (٢٦)کەس پیاون.(١٨٩)
رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی بەمانشێتێکی سەرنج راکێش بلاویکردەوە کە **"دادگایەکی عێراقی لەدانیشتێکی ١٠ خولەکی دا بریاری لە سێدارەدان بۆ چل ئافرەت دەرکرد"**
دوای راگەیاندنەکەی سەرۆك وەزیرانی عێراق حەیدەر عەبادی لە نۆڤەمبەری ٢٠١٧ بۆ سەرکەوتنی یەکجارەکی بەسەر رێکخراوی داعش لە عێراق و ووتەکانی سەرۆکی روسیا فلادیمێر پۆتین سەبارەت بە تێکشکانی ئەم رێکخراوە لە سوریاش، هەموو جیهان لە هەوڵی ئەودابوو بزانن چارەنوسی هەموو ئەو بیانیانەی هەڵگری بیروباوەری تەکفیری وجیهادی بوون چیان بەسەرهات، ئەمە کۆمەڵێك پرسیاری بێ وەلام بوون.
ئایا هەموو ئەو چەکدارانەی داعش چۆن عێراق و سوریایان بە جێ هێشت و لەناکاوێکدا وون بوون، ئایا دەکرێ بلێین ئەمانە چۆن و بەچی رێگایەکدا هاتن هەر بەهەمان رێگادا رۆیشتنەوە؟
مەبەستی پرسیارەکە ئەوەیە وەك چۆن داگیرکاریەکانی داعش لەسەرەتادا بە شێوەیەکی خێراو ماوە کورت رێکخرابوو ئایا بەهەمان شێوەش وون بوون و رۆیشتنی ئەم هەموو چەکدارانەی داعش لەکاتی شکستەکانیان دا لە عێراق و سوریا رێکخراو بوو؟ بەمانایەك دەستێکی زەبەلاحیان لە پشتەوە بوو بۆ گواستنەوەو پەرینەوەیان بۆ شوێنێکی تر؟.

ڕۆژنامەی (دۆیتشە فیلد)ی ئەڵمانی لە چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ ( نەدیم خوری) بەڕێوەبەری ڕێکخراوی هیومان رایتس ووتش باس لەوە دەکات کە: (٨٠٠) ئافرەت ومنداڵ لە چوار بنکەی شەرڤانان لە سوریا دەست بەسەرکراون، دوای روخانی پێگە سەربازیەکانی ئەم ڕێکخراوە هێزە کوردیەکان لە سوریا توانیویان ئەم ژمارە ئافرەتانەی داعش دەستگیر بکەن، کەلە نزیکەی ٤٠ وولاّتی جیهانیەوە هاتووبوونە ریزەکانیانەوە ، نديم خوری دەڵێ: زۆربەی ئافرەتەکان لە وولاّتانی کەندا وفەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا وتونس و ئوستراليا وتورکیا ویەمەن و شوێنی تر هاتوونەتە ناو ریزەکانی داعش. خوری دەڵێ: ئەم ئافرەتانە لەگەڵ منداڵەکانیان لەبارودۆخێکی سەخت دەژیان، داوای گەرانەوەیان بۆ وولاّتەکانیان دەکرد، بەرپرسە کوردەکانیش نیازی ئەوەیان نەبوو بیاندەن بە دادگا و لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەن بەڵکو هەوڵیان ئەدا بۆ وولاّتەکانیان بیانگەرێننەوە، بەلاّم بەشێك لە وولاّتانە ویستی ئەوەیان نەبوو وەریان بگرنەوە، بەڵکو پێیان باش بوو هەر لە سوریاو عێراق دادگایی بکرێن، لەوانەش فەرەنسا و بەلجیکا و بەریتانیا.(١٩٠)

لەسەرەتای ساڵی ٢٠١٩ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بانگەوازێکی بۆ ئەو وولاّتانە کرد کە هاووڵاّتیەکانیان لە ریزی داعش دابوون و لەلای هێزەکانی سوریای دیموکرات دەستگیر کراون با بیانگەرێننەوە بۆ بەندیخانەی وولاّتەکانیان.

ئەبو حەمزەی بەلجیکی کە ناوە راستەقینەکەی تاریق جەدعونەلە ساڵی ١٩٨٨ لەدایك بوو، لە بنچینەدا خەلکی مەغریبە بەلاّم هەڵگری رەگەزنامەی بەلجیکی بوو، ئەبو حەمزە بە یەکێك لە بەرپرسە هەرە توندرەوەکانی داعش دادەنرێت کە هەمیشە بە ڤیدیۆ هەرەشەی لە ئەوروپا دەکرد و داوای دەکرد کە لەفەرەنسا و بەلجیکا دەبێ کردەوەی تیرۆریستی ئەنجام بدرێت، ئەویش لە مانگی نیسانی ٢٠١٨ دادگای ناوەندی تاوانەکان لە بەغدا سزای لەسێدارەدانی بۆ دەرکرد.

لەلایەکی ترەوە گەرانەوەی ئەم چەکدارانە خۆی لە خۆی دا مەترسی گەورەن بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو وولاتانە، بۆیە بەگەرانەوەیان دەبێ بەردەوام لە ژێر چاودێری چڕی دەزگاکانی ئاسایش دابن و لەهەمان کات لە رووی دەروونی وکەسێتیانەوە بخرێنە ژێر چارەسەری دوورو درێژی پزیشکیەوە، چونکە ئەو ژینگەی ئەوان لە نێو خەلافەتی داعش تێدا ژیا بوون هیچ بنەمایەکی رەوشتی مرۆڤی تێدا نەبووە.

ناوەندی (صوفان) بۆ کاروباری ئاسایش لە نیۆرك لە راپۆرتێکی دا دەڵێ: (تا ساڵی ٢٠١٨ نزیکەی ٥٦٠٠ هاولاّتی لە ٣٣ وولاّت گەراونەتەوە بۆ وولاّتەکانیان کەپێشتر لە ریزی داعش جەنگاوەر بوون). ئەمە لە داهاتوودا روو بەروو بونەوەیەکی بەهێز و مەترسیدار دروست دەکات لەگەڵ ئاسایشی وولاّتان، هەروا لە راپۆرتەکە هاتوە داعش بە روبەری تەواوی ئیتاڵیا خاکی لە ژێر دەسەت بوو لە عێراق و سوریا، بەلاّم دوای روخانی خەلافەتەکەی، بەشی زۆری لەدەست دا.

نیل باسۆ بەرێوەبەری پەیوەندیە نیشتیمانیەکان لەسیاسەتی نەهێشتنی تیرۆر لە بەریتانیا رایگەیاند: (وولاّتەکەی رەگەزنامەی لە ٢٠٠ هاولاّتی خۆی سەندۆتەوە کە چوو بوونە ناو ریزەکانی داعش، وە هەروەها رێگە نادەن بگەرێنەوە بەریتانیا).(١٩١)

چل هەزار هاولاّتی وولاّتانی جیهانی بە هەموو رەگەز و نەتەوە جوداکانەوە ببوون بە چەکداری یەك بیروباوەر و لە پێناوی ئەو خەلافەتەدا دادەمردن، بەشێوەیەکی بەهێز گۆش کرابوون بە بیرو باوەری جیهاد کردن و تەکفیرکردنی خەلك، ئایا دەکرێ لەکاتی گەرانەوەیان بۆ وولاّتەکانیان هەروا بە ئاسانی ئەم بیرو باوەرە لە مێشکیان بسرێتەوە .(١٩٢)

لەسەدا ١٠٪ هاوولاّتیانی روسی کە لە سوریا و عێراق لە ریزەکانی داعش دەجەنگان گەراوەتەوە وولاّتەکەیان. روسیا یەکەمین وولاّت بووە لە ناردنی هاولاتیانی بۆ

ریزی داعش کە ڕێژەیان دەگەیشتە (٣٤١٧)کەس، لە دوای ئەویش سعودیە دێت (٣٢٤٤)کەس، ئینجا ئوردن بە (٣٠٠٠) کەس، پاشان تونس بە (٢٩٦٢)کەس و فەرەنسا بە (١٧٠٠) کەس، و ئەڵمانیا بە (٩١٠) کەس.(١٩٣)

لەمانگی ٢٠١٨/٤ ئەمریکا زیندانیەکی داعشی گواستەوە بۆ وولاتەکەی بەمەبەستی دادگایی کردن، ئەم زیندانیەکە ناوی ( جۆن دو) بوو هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەمریکی و سعودی بوو کە پێش حەوت مانگ لە سوریا دەستگیر کرابوو، بەڵام ڕەوانەی عێراق کرابوو، حکومەتی عێراق ئەو زیندانیەی ڕادەستی ئەمریکیەکان کرد.

بەشێك لەو چەکدارە بیانیانەی کە دوای روخانی داعش پەشیمانی خۆیان نیشاندا لەوەی لە ریزی داعش دابوون و چیتر بروایان بە جیهاد و شەر نەمابوو، بۆیە رۆژانە لە کەمپەکانی ئەلهۆل لە سوریا ئافرەتەکان بە دەنگێکی بەرزەوە هاواریان دەکرد بمانگێرنەوە وولاتەکانمان ... ئێمە پەشیمانین لەوەی کردمان، کەچی وولاتەکانیان زۆر بە ووردی مامەڵەیان لەگەڵ ئەم چەکدارانە دەکرد و نەیان دەوویست خۆیان لێبکەن بە خاوەن.

شەری کۆتایی لە سوریا لە ٢٠١٩/٢/٩لەم پارچە رووبەرە بچوکەی کە هەزاران چەکدارو خێزانە بیانیەکانی لێ کۆکرابونەوە نزیکەی (٢٥٠٠) منداڵیان پێ بوو کە هەڵگری ڕەگەزنامەی نزیکەی (٣٠) وولاتی جیهانی بوون. رۆژی ٢٠١٩/٢/٩ ئۆپەراسیۆنی هەسەدە و یەپەگە بە پاڵپشتی ئەمریکا دژ بە داعش دوایین مەنزڵگەی ئەو چەکدارانەی لە سوریا لە گوندی ( ئەلباغوز)ی نزیك پارێزگای دێرەزوور بوو خاپور کرد و شکستیان بە شۆرشە جیهادیەکەی ئەوان هێنا.

دوای ڕادەست بوونەوەی چەکدارەکان کە نزیکەی (٢٠) ئافرەتی فەرەنسی لەگەڵ بوو کە (٨) لەو ئافرەتانە زۆر مەترسیدابوون لە ریزەکانی داعش.(١٩٤)

یەکێك لە نێو ئەو سەدان ئافرەتە داعشانەی کە خۆیان رادەستی هێزەکانی هەسەدە و یەپەگە کرد لە گوندی باغوزی سوریا ئافرەتێکی بەرەگەز بەریتانی بوو بە ناوی (شەمیمە بیجوم)، کە ماوە چوار ساڵ بوو هاتبوە ریزی داعش لە سوریا بۆ شوکردن بە چەکدارانی ئەم رێکخراوە، بۆیە هەرلەوێش هاوسەرگیری دەکات بە چەکدارێك بەناوی (یاگۆ رێیدیك)، دوای تێکشکانیان لە کۆتا خاڵ و پێگەیان لە سوریا ناچار خۆیان دا بەدەستەوەوکە تیایدا مێردەکەی دەستگیر کرابوو خۆشی رەوانەی کەمپی ئەلهول کرا، شەمیمە لە ماوەی چوار ساڵی لە ریزەکانی داعش دوو منالی بە هۆی نەخۆشی مردبوون، دایکی لە رێگەی رۆژنامەکانەوە زانی کە کچەکەی زیندوە، بۆیە داوای لە حکومەتی بەریتانیا کرد کە هەرچی زووە کچەکەی بگەرێننەوە وولات و دەربازی بکەن لە سوریا، بەلاًم وەزارەتی ناوەخۆی بەریتانیا هەرزوو بریاری وەرگرتنەوەی رەگەزنامەی خۆی لەو ئافرەتە راگەیاند و ئامادەنەبوو وەریبگرێتەوە(١٩٥) هەندێ لەو بەندکراوانەی کە لە باغۆز گیرابوون و درانەوە بە عێراق لە ناوەراستی ساڵی ٢٠١٩ دادگای ناوەندی بەغدا سزای لە سێدارەی بۆ دەرکردن بەتایبەتیش دوو لە بەند کراوەکان خەڵکی فەرەنسا بوون.

سەرۆکی ئەمریکا دۆناڵد ترامپ رۆژی ٢٠١٩/٢/١٦ لە بانگەوازێك دا داوای لە وولاًتانی ئەوروپا کرد کە بەند کراوە داعشەکانی خۆیان کەلە زیندانەکانی هەسەدە و یەپەگەن ببەنەوە وولاًتەکانیان، ئەردۆگان سەرۆکی تورکیا هەرزوو هاتە سەر هێڵ و لە راگەینراوێکدا داوای لە سەرۆکی ئەمریکا کرد رێگا بە تورکیا بدەن پرۆسەی گەرانەوەی ئەو بەندکراوە داعشانە ئەنجام بدات کە ژمارەیان (٨٠٠)کەس بوو.(١٩٦)

## قۆناغی دوای نەمانی خەلافەت بۆ چەکدارانی داعش

قۆنــاغی دوای روخــانی خەلافــەتی داعــش و لەدەســت دانــی رووبــەرێکی زۆر و تێکشکانی ژێرخـانی ئـابوری ئـەم رێکخـراوە، نـەبووە هۆکـارێکی خێـرا و بـەهێز بـۆ کەمکردنــــەوەیهێز و توانـــــای چـــــەکدارانیان لـــــە رووی فکـــــری و جموجۆڵـــــە چـەکداریەکانیان، بـەلای چـەکدارانی داعشـەوە خەلافەتەکـەیان نـەروخاوە بـەڵکو ئەوەی روویدا قۆناغێکی تازەبوو لە مێژووی سیاسی ئەوانەوە.

داعـش سـەرەڕای شکسـتە گـەورە سـەربازیەکانی کەچـی هـەر خـۆی بـە خـاوەنی هێزێکی کاریگەر لـە دژی حکومـەتی عێراقـی هـەر مایـەوە و لەهـەمان کاتـدا تـوانی خۆی بگونجێنێ لەگەڵ پێشهات و رووداوەکان بۆ پارێزگاری لە خۆی. لـە سـاتەوەختی بەهێزیاندا ٣٥ وولایەتی لەسەرانسەری جیهـان راگەیانـدبوو، کەتـەنها ١٩ وولایـەتیان لـە سـوریا و عێـراق بـوو، ئـەو ١٦ وولایەتـەی تـر لـەوولاٌتانی ئـەفریقیا و ئاسـیا و قەوقازبوو، وەك وولایەتەکانی ( تەرابلوس و عـەدەن و برقـە و فـزان و جـەزائیر و رۆژئـاوای ئـەفریقیا و لیـوای ئەلئـەخزەر و قـەوقاز و خوراسـان و ئـەبیین و شـیوە و سەنعا و حەزرەمووت و بەیزا).(١٩٧)

دوای روخانی خەلافەتەکە بەهۆی شەرە قورسەکانەوە و لەدەست دانـی سـەرکردەی پلە یەك و دووی رێکخراوەکـەیان زۆربـەی وولایەتـەکانی دووچاری هەڵوەشانەوەو پەرتــەوازەیی بوونــەوەو شــێرازەی رێکخراویــان تێــك چــوو. هەرچــەندە داعــش لەماوەی چوارساڵی خۆیدا شێوازو تاکتیکێکی تازەی بەرهەم هێنابوو، کـە دوور لـە رێکخستنێکی کـۆن و کلاسیکی جیهادیـەکان سـنوری هـەموو وولاٌتـانی بەزانـدبوو، چونکە چەکدارانی ئەم رێکخراوە نزیکەی لە سی وولاٌتی جیهانیەوە هاتبوونە ریزی و ئامـادەیی خـۆ کوژیـان بـۆ خەلیفەکـەیان هـەبوو، ئەمـە شـتێکی ئاسـایی نیـە،

ئەستەمە ڕێکخراوێك خەڵکی لەم جۆرەی هەبێت و بە ئۆپەراسیۆنی سەربازی لەناو بچێت.

چەکدارانی ئەم ڕێکخراوە لەسەروو بەندی شکستەکانیان لە موسڵ و شوێنەکانی تر پلانی تریان هەبوو بۆ بەردەوام بوون و هێشتنەوەی خۆیان. ئەوان وەك ڕێکخراوێکی فیکری توندرەوی تیرۆریستی لەسەرەتای داگیرکاریەکانیان هەوڵیان دابوو بنچینەیەکی تۆکمەی ڕەگ وریشە داکوتراوی جەماوەری لەناوچە جیاوازەکان دروست بکەن کەلەهەر ڕووداوێکی شکست و نەخوازراو بۆ سەریان بتوانن سودیان لێ وەربگرن بۆ هەستانەوە. بۆیە لەدوای لەدەست دانی هەردوو شاری گەورەی( موسڵ و ڕەقە) ڕێکخراوی داعش پلانێکی سێ خاڵی خستە بەردەم ڕێکخستنەکەیان تا لە داهاتوو بتوانێ بەرگری لە مان ونەمانی خۆیان بکەن، خاڵی یەکەمی پلانەکەیان سود وەرگرتن بوولە ( نەوەی نوێی خەلافەت/ اشبال خلافە) کەئەوان لە داهاتوودا بتوانن ئاڵای ئەم ڕێکخراوە بەرز بکەنەوە و چالاکی کاریگەر ئەنجام بدەن، بێ ئەوەی هێزە ئەمنیەکان چاودێریان بکەن، چونکە بەهۆی تەمەنی بچوکیانەوە ناویان لە لیستی تیرۆریستان تۆمارنەکراوەو چاودێری نەکراون، داعش لە رابووردودا کاری زۆری لەسەر مەشق وراهێنانی ئەم نەوە نوێیە کردووە، بۆئەوەی بە ئاسانی بتوانانن شانەی نوستو دروست بکەن.

خاڵی دووەم لە پلانەکە بچوك کردنەوەی سنوری چالاکیەکانیان بوو بەزیاد کردنی کردەوە دەست وەشێنە کت وپڕەکان لە هێزە عێراقیەکان، هەرچەندە ئەم خاڵە زیاتر لاوازی داعش نیشاندەدات وەك لەبە هێزیان بەڵام ئەمە ڕاستیەکی تاڵ بوو کە داعش پەنای بۆ بردبوو.

خاڵی سێیەم ئەوەبوو داعش ویستی بەردەوام بێت لە بەهێزکردنی چالاکیەکانیان لە وولاٚتانی جیهان بەتایبەتی ئەوروپا.

ئـــەم ســـێ خاڵـــە پلانـــی داعـــش بـــوو بـــۆ ڕێکخراوەکـــەیان دوای شکســـتە گەورەکەیان.شکستە یەك لە دوای یەکەکانی چەکدارانی داعش لە موسڵ وتەلەعفەر وحەویجە وقایم وئەلبوکەمال ورەققە ودێرەزوور وشوێنەکانی تر، گورزێکی کوشندە بوون بۆسەر دڵی ئەم ڕێکخراوە لە رووی جوگرافی و سەربازیەوە، بەڵام ئەم شکستە گەورەیەی ئەوان هیچ گرنتیـەکی بـە عێراقـی و سـوریەکان نـەدا بـۆ کۆتـایی شـەرو نەگەرانەوەی توندوتیژیەکان لە داهاتوێکی نزیك دا.

داعش دوای شکستەکانیان هەوڵی دا بە تواناو تاکتیکی تـازە و بـە شـێوازی جیـاوازتر لـە هەنـدێ شـوێنی عێـراق دەرکەوتنـەوە، . ئـەم هـەنگاوەش پـەیامێکی ئاشـکراو مەترسیدار بوو بۆ وولاتان .

لە دوای لەدەست دانی پانتاییەکی زۆرلە جوگرافیای ژێر دەسەڵاتی خەلافەتەکەیان، ئینجا داعش هەوڵی شەری پارتیزانی دا، چونکە چەکدارانی ئـەم ڕێکخـراوە هێشـتا خۆیان بەخاوەنی خەلافەتێك دەزانی، بۆیە بەهەر نرخێك بوایـە دەبـوو پارێزگـاری لەناسنامەو سێبەری خەلافەتەکەیان بکەن.

هێـزە عێراقیـەکانیش لـەکاتی ئۆپەراسـیۆنەکانیان لـە شـارو شاروچـکەکان جگـە لـە شەقامە سەرەکی و سەنتەری شارەکان نەپرژانـە سـەر دەشـت و دۆڵ و لاپەناگـەکان، کە چەکدارانی داعـش دوای شکسـتەکانیان پـەنایان بـۆ بردبـوو، ئەمـەش هۆکـارێکی سەرەکی بوو بۆ دووبارە خۆ ڕێکخستنەوەیان، هەڵبەتە بە شێوازو تـاکتیکێکی تـازە و گونجاو لەگەڵ کەش و باری ئەو سەردەمەی کە داعشی تێکەوتبوو.

ئەم ڕێکخراوە لە ٢٠١٨/٤/٥لە کەناڵەکانی راگەیاندنی خۆی پەیامێکیان بڵاو کـردەوە کە داوا لە سەرجەم سەرکردەو چەکدارەکانی خۆی دەکات بەیعەت بۆ ئەبو بـەکر بەغدادی نوێ بکەنەوە، ئـەم داواکاریـەی داعـش یەکـەمین جـاربوو لـەدوای شکسـتە گەورەکانیان کە بە ئاشکرا داوا لە چەکدارانی خۆی بکات.

داعش له دوای لەدەست دانی نزیکەی٩٨٪ خاکی ژێر دەستی بۆچی دەبێ بەیعەت بە چەکدارو لایەنگرانی تازە بکاتەوە؟ ئایا بێ متمانەیی باڵی بەسەر ئەم رێکخراوە کێشاوە و لەوە دەترسێت دووچاری شکستی لێکترازان و جیابوونەوە ببێتەوە؟ یاخود ئەمە دەسپێکی قۆناغێکی تازە دەبێت بۆ پەلامارو هێرشەکانیان؟.

بەڵام ئەوەی تێبینی کرا هۆکاری گرنگی رێکخراوی داعش بۆ نوێ کردنەوەی بەیعەت بە خەلیفە دەگەرایەوە بۆ ئەم دوو خاڵە.

- **پاراستنی پەیکەری رێکخراوەیی داعش:** لەدوای لەدەست دانی پانتاییەکی فراوانی خاك زۆربەی ئەندامانی ئەم رێکخراوە دووچاری راوەدوونان و پەرتەوازەیی گەورە بوونەوە، ئەم بەیعەت دانە کاریگەری دەبێت بۆ کۆکردنەوەیان لە هەر شوێنێك بن.
- **رێگەگرتن لە لەت بوون و جیابونەوە (ئینشقاق) بوونی ئەندامان لە رێکخراوەکەیان:** چونکە لەدوای شکستەکان کە لە هەندێ شوینی سوریا و عێراق، ئەمە بوو بە گریمانەییێکی چاوەروانکراو کە روویدات کە بەشێکی زۆری چەکدارانی داعش تێکەڵ بە گروپە جیهادیەکانی تر ببوونەوە، بەم بەیعەتدانە داعش ویستی رێگە لەم هەنگاوەی چەکدارەکانی بگرێت، چونکە چاوەروانی مەترسی زۆری لە شکستێکی گەورەتری سیاسی و لێکترازانی رێکخراوەیی دەکرد.

لەلایەکی ترەوە ناکۆکیە سیاسی و سەربازیەکانی ئەمریکا وئێران لە عێراق و سوریا ئەگەرێکی بەهێز بوو بۆ دروست بوونەوەو سەرهەڵدانەوەی ئەم رێکخراوە. روونیشە لەدوای سەرکەوتنی هێزە عێراقیەکان لە دژی داعش قۆناغێکی تری مەترسی روو لەناوچەکە دەکات.

بـەگوێرەی راپـۆرتێکی رێکخـراوی (جـێین) بـۆ توێژینـەوە لـە تـیرۆر وکـردەوە چەکداریەکان. ئاماژە بەوەدەکان کە رێکخراوی داعش لە ماوەی نێوان سالّی ٢٠١٦ بۆ ٢٠١٧ توانیویانە ( ٥٤٩٥ ) هێرش لە سەران سەری جیهان ئەنجام بدەن کە بەهۆیەوە زیاترلە (٨٠٠٠) کەس بکوژرێت.(١٩٨)

بۆیە دەکرێ هەموو لێکدانەوەکان ئاماژە بۆئـەوە بکـەن کـە دروسـت بـوونی داعـش وهەڵوەشانەوەشی جگە لە گەمەیەکی سیاسی نێودەوڵەتی چی تر نەبوو.

## داعش له بەرگێکی نوێ دا

بەهۆیشکستەکانی داعش لە موسڵ و پاڵەپەستۆ سەربازیەکانی دەکرانە سەری لە زۆربەی ناوچە جیاجیاکان لە عێراق و سوریا، چەکدارەکانی ئەم ڕێکخراوە بەدوای شوێنێکی ئارام بۆ خۆ حەشاردان و ڕێکخستنەوەیان دەگەران .
لەسەرەتاوە ئامـاژەم بـە چـۆنیەتی سـەرهەڵدانی ڕێکخـراوی داعـش و دامەزرانـدنی خەلافـەت و گەشـەکردنیان تاگەیشـتن بـە سـوپایەکی بـەهێز دا، ئـەو سـوپایەی بۆماوەی سێ ساڵ لە گـەرمترین ململانـێ وشـەڕی تەکنـەلۆژیای سـەربازی جیهـانی بەردەوام، کە بەدرێژایی ئەم ماوەیە تـوانی سـەنگ و کاریگـەری خـۆی بسـەڵمێنێ و بـەرگری لـە دەوڵـەتێکی خەلافـەت بکـات کـە هـەر خـۆی دایمەزرانـدبوولـە عێـراق و سـوریا. بـەلأم ئـەوەی لێـرە بـەدواوە ڕوودەدات قۆنـاغێکی تـرە لـە سیاسـەت و کاریگەریەکانی ئەم ڕێکخـراوە بەتایبـەتی لـەم دوو وولأتـە و ئینجا هـەموو جیهـان.
شکستە یەك لەدوای یەکەکان بۆ ئەم ڕێکخراوە کەم نەبوو، هەر لە شکستی سەربازی تـا ئیـداری و تێکچـوونی شـیرازەیی ڕێکخراوەکـەیان و کـوژرانی زۆربـەی ئـەمیرو سـەرکردە پلـە یەکـەکان و دیـار نـەمانی خەلیفەکـەیان، لەگـەڵ ئـەوەش دا ڕووداوو بەسەرهاتەکانی سەر ئەم ڕێکخراوە دڵی حکومەتەکانی خۆش نەکرد، بەتایبـەتیش کاتێـك دەزگـا هەواڵگریـەکان دەستەوەسـتان دەوەسـتان و ڕەتیـان دەکـردەوە بـەهۆی جموجۆڵ و کارە تیرۆریستیەکانی ئەم ڕێکخراوە کە **داعش کۆتایی هاتبێ**.
هەواڵگری ناوخۆو دەرەوەش نەیانتوانی شوێن و پێگەکانی ئەم ڕێکخـراوە لـە عێـراق بدۆزێتەوە و بە فرۆکە بۆردومانیان بکەن وەك ئەوەی پێشتر لەسەردەمی دەسـەلأتی گەورەی ئەم ڕێکخراوە ئەنجام دەدرا، لەگەڵ ئەوەش دا شوێنی مانەوەی چەکدارانی ئەم ڕێکخراوە زۆر نهێنی نەبوون، بەڵکو هەمان ئەو شوێنانە بوونـە کـە پێشـتریش

بەر لە راگەیاندنی خەلافەتەکەیان هەموو گروپە تیرۆریستیەکان لێی دەمانەوە و وەك شوێنی ئارام بۆ خۆیان بەکاریان دەهێنا.

لەلایەکی تریشەوە پاشەکشەی هێزی پێشمەرگە بەهۆی هێرشەکانی حکومەتی عێراقی بۆسەر شاری کەرکوك بۆشاییەکی زۆری لە پانتایی جوگرافی ناوچەکە دروست کرد، هەر ئەم بۆشاییە فراوانە بوو بە ناوچەیەکی ئارام بۆ چەکدارانی داعش کە بێ هیچ بەربەست و رێگە گرتنێك جموجۆڵیان هەبێت لە زۆربەی ئەو هێڵانەی کە پێشمەرگە دەیپاراست، بەتایبەتیش لە نێوان خورماتوو وکفری و خانەقین وشاخی غەرە وگوندی پەلکانە و دەورو بەری شاروچکەی دوبس وگوندەکانی قەراج وچیای قەرەچوغ. تا پێشمەرگە لەم ناوچانە بوو هیچ چەکدارێکی رێکخراوە توندرەوەکان نەیان دەتوانی جموجۆڵ ئەنجام بدەن.، ئەوانەی لە نزیکەوە ئەو چەکدارانەیان بینیوە دەڵێن سەرو سیمای ئەوانە هەر لە چەکدارەکانی پێشووی داعش وئەنساروسنە وقاعدە دەچوون. ئەوان سەرەرای شەرێکی دوورو درێژی خوێناویان لەگەڵ کورد کەچی لەدوای دارمانیان لە عێراق مەبەستیان نەبوو هیچ بەرکەوتن وئالۆزیەکی نوێ رووبدات لەگەڵ کورد دا. بەشێك لەو چەکدارانە ناوی خۆیان کردوە بە ( جیش ئەحرار سونە) ئالآکەیان سپی بوو هەروا وێنەی سەر شێرێکی لەسەر دانراو بوو.

ئەو هێزە هەمان ئەندامانی داعشی پێشووتر بوون بەلآم بەناوێکی تر لە ناوچەکانی خورماتوو کفری وقۆری چای و زەرگار دەرکەوتنەوە، ئەوە جگە لەناوچەکانی تری وەك داقوق و زنجیرە چیای حەمرین و دەوروبەری باقوبە و چیای قەرەچوغ .

لەدوای لەدەست دانی ئەو هەموو رووبەرە، داعش نەی ویست چیتر پەنا بۆ کۆنترۆل کردنی شارەکان ببات، بەڵکو تەنها لەم شوێنانە دەردەکەوت کە هێزە ئەمنیەکانی عێراقی لێ بێ هێزبوو.

بەپێی هەندێ گێڕانەوەی خەلکی ناوچەکە: ئەم هێزە سەرەتا لە ٢٠کەس تێنەدەپەری کەچی پاشان ژمارەیان زۆر زیادی کرد، تابوون بە سەدان چەکدار. بەلاّم بەگوێرەی ئەو کەسانەی نزیك بوون لەم ناوچانە ئەم چەکدارانە لەخۆیانەوە نەهاتوون بۆ ئەوێ بەلکو هێزێکی سیاسی نێو دەولەتی پالپشتیان بووە. چونکە لەلایەك شەوانە بە فرۆکەی هێلی کۆپتەر سەردانیان دەکردن ، لەلایەکی تریشەوە ئەوان زۆر بە ئاشکرا لە ژێرچادر و خانوەکان بارەگایان دادەمەزراندبوو. رۆژی ٢٠١٧/١١/١١ بەبینینی شایەتحالی خەلکی ناوچەکە هەشت هەلی کۆپتەر لە گوندی پەلکانە لەشارەدێی (زینانە) نیشتنەوە کە بارەگای سەرەکی ئەو چەکدارانەی لێ بوو.



(( ئالاّ سپیەکان ))

رۆژی ٢٠١٧/١١/١٣ بارەگاکانی لیوای نەوت کە لە ناوچەکە بوون بە بریارێکی نادیار کشانەوە دواتر چەکدارانی ئەم هێزە چوونەتە جێگاکانیان وشەوانەش هێلی کۆپتەر لەلایان دەنیشێتەوە.(١٩٩)

هەروا رۆژی ٢٠١٨/٣/٢٤ ئەندامی ئەنجومەنی ئاسایش و بەرگری عێراقی حسن سالم رایگەیاند ( کونسولخانەی ئەمریکا لە ناوچەی سەوزی بەغدا شەوانە

جموجــوڵێکی بــەهێز و زۆری فرۆکــەوانی تێــدا ئــەنجام دەدرێــت بەمەبەســتی گواســتنەوەی چــەکدارانی داعــش بــۆ چــەند شــوێنێك کــە دوای مەشــق و ڕاهێنــان دەیانگوازنەوە) هەروەها ووتی: ئەمریکا ئەو تیرۆریستانە بە فرۆکەی هێلی کۆپتەر دەگوازێتەوە بۆ ناوچەکانی ( وادی قزف و حوران ورحالیە)لـە خـواروی ڕۆژئـاوای شاری ڕومادی" بە گوێرە قسەکانی حسن سالم تـا ئـەوکات نزیکـەی ٢٥٠٠ چـەکداری تیرۆریست گواستراونەتەوە بۆ ئەو شوێنانە هەر لەوێش بنکەو بارەگایان دامەزراندوە و مەشق و ڕاهێنان دەکەن.(٢٠٠)ئـەم ووتانـەی نـاو بـراو بـە ئاشـکرا تاوانبـار کردنـی ئەمریکابوو لە هاوکاری کردنی تیرۆریستان پڕ چەك کردنی پاشماوەکانیان.

سـایتی سـومەریە بڵاویکـردەوە کـە بـە گـوێرەی ڕاپـۆرتێکی (دەزگـای لێکۆڵینـەوەی دەرخستنی چەك) ئـەمریکا و سعودیە پالپشـتی سـەرەکی بـوون لـە پێـدانی چـەك و کەرسـتە سـەربازیەکان بـە داعـش، هـەر لـەو ڕاپۆرتـە هـاتووە لـەماوەی سـێ سـاڵ شەرکردنی داعـش لـە سـوریا ئـەوەیان بـۆ ڕوون بـۆوە، کـە بەشـێك لـەو چـەکانەی دەستی داعش و گروپە تیرۆریستیەکان لە وولاتانی ڕۆژهەلاتی ئـەوروپا وە دەکـڕان و لەماوەی کەمتر لە مانگێـك دەگەیشـتنە دەسـتیان لـە سـوریا، کـە ئـەمریکاو سعودیە بۆیان دەکرین و پاشان لە پرۆسەیەکی نهێنی بۆیان دەناردنە سوریا.

سەرەتا هێزەکانی هاوپەیمانی دژی داعش لە ڕێگەی گوتـە بێژەکەیانـەوەخۆیان بـە دوور گرت لە بلاو کردنەوەی هەر زانیاریەك دەربارەی ئەم چەکدارانە و بـێ ئاگـایی خۆیــان نیشــان دا.(٢٠١)ڕۆژی ٢٠١٧/١١/١٥ مەڵبەنــدی حــەمرینی یــەکێتی نیشــتیمانی کوردسـتان ڕاگەیـەنراوێکی بلاوکـردەوە کـە تێـدا باسـیان لـەوەکرد کـە هێزێکـی ٤٠٠ کەسی لە فرۆکەوە دابەزیونەتە سنوری خورماتوو، سوپای عێراق نزیکی ئـەم هێـزە نەکەوتوتـەوە و ئێمـەش بەپێویسـتمان نـەزانیوە نزیکیـان بکەوینـەوە.(٢٠٢) لـەماوەی سێ ساڵ شەری داعش زۆر جار سەرکردە شیعەکان ئـەمریکایان تاوانبـار دەکـرد بـە هاوکاری و پاڵپشتی داعش

سەرهەڵدانەوەی چەکدارانی داعش بەشێوەیەکی خێراو  و دەست پێکردنەوەیان  بە کردەوە تیرۆریستیەکان،  لە دیویێکدا  زەنگێکی  مەترسیدار بوو بۆ تەواوی ناوچەکە کە ئەم چەکدارانە بێ پاڵپشتی  گەورە نین، لە دیوێکی تردا ئاگادارکردنەوەییەك بوو  بۆ ئەوەی بە عەبادی بڵێن  ئێمە ماوین و کۆتاییمان پێنایەت،  بەتایبەتیش دوای کشانەوەی هێزی پێشمەرگە لە ناوچە کێشەلەسەرەکان،  هیچ بەربەست و هێزێك لەبەردەم چالاکی و بوونی داعش نەما.  لە زۆربەی شوێنەکانی دەوروبەری کەرکوك و خانەقین و خورماتوو و حەویجە  لە رۆژئاوای کەرکوك نزیك لە دوبس وغەرە وقەراج و ئەو شوێنانە  زۆر جار بە رۆژی روناك پاشماوەی کۆکراوی داعش دەستیان دەکرد بە چالاکیەکانیان بە  فراندنی پیاوانی سەربە حکومەت.

رۆژی ٢٠١٧/١٢/١٩ کۆمەمێك چەکدار لە چیای قەرەچوغ  رووبە رووی هێزەکانی پێشمەرگە بوونەوە،  تێدا چوار چەکداریان کوژرا،  کە بە گوێرەی شایەتحالەکان زیاتر لە ١٥٠ چەکدار لەم ناوچەیە بینرابوون.  ئەمە جگە لەوەی رۆژی ٢٠١٧/١٢/٢١ لەچەند گەرەکێکی ناو موسڵ چەکدارانی داعش دەرکەوتوون و دوو پۆلیسی عێراقیان کوشتوە،  کەچی هێشتا سەرۆك  وەزیرانی عێراق نکوڵی لە بوونی پاشماوەی  داعش و تیرۆریستە نوێکان دەکرد.   حەیدەر عەبادی لە کۆبونەوەیەکی لە گەڵ سەرۆك هۆزەکانی  ناوچەی معامل لە رۆژ هەڵاتی بەغدا  لەمانگی ئاداری ٢٠١٨ رایگەیاندبوو: (جێگەی سەرسورمانە سەرکەوتنی درۆینەی چەکدارانی داعش بلاّودەکرێتەوە،  کاریگەری لەسەر ئەمنی ولاّت و خەڵك بە جێدەهێڵێت) ئینجا هۆشداری دا لەبارەی دووبارە بونەوەی  رووخانی سوپا لەبەرامبەر داعش، لەئەگەری بلاّوکردنەوەی زیاتری هەواڵی هێرش و سەرکەوتنەکانی داعش لە ناوچە جیا جیاکانی عێراق.(٢٠٣)

لە سەرەتای مانگی نیسانی ٢٠١٨ بەرێوەبەری شارەدێی جەلەولا بە رادیۆی دەنگی ئەمریکای راگەیاند کە: چەکدارانی داعش بە شێوەیەکی ئاشکرا لە جەلەولا و

دەورووبەری بڵاو بونەتەوە، هەروەها ووتی خەلکی ناوچەکە رۆژانە بەشێوەیەکی ئاشکرا دەیانبینن و بێ هیچ مەترسیەك دەسورێنەوە.

لەلایەکی ترەوە زیاد بوونی چالاکیەکانی داعش بەتایبەتی لەسەر رێگای سەرەکی کەرکوك-بەغدا وایکردوە ناوی ئەم رێگایە ببێت بە رێگای مەرگ. لەسوریاش چەکدارانی داعش ناوچەیەکی فراوانیان لە باشوری شاری( قەریەتەینی ) دەووروبەری دیمەشق کۆنترۆڵکردوبوو کە بە گوێرەی هەواڵێکی العربیە لە ٢٠١٨/٤/٦داعش ناوچەکانی ( سبع بەیار و حاجز و زازا و بیئر غاز) یان کۆنترۆڵ کردۆتەوە، ئەم ناوچانە دەکەونە دەوورو بەری شاری دیمەشق.

تاقی کردنەوەکانی شەری چوارساڵی دژ بە داعش ئەوەیان سەلماند کە ئەم رێکخراوە جموجۆڵەکانی بەپێی ئەجنداو بەرژەوەندی تایبەتی چەند لایەنێکی شاراوە ئەنجام دەدات. داعش بە گوێرەی بارودۆخی خۆیان لە ناوچەکە و بەرژەوەندی تایبەتی لایەنێکی زلهێزەوە، بەتایبەتی لە سوریا کردەوەی سەربازی و جموجۆڵی نهێنی ئەنجام دەدەن، هەربۆیەش کەس نازانێ ئەم رێکخراوە لەسەر بنچینەی چ ستراتیژیەك کاردەکا و لە پێناو چ ئامانجێك دا دەجەنگێ.

داعش لە سوریا لەدوای شکستەکانی لە رەقەو دێرەزور، سێ ناوچەی بۆ خۆی دەست نیشان کرد، کە تارادەیەکی زۆر لە دابەش بوونێکی ستراتیژیسەربازی دەچوو ئەوانیش بوون بریتی بوون:

ناوچەی یەکەم: ئەو بەشە بچوکەیە کە بە خاکی ( بادیە )ناسراوە و دەکەوێتە (نێوان هێلی تەدمور – دێرەزور و هێلی ئەلبوکەمال- میادینی رۆژئاوا و بنکەی تی٢ وە بنکەی تی٣ی خوارەوە). ئەم ناوچانە هەر چەندە لە رووی سەربازیەوە بە شوێنێکی دوورە پەرێزو بێ کاریگەر دادەنرێت لەسەر جموجۆڵەکان دژ بە سوپای عەرەبی سوری، بەلام بۆ رێکخستنەوەی ریزەکانیان لە دوای شەری رەقە داعش ئەوێی هەڵبژارد.

ناوچەی دووەم: ریف سویدا دەکەوێتە باشوری رۆژهەلأتی سوریا ناوچەیەکی پڕ کێشەو رووبە رووبونەوەی گەورەی سەربازی بووە، داعش دوای رەقە و شکستەکانی لە عێراق هەوڵی داوە چەکدارەکانی لەوێ کۆ بکاتەوە.

ناوچەی سێیەم: ئەو ناوچەیە یە روبەرێکی گرنگی سەربازی هەیە، لە سەر روباری فورات لە رۆژهەلأتەوە دەست پێ دەکات کە لە نێوان ئەلبوکەمال و شعفەو هجین دایە.(٢٠٤) هەرچەندە رووبەری ناوچەکە بەرتەسکە بەلأم بەجموجۆڵ و چالاکیە سەربازیەکانی داعش گەمارۆ درا بوو، هۆکارەکەشی ئەوەیەکە لەدوای شەرەکانی رەقە و موسڵ زۆربەی سەرکردەو ئەمیرو چەکدارە شەرکەرەکانی ئەم رێکخراوە لەوێ نیشتە جێ ببوون. پێشتریش لەم ناوچانە گەلێك رووبەروو بونەوەی چەکداری لە نێوان داعش و بەتایبەتی سوپای عەرەبی سوری روویدابوو چەندین جاریش فرۆکە جەنگیەکانی عێراق بۆردومانی شوێنەکانی داعشیان کردوە. هەرچەندە بنکەی ( تەنەف) کە بنکەیەکی سەربازی ئەمریکیەو نزیکە لە و شوێنەی کە دەکەوێتە سنوری سێگۆشەی عێراق و ئوردن و سوریا، بەلأم بە گوێرەی راپۆرتەکان ئەم سەربازگەیە هیچ روو بە رووبونەوەیەکی راستەو خۆی ئەنجام نەداوە لە دژی چەکدارانی داعش.

داعش وەك هێزی چەکداری و داگیرکاری بە زەبرو زەنگ دووچاری شکستی گەورە بوو، بەلأم لە داهاتوو وەك فکرەو رێبازوو بیرو باوەر ئەستەمە لەناو بچێ و لاوازبێت. ئەگەر ئیمرۆ لە شوێنێك روو لە سستی و نەمان چوبێت ، بەدڵنیاییەوە لە شوێنێکی تر بە هێزوو وورەیەکی بەرزەوە بەدەر دەکەوێتەوە، کەئەمەش پاڵنەرەسەرەکیەکانی تەنها بیرو باوەرو رێبازی ئیسلامی سەلەفی توندرەو بووە، بەتایبەتی لە سوریا و عێراق سەرەرای شکستی سەختی کەچی دەست بەردارو چوك دانانی نەبوو هاوکات ئەم وولأتانەشی چۆڵ نەکرد.

دوای کۆنترۆڵ کردنـەوەی رەققـە و موسـڵ داعـش جگـە لـە  بەرگریـەکی پچـر پچـر چیتری بەدەستەوە نەما،  ئەو بەرگریەش تەنها بۆ پارێزگاری کردن بـوو لـە  بـوونی خۆی،  چونکە شکستەکانی کە رووبە رووی ئەم رێکخراوە بۆوە دوو جۆر بـوون: کـە یەکەمیان شکستێکی گەورەی سەربازی بوو  بە لەدەسـت دانـی پانتـایی جـوگرافی زۆر گەورە و لاوازبوونی بوونەوەی بەرگری کردن لەبەرامبەر هێـزی چەکداری دەوڵـەت، بۆیە جگە لە کردەوەی تیرۆری و تەقاندنەوە چیتری بۆ نەمایەوە.

دووەمیان: لەدەست دانی هەموو ئەو سەرچاوە داهاتانـە کەبەدەسـتی دەهێنـا وپاشـان خەرجیان دەکرد لە جموجۆڵ و بڵاو کردنەوەی ئایدلۆژیای رێکخراوەکە،   کەچی لە دوای نەمانی سەرچاوە داراییەکانیش کاریگەری فکری ئەم رێکخـراوە  بەشـی ئـەوەی ماوە خەلکی پێ هان بدات و کردەوە تیرۆریستیەکان لە وولاتان ئەنجام بدات؟.

سایتی سکای پرێس لەزاری سەرچاوەیەکی ئاسایش رۆژی ٢٠١٨/٦/٢٧ بلاویکردەوە کە فرۆکە ئەمریکیەکان  لە کردەوەیەکی  نهێنیدا لەو ناوچانەی کە چەکداری داعشی لێبوو لە سوریا  هەموویانی گواستنەوە  بۆ ناو خاکی عێراق،  هەر ئەم سەرچاوەیە رایگەیاند کە  هاوپەیمانی نێودەوڵەتی بەسەرکردایەتی ئەمریکا رێگەی نەدا لە ماوەی ئەم پرۆسە نهێنیەیدا هیچ فرۆکەیەکی عێراقی بەسەر سنوری سوریا هاتوو چۆبکەن تاکوتایی هاتنی پرۆسەکە.   بەر لەهەفتەیەك لەبەروارەکە فرۆکە ئەمریکیەکان بارەگایەکی حەشدی شەعبیان لە ئەلبوکەمال لە سنوری سوریا بۆردومان کرد کە گوایە ئەوان ویستویانە چاوەدێری و رێگری لە پرۆسەکە بکەن.(٢٠٥)

سـەرەتای سـەرهەڵدانەوەی پاشماوەکـانی داعـش لـە ناوچـەکانی کـەرکوك و داقـوق چـەند ئالۆزیـەك  دروسـت بـوو، کەتیایـدا لەگـەڵ هێزێکی ئاسایشـی سـەربە یـەکێتی نیشتیمانی کوردستان  رووبە روو بونەوەیەکی چەکداری دروسـت بـوو لـە ناوچـەکە. بەلام  پاشان  وەك خۆیان دەڵێن فەرمانیان پێکراوە  نزیکی ئـەو هێـزە نەکەونـەوە.

رۆژی ٢٠١٨/٢/٢١ بەهەمان شێوە چەكدارانی ئەم گروپە رووبە رووی ئاسایشی ناوچەكە بوونەوە دوای شەرێكی كورت بێ زیان چەكدارەكان پاشەكشەیان كرد.
شایەتحاڵەكان دەڵێن كاروانی سەدان ئۆتۆمۆبێلی ئەو چەكدارانە بەئاشكرا لەناوچەكە دەبینرا و زیاتر لە ٣٥ گوندی نزیك لە سنوری ئێران لەناوچەی نەفت خانە جموجۆڵیان هەبوو. كەچی ووتەبێژی فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەكانی عێراقی بە (سی ئێن ئێن)ی راگەیاند هیچ زانیاریەكی نیە سەبارەت بەو هێزە، بۆیە ووتی بەدواداچوونی بۆ دەكەین تا بزانین سەربە كێن.(٢٠٦)
پەیامنێری تۆری رووداو كە چاوی بە چەكدارەكان كەوتبوو ووتی: كۆی چەكدارەكان لە دەوری دوو هەزار كەسێك دەبێ. بەلام ٨٠٠كەسیان لە شوێنێك نیشتە جێن وكوردێكی رۆژ هەلاتی كوردستان فەرماندەییان دەكات.
سەركردەی دیاری ئەم گروپەی ناسرابوو ( ئالا سپیەكان ) كەسێك بوو بە ناوی ( ئەحمەد حكومەت) پێشتر لەریزی داعش چەكدار بووە،
شێوەی چالاكی وجموجۆڵەكانیان زیاتر لە شەری پارتیزانی و لێدانی خێراو كت وپر دەچوو، بە دیاریكراویش دژی هێزەكانی حەشدی شەعبی و هێزەكانی تری عێراقی دەجەنگان. بوونی ئەم هێزە لە ناوچەكانی دەوروبەری كەركوك و خورماتوو حكومەتی عێراقی زۆر نیگەران كردبوو بەپلەی یەكەمیش كاریگەری هەبوو لەسەر ئەو جوڵە ئابوری و بازرگانیەی لە نێوان كەركوك و كرماشان لە بواری نەوتەوە دەكرا، كەبە پێی رێكەوتنێكی عێراق و ئێران رۆژانە ٣٠ بۆ ٦٠ هەزار بەرمیل نەوت لە رێگەی نزیكەی ١٠٠ تانكەرەوە لە كەركوك بەرەو كرماشانی ئیرانەوە دەگوازرایەوە، رێرەوی تانكەرەكان بەو رێگایەدا دەرۆیشت كە رێكخستنی چەكدارەكانی ( ئالا سپیەكان) تیایدا بالا دەستن بوون. لە هەر كات و ساتێك دا توانای وەستاندن و رفاندنی تانكەرەكانیان هەبوو، بەمەش مەترسی دەخستە سەر ئەم بازرگانیە كە بەتایبەتی ئێران زۆر هیوای پێبوو.

حکومەتی عێراق دەیویست سیاسەتێکی خۆ گێل کردن لەبەرامبەر بە بوونی زیاتر لە دوو سێ هەزار چەکداری داعش لە قەرەتەپە وکەلار وکفری و خورماتوو قەراج و قەرەچوغ ناوچەکانی تری عێراق بۆخاتری راکێشانی دەنگی شەقام لە هەڵبژاردن رابکێشێت. بەلاّم ئەوە بوو عەبادی لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عێراق سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا و نەیتوانی دەسەلاّتی سەرۆك وەزیران وەرگرێتەوە.

ئەمە هەروا بە نهێنی نەمایەوە چەکدارەکانیش بۆ ئەوە نەهاتبوون تا سەیریان بکەن، بۆیە دوای ماوەیەکی کورت هەمان چەکداری توندرەوی جیهادی لەبەرگێکی تازەدا دەرکەوتنەوە، بەلاّم سەرەتا بە جیاوازی هەندی کردەوەی پێشووتریان دەستیان بە چالاکیەکانیان کردەوە.

لە لایەکی ترەوە دانیشتوانی ئەو ناوچانەی کە لەرابوردو لە ژێر دەسەلاّتی داعش بوون و دوای ئازاد کردنەوەی ناوچەکانیان دەیانویست بگەرێنەوە سەر ماڵ و جێگای خۆیان، بەلاّم بەهۆی دۆخی خراپی خزمەتگوزاریەکان و هاوکاری نەکردنی حکومەت( چونکە سونە) بوون، ژیانیان لە نەهامەتی و سەرگەردانی دا بوو، بۆیە چاوەروان دەکرا دۆخەکە بتەقێتەوە و خەڵکی نارەزاییەکانیان بهێننە سەر شەقامەکان، و بارودۆخی ناوچەکان بکەوێتەوە ژێر مەترسی و لە کۆنترۆڵی حکومەت دەربچێ. لەگەڵ ئەوەی داعش هەردوو گەورە شاری رەقە و موسڵی لەدەست دا کەچی دوای هەموو شکستەکانی نەیویستوە لەو خاکە دەربچێ کە بناغەی خەلافەتەکەی لەسەر بنیاد نابوو. هەرچەندە داعش لەماوەی ئەو سێ ساڵەی دەسەلاّتی بەسەر ناوچە سونە نشینەکان جگە لە ماڵوێرانی و دواکەوتوویی و نەهامەتی هیچی تری بۆ خەلکەکەنەهێنا ، بەلاّم بەهۆی کاریگەری تایفی و هزری خەلکی ناوچەکان دوای شکستەکانیش هەر پاڵپشتی داعش بوون.

رێکخراوی داعش ئەگەر بەرواڵەتیش بێت گۆرانێکی تاکتیکی لە سیاسەت و جموجۆڵە دوژمنایەتیەکانی کردووە، هۆکارێکی تری پابەند بوونی چەکدارانی داعش

بـه خـاكی عێـراق ئەوەیـە كـە لـە دوای شكسـتە گـەورەكانیان زۆربـەی هـەرە زۆری چـەكدارە بیانیـەكانیان كـوژران یـان عێـراق و سـوریایان بـەجێ هێشـت، ئـەوەی مایەوە تەنها چەكدارە بەرەگەز عێراقیـەكان بـوون كـەوەك گروپـی پـارتیزانی لـەو ناوچانە خۆیان حەشاردابوو كە نزیك بوون لە خزم و كەس و خێڵەكانیان، هۆكـاری مانەوەی ئەوانیش ئەوە بوو تێكـەڵاوی كۆمەڵایـەتی خێڵـەكی وخزمایـەتی وای كـرد بەرگری لە خێزان و منداڵەكانیان بكەن. لەسایەی ئەو پابەند بوونە خێڵەكیە خـاو خێزانەكانی داعش پارێزران لە دەستگیر كـردن و لێپێچینەوەیان، ئـەوە هۆكـارێكی بەهێز و بنەرەتی چەكدارانی داعش بوو تا عێراق بەجێ نە هێڵن. هۆكـارێكی تـری مانەوەی داعش لە عێـراق ئـەوە بـوو كـە ئـەم رێكخـراوە شـانەی نوسـتووی زۆری لـە عێراق دروسـت كردبـوو بـەجۆرێك بتـوانێ سـوودی زۆریـان لـێ وەرگرێـت بـە هـۆی تەقینـەوەی خۆكـوژی و رفانـدن و كـاری تێكدەرانـە كـە وولات بهـەژێنێ. هۆكـاری تریش هەبوون كە داعش لە دوای شكستەكانی چەند هاوپەیمانیەكی دروست كردبوو لـە گـەڵ گروپـە سـونەكانی تـر، تـا بتـوانێ لـە رێگـەی ئـەم لێكنزیـك بوونەوەیـە جموجۆڵەكانی خۆی زیاد بكات.

سەرۆكی ئەنجومەنی رزگاری لە پارێزگای ئـەنبار ( حمیـد هـایس) رۆژی ٢٠١٨/٢/١٨ بەرۆژنامەی ( الـوتن نیـوز)ی راگەیانـد: چـەندین سـەركردەو چـەكداری رێكخـراوی داعش گەراونەتەوە شاری ئەنبار، بەڵام بەهۆی گەندەڵی بەرپرسانی شارەكە تائێستا هـیچ لێپێچـینەوەیان لەگەڵدا نـەكراوە، بـە پێچەوانەوە وەك نـاوبراو باسـی دەكـرد هەشت لەو ئەندامانەی داعش ناویان لە لیستی پـاڵێوراوانی هەڵبـژاردنی پەرلـەمانی عێراق دابوو.

محمود عەلەوی وەزیری ئیتلاعاتی ئێرانی لەرۆژی ٢٠١٧/١٢/١١ رایگەیانـد كـە داعـش لە دوای شكستەكانی لە سوریاو عێراق لەئێستادا خەریكی دامەزراندن وگواسـتنەوەی خەلافەتەكەیەتی بۆ پاكستان وئەفغانستان. (٢٠٧)

ڕۆژی ٢٠١٨/٢/١٧ کۆمەڵێك چەکداری حەشدی شەعبی کەوتنە بۆسەیەکی داعش لە گوندی سعدونیە لە ناحیەی ریازی سەربە حەویجە، کە تیایدا ٢٧ کەسیان کوژران.
لەسوریاش دوای نەمانیان لە چەندین شوێن لەسەرەتای مانگی دیسمبەری ٢٠١٧ لە پارێزگای ئیدلب دەستیان گرت بەسەر چەندین شوێن کە پێشتر لەلایەن چەکدارانی ( ئەحرار شام- بەرەی نوسرەی پێشو) کۆنترۆلکرابوون وتوانیان سەرکەون بەسەریان، کە پێشتر لەسەرەتای دروست بوونی داعشەوە نەیانتوانیبوو ئەم شوێنانە بگرن، بەڵام دوای ئەم ماوەیە توانیان ناوچەکە لە ئەحرار شام پاك بکەنەوە(٢٠٨)
هۆکارێکی گرنگ کە داعشی وەك هێزێکی کاریگەر هێشتەوە دوای شکستەکانیان، ئەو ستراتیجیەتە تازەیەی داعش بوو بەناوی ( ستراتیجیەتی بێ سنور یان بێ ناونیشان) داعش لە پەیرەوکردنی ئەم سیاسەتە توانی دان بەخۆیدا بگرێت و دەزگا هەوالگریەکان دوور بخاتەوە لە چاودێریکردنیان، کە بەشێك لەو سیاسەتە گۆرینی خێرای تاکتیکەکان و جموجۆڵەکانیان بوو کە توانیان سەر زومی چاودێریەکان دوور بخەنەوە، هەر بەم شێوەیە دەزگای هەوالگریەکان نەیان دەتوانی هیچ زانیاریەك بە خێرایی لەسەریان بەدەست بێنن. بەتایبەتیش گۆرینی چۆنیەتی و شێوازی دەسەڵات داریەتی وولایەتەکانیان کاریگەری هەبوو لەسەر هێزوو توانای کردەوە کانیان لەدژی دەوڵەت.
لەدوای روخانی خەلافەت، داعش چیتر کاری بە شێوازی پێشووی وولایەتەکانی خۆی نەکرد، بەڵکو سیستەمێکی تازەی دامەزراند بۆ وولایەتەکان. پێشتر وولایەتەکان لە سەر بنەمای جوگرافیای ناوچەیی دامەزرابوون، کە بریتی بوون لە ناوچەیەکی فراوانی وەك پارێزگا و ئەمیرێك سەرپەرشتیاری ئەم سنورە ئیداریەی دەکرد، ئەم شێوازە بە درێژایی سێ ساڵی حوکمڕانی دەوڵەتی خەلافەت بە گونجاویان دەزانی ، بەڵام دوای رووداوەکان چیتر کاریان بەم شێوە حوکمڕانیەی

وولایەتەکان نەکرد، بەڵکو سەرلەبەری وولایەتەکانیان هەڵوەشاندەوە و بەشێوازو تاکتیکێك چەند وولایەتێکیان دامەزراندەوە، لە شێوەی وولایەتی جوگرافیەوە بۆ وولایەتی بەرێوە بردن و دەسەلآت داری، کە ئەمەش مانای وابوو داعش چیتر لەسەر بنچینەی خاك و جوگرافیا وولایەتەکانی بەرێوە نەدەبرد، بەڵکو لەهەر شوێنێك بوونیان هەبوایە و کارو چالاکیان بنواندبایە لەوێ وولایەتیان دادەمەزراند، نەك شوێنێك کە خۆیان دەسەلآتیان تێدا نەبوایە.

ئەم شێوە رێکخستنە تارادەیەك سەرکەوتوو بوو بۆ ئەوکات وساتەی چەکدارانی داعش، تابتوانن سەر لە دەزگا هەوالگریەکان بشێوێنن و کەمتر بکەونە بۆسەکانی هێزە چەکدارەکانی حکومەت، وکەمتریش سیخورەکان بخزێنە ریزەکانیان سنوری چالاکیەکانیان بەرتەسك بکەنەوە بۆ ئەوەی کاریگەرتر زەبر بوەشێنن.

لە ناوەراستی مانگی ٢٠١٨/٢ چەکدارانی داعش هێرشیان کردە سەر کەمپێکی ئاوارەی فەلەستنی لە نزیك دیمەشق بە ناوی یەرموك دوای شەرێکی گەورە توانیان بۆ ماوەیەك سێ بەشی کەمپەکە داگیر بکەن. رۆژی ٢٠١٨/٤/١٧ بەرپرسێکی بالآی پنتاگۆن بە ناوی کۆلۆنێل( راین دیلۆن) رایگەیاند: داعش دەگەرێتەوە ئەو شوێنانەی کە لە ژێر دەسەلآتی سوریا دان، هەروا ووتی : روسیا و سوریا نەیانتوانیوە ئەو ناوچانە بپارێزن کەلە چەکدارانی داعش پاکرا ونەتەوە، بۆیە داعش دەتوانی ئەم ناوچانە کۆنترۆڵ بکاتەوە(٢٠٩)

داعش رێکخراویکی تیرۆریستی نێو دەولەتیە، لەهەرکات وسات و شوێنێك بێت توانای ئەنجام دان وجموجۆڵی دەبێت، بەتایبەتی سەرچاوە داراییەکانی لە زۆر شوێنی جیهانەوە بەدەست دەگات و چەندین گروپ و لایەن پاڵپشتی دارایی ئەم رێکخراوەیان دەکرد و ئاڵوگۆری بازرگانیان لەگەڵ دا ئەنجامدەدا. ساڵی ٢٠١٦ رێکخراوی سپی کردنەوەی پارە لەوەزارەتی ناوخۆی فەرەنسا رایگەیاند : توانیویانە ١٥٠ تا ٢٠٠ کۆمەڵەو باند ئاشکرا بکەن کە هاوکاری مادیان پێشکەشی داعش کردوە،

که تەواوی ئەم کۆمەڵانـە  لـە وولاتـی تورکیـا و لوبنـان کارەکانیـان ئـەنجام داوە.ئـەم باندانە پارەیان بە داعش دەدا بۆ بەردەوام بونیان و مانەوەیان.
رۆژنامەی حەیاتی لەندەنی لە ناوەراستی مانگی کانونی یەکەمی ٢٠١٧ نوسیویەتی کە شانە نوستوەکانی داعش لەناوچەکانی باکوری دیالە وحەویجە ودەوروبەری ئەنبار دەستیان کردۆتەوە بە تیرۆرکردن و تەقینەوەو هێرشی لەناکاو،(٢١٠)
ئەو چەکدارانە لە رووبەرێکی زۆر فراوان وسەختی  پرلە دۆڵو بەرزاییەکان  بلاّو ببونەوە کە تیایدا چەندین تونێلی قوڵیان هەڵکەندبوو،  ئەم شوێنانە هەر چوار پارێزگای ( کەرکوك وسەلاحەدین ودیالە وموسل) دەگرتەوە.
لەناوچەی (نەدە) نزیك لە شارەدێی مەندەلی گروپێکی ٧٠ چەکداری دەسورانەوە  و ناویان لە خۆیان ناوبوو ( جماعە الحازمیون)کە ئەوانیش ئەوانیش پاشماوەی رێکخراوی داعش بوون،  بەڵام ناوی جیاوازیان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو.
لە کۆتایی ساڵ ٢٠١٧ چەندین پەلاماری تیرۆریستیان لە قەزای داقوق و حەویجە و ناوچەکانی تری نزیك لە کەرکوك ئەنجام دا.
سەرچاوەیەکی ئەمنی  بە  رۆژنامەی عکازەی سعودی راگەیاند کە: نزیکەی سێ هەزار چەکداری داعش لە بیابانەکانی موسڵ و دیالە وتکریت ماون.(٢١١) هەروەها ژمارەیەکی زۆر لە  چەکدارانی داعش  لە رۆژئاوای موسڵ  هەبوون و بەشێوەیەك لەمانگی دوانزەی سالی ٢٠١٧ مانۆرێکی سەربازیان لەم ناوچەیە ئەنجام دابوو، کە کاروانی ئۆتۆمۆبێلەکانیان بە بێ ترس دەسورانەوە،  هاوکات توانی سەربازیشیان هەبوو.
رۆژی ٢٠١٨/٢/٢٠ باڵوێزی ئەمریکا لە بەغدا لە بەیاننامەیەکدا هۆشداری دەداتە حکومەتی عێراقی لە بارەی جموجۆڵ و تواناکانی چەکدارانی داعش و مەترسیەکانی لە سەر کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری.  هەرهەمان رۆژ پارێزگاری کەرکوك بەوەکالەت ( راکان سەعید)  لە دوای ئیدانە کردنی کردەوی کوشتنی ٢٧

چەكداری حەشدی شەعبی لەلایەن داعشەوە، داوای لە حكومەتی عێراقی كرد هێزی زیاتر رەوانەی كەركوك و ناوچەكە بكات بە مەبەستی پاراستنیان.(٢١٢)
حكومەتی عێراق باش لەوە دەگەیشت كە ئەو بەتەنیا ناتوانێ بە پشتێنەی سەربازی ئەو بۆشاییە جوگرافیە پربكاتەوە كەلە دوای رووداوەكانی ١٦ ئۆكتۆبەری ٢٠١٧وە لە ئەنجامی پاشەكشە كردنی هێزەكانی پێشمەرگە دروست ببوو، سەرەرای هەوڵی حكومەتی ئەمریكاش بۆ گەرانەوەی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەو ناوچانە كەچی حكومەتەكەی حەیدەر عەبادی رازی نەبوو، كەئەو ناوچانە لە هەر كات و ساتێكدا مەترسی كۆنترۆڵكردنیان لەلایەن داعشەوە هەبوو، هەر ئەم بۆشاییەش بوو تەكانێكی بە هێزی بە چەكدارانی داعش دا تا بە زووترین كات خۆیان رێك بخەنەوە و شوێنی فراوانی حەوانەوەیان دەست كەوێ، چونكە هێزە عێراقیەكان توانای وەستاندنی جموجوڵ و سەرهەڵدانەوەی داعشیان نەبوو.
لەناوەراستی مانگی یونی٢٠١٨ جموجوڵەكانی داعش لە ناوچەكانی خانەقین وداقوق و دەوروبەری كەركوك و مخمور و چیای قەرەچوغ هەنگاوی زیاتری بڕی، هەموو شەوێك هەڵیان دەكوتایە سەر شوێنێك، لەهەردوو رووی چیای قەرەچوغ بەئاشكرا جموجوڵیان دەنواند، لە شاروچكەی حەویجە دەسەڵاتی حكومەت تەنها بە رۆژ بوونی هەبوو شەو دەوڵەتی خەلافەت حوكمی دەكرد، لە خانەقین لیوایەكی سەربازی سوپای عێراق ئەركی پاراستنی نزیكەی ٣٠٠گوندی پێسپێردرابوو بەناوی لیوای ٣٥ كەچی سەربازەكانیان لە بارەگاو سەنگەرەكانیان زیاتر دەسەڵاتیان لە شوێنەكانی ترنەبوو، بۆیەخەڵكی ناوچەكە لە ترسی چەكدارانی داعش داوای هێزی پێشمەرگەیان دەكرد.
لە عێراق بە ئاشكرا لە دوای ساڵی ٢٠١٧ چەكدارانی ئەم رێكخراوە بوونیان هەبووە لەو ناوچانە و بگرە خۆیان خاوەنی دەسەڵاتی یەكەم بوونە:.

١- پارێزگای بەغدا، ناوچەکانی سەرووی ئەم شارە و تاجی و تارمیە بە ئاراستەی سەرووی جرق صغر لە شاری بابل.
٢- پارێزگای دیالە: خوارووی بعقوبە ( حەوزی حەمرین) و ئیمام وەیس و نەفت خانە و رۆژهەڵاتی خانەقین.
٣- پارێزگای کەرکوك: شاروچکەی حەویجە و دەووروبەری بە ئاراستەی چیای حەمرین .
٤- پارێزگای ئەنبار: فەلوجە وعامریەی فەلوجە و چەند گوندێکی دەووروبەری.
٥- پارێزگای تکریت: شاروچکەی بێجی و زۆربەی گوندەکانی دەوورو بەری و دۆڵ و گردەکانی ناوچەکە.
٦-پارێزگای موسڵ: بەشێك لە شارەکە و چەندین ناوچەی نزیکی لە رۆژئاوای شارەکە وەك (کۆکجلی و بادوش) لەو لاشەوە گەیارەو مخمور و قەراج و سەدان گوندی تر.
٧-پارێزگای بابل: ناوچەکانی جرف صغر و چەند شوێنێکی تر بەئاراستەی شاری بەغدا.
٨- بیابانی جزیرە: ئەو ناوچانە دەگرێتەوە کە دەکەونە نزیك سنوری عێراق و سوریا، زۆربەی گوند و شوێنە گرنگەکان لە خوارووی رۆژئاوای شارەکانی موسڵ و تکریت و ئەنبار دەگرێتەوە.
ئەم شوێنانە تا ناوەراستی ساڵی ٢٠١٩ باشترین پەناگە بوونە بۆ مانەوەی چەکدارانی داعش و زۆر کەم فرۆکە و ئۆپەراسیۆنی هێزەکانی حکومەتی پێگەیشتوە.
لە سوریاش داعش جموجۆڵەکانی رووی لە زیاد بوون دابوو لە دوای لەدەست دانی پانتاییەکی فراوان و شکستی کەوتنی شاری رەقە، رۆژی ٢٠١٨/٦/٨ چەکدارانی داعش هێرشێکی گەورەیان کردەوە سەر شاروچکەی ئەلبوکەمالی سنوری عێراق، ئەم هێرشانەیان دوای ئەوە هات کە حکومەتی عێراق و هێزی هاوپەیمانی پێیان وابوو

کۆتاییان بە جموجۆڵی سەربازی داعش هێناوە لە سوریاو عێراق، بەلاّم تاکتیك و هێرشەکانی ئەوان گۆرانکای پێوە دیاربوو، بەشێکی هێرشەکانی ئەم جارەشیان لە رێگای شانە نوستوەکانیانەوە ئەنجام دەدران.

بەگوێرەی هەواڵەکان بێت داعش لە دوای شکستەکانی لە هەوڵی دۆزینەوەی شوێنێکی نوێ بوو، تالە داهاتوودا بوونی خۆی بسەلمێنێت بەر لەوەی چەکدارو لایەنگرانی پەرتەوازە ببن، لە پێناو بەرگری کردن لە دەوڵەتی خەلافەت، بۆئەم مەبەستە ئاماژەکان نیشانە بەوەدەدەن کە داعش چاوی لە سێ ناوچە بریوە بۆ دامەزراندنی خەلافەتەکەی، ئەوانیش وولآتانی ئەفریقی و میسر و ئەفغانستان. لە ئەفریقیا وولآتانی چاد و مالی نێجیریای بەگونجاوترین دەزانی چونکە لە کەنار دەریاکاندا بە شێوەی ئاسان دەتوانێ تیرۆر بگەینێتە ئەوروپا. هەروا لە میسریش سینای بە شوێنێکی گونجاو دادەنا چونکە نیمچە دورگەیە، سەبارەت بە ئەڤغانستان وولآتێکی ئاڵۆز و بێ خاوەنە، زۆر بە چاکی دەتوانن خۆیانی لێ رێك بخەنەوە و پەرە بە تواناکانیان بدەن.

سەرئەنجام ئەوەی دیار بوو پێشبینی دەکرا ئەوە بوو داعش لە داهاتویەکی نزیك لەناوناچێ و هەردەمێنێ، چونکە بەگوێرەی ئەو پەرەسەندنانەی لە گۆرەپانەکانی خاکی سوریاو عێراق دە بینرا، داعش خاوەنی هێزێکی لەبن نەهاتووی ئایدلۆژی سەلەفی توندرەو بوو کە سەرکردەکانی توانای ئەوەیان هەبوو لە هەر بارودۆخێك دا خۆیان بگونجێنن لەگەڵ پێشهاتەکان بۆ مانەوەی خۆیان.

## کۆمەڵەی حراس دین( پاسەوانانی ئاین )

کۆمەڵەیەکی سەلەفی جیهادیە و باوەری بە چەسپاندنی شەرعیەتی ئیسلامە بۆ بەرێوەبردنی ژیان لە کۆمەڵگادا.

ئەم گروپە لە دوای ئەوەی بەرەی نوسرە لە سوریا بریاری دوورکەوتنەوە لە وەلائەت دان بۆ ئەلقاعیدەی دایك راگەیاند و هەموو جۆرە پەیوەندی و هاوکاریەکی لە نێوان خۆیان و ئەوان راگرت، ئینجا ناوی خۆشی کرد بە ( بەرەی ئازادی شام)، لەوساتەوە دەنگێکی نارازی لە گۆرەپانی جیهادیەکانی سوریا دژی محمد جولانی سەرکردەی بەرەی نوسرە بەرزبۆیەوە، ئەو دەنگەش ئەم گروپەبوون ( کۆمەڵەی پاسەوانانی ئاین) کە پێیان وابوو نابێ بەهیچ شێوەیەك بەرەی نوسرە بۆ رازی بوونی چەند لایەنێکی وەك تورکیا ناوی خۆی بگۆرێت و دوور بکەوێتەوە لە پەیوەندیەکانی لەگەڵ ئەلقاعیدە، لەهەمان کاتدا دژی گۆرینی ناوی بزوتنەوەکەیان بوون کە بریار درابوو ببێت بە بەرەی ئازادی شام، لەهەمانکات دا دژی رێکەوتنی بەرەی نوسرە بوون لەگەڵ تورکیا و روسیا دەربارەی شاری ئەدلب.(٢١٣)

هەموو ئەو ناکۆکیانە و هاندان و پاڵپشتی ئەلقاعیدە لە ئەفغانستان بارێکی تری رەخساند بۆ چەند سەرکردەیەکی نارازی کە بێنەوە سەر شانۆی رووداوەکان لە ژێر ناوی ئەلقاعیدە بەڵام لەبەرگێکی نوێ تر. (ئەبو هەمام شامی)یەکێك بوو لە سەرکردەکانی بەرەی نوسرە و خاوەنی یەکەیەکی تایبەتی و کەسایەتیەکی جیهادی نزیك لە ئەلقاعیدە بوو، لە پێشەوەی باڵی نارازی نێو ئەم بەرەیە بوو، ئەو یەکێك بوو لەو سەرکردانەی ساڵی ١٩٩٨بەیعەتی دابوو بە ئوسامە بن لادنی سەرکردەی

ئەلقاعیدەی پێشوو، ئەبو هەمام ماوەی حەڤدە ساڵ چەکداری جیهادی بووە لە ئەفغانستان و پاشان سەنگەری گواستەوە بۆ عێراق و سوریا، کاتێک هێزەکانی هاوپەیمانی دژی تیرۆر چوونە ناو ئەفغانستان و رێکخراوی ئەلقاعیدەیان تێکشکاند ئەویش وەك هەزاران چەکداری ئەم رێکخراوە پەنای بۆ چیاکانی ئەم وولاّتە برد و خۆی حەشاردا، دوای ئازادی عێراقیش رووی کردە بەغدا و لەوێ چاوی کەوت بە زەرقاوی کە تازە گروپی توحید و جیهادی دامەزراندبوو، بەلاّم دوای چەند مانگێك لەلایەن دەزگای ئاسایشی عێراقەوە دەستگیر کرا و بەبەند کراوی درایەوە حکومەتی سوریا، لەوێش ماوەی چەند مانگێك لە زیندان بوو پاشان ئازاد کرا.



کاتێك بەرەی نوسرە بریاری دوورکەوتنەوەی لەگەڵ ئەلقاعیدە راگەیاند، داواشی لەسەرکردەکانی کرد کە چیتر گوێڕایەڵی فەرمان و ووتەکانی سەرکردایەتی ئەوان نەبن، لە نێویشیاندا داوا لە ئەبو هەمام شامی کرا کە ئەم بریارە جێ بە جێ

بكات، بەڵام ئەبو هەمام و چەندین سەرکردەی تری بـەرەی نوسـرە داواکـەیان رەت کردەوە و نارەزایەتی خۆشیان نیشاندا.

لە ٢٠١٨/٢/٢٧ چەند سەرکردەیەك کە پێشتر لە ریزی بەرەی نوسرەو ئـەحرار شـام و ئەلقاعیدە بوون بەسەرکردایەتی ئەبو هەمام شامی کە نـاوە راسـتەقینەکەی (سمـیر حجازی)هەڵسان بە دامەزراندنی ئەم گروپە (کۆمەڵەی حراس دین)راگەیاند.(٢١٤)

ئەم کۆمەڵەیـە لەسـەرەتاوە دوورشـم و نـاوی تایبـەتی خۆیـان هـەبوو ، کەسـەرەکی ترین درووشمیان پارێزگاری لە موسڵمانان و یەکریزی کۆمەڵە جیهادیەکان بـوو لـە سوریا دژی رژێمی ئەسەد.

ئەیمـەن زواهـیری سـەرکردەی ئەلقاعیـدە لـە ئەفغانسـتان پاڵپشـتی خـۆی بـۆ ئـەم کۆمەڵەیـە راگەیانـد. دوای بریـاری دامەزراندنەکـە چـەند کۆمەڵـە و گروپێکـی تـری جیهـادی هاتنـە ریـزی ئـەم گروپـە لەوانـەش( جـیش البادیـە و جـیش السـاحل وسریەکابل وسرایا ساحل و جیش الملاحم و جند الشریعە)، بە هاتنی ئـەم گروپانـە کۆمەڵەی حراس دین تەکانێکی بـەهێزی بەخۆیـەوە بـینی و بـوە خـاوەنی هێزێکـی سەربازی تۆکمە و بەرگریکار کە بەرەی ئازادی شام نەوێرن زەبریـان لـێ بوەشـێنن. شـوێنی چـالاکی ئـەم کۆمەڵەیـە لـە چـیاکانی رۆژهـەڵاتی ئـەدلب و باریشـا وشـاری سرمین بوو.


بسم الله الرحمن الرحيم

الحمد لله رب العالمين وأفضل الصلاة وأتم التسليم على المبعوث رحمة للعالمين

سيدنا وقائدنا محمد صلى الله عليه وعلى آله وأصحابه أجمعين

إلى الإخوة الكرام الأفاضل في جبهة فتح الشام

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

إخواني أقول لكم بعد طول إستخارة الله عزوجل وإستشارة لبعض الإخوة

قررت إخباركم بأنني قد تركت العمل تحت إمرتكم وفي جماعتكم جبهة النصرة

وأقول جبهة النصرة لأنني لم ولن أكون في التشكيل الجديد (جبهة فتح الشام)

وإن قراري هذا قد أخبرتكم به في رسالتي الأولى في يوم عيد الفطر ١٤٣٧ شوال-1

ولقد سلمت الأخ الإداري سيارتي وقبضتي وسلاحي. وهذا ما لكم عندي.

والله أسأل أن يلهمنا رشدنا وأن يهدينا سبيل الرشاد

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

بقلم- فاروق - أبوهمام الشامي

2/ ذو القعدة/ 1437 الجمعة/ 5/8/2016/

( نامەی نارەزایی ئەبو هەمام )

زۆربـەی سـەرکردەکانی ئـەوان پێشـتر خـاوەنی ئـەزموونێکی زۆری شـەرکردن بـوون بەتایبەتی لە ریزی بزوتنەوەی ئەلقاعیدە لـە ئەفغانسـتان و عێـراق و سـوریا، ئـەبو هـەمام شـامی خۆشـی یـەکێك بـووە لـە مجاهیـدەکانی ئەلقاعیـدە لـە ئەفغانسـتان، هەروەها چەند سەرکردەیەکی تـریش لەگـەڵ ئـەودا باکگراوەنـدێکی ئەلقاعیـدەیان هەبووە لەوانیش ( ئەیاد توباسی و سامی عریری و خالیـدعاروری وبـلال خریسـات) (٢١٥).

بەگوێرەی چەند سەرچاوەیەکی هەواڵگری عێراقی حراس دین لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٨ وە دەستیان کردوە بە جموجوڵی رێکخراوەیی لە عێراقیش بەتایبەتیش لە دەوروبەری شاری تکریت. ئەمەش بە رێکەوتنێك لەگەڵ بزوتنەوەی نەقشبەندیەکان لە عێراق، کە بەشێك بوو لە پاشماوەی حزبی بەعسی پێشووی

عێراق به سەرکردایەتی عێزەت دووری جێگری سەدام حسین له سەردەمی دەسەلاّتی رژێم دا. (٢١٦)

هۆکاری جموجۆڵی ئەم کۆمەڵەیه له شارەکانی عێراق بۆ ئەوه دەگەرێتەوه که له ئەنجامی دابرانێکی راستەوخۆی کۆمەلگەی عەرەبی سونەی عێراقی له رێکخراوی ئەلقاعیده وایکردوه که بزوتنەوەی ئەلقاعیده له ئەفغانستان بیر له بەیەك گەیشتنەوەی ئەم دابرانه بکاتەوه که داعش هۆکارەکەی بوو، هۆکارێکی تر لەسەر هەڵدانی ئەم گروپه له عێراق ئەوەیه که لەدوای لاواز بوون و پوکانەوەی داعش بزوتنەوەی جیهادی له عێراق و بۆشاییەکی گەورەی له دوای خۆی جێهێشت که هەمیشه خەڵکی سونه به دوای ئەلتەرناتیفێك دا بگەرێن بۆ پڕکردنەوەی ئەم بۆشاییه، بۆیه دەرفەتێکی لەباربوو ئەلقاعیده له ژێر ناوی گروپی حراس دین رۆڵ له زیندوکردنەوەی ببینێ ، چونکه له سالآنی رابوردوو سونەکانی ئەم ناوچانه بەپەرۆشەوه بەیعەتیان به ئەلقاعیده دابوو.

# اشباح داعش بعد سقوط خلافتها

معظم الجهادين السلفين والمسلمين السنة المتطرفين، بالاخص في ( سوريا والعراق) اتوا نتيجة عاملين اساسين: اولهما ترجع الي العقب التاريخية الطويلة من المنافسة في تفسير القران والسنة النبوية، بعد رحيل النبي محمد( صلي اللة عليه وسلم)، والاخر يتعلب بصراع الحضارات والاديان، خاصة التراث الاسلامي والغربي.

بالاخص تلكم الصراعات التي تلى عقب سقوط الامبراطورية العثمانية وولادة الدولة الاسرائيلية. ثم تطور باحتلال الاتحاد السوفيتي لافغانستان، وحرب امريكا في الصومال وافغانستان وخاصة الجهادية السلفية و التكفيرين في المجتمعات الاسلامية متواجدة فقط من الناحية النظرية، ولكن في عام ١٩٧٩ بعدما احتل الاتحاد السوفيت الافغانستان، ظهر عدة جهات اسلامية متشددة وبدعم امريكي، وبعد انتها الحرب في افغانستان رجع معظم المسلحين الى بلادهم واستمروا بافكارهم واراهم المتطرفة.

تعتبر هذا الجيل الاول من سلفين المجاهدين، ومن بعدهم ظهر القاعدة و تنظيمات راديكالية المتطرفة تحت تسميتهم بالجيل الثاني و الثالث من الحركة الجهادية السلفية.

السلفية المحتسبة مرورا بتنظم الجهاد وصولا لتنظيم الفاعدة، والقاعدة في بلاد المغرب الاسلامي، الى تنظيم انصار الدين، وحتي تنظيم الدولة الاسلامية( داعش) الذي ظهر في عام ٢٠٠٤ بالعراق على يد ابومصعب الزرقاوي وابو بكر بغدادي، كان حينها يعرف باسم" الدولة الاسلامية في العراق"وغيرها مسميات مختلفة لتوجه واحد: تبني العمل المسلح طريقا للتغيير، مستندة الى منهج السلف في فهم الكتاب والسنة.

هذا الكتاب محاولة جدية لتبيان وتوضيح كيف بداء داعش؟ وكيف استغل المتشددون عقول المواطنين في وقت قياسي، ليظهر بعد ذاللك التنظيم عام ٢٠١٤، عندما سيطر

**على مدينتي الموصل و تكريت بالعراق، ثم محافظات الرقة ووالدلب و ديرزور بسوريا.**

**في النهاية يتضمن جوهر هذا الكتاب، بحثا وراء مصير مئات المقاتلين الاجانب في تنظيم الداعش مع عائلاتهم بعد سقوط ما يسمي بالدولة الاسلامية.**

**لانهم يشكلون خطرا، رغم انتها " الدولة الخلافة". السوال الحقيقي هنا كذالك هل سقوط تنظيم الدولة الاسلامية( داعش)، بمعنى نهاية ايدلوجية داعش؟ ام ان المستقبل اخباء لنا الجيل الرابع في رحم الاجيال التي تلاها....؟!!**

However, the book will focus on the post-Daesh period and examines what has happened to them, in particular the thousands of jihadists who claimed to be such strong believers? After the destruction of the Caliphate, where have they gone? Who was supporting them?

Finally, the book will explore the future of foreign fighters and their families after the end of Daesh.The important question is: Does the end of Islamic State, mean the end of their ideology?

Or will they be succeeded by the fourth generation of jihadistSalafism? .

( wria yunis )

bythe United States, emerged with guns in their hands. After the war in Afghanistan, all themujahidin fighters returned to their countries and continued to build on their radical ideology. These jihadists are the first generation of jihadist Salafism, who produced al-Qaida and other terrorist organisations and radical groups.This Afghanistan generation helped create the second and third generations of jihadist Salafism, formed in Iraq by Abu Musab al-Zarqawi and Abubakr Baghdadi. The third generation of jihadist Salafism was calledthe Islamic State of Iraq (ISI) or Daesh, which emerged from the remnants of the second generation of jihadism in Iraq. In the beginning they were supported Turkey, Saudi Arabia and the US.

This book attempts to explain how Islamic State was created, how they developed their ideology and why, in such a short period of time, they were able to occupy some important territories in Iraq and Syria. What has happened to them today? After they lost the battle of Mosul, why their power evaporated, and their Caliphate was demolished?

# The Shadows of Daesh(ISIS) after the Collapse of the Caliphate Introduction

All the jihadist-Salafists and Islamic Sunni extremists (particularly in Syria and Iraq) were the result of two influences. The first relates to the long history of conflict surrounding the interpretation of the Quran and Hadith, which started immediately after Prophet Muhammad’s death. The second relates to the collision of civilization and religion, the clash between Islamic culture and the West, which began mostly after the collapse of the Ottoman Empire, andthe creation of Israel, and then deepened after the Soviet invasion of Afghanistan and the US incursions in SomaliaAfghanistan, , and, more importantly, in Iraq.

Previously, the religious ideology of jihadist-Salafist and Takfiri groups had been weak and existed predominantly as theory among Islamic societies. After the Soviet occupation of Afghanistan in 1979, various extremist groups, helped

## سەرچاوەکان:


١-پەرتووکی( حقیقەت دوله البغدادی داعش)

٢- پەرتوکی( جیل رابع للحرکات السلفیة الجهادیة)

٣- پەرتوکی دەرکەوتە خوێناویەکانی داعش

٤- پەرتووکی ( تنظیم داعش من داخل)

٥- ویب سایتي( اسرار میدیاکوم)

٦-بةرتووکي ( الدولة الاسلامیة جزورها ومستقبلها)

٧-بةرتووکي( داعش واثره علي الامن القومي العراقي)

٨– ویب سایتي (الاوسط کوم)

٩–ویب سایتي( رۆژنامة الحیاة)

١٠- بةرتووکي( داعش واثره علي الامن القومي العراقي)

١١- بةرتووکي( داعش واثره علي الامن القومي العراقي)

١٢- ویب سایتی الجزیره نیت

١٣- ویب سایتي العربیة نیت

١٤- کتاب( م سلفیه فی العراق)

١٥- الاخبار کوم.

١٦-.( مصدر هدی جاسم رۆژنامەی شرق الاوست)

١٧-.( پەرتووکی داعش سفراءجهنم)

١٨-(پەرتوکی داعش وائره علی الامن القومی العراق)

١٩- مصدر پەرتوکی ئەڵمانی دی شڤارچه ماخت لەلایەن کریستۆفەر رۆیتەر)

٢٠-.( پەرتووکی تنزیم داعش من داخل)

٢١-.( پەرتووکیحقیقه دوله البغدادی داعش)

٢٢-(سایتی حفریات)

٢٣-(مصدر بی بی سی عربی)

٢٤ - دیارنا کوم

٢٥-.دیر شپیگلی ئەلمانی

٢٦- العربیه نیت.

٢٧- ويب سايتى (منتدى العقاب)
٢٨- پەرتوكى (اجهزة دولة الخلافة)
٢٩- ويب سايتى خلافه نيت
٣٠ - پەرتوكى (اجهزة دولة الخلافة)
٣١- پەرتوكى (اجهزة دولة الخلافة)
٣٢-www.fa.euro news.com
٣٣- ويب سايتى D.W
٣٤-WWW.aman-dostor.org
٣٥- پەرتوكى (الدولة الاسلامية)
٣٦- پەرتوكى ( تنظيم القاعدة والاصولية الاسلاموية اسس التكفير واهداف التفجير)
٣٧- پەرتوكى دەركەوتە خوێناويەكانى داعش
٣٨- پەرتوكى (حقيقة دولة البغدادي داعش)
٣٩- ويب سايتي رۆيترس
٤٠- ويب سايتى شارپريس + ئاژانسى هەواڵى ئيبا
٤١- ويب سايتى الاخباريه سوريه
٤٢- ويب سايتى الجزيره نيت
٤٣- رۆژنامەى ئەليكترۆنى شرق الاوسط
٤٤- ويب سايتي الاخبارية سورية
٤٥- روانگەى سورى بۆ مافەكانى مرۆڤ
٤٦- رۆژنامەى دێر شپيگلى ئەڵمانى
٤٧- پەرتوكى (حقيقة دولة البغدادي داعش)
٤٨-ويب سايتى العربيه بوست نيت
٤٩- ويب سايتى سكاى نيوز
٥٠- پەرتوكى(داعش والحقائق الغائيبة)
٥١-ويب سايتي العربي ئارتي كوم
٥٢- ويب سايتي رووداو نيت
٥٣- ويب سايتي سكاي نيوز

٥٤- ويب سايتي رصيف العربي
٥٥- پەرتوکی( داعش وائره على الامن القومی العراق)
٥٦- ويب سايتي خلافة نيت
٥٧-ويب سايتي رووداو نيت
٥٨- ويب سايتی کەی٢٤
٥٩- ويب سايتي ارفع صوتك
٦٠-ويب سايتی رووداو نيت
٦١- ويب سايتي الجزيرة نيت
٦٢- ويب سايتي الجزيرة نيت
٦٣- (global fire power) .
٦٤–www. Arabic.rt.com
٦٥- سايتی سکای نيوز عربی
٦٦- فيس بوك جرابلس قامون)
٦٧-www. marefa.org )
٦٨-(www.Libyaalkhabar.com )
٦٩- ويب سايتی شەفەق نيوز
٧٠- سايتی ويکبيديا.
٧١- سايتی ويکبيديا.
٧٢-( سايتی نينوا کوم)
٧٣-www.dailysabh.com .
٧٤- ويب سايتی کەی تی ڤی
٧٥- کەنالی العراق الحره
٧٦- اعلام حربی العراقی
٧٧- شايتحالێك له ليوای ٩١ سوپای عێراقی
٧٨- راگەياندنی ليوای٩١جيش العراقی.
٧٩- هێزی يەکی ف. هەولێر
٨٠- کەنالی العربی اليوم

٨١- کەی٢

٨٢-( سایتی دیبکای ئیسرائیلی).

٨٣- سایتی  کەی ٢٤).

٨٤- مصدر الاخبار٢٤

٨٥- ویب سایتی رووداو

٨٦- م اعلام حربی العراقی،

٨٧- م العربیه نیت.

٨٨- کوردستان ٢٤

٨٩-( ویب سایتی  باس نیوز)

٩٠- م فرانس٢٤

٩١- رووداو تی ڤی ٢٠١٧/٩/٧)

٩٢- تی ڤی بغدادیه).

٩٣- م دیارنا کوم.

٩٤- کەی ٢٤ ٢٠١٧/٨/٣٠).

٩٥- لڤین٢٠١٧/١٠/٩).

٩٦- مصدر سایتی الاخباریه)

٩٧- م ارتی روسی

٩٨- سایتی ویلیکس).

٩٩- روژنامەی شرق الاوست).

١٠٠– سایتی نیقاش

١٠١- سایتی ویلیکس.

١٠٢- مصدر سایتی BBCعربی).

١٠٣- مشرف نیوز.

١٠٤- ویب سایتی خەندان

١٠٥- مصدر فرانس ٢٤/ ئیف.ب) .

١٠٦- مصدر تلیفزیۆنی روسیا الیوم)

١٠٧- رۆژنامەی شرق ئەوسەت).

١٠٨- روانگەی سوریا بۆ مافەکانی مرۆڤ).
١٠٩- م سکای نیوز
١١٠- الجزیرە نیت.
١١١- م النبا نیوز.
١١٢-).( العربیه نیوز)
١١٣- سایتی الیوم کۆم
١١٤- رۆژنامەی دێر شپیگلی ئەڵمانی
١١٥-D.W المانی
١١٦- العربی نیوز
١١٧—ویب سایتی گولآن
١١٨- رۆژنامەی گاردیانی بەریتانی
١١٩- ویب سایتی ناس نیوز
١٢٠-ویب سایتی الجزیرە نیت
١٢١- ویب سایتی روسیا الیوم
١٢٢- ویب سایتی سکای نیوز
١٢٣- ویب سایتی (مرکز دراسات مکافحة الارهاب والاستخبارات)
١٢٤-ویب سایتی یۆرۆ تایمز
١٢٥- ویب سایتی المستقبل
١٢٦- ویب سایتی الاخباریه
١٢٧- اردیۆی تاران بەشی کوردی
١٢٨- ویب سایتی رووداو
١٢٩-ویب سایتی العربی الجدید
١٣٠-پێگەی زەمانی عەرەبی
١٣١-سایتی العربی ٢٤
١٣٢-ویب سایتی مرکز دراسات العربی
١٣٣-ویب سایتی عەرب کوم
١٣٤-ویب سایتی العربی نیت

١٣٥-ويب سايتی كيو پۆست

١٣٦-ويب سايتی ديارنا كوم

١٣٧-رۆژنامەی حەياتی لندنی

١٣٨- پێگەی تويتەر((Twitter Ads info and Privacy

١٣٩- ويب سايتی ليبيا نيوز

١٤٠- ويب سايتی سكای نيوز

١٤١- سايتی  حفريات العربی

١٤٢- ويب سايتی عەرەب كۆم

١٤٣-  ويب سايتی الاخبار يةمني كوم

١٤٤-  ويب سايتی  الجزيره نيت

١٤٥- ويب سايتی الحفريات

١٤٦- وكاله الاعلام مصری

١٤٧-   مركز الاوروبی لدراسات ومكافحه الارهاب

١٤٨- پەرتوكی داخل حركه الشباب

١٤٩-  پەرتوكی داخل حركه الشباب

١٥٠- ويب سايتی الجزيره نيت

١٥١-ويب سايتی كيو پۆست

١٥٢-  سلام تايمز وكاله صحافه فرنسيه.

١٥٣- ويب سايتی الحفريات

١٥٤- مركز الاوروبی لدراسات ومكافحه الارهاب

١٥٥-ويب سايتی الجزيره نيت

١٥٦- ويب سايتی ارفع صوتك

١٥٧- ويب سايتی الحفريات

١٥٨- تی ڤی ئارتی روسی عەرەبی

١٥٩- ويب سايتی ديارنا كوم

١٦٠- ويب سايتی ئەوروپا رابيت كوم

١٦١- ويب سايتی وەتەن نيوز

١٦٢- الاخبار سوريه اليوم
١٦٣- ويب سايتى سكاى نيوز عەرەبى
١٦٤- ويب سايتى كيو پۆست
١٦٥-ويب سايتى عەرەبى ٢١
١٦٦- ويب سايتى سكاى نيوز عەرەبى
١٦٧- ويب سايتى الحفريات
١٦٨- ويب سايتى كيو پۆست
١٦٩- مركز الاوروبى لدراسات ومكافحه الارهاب
١٧٠- رۆژنامەى DW دۆيتشه فيلد
١٧١- ويب سايتى ئارتى روسى عەرەبى
١٧٢- ويب سايتى أ.ف. ب
١٧٣- ويب سايتى الحفريات
١٧٤- ويب سايتى سكاى نيوز عەرەبى
١٧٥- ويب سايتى بى بى سى عەرەبى
١٧٦- ويب سايتى فرنس پريس٢٤
١٧٧- ويب سايتى فرنس پريس٢٤
١٧٨- ويب سايتى باس نيوز
١٧٩- ويب سايتى فرنس پريس٢٤
١٨٠- ويب سايتي الحدث
١٨١-ويب سايتى الانهار
١٨٢- ويب سايتى هۆف پۆست
١٨٢- رۆژنامەى دێر شپيگلى ئەڵمانى
١٨٤- ويب سايتى المبتدا عەرەبى
١٨٥- ويب سايتى المبتدا عەرەبى
١٨٦- ويب سايتى هۆف پۆست
١٨٧-ويب سايتى يۆرۆ نيوز
١٨٨- ويب سايتى رۆژنامەى بغداد

١٨٩- ويب سايتى گەلى كوردستان
١٩٠- ويب سايتى كيو پۆست
١٩١- ويب سايتى يۆرۆ تايمز
١٩٢- ويب سايتى ح.ع.ح.أ ف ب
١٩٣- ويب سايتى التوعية الراديكالية
١٩٤-ويب سايتى فرانس پريس ٢٤ أ ف ب
١٩٥-ويب سايتى رۆيترس. أ.
١٩٦- تى ڤى ئارتى روسى عەرەبى
١٩٧- ويب سايتى دەنگى پێشمەرگە
١٩٨- ويب سايتى رۆژانە هەواڵ
١٩٩-ويب سايتى المعلومه
٢٠٠- ويب سايتى رووداو نيت
٢٠١-باس نيوز
٢٠٢-كوردستان٢٤
٢٠٣- روانگەى سورى بۆ مافەكانى مرۆڤ
٢٠٤-ويب سايتى سكاى پريس
٢٠٥- تى ڤى العربيه
٢٠٦- ويب سايتى مەودا پريس
٢٠٧- ويب سايتى سكاى نيوز عەرەبى
٢٠٨- ويب سايتى اوكالات
٢٠٩- رۆژنامەى حەياتى لندنى
٢١٠- رۆژنامەى ئيرۆ تايمزى عەرەبى
٢١١- ويب سايتى رووداو
٢١٢- ويب سايتى سكاى نيوز عەرەبى
٢١٣- رۆژنامەى حەياتى لندنى
٢١٤- ويب سايتى القدس كوم
٢١٥-ويب سايتى ارم

# The Shadows of Daesh(ISIS) after the Collapse of the Caliphate Introduction

**Wria yunis**

**٢٠١٩**